عەلی باپیر



# چەند بابەتێکی سیاسی هاوچەرخ

## لەبەر ڕۆشنایی عەقڵ و وەحی دا

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

75
پرۆژەی تیشک
تیشک

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

**چەند بابەتێکی سیاسی هاوچەرخ**

**لەبەر ڕۆشنایی عەقڵو وەحی‌دا**

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

# چەند بابەتێكی سیاسی هاوچەرخ
# لەبەر ڕۆشنایی عەقڵ و وەحی دا

عەلی باپیر

چاپی یەكەم

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

مافى                    لة
ضاثدانةوةى ثاريَزراوة
بؤ


ناوی    چەند بابەتێکی سیاسی هاوچەرخ

کتێب:    عەلی باپیر

نوسەر:

بڵاوکردنەوەی:

خەت:    عزالدین محمد عمر

نەخشەشازی ناوەوە:

بەرگ :    یەکەم 1431ك – 2010ز

نۆرە و ساڵی چاپ:    1500 دانە

: ثا..

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (    )ی ساڵی 2010 ی


www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ
ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم
بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾ الأنعام

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

# پێشکەش بێ

بەهەموو ئەوانەی دڵسۆزانەو هۆشیارانەو بوێرانە کاردەکەن لە پێناوی بەختەوەرکردنی دنیاو سەرفرازکردنی دوارۆژی کۆمەڵگاکەیاندا، بەهۆی چاکتر لێتێگەیشتنو باشتر پێوەپابەند بوونی شەریعەتی بێ هەڵەو پەڵەی خوای کاربەجێو زیاتر پێکەوە ئاوێتە بوونی ژینو دینیانەوە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir.net
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

# پێشەکی

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وآله المهتدين بهداه

خوێنەری بەڕێز!

ئەم كتێبەی بەردەستت بریتیە لە كۆی چوار بابەتی سیاسی گرنگ كە لە ڕۆژگاری ئێستاماندا باس و خواس مشتومڕی گەرمیان لەبارەوە دەكرێ، كە بریتین لە:

1- تەبایی و پێكەوە ژیان.
2- هاوپەیمانێتی .
3- بەشداریی كردن لە پەرلەماندا.
4- بەشداریی كردن لە حكوومەتدا.

شایانی باسیشە هەركام لەم چوار بابەتە یەكی لە دوو ئاڵقەی بەرنامەی(سەرنج)دا لە كەناڵی ئاسمانیی پەیام پێشكەش كراون - جگە لە (هاوپەیمانێتی) كە تەنیا ئاڵقەیەكی بۆ تەرخان كرابوو - ئنجا پاش هێنرانە سەر كاغەز و چاوپێدا گێڕانەوەی خۆم، بەم شێوەیەی لێهاتوە.

جا هەرچەندە من هەوڵم داوە كە هەركام لەو بابەتانە لە مەحەكی عەقڵ و شەرع بدەم و بەپوختیی و گوشراویی ئەوەی بەرێك و ڕاست و بێ گرێ و گۆڵی دەزانم لەبارەیەوە بیڵێم، بەڵام بێگومان ناڵێم هەرچی پێویست بووە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

بگوترێ لەبارەی هەرکامیانەوە توانیومە بیخەمە دوو توێی ئەم کتێبەوە، چونکە هەرکام لەم بابەتانە هەڵدەگرێ کتێبو لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو تایبەتی لەبارەوە بنووسرێ، بەڵام وەك گوتراوە: (مالایدرك كُلَّه لایترك بَعْضُهَ) ئەوەی هەموویشی جێبەجێ ناکرێ، واز لەهەندێکیشی ناهێنرێ.

هیواداریشم ئەم بڕە توێژینەوەیە پوختو گوشراوە بەتەواوی نیشانەی خۆی بپێکێو بەرچاوی تەماوی گەلێك کەس ڕۆشن بکاتەوە سەبارەت بەهەڵوێستی ڕاستو ڕێكو شەرعییانەو ژیرانە، لەبەرانبەر هەرکام لەو چوار بابەتە هەستیارو گرنگەدا، کە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا لەم ڕۆژگارەدا چ لە کۆمەڵگای خۆمانو چ لە سەرجەم کۆمەڵگایەکانی دیکەی مسوڵمانانیدا قسەو باسو بگرەو بەردەی زۆریان لەبارەوە دەکرێو گەلێك جاران بەو هۆیەشەوە مسوڵمانانو تەوژمی ئیسلامیی دووچاری کێشەو گرفتو دووبەرەکی بوون!

هەڵبەتە کێشمەکێش کردنو شەڕەقسەو بگرەو بەردەی مسوڵمانانیش لەوبابەتو مەسەلانەدا کە وەحی نوختەی تێدا نەخستوونە سەرپێتو جێگای ئیجتهادو ڕاجیاییان تێدایە، بە تایبەت لەبواری حوکمو سیاسەتدا کەبابەتێکی هەرەگرنگو زیندووی بواری هەڵسو کەوتو عادەتەکان (المعاملات والعادات)ە، کە بناغە تێیاندا ڕەوایی (إِباحة) ودەستکراوەییە، شتێکی ئاساییو چاوەڕوانکراوە، بەڵام ئەوەی کە نائاساییو نەگونجاوە لە مسوڵمانان ناوەشێتەوە، ئەوەیە کە کێشەو تێکگیرانو مشتومڕەکانیان نەگێڕنەوە بۆتەرازووی شەریعەت، کە لە عەقڵی سەلیمو وەحی ڕاستدا خۆی دەنوێنێ، لە حاڵێکدا کە خوای زانا

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
E/Media Ameer Office

شارەزا بەوە فەرمانی پێکردوون، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ۝١٠ ﴾ الشورى

واتە: وە لە هەرشتێکدا کەوتنە ڕاجیاییەوە ئەوە دادوەریی تێداکردنی بۆلای خوایە، ئائەو خوایەتان پەروەردگارمە پشت هەر بەو دەبەستمو تەنیا بۆلای ویش دەگەڕێمەوە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ ... فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ۝٥٩ ﴾ النساء

واتە: ... وە هەرکات لەشتێکدا کەوتنە ناکۆکییەوە بیگێڕنەوە لای خواو پێغەمبەر، ئەگەر بڕواتان بەخواو ڕۆژی دوایی هێناوە، ئەوە باشترەو سەرەنجامیشی چاکترە.

خواش بەبەزەیی و کەرەمی بێ سنووری خۆی یارمەتی و هیدایەتی هەمووﻻیەکمان بدات کە بەبێ بەرچاوڕوونی هەنگاو نەنێین و، هەرکات کەوتینە ڕاجیایی و کێشەو مریشەوە گەڕانەوەمان بۆلای قورئان و سوننەت و کێشان و هەڵسەنگاندنی ڕاجیاییەکانمان بەتەرازووی شەریعەت لەسەرشان سووك و ئاسان بێ و، پاشان دەست هەڵگرتنیشمان لەو قەناعەت و بیروڕایانەی کە بۆمان دەردەکەوێ هەڵەن، پێ وەك ئاو خواردنەوە وابێ، چونکە بێگومان دان بەهەڵەی خۆدا هێنان چاکەیە (الأعتراف بالخطأ فضیلة)، وە دان بەهەڵەدا هێنان و زوو دەستبەردار بوونی، باج و مەسرەفی یەکجار کەمە!

دیارە هەرچی لەم کتێبەو سەرجەم کتێب و بەرهەمەکانی دیکەشمدا گوتوومەو دەیڵێم، جگە لەو شتانەی کە ڕاستە مانای ئایەت و

www.AliBapir.net
F/AliBapir.1
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

فەرموودەكانی پێغەمبەرن ﷺ ، بريتين لە بۆچوون‌و تێگەیشتنی بەندەو ئێستا بەڕاست‌و دروستيان دەزانم، يان بەڕاستتريان دەزانم‌و، سوپاسی هەر بەرێزێك دەكەم كە بەبەڵگە بۆم بسەلمێنێ بەهەڵەدا چووم‌و خوا پشتیوان بێ بەسینگ فراوانیی‌و ئاسانییەوە لێی وەردەگرم‌و عەقڵ‌و زانیاریی خۆمیان پێ دەوڵەمەندو بەهرەمەند دەكەم.

سبحانك اللهم وبحمدك، أشهدأن لاالله الاّأنت، أستغفرك وأتوب اليك

هەولێر

15ی ڕەبیعی دووەمی 1431ی کۆچی

31 ی مایسی 2010ی زایینی

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

بەشی یەکـەم:

# تەبـــایـــیو پێـکــەوە ژیــــان

# لە تەرازووی قورئانو سوننەتدا

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

# ڕێ خۆشكردن

بەڕێزان!

ئەم بابەتەی بەردەستتان بریتیە لە كۆی دوو ئاڵقەی بەرنامەی سەرنجی كەناڵی ئاسمانیی پەیام، كە وتووێژو پرسیارو وەڵامی نێوان كاك عومەر گوڵپیو بەندەن لەمەڕ: (تەبایی‌و پێكەوە ژیان)ەوەو پاش هێنرانە سەر كاغەزو[1] چاوپێداگێڕانەوەو پێداچوونەوەی خۆم، بەم شێوەیەی لێهاتوە.

هیواداریشم ئەم وتووێژو لێكۆڵینەوەیە مایەی بەرچاو ڕوونبوونەوەو زیاتر شارەزابوون بێ، بەسینگ فراوانیی‌و لێبوردەیی‌و تەبایی ئیسلامو مسوڵمانانێك كەپێوەی پابەند دەبن، لەگەڵ نامسوڵمانانێكدا كە ئامادەیی پێكەوە ژیانو تەباییان لەگەڵیاندا هەیە.

چونكە بەداخەوە لەم ڕۆژگارەماندا لەلایەن كەسانێكی زۆرەوە لە مسوڵمانانو نامسوڵمانان، سەرگەردانیی‌و چەواشەبوونێكی زۆر هەیە لەبارەی تێڕوانینو هەڵوێستی ئیسلامەوە بەرانبەر بە مەسەلەی پێكەوە ژیانو یەكدی تەحەمولكردنو پێكەوە هەڵكردنی پێكهاتەكانی كۆمەڵگا بە مسوڵمانو نا مسوڵمانەوە، كە پێم وایە ئەوەش بەگشتی سێ هۆكاری سەرەكی هەن:

1- نەزانیی‌و نەشارەزایی بەرانبەر بە ئیسلامی بەرجەستە لەقوڕئانو سوننەتدا (كە دیارە جگە لەقوڕئانو سوننەتیش هەرچی هەیە

---

1) لەلایەن كاك مەلا بیلال قەڵادزەیی یەوە، خوا پاداشتی بداتەوە.

www.AliBapir.net
E/AliBapir
YouTube/AliBapir
EMediaAmeerOffice

بەتێگەیشتنو ئەزموونی مسوڵمانان لەبارەی ئیسلامەوە دادەنرێ، نەك خودی ئیسلام).

2- پڕوپاگەندەی ژەهراوییو چەواشەکارانەی ناحەزانی ئیسلام کە لەڕووی بوغزو غەرەزەوە چاویان بەهیچ شتێکی ئیسلام هەڵنایەتو هیچ دانێکی خێری پێداناهێنن.

3- هەڵەو کەمو کووڕییو کرچو کاڵیی چەند دەستەو گرووپێك لە مسوڵمانان کە هەندێك قسەو هەڵسوکەوتی وایان هەیە لەگەڵ زۆر لە ڕاستییەکانی ئیسلامدا بەراوەژوویە.

پێشم وایە ئەم وتوێژە کۆمەڵێك ڕاستی گەورەو گرنگی لەبارەی لێبووردەییو سەماحەتی ئیسلامەوە گرتوونە خۆیو مایەی ڕەواندنەوەی تەمومژی زۆر تۆمەتو گومانانە لەو بوارەدا.

25ی ڕەجەبی 1430
18ی تەمووزی 2009
هەولێر

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بسم الله الرحمن الرحيم

بەڕێــز مامۆسـتا! تـەوەرەی سـەرەکی گفتوگۆکـەمان، بریتیـە لـە: (تەبایی‌و پێکەوە ژیان)، چونکە بێگومان تەبایی‌و پێکەوە ژیان خاڵێکی گرنگی هەر کۆمەڵگایەکە کە بیەوێ قـەوارەو کیـانێکی هـەبێ هـەموو لایەك لەسایەیدا بەئاشتی پێکەوە بژین‌و لـەڕووی سیاسـیی‌و ئـابووریی‌و کۆمەڵایـەتیی‌و تـەکنۆلۆژیی‌و هـەموو بوارەکـانی دیکـەی ژیانـەوە سەرکەوتوو بن.

تەبایی‌و پێکەوە ژیان لەولاّتانی ڕۆژئاوادا بەشێوەیەکی تـا ڕادەیـەکی باش بەرجەستەیە، ئەوان بەشێوەیەکی ئاسایی جیاوازی یـەکانی یـەکتری قبووڵ دەکەن، هەروەها دەستەلاّتیش دەستاو دەست پێ دەکەن بەشێوەیەکی ئاشتییانە! بەلاّم بە پێچەوانەوە لە ولاّتانی ڕۆژهەلاّت بەگشتی یـان لانـی کەم زۆرینەیان، ئەم مەسـەلەیە بەکـەمی دەبینـرێ بەتایبـەتی لـەڕووی سیاسییەوە، جا ئایا هۆکارەکـانی چین؟ بۆچـی ولاّتـانی ئێمـە چـەمکی تەبایی‌و پێکەوە ژیان بەچـاکی تێیـدا ڕەنگـی نەداوەتـەوە؟ بۆچـی ئێمـە جیاوازییەکانی یەکتری قبووڵ ناکەین؟ لە هەمووی گرنگتر ئەوەیـە ئێمـە تێبگەین ئاینی بەرزی ئیسلام چۆن لە تـەبایی‌و پێکـەوە ژیـان دەڕوانـێ؟ ئیسلام بنەماکانی بۆ تەبایی‌و پێکەوە ژیان چین؟ ئـەو ئایینـەی کـە بـە درێژایی (1400) ساڵ توانی خەڵکانێك جێگە بکاتەوە لە چوارچـێوەی کیانەکەیدا کە خەڵکەکە زۆر لێك جیاواز بوون لە ڕووی بیروبـاوەڕەوە! تـا ئێستاش بوونی کەنیسەکان‌و بوونی ئاین‌و بیروباوەڕە جیاوازەکان لە ولاّتانی ئیسلامییدا بەگشتی‌و لـە کوردسـتاندا بەتایبـەت بەڵگـەی ئـەوەن کـە

www.AliBapir.net
F/AliBapir1
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

ئایینی ئیسلام ئەو جیاوازییانەی قبووڵ كردوە، بەڵام چۆن؟ پشتیوان بەخوا لەم بەرنامەیەدا ڕوونی دەكەینەوە!

- بەڕێز مامۆستا سەرەتا دەمانەوێ لە چەمكی تەبایی و پێكەوە ژیانەوە دەست پێبكەین، بەڕێزت پێناسەت چیە بۆ تەبایی و پێكەوە ژیان، یان چۆن دەڕوانیە چەمكی تەبایی و پێكەوە ژیان؟

+ بسم الله الرحمن الرحيم الحمدلله وصلى‌الله تعالى وسلم وبارك على رسول الله محمد وآله المهتدين بهداه.

برای بەڕێزم كاك عومەر گوڵپی! بە پێویستی دەزانم بەر لەوەی بچینە نێو باسەكەمانەوە لەسەر داواكاریی چەند جارەی هەندێك لە برایانمان لە دەرەوە هەڵوەستەیەكی كورت بكەم لە بەرانبەر ئەو هێرش و پڕوپاگەندانەی كە دەكرێتە سەرمان وەك كۆمەڵی ئیسلامیی بەگشتیی و بەندە بە تایبەتی!

- بەڵێ ماوەی دووسێ مانگێكە لێرەو لەوێ زۆر دەبینین لە پێگەكانی ئینتەرنێت و لە گۆڤارو ڕۆژنامەكاندا هەندێ كەس تۆمەتی جۆراو جۆری ناڕەوا بۆ ئێوە دروست دەكەن.

+ دیارە لە نێوخۆی كوردستاندا ئەو قسانە ئێكسپایەر بوون و ئێستا پێمواییە كڕیاریان نیەو كەس بەهەندیان وەرناگرێ، چونكە بۆیان دەركەوت ئامانجی خۆیان ناپێكن، بەڵام لە دەرێ هەندێك كەس هەر هەیە ئێستاش بازاڕی خۆی بەو قسانە گەرم دەكا! هەڵبەتە منیش لەسەر داوای ئەو برا خۆشەویستانەمان كە زۆریان تەلەفۆن كردو داوایان كرد هەڵوێستێكمان هەبێ، بۆیە بە كورتی دەڵێم:

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

كەسێك هەموو كەلوپەل (بضاعة)ەكەی ئەوەبێ تۆمەت بۆ خەڵك هەڵبەستێ‌و قسە بەخەڵك بڵێ، ئەو كەسە ئینسانێكی شكست خواردوویە، ئینسانێكی هیچ پێ نەبوویە! ئینسان دەبێ بە شتی باش خۆی بینا بكا، نەك هەموو هونەرەكەی ئەوەبێ كە بیەوێ خەڵك بڕووخێنێ!، نا دەبێ خەریك بێ خۆی بینا بكا، ئەوە یەك، دووەم: ئەوانەی لە دەرەوەو نێوەوەی كوردستان قسە بە ئێمە دەڵێن، لە دوو حاڵەت بەدەر نین: یان كەسانێكی ناحەز بە ئیسلام‌و تەوژمی ئیسلامیین، وە ئەو ناحەزیی‌و ڕق‌و كینەیەش كە بەرامبەر بە ئیسلام هەیانە زۆر جار ناوێرن‌و جورئەت ناكەن ڕاستەوخۆ بیخەنە ڕوو، بۆیە دێن بە قسە پێگوتن، ناوزڕاندن (تشهیر)ی ڕەمزەكانی تەوژمی ئیسلامیی ئەو شتە دەردەبڕن!

یان كەسانێكن مسوڵمانانێكی كینە لەدڵن، حەسەدو حیقدیان هەیەو لەگۆڕەپانی كاری ئیسلامییدا شكستیان خواردووەو فەشەلیان هێناوەو نەیان توانیوە شتێكی باش پێشكەش بكەن‌و سەرەنجام گۆڕەپانەكەیان بەجێهێشتوە، یاخود كەنار كەوتوون، ئیدی دەیانەوێ تێی هەڵێننەوەو قەرەبووی بكەنەوە! پاشان وەك جاری دیكەش گوتوومە ئەو قسانە كە دەكرێن من نەمكردوە بەعادەت وەڵامی قسەی سووكی خەڵكی بچووك بدەمەوە! چونكە بەڕاستی من پێموایە ئەو كەسەی تۆمەت بۆ خەڵك هەڵدەبەستێ، درۆ دەكا، نەجارێك نەدوو نەدە دووبارەی دەكاتەوە، ئەو ڕفتارەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كەكەسێكی بچووكە، چونكە ئینسانی بچووك قسەی سووك دەكا! ئەگەرنا ئەوانەی كە ڕەخنەیەكیان هەیە لە كۆمەڵی ئیسلامیی لەدیدو سیاسەتەكانی

کۆمەڵی ئیسلامیی یان لەبیروبۆچوونەکانی (بەندە) ئێمە بەسوپاسەوە لێیان وەردەگرین، چونکە خۆ ئێمە خۆمان بە پارێزراو (معصوم) لە هەڵەو کەموکووڕیی نازانین‌و پێویستیمان بە ئامۆژگاریی‌و ڕەخنە لێگرتن‌و تێبینی‌و سەرنج خستنەڕووی هەموو کەسێکی دڵسۆز هەیە، بۆئەوەی کارەکەمان زیاتر بەهێزوپێزبێ‌و گەشە بکا، وە لەسەر ئەوە سوپاسیشیان دەکەین، بەڵام من تا ئێستا ڕەخنەیەکی سیاسیی‌و فیکریی نابینم، هەرچی دەبیستین بەزۆری تۆمەت هەڵبەستن‌و لە پشت پەردەی ڕەشەوە تەماشاکردن‌و زۆریشی هەر درۆو دەلەسەیە، بڕواتان بێ جاری وایە شتێك دەخوێنمەوە لە(ئەلف)ی یەوە تا (ی) شتێکی ڕاستی تێدانیە!

جا بەڕاستی ئێمە کاتی خۆمان لەوە بە گرنگتر دەزانین کە بەزایەی بدەین لەوەڵامدانەوەی ئەو جۆرە قسانەدا، وەمن قسەیەکی دیکەش دەکەم -جارانی دیکەش ئەوەم هەر گوتوە- کەسێك کە نیشانەیەك دادەکا ئەگەر لەونیشانەیە بداو پێیێکی بەیەك فیشەك وازدێنێ، وە ئەگەر بەیەکەم فیشەك لێی نەدا بەدووەم لێی بدا وازدێنێ، بەڵام کەسێك کە دە (10) فیشەك یان بیست (20) یان سەد (100) فیشەکی پێوە دەنێ، مانای وایە لەنیشانە نادا، کەواتە بێ هوودە خۆی ماندوو دەکا، دیارە ئەو قسانە ئامانج ناپێکن، بۆیە پێویست دەکا کابرا ئەمڕۆو سبەینێ‌و دووسبەی هەمیشە دووبارەیان بکاتەوە، لەم سایت لەم گۆڤارە، لەم ڕۆژنامە لەو کەناڵ لەو کەناڵ، بێ‌هوودە خۆی ماندوو دەکا، وەبەڕاستی لەخوا بەزیادبێ پەرێزی ئێمەش -وەك نیعمەتی خوا لەسەرمان- وە ڕابردووی ئێمە، وە کردەوەکانی ئێمە، بۆ خۆیان باشترین

www.AliBapir.net
youtube/AliBapir
FMediaAmeerOffice

وەڵامی ددان شكێنن بۆ ئەو جۆرە قسەو پڕوپاگەندانە، هەروەها گەشەكردنی ئێمە لەنێو خەڵك و میللەتی خۆماندا، وە فراوانبوونی بنكەی جەماوەریی و زیادبوونی ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی ئێمە، وەڵامە بۆ ئەو پڕوپاگەندەو تۆمەتانە!

دواقسەشم ئەو دێڕە شیعرەی ئیمام شافیعیە ڕەحمەتی خوای لێبێ، كەدیارە پێشینەی چاكیشمان هەر ئەوە حاڵیان بووە قسەیان پێگوتراوە لەلایەن ناحەزانیان و خەڵكی حاقیدو فاشیلەوە، كەدەڵێ:

يواجهني السفيه بكل قبحٍ فأكره ان أكون لهُ مجيباً
فيزداد سفاهة وأزداد حِلْماً كعود زاده الإحراق طيباً

واتە: ئینسانی نەفام بە هەموو شێوەیەكی ناشیرین لەگەڵم ڕوو بەڕوو دەبێتەوە، بەڵام حەزناكەم وەڵامی بدەمەوە، ئەو لە نەفامیی زیاد دەكاو من لەئارامیی زیاد دەكەم، وەك (عود)ێك هەتا بیسووتێنی بۆنی خۆشی زیاتر بڵاو دەبێتەوە!!

واتە: وەك چۆن بخوور هەتا زیاتر بسووتێ بۆنی خۆشی پتر بڵاوبێتەوە، ئێمەش هەتا زیاتر ئازار بدرێین لە ئارامیی و هێدیی و مەندیی زیاد دەكەین، جا سوپاس بۆ خوا ئێمەش وەك ئەو پێشینەی چاك (السلف الصالح)مان لەگەڵ ئەو جۆرە كەسانەدا مامەڵە دەكەین! وەك گوتیشم ئێمە كات و وەختی خۆشمان لەوە بە باشترو بەنرختر دەزانین كە بە وەڵامدانەوەی ئەو قسەو پڕوپاگەندە بێ نرخ و كەم بایەخانە زایەی بكەین.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

- زۆر سوپاس بۆ ئەم پێشەکیو هەڵوەستەیە، مامۆستای بەڕێز دەربارەی وەڵامی پرسیارەکەمان کە سەبارەت بە تەباییو پێکەوە ژیانە، بێگومان ئەو جۆرە تۆمەتو سووکایەتیو حاڵەتانەشن کە بوونەتە هۆکاری دیاریکردنی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەی تەباییو پێکەوە ژیان، سەرەتا دەپرسین:

- ئایا تەباییو پێکەوە ژیان چییەو گرنگییەکەی لەچیدایە؟

+ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین: کۆمەڵگای سەرکەوتوو ئەو کۆمەڵگایەیە -جا بازنەیەکی تەسك یاخود فراوانی هەبێ- کە هەموو پێکهاتەکانیو هەموو تاکەکانیشی، هەر کامێکیان هەمان ماف کە بەخۆی ڕەوا دەبینێ، بە بەرانبەرەکەشی ڕەوا ببینێ، وە کۆمەڵو پێکهاتەکانی وەك چۆن بۆ خۆیان حەز دەکەن کە ئازادیی بیروڕا، ئازادی دینداریی، ئازادی کارو کەسابەت، ئازادییە تاکییەکانیان هەبێ، وە وەك چۆن حەز دەکەن بۆخۆیان ڕێز لێگیراو بنو مافیان پێشێل نەکرێ، دەبێ هەمان ئەو شتانە بە بەرامبەرەکانیشیان ڕەوا ببینن، ئەو جۆرە کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی سەرکەوتوویە، وە هەر کۆمەڵگایەك بەو شێوەیە بوو، واتا جیاوازییەکانی یەکتریان قبووڵ کردو دانیان بە بوونو مافی یەکدی هێناو ڕێزو حورمەتی یەکدیان پاراست، ئەوە بێگومان ئەو کۆمەڵگایە بەرەو پێش دەچێ.

وەك بەڕێزت ئاماژەت پێدا کە ئێستا کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا تا ڕاددەیەك ئاشتییو ئارامییان تێدا سەقامگیرە، بۆچی؟ چونکە پێکەوە تەبان، وەلەڕاستیدا ئاشتی لە تەباییەوە پەیدا دەبێ بەڵێ لە پێکەوە گونجانو لەیەکدی قبووڵکردنو لە ڕێز لە یەکدی گرتن ئاشتی پەیدا

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

دەبێ ئەدی كێشەو ئاژاوە لەچی پەیدا دەبێ بێگومان لە پێكەوە نەگونجانو ناكۆكیو لافو گەزاف بەسەر یەكدا لێدانو ئیمتیاز بەخۆ ڕەوا بینین لەسەر حیسابی خەڵك، جا ئیمتیازی سیاسی بێ، یان ئابووری، یان كۆمەڵایەتی، ...هتد، هەر جۆرە ئیمتیازێك بەخۆت ڕەوا ببینیو غەیری خۆتی لێبێبەش بكەی، كێشەو ئاژاوەی لێ پەیدا دەبێ، هەمیشە تەبایی دەبێتە هۆی ئاشتی، دادگەریی دەبێتە هۆی ئاشتی، وە بەپێچەوانەوە زوڵمو ستەم دەبێتە هۆی كێشەو ئاژاوەو ململانێ.

ئەوە پێناسەیەكی كورتی تەباییو پێكەوە ژیانە، دیارە بێگومان كۆمەڵگایەك بەیەكەوە تەبا بوو، ئەوجار دەتوانێ پێكەوە بژی، ئەگەرنا لەجیاتی ئەوەی پێكەوە بژی دەبێ پێكەوەبەشەڕبێو بمرێ، دەشبینین كۆمەڵگای كوردەواری خۆمان لە قۆناغێكدا لەبەر ئەوەی پێكەوە تەبا نەبوو، بەڵكو ناتەباو پێكەوە نەگونجاو بوو، تەماشا دەكەی سەرگەرمی شەڕو ئاژاوە بووین لەگەڵ یەكدیدا، وەهەروەها لەكۆمەڵگاكانی دیكەشدا، هەروایەو هەرواش دەبێ! بەڵام سوپاش بۆ خوا ئێمە ئەو قۆناغەمان تێپەڕاندوە خوا یاربێ ناگەڕێینەوە سەری، بەڵام ئێستاش لە هەندێك كۆمەڵگای دواكەوتوودا خەڵكێكی دواكەوتوو هەیە لەجیاتی ئەوەی پێكەوە بژین، پێكەوە دەمرن، لەجیاتی ئەوەی یەكدی دروست بكەن یەكدی دەڕووخێنن.

- بەڕێز مامۆستا علی باپیر ئەمیر كۆمەڵی ئیسلامیی! ئێمە لەم ڕوانگەی ئەو پێناسەو پێشەكیەی جەنابتەوە دەپرسین: ئایا هیچ جێگرەوە (بدیل)یەكمان بۆ تەباییو پێكەوە ژیان هەیە؟

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media/AmeerOffice

+ هیچ بەدیلێك نیە غەیری دەست لەیەخەی یەکترنان، غەیری ململانێ کردنو مل لەبەر ملی یەکترنان، دەبێ ئێمە یان پێکەوە مەدار بکەین یان دەبێ دار لەیەکتر دەست بدێنێ، وەك زۆرجار گوتوومە: یان دار یان مەدار! مادام پێکەوە مەدار نەکەین دەبێ دار لە یەکتر دەست بدەینێ، واتە: دەبێ چەك لەیەکتر دەست بدەینێو سەنگەر لەیەکتر بگرین، ئینجا بەڕاستی لە ئەنجامی سەنگەر لەیەکتر گرتنیشدا بینیومانە کە باجی زۆر خراپ دراوە، وە لەئەنجامی پێکەوە هەڵنەکردندا هیچ بەدیلێکی دی نیە جگە لە دەست چوونە خوێنی یەکترو دەست چوونە کەرامەتو بوونی یەکدی، کە سەرەنجامەکەی زۆر شووم بووە، وە پێشینانمان زۆر جوانیان گوتوە: ( بە بای و بەبارانێ هەر لە بەفر کەم دەبێ) یانی: چ (با) هەڵبکات چ (باران) بباری، هەر بەفر دەتوێتەوە، واتە: کاتێك دوو نەتەوە، دوو حیزب، لەنێو چوارچێوەی ولاتێکدا بەشەڕ دێن، یان دوو نەتەوە لەسەر ئاستی بەشەریەتیش کاتێك پێکەوە بەشەڕ دێن، لەکێ کەم دەبێتەوە؟!

بێگومان هەر لەخۆیانو هەردوولاشیان زەرەر دەکەن، بۆیە دەڵێین: نەخێر تەبایيو پێکەوە ژیان هیچ بەدیلێکی نیە جگە لە شەڕو ئاشووبو ئاژاوە.

- مامۆستا! ئێستا ئەوەی کە بەرچاوە، ولاتانی ڕۆژئاوا لە ئاشتیيو ئارامیيو تەبایيو پێکەوە ژیانێکی باشدا دەژین، ئەوان جیاوازییەکانی یەکتری قبووڵ دەکەن، ئەوان بەئاسانی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان قبووڵ دەکەن، هەروەها ئایینەکانی یەکتر قبووڵ دەکەن، بەبڕوای جەنابت

هۆكاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوەو بۆچی ڕۆژئاوا ئەو حاڵەتە باشەی تێدا بەرجەستەیە لەڕووی تەبایی‌و پێكەوە ژیانەوە؟

+ من سەرەتا دەڵێم پێویستە ئێمە شتی باش لە هەر شوێنێك هەبێ‌و لەلای هەركەسێكەوە بێ بەسوپاسەوە وەری بگرین، ئیسلام وای فێركردووین خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿... فَبَشِّرۡ عِبَادِ ١٧ ٱلَّذِينَ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقَوۡلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحۡسَنَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٨ الزمر﴾، واتە: دەجا موژدە بدە بەو بەندانەم كە گوێ بۆ قسان دەگرن، جا باشترینی هەڵدەبژێرن‌و شوێنی دەكەون، ئا ئەوانە كەسانێكن خوا ڕێنمایی كردوون‌و ئا ئەوانەن خاوەن عەقڵ.

كەواتە ئینسانی موژدە پێدراو لەلایەن خوای پەروەردگارەوە ئینسانی خاوەن عەقڵ‌و ڕێنمایی كراو لە ڕوانگەی قورئانەوە، كەسێكە گوێ بۆ هەموو قسەیەك دەگرێ، وەكامەی باشتربێ هەڵی دەبژێرێ‌و شوێنی دەكەوێ.

جا وەك پێشەكی یەك بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە كە ئایا هۆكاری ئەوە كە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا سەقامگیریی‌و تەبایی هەیە، چییە؟ دەڵێم! بێگومان ئەوە شتێكی باشی ئەوانەو پێویستە ئەو شتە باشەیان لێ وەربگرین وە بەوەش ئێمە شتێكی چاك دەكەین، چونكە فەرمانی قورئانمان جێبەجێ كردوە، بەڵام ئایا وەك هەندێك خەڵك كە دەیانەوێ میللەتی ئێمە چەواشە بكەن، ئایا ئەو تەبایی‌وپێكەوە ژیانەی ئەوان بەرهەمی دوركەوتنەوەیانە لە دینەكەیان؟ وە ئایا ئێمەش ئەگەر لە دینەكەمان دووربكەوینەوە ئەو حاڵەتە باشەمان بۆ دروست دەبێ؟! یان

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

بەپێچەوانەوە تەباییەکەیان بەرهەمی شتێکی دیکەیە؟ من لەکتێبی (تەوژمی ئیسلامییو عەلمانییو خاڵە هاوبەشو جیاوازەکانیان)دا لە باسی تەباییو پێکەوە ژیاندا، باسم کردوە، کە لەڕاستیدا وڵاتانی ڕۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە، کاتێك گەیشتنە ئەوە کەئەزموونی زۆر تاڵیان بینی لە پێکەوە نەژیانو ناتەباییو ململانێو دووبەرەکیداو خوێنی زۆریان لەیەکدی ڕشت، هەندێك لە مێژوونووسان دەڵێن: زیاتر (15-20) ملیۆن خەڵك لەنێوانیان کوژرا لە شەڕەکانی نێوان پروتستانتو کاثولیك، لەسەر جیاوازی دینی کە هەر دووکیشیان هەر نەصڕانیی بوون، جا دوای ئەوەی ئەزموونی زۆر تاڵیان بینیو بەری تاڵی شەڕو ئاشووبو ناکۆکی لەسەر بنچینەی دەمارگیریی دینی یان بینی، ئینجا پەندیان وەرگرت، دیارە عاقڵ ئەو کەسەیە پەند وەربگرێ، نەك هەر لەهەڵەکانی خۆی بەڵکو لە هی خەڵکی دیکەش، وە ئەوانە پەندیان لەهەڵەکانی خۆیان وەرگرتو بڕیاریاندا لەمەودوا بەیەکەوە تەبابنو پێکەوە بژین، دیارە ئێستاش (پروتستانت)و (کاثولیك)و (ئەرثذوکسن) هەرسێك بیروڕاو تاقمی نەصڕانیی هەر هەن، بەڵام بڕیاریاندا پێکەوە بگونجێنو هەڵبکەن، نەك هەرسێ تاقمەی نەصڕانییەکە، بەڵکو بە دینو بێ دین بڕیاریاندا یەکدی تەحەممول بکەنو جیاوازییەکانی یەکدی قبووڵ بکەن!

کەواتە لەڕاستیدا ئەوان لەئەنجامی هەڵەی خۆیانو ئەزموونی تاڵی خۆیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ پێکەوە بژینو تەبابنو یەکدی قبووڵ بکەن، لەپێناو هێنانەدی ئەو ئاشتیو ئارامییەدا کە پێی گەیشتوون.

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

ـ مامۆستا! هەندێك كەس پێیان وایە لەبەرئەوەی ئاینیان خستۆتەوە قاڵبەكەی خۆی، واتە: كەنیسە، بۆیە ئەوان توانیویانە بەم ئەنجامەی ئێستایان بگەن!

+ وەك جاری دیكەش گوتوومانە: نەصرانییەت واتە ئەوەی لە ڕۆژئاوا هەبووەو ئێستاش هەیە، ئەو دینو شەریعەتە پاكە نیە كە خوا بۆ عیسی (علیه الصلاة والسلام) ناردی، هەروەها یەهوودییەتو هەموو ئەو شەریعەتە ئاسمانییانەی دیكە كەخۆیان پاڵ دەدەنە لای خواو ئاسمان، بەهەمان شێوە وەك زەردەشتایەتیی و یەزدیایەتیی و...هتد، هەموویان دەستكاریی كراونو گۆڕدراون، جایان هەر لە ئەسڵدا تاقمێك بوون لە مسوڵمانان جیابوونەتەوە، یان لەئەسڵدا كتێبێكی ئاسمانییان هەبووەو دوایی گۆڕیویانە، بەڵێ جا ڕۆژئاواییەكان هەر لە ئەسڵدا دینەكەیان ئەو دینە ڕاستە نەبووە، كە خوا بۆی ناردبوون بەڵكو گۆڕابوو و دەستكاریی كرابوو.

پاشان ئێمە دەڵێین: بەڵێ وایە دەمارگیریی دینی، واتە ئەو دینە هەڵەو شێوێنراوەی كەخۆیان دایانتاشیبوو، بوو بەمایەی شەڕو ئاشووبو ئاژاوە لە نێوانیاندا، بەڵام ئەوەی كەوای لێكردن پێكەوە تەبابنو پێكەوە بژین دەستبەردار بوونیان لە ئایینەكەیان نەبوو، ئەوەتە نەصرانییەتیان هەر لەنێودا ماوە، بەڵكو ئەوەبوو كە وازیان لە دەمارگیریی (تعصب) هێنا، وە وازیان لە مومارەسەی هەڵەی دینداریيان هێنا، دیارە ئێمەش وەك مسوڵمان ئەگەر هەڵەیەكمان هەبێ لە مومارەسەكردنی دینە ڕاستەكەماندا دەبێ دەستی لێ هەڵبگرین! بەڵام ئایا ناتەبایی و ئاشووبو ئاژاوەی نێو خۆی مسوڵمانان دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام؟!

وەك دواتر باس دەكەم ئێمە كە سەرنجی شەریعەت دەدەین (16) بنەمامان هەیە هەركامیان لەسەر مسوڵمانان پێویست دەكا كەدەبێ تەبابن لە نێو خۆیاندا، وە دەبێ لەگەڵ غەیری مسوڵمانانیشدا تەباو گونجاو بنو ئاشتییانە پێكەوە بژین.

ـ كەواتە: بەكورتی وڵاتانی ڕۆژهەڵات یاخود وڵاتانی ناسراو بەوڵاتانی جیهانی ئیسلامیی بۆچی تەبانین بۆچی پێكەوە ناژینو یەكتر قبووڵ ناكەن؟!

+ لە ڕاستیدا ئەوە دوو هۆكاری هەیە:

یەكەم: باش تێنەگەیشتن لە دینەكەیان كە بێگومان ئەوەیان هۆكاری سەرەكیە.

دووەم: دەست تێوەردانی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوا لە كاروباری نێوخۆی مسوڵمانان.

سەرنج دەدەین لەنێوان هەردوو وڵاتی مسوڵماندا، وەك: میسرو سوودانو لە نێوانی سعوودیە ـ یەمەن، وە عیراق ـ كوێت، وە لەنێوان زۆری دیكەیاندا شوێنێكی جێگای ناكۆكیان داناوە كە وەك بۆمبی كاتیی لەكاتی دیاریكراودا كە مەبەستیان بوو بیتەقێننەوە! كێ ئەم وڵاتانەی ئاوا دابڕدابڕ كردو دابەش كرد؟! مەگەر پەیمانی (سایكس بیكۆ) نەبوو؟! كە لە نێوان بەریتانیاو ڕووسیاو فەڕەنسادا مۆركراو پاشان لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواشەوە پشتگیریی لێكرا، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو وڵاتانە ئاوا دابەش بوونو كرانە دەوڵەتۆكەی بچووك بچووك تاكو بەئاسانی بەسەریاندا زاڵ بنو خێرو بێریان بەتاڵان بەرن! كەواتە هۆی ناتەبایيو ناكۆكی وڵاتانی مسوڵماننشین دووانن، هۆكارێكی زاتی، كە

بریتیە لە باش تێنەگەیشتنی مسوڵمانان لەدینەكەیان وە پێوەپابەند نەبوونی، وەهۆكارێكی دەرەكی كە بریتیە لەدەست تێوەردانی زلهێزەكان لەكاروباری نێوخۆی وڵاتانی مسوڵمان، وەناكۆكی خستنە نێوان مسوڵمانان تاكو لەنێوخۆیاندا بەكێشەو گرفتەكانی خۆیانەوە سەرگەرم بن‌و ئاگایان لەوە نەمێنی كێ نەوت‌و كەرەستەی خاوو خێرو بێری وڵاتەكەیان دەدزێ، وە كێ حوكمیان بەسەردا دەكاو، كێ فیكرو فەرهەنگی خۆییان بەسەردا دەچەسپێنێ! كوردەواریی خۆشمان دەڵێن: (دز بازاڕی ئاڵۆزی دەوێ) یان (ڕاوچی خراپ لە ئاوی لێڵدا ڕاو دەكا)، وە ئەو وڵاتە زلهێزانەی باسكران دەیان گرفت‌و كێشەیان لەنێو جیهانی ئیلامییدا دروستكردوە.

ـ مامۆستا! زۆربەی كات وا ناسراوین كە ئێمەی گەلانی ڕۆژهەڵات كەم‌و كووڕیی‌و خەتاكان دەخەینە دەرەوەی خۆمان یاخود دوژمنەكانمان، بەڕێزتان لەگەڵ ئەوەدان؟

+ نا من لەگەڵ ئەوەدا نیم، بۆیە من لە سەرەتاوە گوتم هۆكاری سەرەكی بریتیە لە باش تینەگەیشتن لە ئیسلام‌و پراكتیزەنەكردنی، وە لەڕاستیدا هەر ئەم هۆكارەشە كە زەمینەی خۆش كردوە بۆ هۆكاری دووەم، چونكە ئەگەر مسوڵمانان بەڕاستی لە ئیسلام تێبگەن‌و پێیەوە پابەند بن، یەك ئۆممەت دەبن، وەك خوا فەرمانی پێكردوون: ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُونِ ﴿٩٢﴾ الأنبياء﴾، یەك كۆمەڵ دەبن‌و پێكەوە یەكگرتوو جۆشدراوو گونجاو دەبن‌و یەكدییان خۆشدەوێ‌و ستەم لە یەكدی ناكەن‌و مافی بوون‌و ژین بەیەكدی ڕەوا دەبینن، دیارە ئەو كاتەش كە ڕیزەكانیان پێكەوە جۆشدراو بوون‌و پێكەوە تۆكمەو توندو

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media/AmeerOffice

تۆڵ بوون، کەس تەماعیان تێناکا، چونکە هەمیشە دوژمنانیان لە کەلێنو درزەکانیانەوە دێنو زەفەریان پێدەبەن!

جاری دیکەش باسمان کردوە کەعومەری کوڕی خەتتاب خوای لێی ڕازی بێ کە سوپای مسوڵمانانی بەڕێ دەکرد ڕایدەسپاردنو دەیگوت: ئامۆژگارییتان دەکەم کەلە گوناحەکانتان وریابن، من لە گوناحەکانتان زیاتر مەترسیم لێتان هەیە وەك لە دوژمنتان، چونکە دوژمنیشتان بەهۆی گوناحەکانتانەوە زەفەرتان پێ دەبا! وە لەپێش عومەریشدا خوا -سبحانە وتعالی- لەبارەی هاوەڵانەوە خوا لێیان ڕازی بێ کە لە جەنگی (ئوحود)دا تێدەشکێنو سەریان سوردەمێنێ!، دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٦٥﴾ آل عمران، واتە: ئایا کاتێك بەڵایەکتان تووش هات پێشتر دووقاتی ئەوەتان تووشی دووژمنانتان کردبوو (چونکە مسوڵمانان لە جەنگی (ئوحود)دا (70) کەسیان لێ‌کوژرا، بەڵام لە جەنگی (بەدر)دا (70) کەسیان لە بێبڕوایان کوشتبوو و (70)شیان لێ بەدیل گرتبوون) گوتتان: ئەوە چۆن وامان لێهاتو دوژمن زەفەری پێبردین؟! پێیان بڵێ: ئەوە تاوانو خەتای خۆتانە! واتە: خۆتان کەلێنتان داوە کە دوژمنتان زەفەرتان پێ بەرێ!

(مالك بن نبي) ڕەحمەتی خوای لێبێ کە یەکێکە لە بیرمەندو بیریارانی ئیسلامیی، دەربڕین (تعبیر)ێکی جوان بەکاردێنێ دەڵێ: هیچ میللەتێك ناچەوسێندرێتەوە تاکو شایستەی چەوساندنەوە نەبێ، کە ئەو پێی دەڵێ: (القابلیة للأستعمار)، دەبێ خۆی شایستەیی

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

چەوسێندرانەوە لەخۆیدا پەیدا بکا، ئەوکاتە دوژمن و ناحەزانی دەتوانن بەسەریدا زاڵ بن و زەفەری پێبەرن.

ئێستا وەك پزیشکەکان دەڵێن: هەمیشە دنیا پڕە لە میکرۆب و ڤایرۆسی زیان بەخش، بەڵام هەندێك لە جەستەکان نەخۆش نابن، چونکە بەرگریی (مناعة، حصانة)یان هەیە، کەچی ئەو جەستانەی لاوازن، میکرۆب و ڤایرۆسەکان زەفەریان پێدەبەن.

ـ سوپاس مامۆستای بەڕێز، بێگومان بەڕێزت بەتەواوەتی دەتەوێ بەبەڵگە بیسەلمێنی کە هۆکاری ناتەبایی و پێکەوە نەژیانی گەلانی ڕۆژهەڵات ئایینی پیرۆزی ئیسلام نیە، بەڵکو بەپلەی یەکەم خەتای خەڵکەکە خۆیەتی و پاشان هی دوژمن و ناحەزەکانی.

+ بەڵـــێ.

ـ بەڕێز جەنابی مامۆستا عەلی باپیر! دەمەوێ بپرسم کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام چۆن دەڕوانێتە تەبایی و پێکەوە ژیان، یان ئەو بنەمایانە کامانەن کە ئیسلام دایڕشتوون بۆ ئەوەی خەڵك بەئاشتی و تەبایی پێکەوە بژین و جیاوازییەکانی یەکتری قبووڵ بکەن؟ پرسیاری جەوهەری ئەوەیە: ئایا خودی ئایینی ئیسلام زەمینەسازیی کردوە بۆ قبووڵ کردنی غەیری خۆی؟!

+ بەڵێ، سەرەتا من هەڵوەستەیەك دەکەم لەبەرانبەر وشەیەکدا کە بەڕێزت بەکارتهێنا، ئەویش بریتیە لە وشەی (ڕۆژهەڵات) یان (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست)، بۆ زانیاری جەنابت ئەم زاراوەیە لەلایەن وڵاتانی ئەورووپییەوە بەکارهێنراوە بۆ جیهانی ئیسلامیی، لەبەر ئەوە واباشە ئێمە ئەم زاراوەیە بەڕەهایی بەکارنەهێنین! چونکە کەدەشگوترێ

www.AliBapir.net
F/AliBapir.1
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

ڕۆژهەلات، ئەوە چینو یابان ڕووسیاو غەیری ئەوانیش لە ولاتانی نائیسلامیی دەگرێتەوە، بەلام لەئەسلدا ئەوان كە ئەم وشەیان بەكارهێنا وەك سیاسەتمەدارانو زانایانی كۆمەلناسی ئیسلامیی دەلێن: بۆ ئەوەیان بەكارهێنا تاكو نەلێن (جیهانی ئیسلامیی) وە ئینتیما فیكریی و عەقیدەییەكە بیر مسولمانان نەخەنەوەو بیان گێڕنەوە بۆ ئینتیمای جوگرافی، چونكە كە گوترا: جیهانی ئیسلامیی، ئەوانیش دیارە وەك جیهانی نەصرانیی دەبینرێن لە بەرانبەردا، بۆیە مەگەر دنیا دابەش بكەین بۆ رۆژئاواو رۆژهەلات ئەگەرنا ئێمە بەكاری ناهێنین بەلكو دەلێین: جیهانی ئیسلامیی، ئومەتی ئیسلام، گەلانی مسولمان...

بۆ وەلامی پرسیارەكەشت كە ئایا ئەو بنەماو بنچینانە چین كە ئیسلام ڕەچاوی كردون بۆئەوەی لەسەر ئاستی بەشەرییەت بە گشتیی و بەتایبەت لەسەر ئاستی دەولەتو كۆمەلگای ئیسلامیی، بەهەموو پێكهاتەكانیەوە بە مسولمانو نامسولمانەوە، وە لەسەر ئاستی مسولمانان بەتایبەتی تر، تەبایی و پێكەوە ژیانو پێكەوە گونجان هەبێ، ئەو بنەماو بنچینانە چیین؟ لە وەلامدا دەلێین: لەسەر ئاستی هەرسێك بازنەكە:

1- بازنەی مسولمانان.

2- بازنەی مسولمانانو نامسولمانان، بەلام لە چوارچێوەی كیانێكی ئیسلامیدا.

3- وەبازنەی مسولمانانو نا مسولمانان لەسەر ئاستی بەشەرییەت.

من كە سەرنجی قورئانم داوە (15□16) بنەمام كەوتوونەتە بەرچاو كە ئێمەی مسولمان دەتوانین بیانكەینە بناغەی تەبایی و پێكەوەژیان،

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
FM/MediaAmerOffice

لەسەر ئاستی هەرسێ بازنەكە، كە بێگومان بنەمای دیكەش هەر هەن، بەڵام بە پێویستی دەزانم بەرلەوەی بچینە سەر ژماردنی ئەو بنەمایانە، وەك ڕێخۆشكردن سەرەتای قسەكانم بەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دەست پێبكەم كە دەفەرموێ: **(أحبّ الدين إلى الله الحنيفية السمحة)** رواه البخاري في الادب، ورواه احمد وغيرهما، واتە: خۆشەویسترین دینداریی لای خوا، یان خۆشەویسترین بەشی مسوڵمانەتی لای خوا بریتییە لەلادان لەهەموو شتێكی پووچ و قرپۆك (باطل) بۆ حەق، وە نەرم و نیانیی و گونجاویی ئاسانكاریی لە هەڵسوكەوتدا.

وشەی (الحنيفيّة) وەسفی شەریعەتە، (الحنيف) واتە: لادەر لە (باطل)ەوە بۆ حەق، (حَنَفَ) واتە: لە ناحەقەوە بەرەو حەق گەڕایەوە، بۆیە ڕێبازی ئیبراهیم (عليه الصلاة والسلام) بە (حنيف) لە قەڵەم دراوە (حنيفاً مسلماً) واتە: وازی لە هەموو شێوەكانی (باطل) هێنا، یاخود هەموو شێوەكانی (باطل)ی ڕەفز كردو بەرەو حەقی ڕەها (مطلق) كە لە خوا بەیەكگرتندا خۆی دەبینێتەوە، هاتوە، وشەی (السمحة)ش (صفة)یە بۆ (موصوف)ێكی (محذوف) واتە: شەریعەتێكی (السَمحاء) وشەی (سمح) لە زمانی عەرەبیدا واتە: نەرم و ئاسان، ئینجا لێرەدا كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: خۆشەویسترین دینداریی لای خوا حەنیفییەت و تەسامرحە، واتە: لەڕووی ئیمان و عەقیدەوە ئینسان واز لە هەموو شێوەكانی (باطل) و ناحەق بێنێ و ڕەفزیان بكاتەوە، وە خوا بەیەكگرتن (التوحيد) بگرێ كە حەقی ڕەها (مطلق)یە، پاشان لەڕووی هەڵسوكەوتیشەوە شێوازی تەبایی و گونجاویی ئاسانیی (تسامح) هەڵبژێرێ.

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir F/MediaAmeerOffice

## بنەمای یەکەم: خوا ـ سبحانه وتعالى ـ بەدیهێنەرو پەروەردگارو پەرستراوو خاوەنی هەموو جیهانییانە:

دیارە ئێمە وەك مسوڵمان پێنج فەرزەی نوێژ لە سوورەتی (الفاتحة)دا دەڵێیین: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢﴾، واتە: (ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانییان) لێرەدا تۆی مسوڵمان وەك تاك و کۆمەڵی مسوڵمان یەکسەر هەست دەکەی کە ئەو خوایە -جل شأنه- هەر پەروەردگاری تۆ نیە، هەر مشوورخۆرو بەخێوکەری تۆ نیە، هەر تۆی دروست نەکردووە، بەس بەسەر تۆ ڕانەگەیشتووە، ژیانو مانو ڕزقو ڕۆزی هەر بۆ تۆ داین نەکردوە، بەڵکو بۆ هەموو جیهانییان!!

جا جیهانییان (العالمین) چ مەبەستی پێ جیهان (عالم)ی بەشەر بێ، یان مەبەستی پێ جیهانی بەشەرو جند (جن) بێ، یان مەبەستی پێ بەشەرو جندو فریشتەکان بێ، یان مەبەستی پێ ئەمانە هەرسێکیانو ژیاندارانو ڕووەكو کەهکەشانەکانیش بێ، هەمووی دەگرێتەوە، ئێمە پێنج فەرزە ستایشی خوایەك دەکەین کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە، واتە مرۆڤ ستایشی پەروەردگاری جیهانەکان دەکا، ئینجا بێگومان ئەوە بنەمایەکی گەورەی تەبایی و پێکەوە ژیان قبووڵکردنی یەکدیە لە قورئاندا، چونکە ئێمە کە (تەلموود) یان (تەورات) یان (پەیمانی کۆن) (العهد القديم)دا دەخوێنینەوە، سەرنج دەدەین تێیدا هاتوە دەڵێ: یەهوا تەنها خوای جوولەکەکانەو تەنها مشوور لەوان دەخوا، وە تەنها بەوانەوە ماندوویە، وە هەموو خەڵکی دیکەی بۆ خزمەتی جوولەکە (یهود) دروستکردوە!!

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir1 F/Media/AmeerOffice

بەڵام ئیسلام، قورئانی ئێمە چی دەڵێ؟! دەفەرموێ: ﴿فَلِلَّهِ ٱلۡحَمۡدُ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلۡأَرۡضِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٣٦ وَلَهُ ٱلۡكِبۡرِيَآءُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٣٧ الجاثية﴾، واتە: دەجا ستایش بۆ پەروەردگاری ئاسمانەکانو پەروەردگاری زەوی. پەروەردگاری جیهانیان. وە گەورەیی لە ئاسمانەکانو زەویدا هەر هی ویە، وە ئەو زاڵی کاربەجێیە.

وە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ٢١ البقرة﴾، واتە: ئەی خەڵکینە! ئەو پەروەردگارەتان بپەرستن کە ئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەی دروستکردوە بەڵکو پارێز بکەن.

لێرەدا خوای باڵادەست واخۆی بۆ ئێمە پێناسە دەکا کە هەر خواو خاوەنو پەروەردگارو پەرستراوی ئێمە نیە، بەڵکو خواو خاوەنو پەروەردگارو پەرستراوی هەموو بەشەرو جندو فریشتەکانیشە! دیارە ئەوەش وا لەتۆ دەکا کەدڵنیابی تۆیەکی مسوڵمانو ئەوی دیکەی نەصرانییو، ئەوی دیکەی جوولەکەو، ئەوی دیکەی عەلمانییو، ئەوی دیکەی زەردەشتیو ئاگرو داروبەردو مشكو مارو مانگا پەرستو، ئەوی دیکە کەهیچ فیکرەو بیروبڕوایەکی ڕوونی نیە، هەموومان بەندەی خواینو خواش پەروەردگارو بەدیهێنەرو مشوورخۆری هەر هەموانە، وە ئەم ژیانەی داناوە تاکو هەمووومان پێیدا ڕەت بینو ئەم قوناغە تێپەڕێنین!

## بنەمای دووەم: بەشەرییەت هەمووی یەك خێزانە:

ئێمە وەك چۆن هەموومان دروستکراوی یەك خواین بە مسوڵمانو نامسوڵمانەوەو لە کارگەی یەك بەدیهێنەرەوە هاتووین، هەمووشمان لە چوارچێوەی یەك خێزان داین، خوا -سبحانە وتعالى- دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَـٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ الحجرات﴾، واتە: ئەی خەڵکینە! ئێمە ئێوەمان لەنێرومێ یەك دروستکردوە، وەگێڕاومانن بەچەند گەلو تیرەیەك تاکو یەکدی بناسن، بێگومان بەرێزترتان لەلای خوا پارێزکارترتانە، بەڕاستی خوا زانای شارەزایە.

جا ئایا ئەوە چ هەستێك لە ئینسانی مسوڵماندا پەیدا دەکا؟! بێگومان ئەو هەستە لەتۆدا پەیدا دەکا کە تۆ لەگەڵ سەرجەم مرۆڤەکاندا خاوەنی یەك نەسەبو پشتن (علي بن أبي طالب)یش خوا لێی ڕازی بێ لەو بارەوە قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێ: (الناس إما أخ لك في الدين أو نظير لك في الخلق)، واتە: خەڵك یان براتن لەدیندا یان وەك تۆن لە دروستکراندا، یانی وەك تۆ مرۆڤن، بەڵێ لەسایەی ئەم ڕاستییەوە هەست بەوە دەکەین کە هەموومان دەگەڕێینەوە بۆ یەك دایكو باب، من زۆرجار کە خەڵکی نامسوڵمان لەجوولەکەو نەصرانییو خەڵکی دیکە دێن بۆلام، پێیان دەڵێم: گرنگ ئەوەیە ئێمە لە (ئادەم و حەووا)دا هەموومان پێك دەگەینەوەو دەبینەوە بەخوشكو براو بە ئەندامانی یەك خێزان، چونکە بابو دایکی هەمووماان (ئادەم و حەووا)ن صەلاتو

سەلامی خوایان لەسەربێ، ڕەنگە هەندێك كەس بڵێ: جا هەموو كەس ئەوە دەزانی! بەڵام نەخێر وانیە، بۆ نموونە: هەندێك لە ئایینە هیندییەكان خەڵك دابەش دەكەن بۆ سێ چین، هەروەها یۆنانییەكانیش بەهەمان شێوە، وەك لەكۆماری ئەفلاتووندا هاتوە دەڵێ: خەڵكیش وەك كانزایەكانن وەك چۆن كانزا زێڕو زیوو ئاسنو فافۆنو هتدی هەیە، مرۆڤەكانیش ئاوا دابەش دەبنو توێژو جۆری جیاجیایان هەیە!(١)

بەڵام ئیسلام دەڵێ: مرۆڤەكان هەموویان لەیەك دایكو بابن، بەڕەشو سپیو جوانو ناشیرینو كورتەو باڵاو بەرزەوەو بەعەرەبو غەیرە عەرەبەوەو، بەهەموو زمانو ڕەنگو شێوەكانیانەوە، هەروەها لە سەرەتای سوورەتی (النساء)یشدا خوای كاربەجێ دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا (١)﴾ النساء، واتە: ئەی خەڵكینە! پارێز لەو پەروەردگارەتان بكەن كەلە یەك جۆرە نەفس دروستی كردوون، وەهەر لەخۆیشی هاوسەرەكەی بۆ دروستكردوە، پاشان لەو نێرو مێیە (كە لە یەك جۆرە نەفس دروست بوون) پیاوانو ئافرەتانێكی زۆری بڵاوكردۆتەوە لە زەویدا، جا پارێز لەو پەروەردگارەتان بكەن كەداوای پێ لەیەكدی دەكەن، وە پارێزیش لە خزمایەتی تان بكەنو مەی پچڕێنن! بێگومان خوا بەسەرتانەوە چاودێرە.

1) شایانی باسە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی: **((تجدون الناسَ معادنَ كمعادن الذهب والفضّة...))** متفق علیه، بەڵام دوایی ڕوونی دەكاتەوە كە مەبەستی خەسڵەتەكانیانە، نەك پیشەو كارو چینو توێژەكانیان، وەك ئەفلاطون!

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
E/Media.Ameer Office

كەواتە تۆیەكی مسوڵمان لەگەڵ ئەوی دیكەی نامسوڵمان، هەر جۆرە بیروباوەڕێكی هەبێ سیلەی ڕەحمو پەیوەندی خزمایەتیتان پێكەوە هەیەو دەچنەوە سەر یەك دایكو باب!

ـ كەواتە مامۆستا ئەم دوو بنەمایە بناغەی گەڕانن بەدوای خاڵی هاوبەشی زیاتردا، وەك یەك پەروەردگاریی و یەك خێزانیی؟

+ بەڵێ.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بنەمای سێیەم: هەمووومان بۆ یەك حیكمەتو ئامانج دروستكراوین:

خوا ـ سبحانه وتعالى ـ دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ٥٦﴾ الذاريات، واتە: (ئادەمیزادو جندم تەنیا بۆ ئەوە دروستكردوون بمپەرستن)، بەڵێ هەمووومان بۆ یەك حیكمەتو ئامانج دروستكراوین كە بریتیە لە بەندایەتی كردن بۆ خوا، بەندایەتیشمان بۆ خوا لە پیادەكردنی شەریعەتەكەیداو لەپێوەپابەندبوونیدا بەرجەستە دەبێ، ڕەنگە یەكێك بپرسێ: باشە ئەو شەریعەتەی خوا ئەگەر كەسێك پێیەوە پابەند نەبوو مانای وایە ئەو ئاماجەی نەهێناوەتە دی، ئایا ئەوە پاساو دەداتە دەستی مسوڵمانان كە دژایەتیی بكەن؟ ئەوە دوایی باسی دەكەین كە بێگومان نەخێر، چونكە ئەنجام وەرگرتنەوەی ئەو بەندایەتییە كێ دەیكات كێ نایكات، كێ بەراستیان بەهەڵە دەیكات؟! لەدوا ڕۆژداو لەلایەن خوای تاكەوە وەردەگیرێتەوەو ژیانی دنیا جێگای تێدا تاقیكردنەوەو جەرێینرانی مرۆڤەكانە، نەك شوێنی پاداشتو سزا درانەوەو تەصفیەی حیساب، وەك لەبنەمای چوارەمدا باسی دەكەین.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
YouTube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بنەمای چوارەم: ژیانی دنیا جێگای تێدا تاقیكردنەوەیە:

خوا -سبحانه وتعالی- لەچەند شوێنی قورئاندا ئەم ڕاستییە دەخاتەڕوو، بۆ وێنە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ۝٢﴾ الملك، واتە:(خوا ئەو كەسەیە كە ژیان و مردنی هەڵخستوون و هێناونە كایە، تاكو تاقیتان بكاتەوە كامەتان كردەوەی باشترە، وەئەو زاڵی لێبوردەیە)، كەواتە: ئێمە بۆ تاقیكرانەوە دروست بووین و دەبێ هەموو كەس مەجالی هەبێ تاقی بكرێتەوەو نابێ ڕێی لێبگیرێ تاقیكرانەوە (إمتحان)ی خۆی بدات، وەك قوتابییەك كەدەچێتە هۆڵی تاقیكردنەوەوە، قەڵەمو دەفتەری دەدرێتە دەستو كاتێكی دیاری كراویی بۆ دادەنرێ، لەگەڵ شوێنێكی گونجاو و پرسیارەكانیشی دەخرێنە بەردەم، ئەوە بۆ هەمووان وەك یەك وایە، بەڵێ بەڕاستی ئەم ژیانی دنیایە هۆڵی تاقیكردنەوەیەو دەبێ بۆ هەموومان وەك یەك بێ، وە دەبێ كەشو هەوایەك فەراهەم بێ كە هەر كەسە بتوانێ تاقیكردنەوەی خۆی تێدا ئەنجام بدات، جا ئەوەی دەكەوێ یان دەردەچێ، وە ئەوەی وەڵامەكان بەڕاستی دەداتەوە، یاخود بەهەڵە! واتە مرۆڤەكان ئازادن چۆن بیردەكەنەوەو چۆن دەژین لەسەر بیروبڕوایەك كە هەیانە!

من جاری دیكەش گوتوومە، وەك لە كتێبی (تەوژمی ئیسلامییو عەلمانییو خاڵە هاوبەشو جیاوازەكانیان)دا باسم كردوە، لە ئیسلامدا ڕێگەی بێ بڕوایی (كفر) دراوە، بەڵام ڕێگەی زوڵم نەدراوە، خوای

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ...﴿٢٩﴾ الكهف﴾، واتە:(پێیان بڵێ: حەق لە پەروەردگارتانەوەیە کێ حەز دەکات بائیمان بێنێ، وەکێ حەز دەکات با کافر بێ)، کەواتە: ڕێگای کافربوون دراوە، دیارە خوا لەسەر مرۆڤەکانی پێویست کردوە کە ئیمان بێنن وەك شەرع، بەڵام زەختو زۆری لێیان نەکردوە کە دەبێ حەتمەن ئیمان بێنن، وەڕێگای نەداوە بە شەریعەتەکەشی کە لەسەر ئیمان هێنان زۆرییان لێ بکات، بەڵێ ئیسلام ڕێی کافربوونی داوە، بەڵام ڕێی ستەمکردنی نەداوەو نەیفەرمووە: (فمن شاء فليعدل ومن شاء فليظلم)، واتە: کێ حەزدەکا بادادگەریی بکاو، کێ حەز دەکا باستەم بکات، چونکە کاتێك بەشێك لە خەڵك ئیمان دێنێو بەشێکی کافر دەبێ، دەتوانن پێکەوە بژین! بەڵام کاتێك یەکێکیان زاڵم دەبێو ئەوی دیکەیان مەزڵووم، ناتوانن پێکەوە بژین، چونکە زوڵم ڕێگە لە پێکەوە ژیان دەگرێ، بەڵام کوفر ڕێگای لێناگرێ! زانایانی ئیسلامیش جوانیان گوتوە: (قد يدوم الملك مع الكفر ولا يدوم مع الظلم)، بەڵێ لەگەڵ کوفردا دەستەلاّت بەردەوام دەبێ، ئەوەتا دەوڵەتانی کافر هەنو دەستەلاّتو حوکمڕانییان بەردەوامە، بەڵام لەگەڵ زوڵمدا بەردەوام نابێ، با خۆیشی بەمسوڵمان بزانێ!

وە ئیسلامیش بەر لەهەر بەرنامەیەك زوڵمو ستەم قەدەغە دەکات، خوای پەروەردگار کە بەسەرهاتی (ذوالقرنين)مان بۆ دەگێڕێتەوە لە سوورەتی (الكهف)دا دەفەرموێ: ﴿...قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا ﴿٨٦﴾ الكهف﴾، واتە: گوتمان ئەی (ذوالقرنين) بۆت هەیە ئەو خەڵکە سزا بدەی لەسەر هەڵەکانیان، وە بۆشت هەیە چاکەیان لەگەڵدا

بكەی)[1] ئینجا دوای ئەوەی خوا عزوجل بۆ چۆنیەتی حوكمڕانیی كردن سەرپشكی دەكات، (ذوالقرنین) دەڵێ: ﴿ أَمَّا مَنْ ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَى رَبِّهِ فَيُعَذِّبُهُ عَذَابًا نُكْرًا . وَأَمَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُ جَزَاءً الْحُسْنَى وَسَنَقُولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴾ الكهف -87-88، واتە: ئینجا هەر كەسێك ستەم بكات ئێمە سزای دەدەین، دوایی (لەقیامەتدا) دەگەڕێتەوە لای پەروەردگاری لەوێش خوا زۆر خراپ سزای دەدات (لەسەر زوڵمەكەی)، وە ئەوەی ئیمان بێنیو كردەوەی باش بكات خوا پاداشتی هەرچاكی دەداتەوەو ئێمەش قسەی خۆشی بۆ دەكەین (هانی دەدەینو دەستخۆشیی لێ دەكەین).

لێرەدا دەبینین ( ذوالقرنین) چ جۆرە سیاسەتێك دادەڕێژێ بۆ هەڵسو كەوتو مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو خەڵكەدا؟ هەستاوە بەراوردی كردوە لەنێوانی زوڵمو ئیماندا، نەك لەنێوانی كوفرو ئیماندا، نەیفەرمووە: (أما مَنْ كَفَر فسوف نُعَذِّبه)! بەڵكو فەرمویەتی: (أمّا من ظَلَمَ) ئەوەی زوڵم بكات سزای دەدەین، بەڵام ئەوەی كافربێ (ذوالقرنین) حەقی بەسەریەوە نیە![2] چونكە لە پێش (ذوالقرنین)دا خوای بەدیهێنەر ڕێگای داوە كە بەندەكانی بۆ خۆیان ڕێی خۆیان هەڵبژێرنو سەر پشكن بەكام ڕێدا دەڕۆنو هەڵوێستیان لەبەرانبەر پەروەردگاریاندا چۆن دەبێ، بەندایەتی بۆ دەكەن یان بۆی ناكەن؟!، جا مادام خوا بۆ خۆی ئەو مافەی پێداون، هیچ كەسێك بۆی نیە ئەو مافەی كە خوا بەبەندەكانی خۆی داوە، ئەو مافەیان

1) من لە كتێبی (چەند مەسەلەیەكی باوی سەردەم)دا بەدرێژیی ئەو باسەم هێناوە لە بەراوردی نێوان: جیهانداریێتی(عالمیة)ی ئیسلامو جیهانگیریی (عولمة)ی ڕۆژئاوادا.

2) واتە: وەك فشار خستنە سەرو سزادان، ئەگەرنا بانگەوازو تێگەیاندن هەر هەیە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

لێ زەوت بکات، کەواتە: ژیانی دنیا شوێنی تێدا تاقیکردنەوەیەو دەبێ هەمووکەس دەرفەتی تاقیکردنەوەی هەبێ‌و دەرفەتی هەبێ بەشێوەیەکی ئازادانە تاقیکردنەوەی خۆی ئەنجام بدات.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بنەمای پێنجەم: خوا عزوجل بەویستی خۆی خەڵکی دابەش کردوە بۆ کافرو مسوڵمان:

بێگومان ئەوەش بنەمایەکی دیکەی زۆر گرنگە، خوای پەروەردگار لە سوورەتی (التغابن)دا دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ فَمِنكُمۡ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤۡمِنٞۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ٢﴾ التغابن، واتە: (خوا) ئەو کەسەیە کە ئێوەی دروستکردوە جا هەتانە کافرەو هەشتانە ئیماندارە، وە خوا بەوەی دەیکەن بینایە)، لێرەدا وەك دەبینین کافرەکەی پێشخستوە! یانی خوای بەدیهێنەرو کاربەجێ بۆ خۆی ئیجازەی داوە خەڵك کافر بێ!

هەروەها خوا -سبحانه وتعالى- دەفەرموێ: ﴿وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ ١١٨ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمۡۗ .... ١١٩﴾ هود، واتە: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای خەڵکی هەموو دەکردە یەك کۆمەڵ، بەڵام بەردەوام دەبن لەسەر جیاوازییەکانیان -هەیە ئیمان دێنێ و هەیە ئیمان ناهێنێ- مەگەر ئەوەی خوا بەزەیی پێدا بێتەوەو ڕێنمایی بکات، وەهەر بۆ ئەوەش دروستی کردوون.

(قرطبي)[1] دەڵێ: تویژەرەوانی قورئان هەندێکیان دەڵێن: (ولذلك خلقهم أي: وللإختلاف خلقهم)، واتە: بۆیە دروستی کردوون کە جیاجیابن!

---

1) الجامع الأحكام القرآن، ج9، ص94، کە گوتوویەتی: (قال الحسن ومقاتل وعطاء و يمان: الإشارة للأختلاف، أي: وللإختلاف خلقهم).

دەنا خوای بەدیهێنەر دەیتوانی هەموویان وەك فریشتەكان دروست بكات، كە تەنیا خوا پەرست بن، خوا -سبحانە وتعالی- ویستی وابووە مەخلووقێك دروست بكات كە بەئیرادەی خۆی بەڕێدا بڕوات و ئازاد بێ، هەندێكیش لە زانایان دەڵێن: (ولذلك خلقهم) واتە: بۆیە دروستی كردوون كەبەزەیی پێیاندا بێتەوە، بەڵام ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر خۆیان كە خۆیان وا لێبكەن شایستەی ئەوەبن خوا بەزەیی پێیاندابێ و هیدایەتیان بدات، بەڵام ئەگەر خۆیان وا لێنەكەن شایستەی ئەوە بن، ئەوە ئەوكاتە لەدنیادا خۆیان لەبەزەیی خوا بێبەش دەكەن و، لەدوا ڕۆژیشدا دیارە سزای ئەو هەڵبژاردنە خراپەیان وەردەگرنەوە.

- مامۆستا! دەربارەی قەزاو قەدەر هەر چەندە درێژەی دەوێ، بەڵام ئەگەر بەكورتی بەڕێزتان وەڵامێكی سەرپێیتان هەبێ بۆ ئەو پرسیارە كەنەبادا بینەرێك وا لێ حاڵی بێ كە مادام خوا ڕێگای داوە كافر بێ، كەواتە: ڕێگەیەكی مەشروعە، خوا ئیرادەی لەسەر بووە كە ئەو بە كافری دروست بێ، یان ڕێگایەكی نا مسوڵمانانە بگرێتەبەر لە ژیاندا؟

+ خوا -سبحانە وتعالی- لە سووڕەتی (الأنعام)دا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا بَأْسَنَا ۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ (١٤٨) قُلْ فَلِلَّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ ۖ فَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ (١٤٩)﴾ الأنعام، واتە: هاوبەش دانەرەكان دەڵێن: ئەگەر خوا ویستبای نە ئێمە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

نە باب‌و باپیرانمان هاوبەشمان بۆ خوا دانەدەنا، وەبەبێ ویستی خوا هیچ شتێكیشمان قەدەغە نەدەكرد (كەواتە: ئێمە كە هاوبەشمان بۆ خوا داناوە وە هەندێك شتمان لەخۆمان قەدەغە كردوە، ئەوە بەویستی خوایە، مادام بەویستی خوایە دیارە شتێكی باشە، مەبەستیان ئەوەیە كە شتێكی ئاوا بلێن!) خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: ئەوانی پێش ئەوانیش هەر ئاوا دینی خوایان بەدرۆ زانی هەتاكو سزای ئێمەیان چێژت، بلێ: ئایا لەو بارەوە زانیاریتان لایە بۆمان دەربخەن؟!

ئێوە تەنیا دوای گومان دەكەون‌و تەنیا درۆش دەكەن، تۆ پێیان بلێ: بەڵگەی هەرە تەواو هی خوایە ئەگەر ویستبای هەمووتانی هیدایەت دەدا واتە: (لو شاء مشيئة إجبار) ئەگەر ویستبای زۆرتان لێ بكات، دەیتوانی هەمووتان هیدایەت بدات، بەڵام نەیویستوە زۆر (جبر)تان لێ بكات، بەڵكو ویستوویەتی ئازاد بن، ئینجا كە ئازادی كردوون، هەتانە كوفرو هاوبەش پەیداكردنی بۆ خوا هەڵبژاردووە، هەتانە ئیمان‌و خوا بەیەككرتنی هەڵبژاردووە!

كەواتە: خوا -سبحانه وتعالى- دوو سیفەتی هەن، ویستی (ارادة مشيئة) هەیەو ڕەزامەندیی (رضاء)ی هەیە، جا هەندێك كەس وەك چۆن هاوبەش پەیداكەرەكان لێیان تێكەڵ بووە، ئەویش هەر لەسەر ڕچەی ئەوان دەڕوات‌و لێی تێكەڵ دەبن، بەڵام دیارە ئەو دوو سیفەتە لەیەك جیان، ویست‌و خواستی خوا ڕەها (مطلق)یەو هیچ شتێك لە ژێر ڕكێفی خواست‌و ویستی خوا دەرناچێ، خواست‌و ویستی خوا وەك ئاسمان وایە تۆهەرچی بكەی لەژێر ئاسمان دەرناچی، بەڵام ڕەزامەندیی خوا

www.AliBapir.net F/AliBapir youtube/AliBapir F/MediaAmeerOffice

لەگەڵ شەریعەتەكەی دایە، هیچ شتێك بەبێ خواستو ویستی خوا نابێ، بەڵام مەرج نیە هەموو شتێك بەڕەزامەندیی خوا بێ، خوا دەفەرموێ: ﴿...وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡ...﴿٧﴾ الزمر﴾، واتە: خوا ڕازی نیە بەندەكانی كوفر هەڵبژێرن، بەڵام ئەگەر شوكرو سوپاسی بكەن لێتان ڕازی دەبێ، كەواتە مەرج نیە هەرشتێك بەویستو خواستی خوا بوو، ڕەزامەندی خوای لەسەر بێ! باباى كافر كافر دەبێ بە ئیرادەی خوا، بەڵام ڕەزامەندیی خوای لەسەر نیە، چونكە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ﴾ خوا ڕازی نیە عەبدەكانی كافر بن، دیارە هیچ كەسێكیش ناتوانێ ویستو خواستی خوا بكاتە بیانوو بۆ ئەوەی كەڕێ هەڵەو كوفر دەگرێ، چونكە وێڕای ئەو ویستە گشتیە كە هی خوایە، ئێمەش خۆمان ویست (إرادة)ێكی (جزئي)ی خۆمانمان هەیە: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾ التكوير﴾، ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَتَقَدَّمَ أَوۡ يَتَأَخَّرَ ﴿٣٧﴾ المدثر﴾ ئێمەش خواست (مشيئة)مان هەیە، بەڵام خواستو ویستی ئێمە لەژێر كۆنترۆڵی خواستو ویستە گشتیەكەی خوا دایە، واتە: خوا بەویستە گشتیەكەی خۆی ئەم ویستەی داوە بەئێمە، كە دەتوانین كوفر یان ئیمانی پێ هەڵبژێرین!

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media Ameer Office

## بنەمای شەشەم: خوا-سبحانه وتعالى- سزاو پاداشتی کوفرو ئیمان و خراپەکاریی و چاکەکاریی، هەڵگرتوە بۆ دوارۆژ:

بێگومان ئەوەش بنەمایەکی گرنگە لەو بنەمایانەی کە ئیسلام ڕەچاوی کردوون بۆ تەبایی و پێکەژیان و ڕەخساندنی کەش و هەوایەك کە خەڵك تێیدا تەبایی و پێکەوە ژیانێکی هاوبەش هاوکارانەیان هەبێ، وەك خوا -جل شأنه- لە چەندین شوێنی قورئاندا باسی کردوە، بۆ وێنە فەرموویەتی: ﴿وَإِن جَٰدَلُوكَ فَقُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَعۡمَلُونَ ۝٦٨ ٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ۝٦٩﴾ الحج، واتە: ئەگەر شەڕە قسەیان لەگەڵ تۆ -ئەی موحەممەد ﷺ- کرد، بڵێ: خوا دەزانێ ئێوە چی دەکەن، خوا لە ڕۆژی دواییدا دادوەرییتان لە نێواندا دەکات لەوەدا تێیدا دەکەوتنە ڕاجیاییەوە.

دیسان هەر لەو سوورەتەدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلۡمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ۝١٧﴾ الحج، واتە: بێگومان ئیمانداران - مسوڵمانان- وە جوولەکەکان وە صابیئەکان وە نەصرانییەکان وە مەجووسییەکان وە ئەوانەی هاوبەشیان (بۆ خوا) پەیدا کردوە، خوا لە ڕۆژی دواییدا دادوەرییان لە نێواندا دەکات و لێکیان جیادەکاتەوە، بێگومان خوا بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێرە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media.AmeerOffice

هەروەها دەفەرموێ: ﴿... فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ وَعَلَيْنَا ٱلْحِسَابُ ﴿٤٠﴾ الرعد﴾، واتە: تۆ گەیاندنی پەیامی خوات لەسەرە بەڵام لێپرسینەوەیان لەسەر ئێمەیە.

وە لەڕاستیدا ئەو بنەمایە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ مسوڵمانان کە لەگەڵ غەیری خۆیاندا چاوپۆشیی بکەن و گونجاو بن، بۆچی؟ چونکە تەنیا خوا دادوەریی لەنێوان بەندەکانیدا دەکات و لە ڕۆژی دواییدا (کا)و (دان) لێکجیادەکرێتەوەو لەوێ (تصفية الحساب) دەکرێ و هیچ کەس بۆی نیە لە دنیادا ئەو حیساب و کیتابە لەگەڵ خەڵکدا بکات! دیارە پێغەمبەرانی خوا (عليهم الصلاة والسلام) پەیامی خوایان بەخەڵك گەیاندوە، بەڵام لەسەر ئەوە کە یەکێك پەیامی خوای قبووڵ نەکردبێ نەچوون سزای بدەن، چونکە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) ڕاگەیاندنیان لەسەر بووە، بەڵام سزاو لێپرسینەوە لەسەر خوایە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

## بنەمای حەوتەم: مرۆڤ لەلای خواوە ڕێز لێگیراوە:

لەوبارەوە خوای كاربەجێ دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلٗا ﴿٧٠﴾ الإسراء﴾ لێرەدا خوا (جل شأنه) چەند حەقیقەتێك ڕوون دەكاتەوە دەربارەی وەچەی ئادەم بە گشتی كە دەفەرموێ: (بێگومان ئێمە ڕێزمان لە وەچەی ئادەم -بەگشتی- گرتوە، وە لە وشكانیو لە دەریادا هەڵمانگرتوون- ئامرازی وامان بۆ ڕەخساندوون كە بتوانن لە وشكانیو دەریادا هاتووچۆی پێبكەن- وە لە بژێوە پاكو چاكو بەتامو چێژەكان بەشمان داون، وەبەسەر زۆر لە دروستكراوەكاندا بەرزمان كردوونەتەوە، واتە: شتێكمان بە وەچەی ئادەم داوە كە بە دروستكراوەكانی دیكەمان نەداوە، وەك لە كۆتایی سوورەتی (الاحزاب)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ ....﴿٧٢﴾ الأحزاب﴾، واتە: ئێمە سپاردەی خۆمانمان ڕانواند لەسەر ئاسمانەكانو زەویو شاخەكان، كەچی ترسانو نەیانتوانی هەڵیبگرن، بەڵام ئینسان هەڵیگرت)، كەواتە: ئینسان شتێكی پێ سپێردراوە كە بە هیچ كام لە دروستكراوانی دیكەی خوا نەسپێرراوە!

هەڵبەت ئەم ڕێز لێگیراوێتییەی ئینسان لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بەگشتی بۆ هەموو مرۆڤەكانە، نەك هەر بۆ ئیمانداران، وەك چۆن هەڵگرتنیان لە وشكانییو لە دەریادا بۆ هەمووانە، وە وەك چۆن دابینكردنی بژێوە پاكو چاكو بەتامو چێژەكان بۆ هەمووانە، هەروەها وەك

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir1 F/MediaAmeerOffice

چۆن بەرزکرانەوەی ئینسان بەسەرغەیری ئینساندا بۆ هەموو ئینسانەکانە، بەهەمان شێوەش ڕێزلێگرتن (تكريم)ەکەش بۆ هەمووانە بەبێ جیاوازیی.

لە فەرمایشتێکی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتوە: عن ابن عباس (رضي الله تعالى عنهما) **مروا على النبي ﷺ بجنازة فقام لها واقفاً، فقالوا يا رسول الله انها جنازة يهودي، فقال: أليست نفساً؟)** رواه البخاري، واتە:جەنازەیەکیان بەلای پێغەمبەردا ﷺ هێنا، ئەویش بۆی هەڵسایە سەرپێو ڕاوەستا -وەك ڕێز لێگرتن- گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە تەرمی جوولەکەیەکە! فەرمووی: ئەدی نەفس نیە؟! (واتە ئینسان نیە؟!) ئەوە کە کاتێك تۆی مسوڵمان وە مسوڵمانان دەزانن کەئینسان وەك ئینسان لای خوا ڕێزو حورمەتی لێگیراوە، مانای وایە ئەو ئیمانو عەقیدەیە پاڵ بەتۆوە دەنێ کەڕێز لەهەموو ئینسانێك بگری، ئیدی چاوپۆشی لەوە بکە چ بیروڕاو دینو ئایدیایەکی هەیە، ئینسان وەك ئینسان ڕێزی لێگیراوە، سەرنج بدە کە پێغەمبەر (لوط)(عليه الصلاة والسلام) کاتێك لەگەلەکەی تووڕە دەبێو لەگەڵیان تێك دەگیرێ دەڵێ:

﴿... إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلْقَالِينَ ﴿١٦٨﴾﴾ الشعراء، واتە: وە بێگومان من ڕقم لە کردەوەکەتانە) ناڵێ: ڕقم لە خۆتانە! ڕقی لەخۆیان نیە، چونکە خۆیان وەك ئینسان ڕێز لێگیراون لەلایەن خواوە، وە لە چاکترین شێوەدا دروست کراون، وەك دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِيٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾﴾ التين چۆن مەخلووقێك خوا ڕێزی لێ بنێو لە باشترین شێوەدا دروستی بکاتو گرنگترین ئەرکی پێ بسپێرێ لەبووندا، تۆ چۆن بەکەم تەماشای دەکەی؟! نەخێر، بەڵام ڕقمان لە کردەوەو بۆچوونی خراپو شتی هەڵەیە، چ هی خۆمان بێ، چ هی ئەوانی دیکە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir1
Youtube/AliBapir1
F/Media/Ameer Office

## بنەمای هەشتەم: پێغەمبەران هەموویان بۆ چەسپاندنی دادگەریی هاتوون

شەریعەتی ئیسلام گرنگیی زۆری بەدادگەریی داوە، لەگەڵ دۆستو دوژمنو لە حاڵەتی جەنگو ئاشتیدا، خوای دادگەر لە ئایەتی ژمارە – 25-ی سوورەتی (الحديد)دا دەربارەی ئەوەوە كە ئامانجی هەموو پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) بریتی بووە لە چەسپاندنی دادگەریی بەمانای فراوانی چەمكی دادگەریی، دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ ... ﴿٢٥﴾ الحديد﴾، واتە: ئێمە هەموو پێغەمبەرانی خۆمانمان بە بەڵگە ئاشكراكان (معجزات)ەوە ناردوە، وە كتێبو تەرازووشمان پێدا ناردوون، تاكو خەڵك بە دادگەریی بەڕێوەبچن، واتە: هەموو پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) هاتوون كە مرۆڤ لەسەر زەوی دادگەرانە بژی لەڕووی سیاسی، ئابووریی، كۆمەڵایەتییو هەموو ڕەهەندەكانی دیكەی ژیانەوە.

هەروەها خوا ـ جل شانە ـ لە چەند شوێنی قورئاندا فەرمان بە مسوڵمانان دەكات كە دادگەر بن، بۆ وێنە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
E/MediaAmeerOffice

تَعۡمَلُونَ ﴿٨﴾ المائدة، واتە: ئەی ئیماندارینە بۆ خوا هەڵسن و شایەدیی بەدادگەریی بدەن، وە با ڕق لێبوونەوەتان لەكەسانێك واتان لێنەكات نادادگەربن ـ بەڵكو ئەگەر دوژمنیشتان بن هەر لەگەڵیان دادگەربن ـ دادگەربن لەگەڵ هەموو لایەكدا ئەوە لەتەقواوە نزیكترە، وەپارێز لەخوا بكەن بێگومان خوا بەوەی دەیكەن شارەزایە.

واتە: كەتۆ دەتەوێ ئەهلی تەقواو پارێزگاریی دادگەربە، هەروەها خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ كە بەخەڵك بڵێ: ﴿...وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُۖ...﴾ ﴿١٥﴾ الشورى، واتە: (وە فەرمانم پێكراوە دادگەرییتان لەنێودا بچەسپێنم)، دیارە لای كەمی دادگەریش ئەوەیە ئەوەی بەخۆتی ڕەوا دەبینی بەخەڵكیشی ڕەوا ببینی، وە دادگەریی ئەوەیە كە خەڵك لە هەلومەرجەكانی ژیاندا یەكسان بن و كەس ئاغاو كوێخا نەبێ بە سەر ئەوی دیكەوە، وە دادگەریی ئەوەیە ئەوەی بۆ خۆتی بەچاك دەزانی، بۆ خەڵكیشت پێ چاك بێ و، ئەوەی بۆ خۆتت پێ خراپە، بۆ خەڵكیشت پێ خراپ بێ، ئیدی چاوپۆشیی بكە چ بیروبڕواو ئاینێكیان هەیە.

- مامۆستا ئەگەر ئەم سیفەتی دادگەرییە لەناو گەل و خەڵكێكدا هاتە دی كە مسوڵمانیش نەبن، یەكێك لە ئامانجەكانی ئینسانی مسوڵمان نەهاتۆتە دی؟

+ بەڵێ بێگومان یەكێك لە گەورەترین ئامانجەكانی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هاتۆتە دی، بەڵام ئێمە بە هەموو قەناعەتێكەوە دڵنیاین كە تەنیا لەسەر بناغەی پیادەكردنی شەریعەتی خوا، دادگەریی تەواو دێتە دی، ئەگەرنا تەماشای وڵاتانی ڕۆژهەڵات و

ڕۆژئاوا بکە، هەموو ئەوانەی سیستەمی غەیرە ئیسلامییان هەیە، دادگەرییەکەیان بۆ خۆیانەو تەنیا لەنێو خۆیاندا پیادەی دەکەن، بەڵام لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان دیکتاتۆرن و خۆسەپێن و داگیرکەرن، بە بەڵگەی ئەوەی کە دێت وڵاتت داگیر دەکات دەتکوژێ و قەتلعامت دەکات، دوایی داوای خوێن و قەرەبوو دەکەی ئەوەشت بۆ ناکات! بۆ وێنە: ئێمە وەك کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ئەمریکا خەڵکی لێکوشتین و دوایی چەندان جار من لە زیندانی ئەوان و، دوای ڕزگاربوونیشم داوامان لێکردن بۆمان قەرەبوو بکەنەوە، بەڵام گوێیان پێ نەداین!

بەڵام کاتێك لە ڕووداوی (لۆکەربی)دا دەوڵەتی (لیبیا) تۆمەتبار کرا کە ئەو فڕۆکەی ئەوانی خستۆتە خوار، دوایی بۆ هەر کوژراوێکی ئەمریکی نێو فڕۆکەکە (10) ملیۆن دۆلاریان داوا کرد! ئینجا ئەو هەموو تاڵانکاریی و پاوانکاریی و داگیرکارییەی کە زلهێزەکان کردوویانە، هەر لە بەریتانیاو فەرەنساو ئیتاڵیاو ئیسپانیاوە بگرە هەتا ئەمریکاو ڕووسیا، کە بێگومان هەر لە پەڕلەمانەکانیاندا ئەو بڕیارانە دراون! کەواتە: بەڵێ ئەوان کۆمەڵێك کاری باشیان هەیە، بەڵام هەر بۆ خۆیانەو لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆیان لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکی دیکەدا، ئەو بەهاو شتە باشانە پیادە ناکەن، بە پێچەوانەی مسوڵمانانەوە کاتێك کە دەوڵەتی ئیسلامیی هەبووەو دەسەڵاتی هەبوو ئەو شتە باش و بەهایانەی کە بۆ نێوخۆ بەکاری هێناون، پابەند بووە بەوەی کە لەگەڵ غەیری خۆشیدا هەر بەو ڕەوشت و بەهایانەوە ڕەفتارو مامەڵە بکات!

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بنەمای نۆیەم: تۆبزیی كردنو زۆرلێكردن لەدینداریيدا نیە:

خوا –جل شأنه- زۆر بە ڕوونو ڕاشكاویی دەفەرموێت: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ...(٢٥٦)﴾ البقرة، واتە: تۆبزیی كردنو زۆرەملێ كردن نیە لە دیندا.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوەبوو كە پێش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ كۆچ بكات بەرەو (یثرب- مەدینە) هەندێك لە تیرەی ئەوسو خەزرەج لەسەر خۆیان نەزر كردبوو، ئەگەر خوا كوڕی پێدان، كوڕەكەیان بكەن بە جوولەكە یان نەصرانیی، دەیانزانی كە ئەوان خاوەنی دینێكی ئاسمانییەنو ئەوانیان پێ لە خۆیان دیندارو موبارەكتر بوو! ئینجا دوای چوونی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوێ، هەندێك لەو دایكو بابانەی كە كوڕەكانیان كردبوو بە جوولەكەو نەصرانی، دەیانویست وەك چۆن خۆیان مسوڵمان بوون، كوڕەكانیشیان بە تۆبزیيو زۆرلێكردن بگێڕنەوە بۆ ئیسلام، جا ئەوەبوو كە خوای كاربەجێ ئەم ئایەتەی ناردە خوار: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ ...(٢٥٦)﴾ البقرة، واتە: تۆبزیی كردن لە دینداریيدا نیە، ڕێی ڕاستو ڕێی چەوت لێك جیاكراوەتەوە، واتە: تازە بۆتان نییە كوڕەكانتان بە زۆر بكەنەوە بە مسوڵمان مادام دینێكی دیكەیان هەڵبژاردوە(1)!

بێگومان ئەمەش بنەمایەكی زۆر گەورەو گرنگەو وا لە ئینسانی

---

1) رواه أبو داود والنسائي، بڕوانە (المصباح المنير في تهذيب تفسير إبن كثير)، ص 257، 258.

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir1 F/MediaAmeerOffice

مسوڵمان دەکات هەرگیز نەتوانێ چاویش لە خەڵك سوور بکاتەوە لەسەر ئەوەی کە کافرەو غەیری ئیسلامیی بە بەرنامەی ژیان هەڵبژاردوە، چونکە ئەوە مافێکە خوا بە بەندەکانی داوەو کەس ناتوانێ زەوتی بکات.

لە جێگەیەکی دیکەدا خوا —سبحانه وتعالی- دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَأٓمَنَ مَن فِي ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًاۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾ يونس﴾، واتە: وە پەروەردگارت ئەگەر ویستبای هەموو خەڵکی سەر زەوی ئیمانیان دەهێنا، جا ئایا تۆ تۆبزیی لە خەڵك دەکەی کە ئیمان بێنن؟! واتە: من خواو پەروەردگاریام تۆبزییم لێنەکردوون، تۆش کە ڕەوانەکراوی منی بۆت نیە تۆبزییان لێ بکەی.

هەروەها خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾ الغاشية﴾، واتە: تۆ دەسەڵاتت بەسەریاندا نیە، (بەزۆر بیانکەی بە مسوڵمان)، یان دەفەرموێ: ﴿... وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍۖ ... ﴿٤٥﴾ ق﴾، واتە: تۆ بۆت نیە جەبریان لێ بکەی.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/Media Ameer Office

## بنەمای دەیەم: بناغە لە هەڵسوكەوتی مسوڵمانان لەگەڵ غەیری خۆیاندا بریتییە لە ئاشتی:

واتە: لە بواری هەڵسوكەوتی نێوان مسوڵمانانو غەیری خۆیاندا، ئەسڵ تەبایيو ئاشتەواییە، نەك جەنگو تێككگیران! هەڵبەتە هەندێك لە زانایان لەوبارەوە مشتومڕیان كردوە، هەندێكیان گوتوویانە: ئەسڵ جەنگە، بەڵام ئەوە شتێكی زۆر نامەنتیقییە، چۆن تۆ هەر لە ڕێوە شەڕو جەنگ لەگەڵ بەرانبەردا دەكەیو سەنگەری لێدەگری بێ ئەوەی بزانیو تێبگات داخۆ چیت لێ دەوێ؟!

بێگومان ئەوە هیچ ڕاستو ڕەوا نیەو پێغەمبەر ﷺ جەنگی لەگەڵ هیچ تیرەو گەلێكدا نەكردوە تاوەكو بانگی نەكردبن بۆ دینی خوا، بەڵكو لە ڕاستیدا هەموو ئەو جەنگانەی پێغەمبەر ﷺ كردوونی بە دەست پێشخەریی بەرانبەرەكانی بووە، تەماشا دەكەین یەكەم ئایەتێك كە مۆڵەتیدا بە مسوڵمانان جەنگ بكەن، ئەم ئایەتەی سوورەتی (الحج)ە، كە دەفەرموێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ ... ﴿٤٠﴾ الحج﴾، واتە: مۆڵەت درا بۆ ئەوانەی جەنگیان لەگەڵدا دەكریو ستەمیان لێكراوە كە بەرگریی لە خۆیان بكەن، وە خوا لەسەر سەرخستنیان بەتوانایە، ئەوانەی لە ماڵو حاڵی خۆیان وەدەرنران (دوژمنەكانیان) هیچ حەقێكیان لەسەریان نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ كە دەیانگوت: پەروەردگارمان خوایە.

www.AliBapir.net
YouTube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

هەروەها لە سوورەتی (البقرة)شدا دەفەرموێ: ﴿وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ١٩٠﴾ البقرة، واتە: وە لەڕێی خوادا بجەنگن لەگەڵ ئەو كەسانەی لە دژتان دەجەنگن، بەڵام دەستدرێژیی مەكەن، چونكە خوا دەستدرێژكارانی خۆش ناوێ) واتە: كەسێك كە لێتان دەگەڕێ ئێوەش لێی بگەڕێن مادام شەڕتان پێ نافرۆشێ!

- مامۆستا، واتە جەنگەكانی ئیسلام‌و مسوڵمانان زیاتر بەرگریی لەخۆكردن (دفاعي) بوون؟

+ ئەو بابەتێكی دیكەیە كە ئایا جەنگ لە ئیسلامدا تەنیا بەرگریی (دفاعی)یە، یاخود هێرش بردنە (هجومی)یشە؟! چونكە جاری وایە هێرشكردن باشترین وەسیلەیە بۆ بەرگریی لەخۆكردن، بۆ نموونە: كاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ دەبیستێ كە ڕۆمەكان سوپایان كۆكردۆتەوەو خەریكی هێرش كردنن بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامیی، دیارە لەو حاڵەتەدا بەرلەوەی كە بەسەریاندا بدرێ، باشتر وایە پێغەمبەر ﷺ وەك تاكتیكی جەنگیی دەستپێشخەریی بكات‌و بەسەریاندا بدات! دیارە پێغەمبەریش هەر وایكردو جەنگی تەبووك هۆكارەكەی ئەوەبوو، كەواتە جاری وایە هێرش بردن باشترین ئامرازە بۆ بەرگریی، بەڵام ئیسلام هیچ كاتێك ڕێگا بە مسوڵمانان نادات دەستپێشخەری جەنگ بن، بۆچی؟ چونكە لە ڕاستیدا ئیسلام ئامانجی خۆی بە ئاشتی (سلم) دێنێتە دی، بەڵام دوژمنان‌و ئەهلی باتیل ئامانجی خۆیان بە جەنگ تەحقیق دەكەن، ئەوان لە كەش‌و هەوای ئاڵۆزدا دەرفەت وەردەگرن، ئەگەرنا ئەهلی حەق پێویستییان بە جەنگ‌و شەڕو ئاژاوەو ئاشووب نیە.

WWW.AliBapir.net
F/AliBapir.net
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بنەمای یازدەیەم: بنچینەی هەڵسوكەوتی مسوڵمانان لە چوارچێوەی كۆمەڵگای ئیسلامیی لەگەڵ نامسوڵماناندا بریتیە لە چاكەكاریی:

واتە: ئەوانەی كە لەگەڵ مسوڵمانان لە سایەی دەوڵەتێكدا پێكەوە كۆدەبنەوە، لەوبارەوە خوای دادگەر دەفەرموێ: ﴿لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾﴾ الممتحنة، واتە: خوا ڕێگاتان لێناگرێ لەگەڵ ئەوانەدا كە لەسەر دینتان لەگەڵتان نەجەنگاون، وە لەماڵو حاڵو نیشتیمانی خۆتان وەدەریان نەناون، كەچاكەیان لەگەڵ بكەنو لە ماڵو سامانی خۆتاندا هاوكارییان بكەن، بێگومان خوا بەخشەرانی خۆشدەوێ.

لێرەدا (المقسطين) بەمانای دادگەران (عادلين) نیە، بەڵكو بەمانای بەخشەران دێ، چونكە (أقسط إليه)، واتە: ماڵی خۆی دایەو بەش (قسط)ێك لەماڵی خۆی پێ بەخشی، وەك توێژەرەوانی قورئان دەڵێن، دیارە هەندێكیش هەر بەدادگەرییان لێك داوەتەوە، بەڵام مانای یەكەم ڕاسترە، چونكە دادگەریی (عدل ـ قسط) بەها (قيمة)یەكی ڕەهایە لە هەموو حاڵانداو لەگەڵ هەموو كەسداو هەرگیز نەهی لێناكرێ!

ـ یانی بێجگە لەوەی لەسەر مسوڵمانان پێویستە دادگەربن، وێڕای ئەوە دەبێت چاكەكاریش بن.

+ بەڵێ دەبێ وێڕای دادگەریی چاكەكارییش بن، دیارەچاكەكارییش دوو

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

لای هەیە لەڕووی مەعنەوییو لەڕووی ماددیەوە، چونكە دەفەرموێ: ﴿... أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْۚ ... ﴿٨﴾ الممتحنة﴾، لێرەدا (بَرَّ اليه، بَرَّه) واتە: چاكەی لەگەڵ كرد، لەڕووی مەعنەویەوە، پاشان (أقسط اليه) واتە: چاكەی لەگەڵدا كرد لەڕووی ماددیەوە! كەواتە: پێویستە مسوڵمانان لە چوارچێوەی كۆمەڵگای ئیسلامییدا لەگەڵ سەرجەم ئەو نامسوڵمانانەدا كە لەگەڵیان دەژین، لەڕووی مەعنەوییەوە ڕێزیان بگرنو لەگەڵیان قسەخۆشو سەرو ڕووخۆش بنو بەمانای وشە لەگەڵیان چاكەكاربن، وە لەڕووی ماددییشەوە دەبێ دەستبارگرو هاوكاریان بن، بەڵام بەمەرجێك دژی دینو ژینیان نەبن، كاتێك كە دژایەتی دینو ژینت دەكرێ، مانای وایە سەنگەرت لێ گیراوەو ئەو كاتەش چاكە لەگەڵدا كردن هیچ مانای نامێنێ، بەڵام لەو حاڵەتەشدا دادگەریی هەر لەجێگەی خۆیەتی!!

ئینجا هەر لەوبارەوە سەرنج دەدەین خوای كاربەجێ لەسوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾ النساء﴾، واتە: هەركاتێك سڵاوتان لێكرا بە سڵاوكردنێك، چاكتر لەخۆی، یان وەك خۆی وەڵامی بدەنەوە، بێگومان خوا لەسەر هەموو شتێك پارێزەرو بەتوانایە.

ڕۆژێك[1] (الشعبي) خوا لێی خۆش بێ لە وەڵامی سەلامی نەصرانییەكدا گوتی: (وعليك السلام ورحمة الله)، ئەوانەی لەگەڵی بوون گوتیان: سەلامی لێ دەكەی قەیناكات، بەڵام بۆچی ڕەحمەتی

---

1) (محاسن التأويل) للقاسمي، ج5، ص237.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media/AmeerOffice

خوای بۆ دەنێری؟! گوتی: خۆ ئەویش هەر لەڕەحمەتی خوادا دەژی! (واتە: ئەو بارانە دەبارێ بەسەر هەموو لایەكدا ڕەحمەتی خوایە، خوا لەشی ساغ كردووە ئەو هەموو نازو نیعمەتانەی لەگەڵدا كردوون، هەموویان هەر بەرهەمی ڕەحمەتی خوان)، خاوەنی تەفسیری (محاسن التأويل) لەوبارەوە گوتوویەتی:[1] (واستدلّ بها الجمهور على ردِّ السلام على كل مسلِّم مسلماً كان أو كافراً، لكن مختلفان في صيغة الرد)، واتە: زۆرینەی زانایان ئەم ئایەتەیان بە بەڵگە هێناوەتەوە لەسەر ئەوە كە وەڵامی هەموو سڵاوكەرێك دەدرێتەوە مسوڵمان بێت یان كافر، بەڵام شێوازەكانیان جیاوازن، بەڵام من -واتە: عەلی باپیر- ڕام وایە كە لەبەر كوفرو ئیسلام شێوازی وەڵامدانەوەی سەلام ناگۆڕێت!

وەلە ڕاستیدا ئەم ئایەتە ئەوەی لێ وەردەگیرێ كەهەڵسوكەوتی ئێمە لەگەڵ غەیری خۆماندا، واتە: ئێمە وەك مسوڵمان لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بە نامسوڵمان دادەنێن، پێویستە بەچاكتر لەهی خۆیان بێ، یان بەلای كەمەوە دەبێ وەك هی خۆیان هەربێ، ئەگەر ئەو جارێك سڵاوتان لێبكات دەبێ تۆ دووجار سڵاوی لێبكەی، وە دەبێ تۆ دەستپێشخەری سڵاو لێكردنو ڕێز لێگرتنی بیو، دەبێ هەوڵدەی تۆ لەو چاكتربی لەوەی ئەو بۆت چاكە، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمایشتێكدا دەفەرموێ: **(اليد العليا خير من اليد السفلى)** رواه مسلم، واتە: (دەستی بەرز لەدەستی نزم باشترە) دیارە دەستی بەرز بەخشەرەو دەبێ

1) سەرچاوەی پێشوو، هەروەها بڕوانە: (الجامع الأحكام القرآن) للقرطبِي، كە گوتوویەتی: (واختلف في ردِّ السلام على أهل الذمة هل هو واجب كالردِّ على المسلمين؟!) وإليه ذهب ابن عباس والشعبِي وقتادة تمسَكاً بعموم الآية وبالأمر بالردِّ في صحيح السنة..)، ج5، ص266.

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

ئێمەی مسوڵمان ڕێزو قسەی چاكو هاوكاریی ببەخشین، بۆیەش خوای پەروەردگار بەشێوەیەكی ڕەها دەفەرموێ: ﴿... وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسۡنٗا ... ﴿٨٣﴾ البقرة﴾، واتە: قسەی باش لەگەڵ خەڵك بكەن، وە دەفەرموێ: ﴿... وَأَحۡسِنُوٓا۟ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٩٥﴾ البقرة﴾، واتە: چاكە بكەن، بێگومان خوا چاكەكارانی خۆشدەوێ، وەك دیارە بەموتڵەقی فەرموویەتیو دیاری نەكردووە لەگەڵ كێ بیكەنو لەگەڵ كێش مەیكەن! وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **(ان الله تعالى كتب الإحسان على كل شيء)** رواه مسلم، واتە: خوا چاكەكردنی لەسەر هەموو شتێك نووسیوە.

كەواتە: پێویستە بەموتڵەتی مرۆڤی مسوڵمان چاكەكار بێ لەگەڵ مسوڵمانو نامسوڵماندا، دیارە ئەوە لەبواری هەڵسوكەوتدا، بەلاّم بێگومان بواری بەرەنگارییو ڕووبەڕووبوونەوەو شەڕ پێ فرۆشراندا، ئەوە بازاڕێكی دیكەیە!!

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بنەمای دوازدەیەم: هاوکاریی کردن لەگەڵ هەر لایەنێکدا بۆ هەر شتێکی چاك کە لە قازانج و بەرژەوەندیی هەموو لایەك دایە، واتە دەستبار بۆ یەکدی گرتن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە هاوبەشەکان:

خوای پەروەردگار لەوبارەوە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَلَا ٱلْهَدْىَ وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَٰنًا ۚ وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُواْ ۚ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ أَن تَعْتَدُواْ ۘ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢﴾ المائدة﴾، واتە: ئەی بڕوادارینە! دروشمەکانی خوا مەشکێنن -هەڵیان مەوەشێننەوە- وە جەنگ مەکەن لە مانگە قەدەغەکراوەکاندا، وە ڕێ مەگرن لەو قوربانییانەی بەدیاری دەهێنرێن -با لەلایەن هاوبەش پەیداکەرانیشەوە بێ وەڕێ مەگرن لەوانەش کە گەردن بەندیان لەمل کراوەو نیشانەدار کراون، وەدەست درێژیی مەکەنە سەر ئەوانەی نیازیماڵی خوا دەکەن، وەکاتێك ئیحرامتان شکاند ڕاووشکار بکەن، وە ئەوکەسانەی کاتی خۆی ئێوەیان گێڕاوەتەوە لە مزگەوتی حەرام، مادام ئێوە ئێستا دەستەڵاتتان هەیە بارق بوونەوەتان لێیان واتان لێنەکات ئەوان بگێڕنەوەو دەستدرێژییان بکەنەسەر، وە هاوکاریی یەکدی بکەن لەسەر چاکەکاریی و پارێزکاریی و هاوکاریی یەکدی مەکەن لەسەر گوناح و دەستدرێژکاریی، وەپارێز لەخوا بکەن بێگومان خوا تۆڵەی زۆر بەتینە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
YouTube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

لەم ئایەتەدا زیاتر مەبەستمان ئەم ڕستە قورئانییەیە كە دەفەرموێ: ﴿... وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ... ﴿٢﴾ المائدة﴾، كە لە سیاقێكدا هاتوە باسی هەڵسوكەوت دەكات لەگەڵ كافراندا و خوا —عزو جل- بە ڕاشكاویی بە مسوڵمانان ڕادەگەیەنێ كە هاوكاریی كەسانێك بكەن كە هاوبەش دانەرن و بە ئیسلام ڕازی نین، هاوكارییان لەگەڵدا بكەن بۆ ئەنجامدانی هەر شتێك كەچاك و بەكەڵكە لەنێوان بەندەكاندا، وەهەر شتێكیش كەمایەی تەقواو پارێزكارییە لەنێوان بەندەكانو خوای پەروەردگاردا.

بەڵێ مسوڵمان دەبێ دەست پێشخەرو دەستبارگر بێ بۆ هاوكاری لەگەڵ هەركەسێكدا كەبەرەو خێرو چاكەو خزمەت بەخەڵك هەنگاو دەنێ، گەلێك جار ڕێكخراوی خاچی سوورو ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ كە دیدارمان لەگەڵیان بووە، پێم گوتوون: ئێوە كارێك دەكەن كەچاكە دەخەنە چاوی هەموو ئینسانێكەوە، بەمەرجێك كارەكانتان بەڕاستو ساغی بێو شتی دیكەی نابەجێی لەپەنادا نەكەن! چونكە بێگومان ئەوان نامەو زانیاری گیراوو بەندییەكان دەگەیەنن بەكەسو كاریانو كەلو پەلو پێداویستییان بۆ دابین دەكەن، وە بەرگریی لە مافو ئازادییەكانی خەڵك دەكەن، ئەوانەش شتی ئینسانیین، ئێمەش وەك مسوڵمانو وەك ئیسلامیی هەركەسێك هەنگاو بنێ بۆ بەختەوەریی خەڵكو كۆمەڵگاو هەوڵی دابینكردنی بەرژەوەندییو ئاسایشو ئارامییو قازانج بدات بۆ خەڵك، دەبێ دەستخۆشیی لێ بكەینو هاوكارو دەستبارگریشی بین، بەپێی واتای ئەو ئایەتە موبارەكەی قورئان.

WWW.AliBapir.net
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

## بنەمای سێزدەیەم: مادام ئیسلام تاكە بەرنامەی پەسندی خوایە دەبێ سێبەرەكەی جێی هەموو خەڵكی لەبن بێتەوە:

وەك خوا - جل شانە - دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ ... ﴿١٩﴾ آل عمران ﴾، واتە: بێگومان بەرنامەی ڕاستو تەواو لەلای خوا بەس ئیسلامە، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ آل عمران: ﴾، واتە: وەهەر كەسێك غەیری ئیسلام بەبەرنامە بخوازێ لێی قبوول ناكرێو لە دوارۆژیشدا لە زیانمەندانە.

بەڵێ مادام بەرنامەو دینی ڕاست لای خوا تەنیا ئیسلامە، كەواتە: ئەم ئیسلامە دەبێ سێبەری هێندە فراوان بێ، جێگای هەموو كەسی لەژێر بێتەوە، ئەم دینە حەقە كەخوا بۆ قیامەت غەیری ئەوە لەكەس قبوول ناكات، بەلاّم بۆ دونیا: ﴿ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ﴿٦﴾ الكافرون ﴾، واتە: دینی خۆتان بۆ خۆتانو دینی خۆشم بۆ خۆم، هەڵبەتە بۆ قیامەت خوا تەنیا شوێنكەوتنی ئیسلام قبوول دەكات، چونكە هەر ئەو ئایینو بەرنامەی هەقو ڕاستە، بەلاّم ئەو دینە حەقە ڕێگای داوە بەدینە ناهەقو باتیڵەكان كە ئازادبن، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكەم كە لە سۆنگەی ئەوەوە كە لە دەستووری عێراقدا هاتوە كە نابێ هیچ یاسایەك دەربچێ دژو پێچەوانەی شەریعەت بێ، لە بەرانبەر ئەوەدا هەندێك كەس كردوویانە

www.AliBapir.net
YouTube/AliBapir1
F/AliBapir
E/MediaAmeerOffice

بەهاتو هاوار كە چۆن دەبێ وابێ! ئەدی دینەكانی دیكە؟ جا ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین: برادەر! ئەم دینە حەقە ڕێگا دەدات بەبوونی دینە ناڕاستو هەڵەكانی دیكەش! چونكە خوای بەدیهێنەر دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ﴿٦﴾ الكافرون﴾، واتە: ئەی بێ بڕوایان! ئەوەی ئێوە دەیپەرستن من نایپەرستم، وەئەوەی منیش دەیپەرستم ئێوە نایپەرستن، وە من پەرستەری ئەوەنەبووم كە پەرستووتانەو، ئێوەش پەرستەری ئەوە نەبوون كە پەرستوومە، دینی خۆتان بۆ خۆتان وەدینی خۆم بۆ خۆم.

بەڵێ تاكە ئایینی ڕاستو نەشێوێنراوی خوا (ئیسلام) ڕێگا بەدینە ناڕاستەكانی دیكەش دەدات، جا چ ئاسمانیی بنو دەستكاریی كرابنو گۆڕابن، وە چ مرۆڤكردو زەمینی بن، كە شوێنكەوتووەكانیان پەیڕەوییان لێ بكەن، كەواتە: ئیسلام كەتاقە دینی پەسندی لای خوای پەروەردگارە، دەبێ سروشتەكەی وابێ جێی شوێنكەوتوانی دینەكانی دیكەی لەژێر سایەدا ببێتەوە، لەكاتێكدا كە دەستەڵاتی دەبێ، ئینجا بێگومان كە سەیری مێژووی دەستەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامییش دەكەین هەروای دەبینین، چونكە هەموو كەمایەتیە دینییەكانو هەموو فیكرەو بیروباوەڕەكان لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی دابوونو ئێستاش هەرماونو هەن!

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir
F/AliBapir
F/Media/AmeerOffice

## بنەمای چواردەیەم: خوا –سبحانه وتعالى– پێغەمبەری خۆی بە بەزەیی بۆ تێكڕای جیهانیان بە (رحمة للعالمين) پێناسە دەكات:

وەك دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ الأنبياء، واتە: تۆمان نە ناردوە مەگەر بەزەیی بۆ تێكڕای جیهانییان، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: (إني لم أُبعث لعّاناً وإنَّما بُعثْتُ رحمةً) رواه مسلم، واتە: بێگومان من بە نەفرینكەر نەنێرراوم، بەڵكو بە ڕەحمەت نێرراوم.

هەروەها فەرموویەتی: (إنَّما أنا رحمة مهداةٌ) رواه الحاكم وصحّحه ووافقه الذهبِي، واتە: بێگومان من بەزەییەكی خەڵاتكراوم (بە بەشەرییەت).

ئینجا باشە مادام پێغەمبەری خوا ﷺ بەزەیی بێ بۆ تێكڕای جیهانییان، مانای وایە دەبێ هەموو جیهانییان بتوانن لەژێر سایەی ئەو بەزەیی یەی خوادا هەم بەهرەمەند بن، هەم بژین، هەڵبەتە ژیانێكی ئینسانانەش بژین نەك هەر ژیانێكی كولە مەرگیو بە زەبوونیی، ژیانێك لە ئینسانێك بوەشێتەوە كە خوا بە جێنشینی خۆی لە قەڵەمی داوەو ڕێزی لێگرتوە، كەواتە: هەر خودی پێناسەی پێغەمبەر ﷺ بە (بەزەیی خوا بۆ جیهانییان) ئەوەی لێ وەردەگیرێ كە ئەو ئیسلامەو ئەو پەیامە كە پێغەمبەرێكی نازناو (رحمة للعالمين) هێناویەتی، ڕێگا دەدات بە شوێنكەوتووانی هەموو دینو بیروباوەڕێك كە بە ئازادانە پەیڕەویی لێ بكەنو بەوەش دەتوانن پێكەوە بژین بە گونجاویی و تەبایی.

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
F/Media.AmeerOffice

## بنەمای پازدەیەم: دابینکردنی حەوت شتە پێویستەکان بۆ سەرجەم هاووڵاتیان:

پێنج شتە پێویستەکان (الضروريات الخمس)، هەندێك لە زانایانیش دەڵێن شەشن، بەڵام من شتێکی دیکەشم بۆ زیاد کردووە بۆیە دەڵێم: حەوت شتە پێویستەکان، چونکە زانایانی (أصول الفقه) بە سەرنجدانو تێوەڕامان (إستقراء)ی دەقەکانی قورئانو سوننەت، هەندێکیان پێنجو هەندێکیشیان شەشیان دیاریی کردون، منیش بۆم دەرکەوتوە کەلەوە زیاترنو بەلای کەمەوە حەوتن، بەم شێوەیەی خوارێ:

یەکەم: دابینکردنی مافی دینداریی ﴿لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ۝٦﴾ الكافرون، ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ...۝٢٥٦﴾ البقرة، واتە: ئیسلام کە دەسەڵاتیی هەبێ مافی دینداریی بە هەموو جۆرو شێوەکانییەوە بۆ تێکڕای خەڵك دابین دەکات.

دووەم: مافی ژیان، وەك هۆکارێکیش بۆ دابینکردنی مافی ژین بۆ هەر تاکێك خوای پەروەردگار سزاو تۆڵەی داناوە بۆ هەرکەسێك دەستدرێژیی بکاتە سەر ژیانی خەڵك، وەك دەفەرموێ: ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ۝١٧٩﴾ البقرة، وە دەفەرموێ: ﴿وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ

قِصَاصٌۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾ المائدة﴾، بەڵێ هەموو ئەوانەی کە دەستدرێژیی دەکەنە سەر خەڵك‌و دەبنە مایەی مردنیان، یان لەدەستدانی ئەندامێکی وەك: چاو، لوت، گوێ، ددان، یان شکانی ئێسقانیان‌و بریندار بوونیان، تۆڵەیان لێ وەردەگیرێتەوە...

سێیەم: سەلامەتیی‌و پارێزراویی عەقڵ: خوای پەروەردگار بەکارهێنانی هەموو ماددە سەرخۆشکەرەکانی قەدەغە کردووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا عەقڵی سەلامەت بێ، وەك فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾ المائدة﴾، هەروەها بازرگانی پێوەکردنیشی قەدەغە کردووە.

چوارەم: سەلامەتی وەچە (نسل): کە بۆ ئەم مەبەستەش سزای داوێن پیسیی دیاری کراوە، وەك فەرموویەتی: ﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖ...﴿٢﴾ النور﴾، دیارە ئەو سزایەش بۆیە دانراوە تاکو خەڵك وەچەو ڕەچەڵەکی پارێزراو بێ‌و بزانرێ کێ ڕۆڵەی کێیە؟!.

پێنجەم: پارێزرانی ئاسایش‌و ئارامیی لەنێو خەڵکدا: بۆ ئەو مەبەستەش خوای کاربەجێ سزای سەختی بۆ هەموو ئەوکەسانەی دیاری کردووە کە هێمنی‌و ئاسایشی کۆمەڵگا تێکدەدەن، وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ

مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٣٣﴾ المائدة﴾، لێرەدا خوا چوار جۆرە سزای بۆ ئەوانە دیاری كردووە كە ئاشووب لەسەر زەویدا پەرپا دەكەنو ئاسایشو هێمنیی خەڵكو كۆمەڵگا دەشێوێنن.

شەشەم: پاراستنی ئابڕوو (عِرْض)ی خەڵك: كە سزای داوێن پیسیی دیاریكراوە بۆ هەموو ئەوانەی كەسایەتیو كەرامەتو ئابڕووی خەڵك لەكەدار دەكەن، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٤﴾ النور﴾، واتە: ئەوانەی ئافرەتانو پیاوانی داوێن پاك تۆمەتبار دەكەن بە داوێن پیسیی پاشان چوار شاهید ناهێنن، هەشتا قامچییان لێبدەن، هەروەها هەركەسێك هەر جۆرە تۆمەتو بوهتانێكی دیكەی غەیری داوێن پیسییش بۆ كەسێك هەڵبەستێ، دیارە شەریعەتی ئیسلامیی تەعزیرو سزای تایبەتی خۆی بۆ داناوە.

حەوتەم: پاراستنی ماڵوسامانی خەڵك: وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٣٨﴾ المائدة﴾، واتە: پیاوی دزو ئافرەتی دز دەستیان ببڕن، ئەوە تۆڵەو سزای خوایە تاكو خەڵكی دیكەش تەمبێ بێو پەند وەربگرێ.

بەڵێ ئەم حەوتە: (دین، ژین، وەچە، عەقڵ، ئاسایشو هێمنیی، ئابڕوو، ماڵو سامان)، دەبێ لە كۆمەڵگای ئیسلامییدا واتە: شوێنێك كە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

ئیسلام دەسەڵاتی تێدا هەیە، ئەم حەوتانە بۆ هەموو تاكێكی كۆمەڵگا دابین بكرێن!

- مامۆستا گیان! بە خێرایی پرسیارێك، دەربارەی ئەم حەوت شتانە لەسەر زۆرینەیان سزا دراوە، وەك ئاماژەت پێكرد، بەڵام ئایا هیچ سزایەك هەیە لەسەر ئاییندارییی؟!

+ ئەگەر مەبەستت سزای هەڵگەڕانەوە (إرتداد) لە دین بێ، بێگومان ئەو مەسەلەیە پێویستی بە گفتوگۆیەكی تایبەت و بەرنامەیەكی خەڵك لەسەر هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام ئەوەندەی من بۆم دەركەوتوە، هەڵبەتە لەنێو زانایاندا مشتومڕو كێشەی لەسەرە ئایا تۆڵەیەكی دیاریكراویی شەرعیی (حدّ)ی لەسەرە، یاخود هەر سزایەكە لەژێر ڕكێفی دەسەڵاتی شەرعیی (السلطة الشرعية) دایە؟ من ئەوەی بۆم دەركەوتوە پێموایە ئەوەی دووەمیانە، وە لەوبارەشەوە دەكرێ بەڵگەی زۆر بێنینەوە، بۆ نموونە: دەبینین ئەو هەموو دەغەڵانە (منافقين) هەبوون لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ و كوفریشیان لێ ئاشكرا بووە، وەك خوا -عز وجل- لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ ٦٦﴾ التوبة، هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا لَّمۡ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغۡفِرَ لَهُمۡ وَلَا لِيَهۡدِيَهُمۡ سَبِيلَۢا ١٣٧﴾ النساء، وە فەرموویەتی: ﴿وَكَفَرُواْ بَعۡدَ إِسۡلَٰمِهِمۡ... ٧٤﴾ التوبة، كەچی نابینین پێغەمبەری خوا ﷺ كەسی سزادابێ لەسەر ئەوەی لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە، ئینجا یەكێك بۆی هەیە بپرسێ: ئەدی بۆچی

لە سەردەمی هەندێك لە چوار خەلیفە راشیدەكاندا، هەندێك كەس لەسەر ئەوە سزا دراون؟

من پێم وایە ئەو سزادانانەی هەندێك كەس لەسەر هەڵگەرانەوە لە ئیسلام لە چوارچێوەی دەستەڵاتی سیاسەتی شەرعیی‌دا بووە، هەر بۆیەش هەڵوێستی زاناو پێشەوایان لەبارەی حوكمی هەڵگەڕانەوە (إرتداد) جۆراو جۆر بووە، بۆچی؟! چونكە هی وا هەیە بەهۆی گومانێكی فیكرییەوە هەڵدەگەڕێتەوە، وە هی وا هەیە بۆ ئەوەی خەڵك چەواشە بكات هەڵدەگەڕێتەوە، وە هەیە هەڵدەگەڕێتەوەو دژایەتی دەسەلاتی ئیسلامییش دەكات، دیارە فەرمایشتەكانیش هەر ئەوە دەگەیەنن، بۆ وێنە: لە یەكێكیاندا دەفەرموێ: (لا يحلّ دم امرىء مسلم إلا بإحدى ثلاث: الثيّب الزاني، والنفس بالنفس، والتارك لدينه المفارق للجماعة) رواه البخاري ومسلم، واتە: هیچ ئینسانێكی مسوڵمان خوێنی حەڵاڵ نابێ مەگەر بە یەكێك لە سێ شتان:

1- پیاوێك ژنی هێنابێ یان ژنێك شووی كردبێ‌و زینا بكات.

2- كەسێك كەسێكی بە ئەنقەست كوشتبێ.

3- وە كەسێك لە دینەكەی هەڵگەڕابێتەوەو وازی لە كۆمەڵی مسوڵمانان هێنابێ (واتە: چووبێتە نێو كۆمەڵ‌و تاقمی بەرانبەرەوەو دژایەتی ئەهلی ئیسلام بكات).

زۆربەی شەرع زانان بڕگەی سێیەمی ئەم فەرمایشتە ئاوا تەفسیر دەكەن، هەروەها ئەو فەرمایشتەی كە دەفەرموێ: (مَن بَدَّل دينه فاقتلوه) رواه البخاري، زۆرێك دەڵێن وشەی (بَدَّل) مەبەست پێی ئەوە

نیه كه تەنیا له ڕووی فیكریی یەوه بابایەك بڵێ: من ئەوه بڕوام بە ئیسلام نەما، بەڵكو مەبەست پێی كەسێكه وێڕای ئەوه دینەكەشی دەگۆڕێو دەشگوازێتەوه بۆ سەنگەرێكی دیكه، دیاره ئەو كاتەش دەبێتە كافرێكی دژ به ئیسلام (محارب)، بۆیه حوكمەكەشی كوشتنه! بەڵام بەهەر حاڵ وەك پێشتر گوتمان ئەم بابەته پێویستی به توێژینەوەی زیاتر دەكات، كه لێرەدا ئەو دەرفەتەمان نیه.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بنەمای شازدەیەم: شەرعزانان بنچینەیەكیان داناوە بۆ هەڵسوكەوت كردنی مسوڵمانان لەگەڵ غەیری خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامییدا، كە دەڵێ: (لهم ما لنا وعليهم ما علينا):

واتە: ئێمە هەر مافێكمان هەیە ئەوانیش (یانی نامسوڵمانان) هەیانەو هەر ئەركێكیشمان لەسەرە ئەوانیش لەسەریانە دیارە جگە لەوەی كە بە بەڵگەیەكی شەرعیی جیاكرابێتەوە لە مافەكان، یان لە ئەركەكان، بۆ وێنە: جەنگو جیهاد لەسەر كەمایەتییە دینییەكانی ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی فەرز نیە، چونكە جیهاد دروشمێكی دینییەو ئەركێكی تایبەتی سەرشانی مسوڵمانانە، بۆیە كابرای جوولەكەو نەصرانیی لەسەری پێویست ناكرێ بێت لەسەر ئیسلام خۆی بە كوشت بدات، هەروەها هەرشتێكی دیكە كە دەقێكی شەرعیی لەسەر بێ، جگە لەوە لەهەموو ڕوویێكەوە وەك هاووڵاتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێو كراوە، كاتی خۆی كە پێغەمبەر ﷺ كۆچی كرد بۆ مەدینە (صحیفة)یەكی نووسی، كە هەندێك لە سەرچاوەكانی مێژوو پێی دەڵێن: (الوثیقة) وە لە ڕاستیدا لە جێی دەستووری ئێستا بووەو زانایان دەڵێن: یەكەم دەستووری نووسراو (دستور مدوّن) ئەو دەستوورە بوو كە پێغەمبەری خوا ﷺ نووسی، بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردنی مسوڵمانان لەگەڵ جوولەكەو هاوبەش پەیداكەرانو سەرجەم پێكهاتەكانی شاری مەدینەدا، وە لەو دەستوورەدا ئەو ڕاستییە ڕوونو ئاشكرایە، كە پێغەمبەری خوا ﷺ وەك مسوڵمانان

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

دان بە مافی نامسولمانانیشدا دەنێ، هەروەها وەك ئەركێكی هاوبەشیش لەسەر هەموویان دەفەرموێ: (وأهل هذه الوثيقة يَدٌ على من دَهَم يثرب)، واتە: ئەهلی ئەم وەسیقەیە (واتە: بە مسولمانو جوولەكەو هاوبەش پەیداكەرو هەموو لایەكەوە) پارێزگاریی لەم شارو وڵاتە دەكەنو لە بەرانبەر هەركەسێكدا ڕادەوەستن كە دەستدرێژیی دەكاتە سەر، شایانی باسیشە ئەو وەسیقەیە (47) بەندە كە (سیرة ابن هشام)[1] و زۆر لە سەرچاوەكانی دیكەی مێژووش هێناویانە.

ئەوانە چەند بنەمایەك بوون كە شەریعەتی ئیسلامیی دایناون بۆ ئەوەی مسولمانان بتوانن هەم لە چوار چێوەی قەوارەیەكی ئیسلامیداو هەم لە دەرەوەی كیانو قەوارەی ئیسلامییشدا لەگەڵ غەیری خۆیاندا تەبابنو بتوانن پێكەوە بژین، هیچ گومانیشی تێدا نیە كە ئەگەر مسولمانان پابەند بن بەم (16) بنەمایەوە هەم لەنێو خۆیانداو هەم لەگەڵ غەیری خۆیاندا تەباو ڕێكو گونجاو دەبنو كۆمەڵگایەكی تۆكمەو توندو تۆڵو پێكەوە جۆشدراو دەبن.

ئینجا لێرەشدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە مەسەلەیەكی گرنگ بكەم ئەویش ئەوەیە كە ئایا تەبایی‌و گونجاویی‌و هاوكاریی مسولمانان لەگەڵ غەیری خۆیاندا مانای ئەوەیە كە دەستبەرداری نەگۆڕەكانی خۆیان بن؟! وە واز لە دینەكەیان بێنن؟!

- مامۆستا گیان! ئەمە پرسیارێكی زۆر گرنگە، بە تایبەت ماوەیەكە لێرەو لەوێ دەبیستینو بانگەشە دەكرێ كە: مامۆستا عەلی باپیر بە

1) السيرة النبوية لابن هشام، ج2، ص(262–264).

www.AliBapir.net F/AliBapir/ youtube/AliBapir1 F/MediaAmeerOffice

بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا هەندێ شلگیریی پێوە دیارە لە بیروبۆچوون‌و هەڵوێستەکانی‌دا، وە (کۆمەڵی ئیسلامیی) بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ واقیعی کوردستان‌و ناوچەکەدا هەندێك وردە دابەزین (تنازل)ی پێوە دەبینرێ لە پڕانسیپ‌و نەگۆڕەکان (ثوابت)ی خۆی! بەڕێزتان وەڵامتان بۆ ئەم پڕوپاگەندانە چییە؟

+ لەڕاستیدا ئەو قسانە هی کەسانێکن شارەزای ئێمە نەبن‌و لە نزیکمانەوە نەژیابن، یان شتی ئێمەیان نەخوێندبێتەوە! ئەگەر نا ئەو شتانەی ئێستا من دەیانڵێم هەموو ئەو شتانە کەم‌و زۆر لە کتێبەکانی: (چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم)و (تەوژمی ئیسلامیی‌و عەلمانیی‌و خاڵە هاوبەش‌و جیاوازەکانیان)و کتێبەکانی پێشترمدا بە ڕوون‌و ڕاشکاویی هەن، بەڵام ڕەنگە ئێستا لەم هەلومەرجەدا پێویست بکات ئێستا زیاتر تیشکیان بخەینە سەرو ڕوونیان بکەینەوە!

ئینجا بە ڕاستی سوورەتی (الکافرون) کە پێشتر باسمان کرد، زۆر باش وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتەش[1] ئەوەبوو کە ڕۆژێك بێبڕوایەکان وەفدێکی دانوستانیان نارد بۆ لای پێغەمبەر ﷺ‌و گوتیان: ئەی موحەممەد! وەرە با شتێك بکەین، تۆ ساڵێك پەرستراوەکانی ئێمە بپەرستەو ئێمەش ساڵێك خوای تۆ دەپەرستین، هەردووکمان لە بتەکان‌و لە خواشدا بەشداربین، (واتە: پێکەوە تەباو گونجاو بین)، جا خوای کاربەجێ لەم سوورەتەداو لە وەڵامی ئەو قسەیەدا هەم پارێزگاریی لێکردنی نەگۆڕەکان‌و هەم

1) بڕوانە: (المصباح المنیر في تهذیب تفسیر ابن کثیر)، ص1537.

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir1 F/MediaAmeerOffice

تەبایی‌و گونجاویی لەگەڵ ئەوانی دیکەشدای خستۆتە ڕوو، دەفەرموێ: ئەی موحەممەد ﷺ بە بێبڕواکان بڵێ: نە من پەرستراوەکانی ئێوەم پەرستوەو دەپەرستم‌و نە ئێوەش خوای من دەپەرستن‌و پەرستووتانە، سەبارەت بە پێکەوە ژیان‌و تەبایی‌و پێکەوە گونجانیش دەفەرموێ: (لكم دينكم ولي دين) دینی خۆتان بۆ خۆتان‌و منیش دینی خۆم بۆ خۆم، یانی تۆ پارێزگاریی لە دینی ناڕاستی خۆت بکەو لەسەری بە، بەڵێ من وەك بانگەوازو تێگەیاندن بانگت دەکەم بۆ دینی حەقی خوا، بەڵام تۆبزیی‌و زۆرت لێ ناکەم چونکە دینەکەم ڕێم نادات، جا من کە دینەکەم ڕێم نەدات تۆبزیی لە تۆ بکەم بۆ هاتنە سەر دینی هەق، تۆ چۆن زۆرم لێدەکەی بێمە سەر ئەو دینە ناحەقەی تۆ؟! کەواتە: (لكم دينكم ولي دين) دینی خۆتان بۆ خۆتان‌و دینی خۆشم بۆ خۆم‌و هەرکەسەمان لە ماڵی خۆی!

ئینجا ئەوانەش کە پێیان وایە ئێمە شلگیریی دەکەین، دیارە بە پێچەوانەوە خەڵکی دیکەش هەیە دەڵێن: فلان کەس هەر وەك پێشێیە، وەمن پێم وایە هەردوو لایان ڕاست دەکەن! ئەوانەی دەڵێن: هەروەك پێشێیە، ڕاستە هەتا دەمرین هەر لەسەر نەگۆڕەکان (ثوابت)ی شەرعیی خۆمانین، ئەوانەش کە دەڵێن: شلگیریی دەکەن، لە ڕوویەکەوە ڕاست دەکەن، چونکە بێگومان ئێمە لە بواری هەڵسوکەوت‌و مامەڵەدا، دینەکەمان وامان فەرمان پێدەکات، ئاخر کێ لە پێغەمبەرمان ﷺ نەرمترو میهرەبانترو بەڕەحمتر بووە لەگەڵ خەڵکدا، تەنانەت لەگەڵ دوژمنەکانی خۆی‌و پەیامەکەشیدا؟! بۆیە ئێمە چ ئەگەر نەرمکێشیی بکەین لە سنووری شەرعدا، وە چ سەختگیریی

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

بکەین لە پارێزگاریی کردن لە نەگۆڕەکانی شەرعو ئەو شتانەدا کە نابێ دەستکاریان بکرێ، ئەوە بێگومان لەهەردوو حاڵاندا هەر چاو لە پێغەمبەری خۆمان ﷺ دەکەین!!

- زۆر سوپاس مامۆستا گیان، بێگومان ئەو بنەمایانەی بەڕێزتان خستتاننە ڕوو، بۆ تەبایيو پێکەوە ژیانی مسوڵمانان لەگەڵ غەیری خۆیاندا، زۆر باسێکی گرنگو بەپێز بوون، بەڵام لێرەدا کاتی بەرنامەکەمان بەرەو کۆتایی دەچێ، بەس من دەمەوێ بە کورتی هەندێك شت لە بەڕێزتان بپرسم، دیارە لە مێژووی مومارەسەکردنی حوکمڕانیی مسوڵماناندا وەك قەوارەو دەوڵەت، لەو چوارچێوەیەدا، هەندێك حاڵەت هەیە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو بنەمایانەی باستان کرد، بۆ وێنە: ئەوانەی لەسەر غەیری ڕێبازو بەرنامەی ئیسلام بوون پێیان گوتراوە: خاوەن پەیمان (أهـل الذّمـة)، ئایا ئەوە بەکەم سەیرکردن لەقەڵەم نادرێ؟ یاخود سەرانە (جزية)یان لێوەرگیراوە، یاخود هەندێك ئەرك (وظيفة)ی دەوڵەتو حوکمڕانییانیان پێ نەسپێردراوە، ئایا مەجال هەیە کە پێیان بسپێردرێ؟ بۆ وێنە: ئەگەر کیانو دەوڵەتێکی ئیسلامیی هەبێ دەکرێ پارێزگار (محافظ) لە غەیری مسوڵمانان بێ؟ یان بۆ نموونە دەڵێن: جوولەکەو نەصرانییو شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکە بەرگو پۆشاکێکی تایبەتییان پێ لەبەر کراوە!

+ ئێمە لە کتێبی (تەوژمی ئیسلامییو عەلمانییو خاڵە هاوبەشو جیاوازەکانیان)دا لە باسی (تەبایيو پێکەوە ژیان)دا، وەڵامی ئەو پرسیارانەمان داوەتەوە، بەڵام ئێستا هەر بە کورتی دەڵێم: وشەی (أهـل

الذِّمة) ئەگەر خەڵك لە ئەسڵی واتاكەی تێبگات، وشەیەكی زۆر یاساییو ئاساییە، چونكە وشەی (ذمّة) واتە: ئۆباڵ، پەیمان، كەواتە: ئەهلی زیمە (أهل الذمة) واتە: خاوەن پەیمان، ئەوەش یانی: پاراستنیماڵو سامانو سەرو گیانو ڕێزو كەرامەتی خەڵكێك كە نامسوڵمانن‌و لە چوارچێوەو ژێر سایەو سێبەری دەوڵەتی ئیسلامیدا دەژین، پاراستنی ئەوانە ئۆباڵو پەیمان (عهد)ێكە لە گەردنی مسوڵمانان دایە.

- دەكرێ ئەم وشەی (أهل الذمة) بەكاریش نەهێنرێ؟

+ بەڵێ دەكرێ بەكاریش نەهێنرێ، چونكە شتێك نیە شەریعەت پێداگیریی لەسەر بكات، كە حەتمەن دەبێ غەیری ئەوە بەكار نەهێنرێ!

(عمر بن خطاب) خوا لێی ڕازی بێ نەك هەر ئەم وشەیە، بەڵكو وشەیەكی دیكەی بەكار نەهێنا، كاتێك بەرژەوەندی ئیسلامو مسوڵمانان خواستی، هەرچەندە وشەكە لە قورئانیشدا هاتوە، كە بریتیە لە وشەی (الجزية)، وەك خوای پەروەردگار لە قورئان دەفەرموێ: ﴿قَـٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَـٰغِرُونَ ﴿٢٩﴾﴾ التوبة، واتە: جەنگ بكەن لەگەڵ ئەوانەی بڕوا ناهێنن بە خواو بە ڕۆژی دوایی، وە ئەوەی خواو پێغەمبەرەكەی حەڕامیان كردوە بە حەڕامی دانانێن، وە مل كەچ ناكەن بۆ ئایینی ڕاستی خوا، لەوانەی كتێبیان پێ دراوە، هەتا سەرانە (جزية) دەدەن بە مل كەچیی.

جا تیرەیەکی نەصرانی هەبوون لە عەرەبەکان لە سەردەمی عومەردا خوا لێی ڕازی بێ بەناوی (بنو تغلب) هەواڵیان بۆ ناردو گوتیان: ئێمە زۆرمان پێناخۆشەو بە زەبوونیی خۆمانی دەزانین کە بەناوی سەرانە (جزیة)وە لێمان وەربگیرێ، بۆیە داواکارین بۆمان دووقات بکەنەوە بەڵام بە ناوی زەکات (صدقة)ەوە لێمان وەربگرن! عومەر خوای لێی ڕازی بێ ڕازی بوو و گوتی: (هؤلاء قومٌ حُمقى رَضوا المعنى وأبوا الأسم)[1]، واتە: ئەوانە کەسانێکی نەفامن بە ماناکەی ڕازین، بەڵام ناوەکەی قبووڵ ناکەن، باشە قەیناکات بە ناوی صەدەقەوە لێیان وەرگرن، کەواتە بەرانبەر وشەی (أهل الذمة) دەتوانین بڵێین: (هاووڵاتی) چونکە بێگومان لەگەڵمان لە وڵاتێكدا دەژین!

وە دەربارەی سەرانە (جزیة)، زانایانی سیاسەتی شەرعیی پێیان وایە ئەوە باجێکی داراییە وەك چۆن مسوڵمانان زەکات دەدەن، غەیری مسوڵمانانیش کە لەژێر سایەو سێبەری دەوڵەتی ئیسلامییدا بە ئازادیی دەژین، ئەو ئەندازە ماڵە دەدەن، دیارە ئەویش لەسەر بابای پیر، نەخۆش، ئافرەت، منداڵ، ڕاهیبو گۆشەنشینەکان نیەو لێیان وەرناگیرێ، تەنیا لەسەر کەسانێك کە هەبوو بن و کاسبکارو بەتوانا بن، ئینجا ئەو بڕە ماڵەش شتێکی کەمەو کەمترە لەو زەکاتەی لەسەر مسوڵمانان فەرزە، وەهەندێك لە زانایانی ئیسلامیش دەڵێن: ئەو سەرانەیە بەرانبەر زەکاتی مسوڵمانان نیە، بەڵکو لە بەرانبەری

---

1) (خطابنا الاسلامي في عصر العولمة)، الدكتور يوسف القرضاوي، ص5، وە بروانە: (كتاب الخراج) لأبي يوسف.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

خزمەتی سەربازیی‌یە (الخدمة العسكرية)، چونكە ئەوان جەنگیان لەسەر فەرز نەكراوەو جەنگ‌و جیهاد دروشمێكی ئیسلامییەو نامسوڵمانیش لەسەری پێویست ناكرێ كە بەرگریی لە دەوڵەتێكی ئیسلامیی بكات، لە بەرانبەر ئەوەدا دێنی ئەندازەیەك ماڵ دەدات، بۆیەش هەندێك لە شەرعزانانی هاوچەرخ دەڵێن: ئەگەر هات‌و ئەوانەی پێیان دەگوترێ: خاوەن كتێب (أهل الكتاب) یان خاوەن پەیمان (أهل الذمة) ئامادەبوون سەربازیی بكەن، ئەو سەرانە (جزية)یان لەسەر لادەچێ، هەڵبەتە من پێشم وایە تەنیا جولەكەو نەصرانیی ئەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا ناكرێ، وەك لە كتێبەكانی (چەند مەسەلەیەكی باوی سەردەم)و (تەوژمی ئیسلامیی‌و عەلمانیی‌و خاڵە هاوبەش‌و جیاوازەكانیان)دا باسم كردوە، بەڵكو هەموو كەمایەتیی‌یە دینیەكان‌و هەر نامسوڵمانێك دەگرێتەوە، لەو شوێنانەشدا كە ئاماژەم پێدا، بەڵگەم لەسەر ئەم بۆچوونەم هێناوەتەوە!

دەربارەی كارپێسپاردنیشیان، شەرعزانان (فقهاء) دەڵێن: هیچ قەدەغە بوون (حَظْر)ێك لەسەر ئەهلی كیتاب‌و نامسوڵمانان نیە كە لە دەوڵەتی ئیسلامییدا خزمەت بكەن، جگە لەوەی كە بە دەقێكی شەرعیی لێیان قەدەغە كرابێ، ئەوی دیكە هەمووی ئەسڵ تێیدا دەست كراوەیی‌و ڕێ پێدران (إباحة)یە، دیارە بە دەقی شەرعیش ئاشكرایە كە دەستەڵاتداری یەكەم‌و حوكمڕانی مسوڵمانان دەبێ هەر مسوڵمان بێ، چونكە بابای حوكمڕان دەبێ شەریعەت پیادە بكات‌و كەسێكیش مسوڵمان نەبێ، چۆن شەریعەت پیادە دەكات؟! هەروەها دەبێ هەركام لە سەركردەی سوپا، قازی، ئیمام‌و پێشنوێژو ئەوانە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

مسوڵمان بن، وەك چۆن دەبێ سەرۆکی ئاینیی و پێشنوێژو بەڕێوەبەری پەرستگاکانی ئەوانیش، هەر لە خۆیان بن و ئیسلام ناچێ پاپاو کاردینالْو ئەسقەفو... هتد بۆ ئەوان دابنێ.

بەڵام کارە ئیدارییەکانی دیکە ئەوە دەکەوێتە سەر ئیجتیهادی حوکمڕانانو لە ئەسڵیشدا مافی خۆیانە بەشدار بن لە ئەنجوومەنی راوێژدا، وە دەتوانن ببنە وەزیر لەو بوارەدا کە تێیدا شارەزاو پسپۆڕن، وە لە مێژووی حوکمڕانانی مسوڵمانانیشدا ئەزموونمان هەیە لە سەردەمی ئەمەویی و عەبباسیەکاندا ئەهلی کیتاب کاروباری ئیدارییان پێ سپێردراوەو هەیان بووە پلەی وەزیریشی هەبووە.

- زۆر سوپاس مامۆستای بەڕێز بە ڕاستی کۆمەڵێك بنەمای گرنگت خستە ڕوو کە ئەگەر ئەو بنەمایانە لەنێو مسوڵماناندا جێبەجێ بکرێن، تەبایی و پێکەوە ژیانی ڕاستەقینە جێگیر دەبێ و گرفتێك نایەتە پێش.

+ ڕاستە بەڵام بێگومان مسوڵمانان بەر لە نامسوڵمانان پێویستییان بە تەبایی هەیە، کە دیارە هی خۆیان لە تەبایی بەرزو بەهێزترە کە بریتیە لە برایەتیی، من زۆر جار گوتوومە: (دەبێ بەرانبەرەکەت یان لەدیندا لەگەڵت برابێ، یان لە ژین لەگەڵت تەبابێ!).

جا ئەوەی ئەهلی ئیمانو ئیسلام بەر لە تەبایی برایەتییان هەیە، کە برایەتیی دەبێتە ماكو بناغەی تەبایی و یەکتر خۆشویستنو هاوکاریی، بەڵام ئەوەی برای دینیت نەبێ دەبێ لە ژیندا لەگەڵی تەبا بیو لەگەڵت تەبا بێ، بۆ ئەوەی پێکەوە ژیانێکی بەختەوەرانە بگوزەرێنریّو ئەو

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

حیكمەتو ئامانجە كە خوای كاربەجێ ئاسمانو زەمینو ژیانو مەرگی بۆ هێنانەدی كە تاقیكرانەوە (إبتلاء)یە، بێتەدی، وەك فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ...﴿٧﴾﴾ هود، واتە: وە ئەو (خوا) كەسێكە كە ئاسمانەكانو زەوی لە شەش ڕۆژاندا (بە شەش قۆناغ) دروستكردن لە حاڵەتێكدا كە بارەگایەكەی لەسەر ئاو بوو تاكو تاقیتان بكاتەوە كامەتان كردەوەی چاكترە! هەروەها فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ...﴿٢﴾﴾ الملك، واتە: (خوا) كەسێكە كە مەرگو ژیانی ڕەخساندوون تاكو تاقیتان بكاتەوە كامەتان كردەوەی باشترە.

كەواتە: ئاسمانەكانو زەویو هەرچی تێیاندایەو مەرگو ژیانیش ئامانجو حیكمەتی وەدیهێنرانیان بریتیە لە تاقیكرانەوەی مرۆڤو جند، بۆیە بەپێی ئایینو بەرنامەی خوا پێویستە هەلو مەرجو دەرفەتی ژیانێكی مرۆڤانەی ئاشتییانەو تەبایانە بۆ سەرجەم تاكەكانی مرۆڤ و جند برەخسێنرێ تاكو بتوانن ئازادانە تاقیكردنەوەی خۆیان بدەن!

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media/Ameer Office

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

**بەشی دووەم:**

# هــاوپەیمانێــتی

## لە تەرازووی شــەریعەتدا

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

# ڕێ خۆشكردن

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين وآله المهتدين بهديه المبين، من الصحب والأزواج والقرابة والتابعين لهم بأحسانٍ الى يوم الدين.

بەڕێزان !

ئەم باسەی بەر دەستتان لە ئەسڵدا بابەتێكە كە لە یەكێك لە ئەڵقاكانی بەرنامەی (سەرنج)ی كەناڵی ئاسمانیی (پەیام)داو لە میانەی پرسیارو وەڵامی پێشكەشكاری بەرنامەكە كاك عومەر گوڵپی‌و بەندەدا، پێشكەش كراوەو پاش هێنرانە[1] سەر كاغەزو چاوپێداگێڕانەوەی‌و سووكە دەستكارییەكی خۆم، وە زیادكردنی: (كورتە لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی چەند دەربارەی فەرموودەیەك كە لەسەر ناڕەوایی هاوپەیمانێتی بەبەڵگە دەهێنرێتەوە)، بەجۆرەی لێهاتوە، كە وەك بەشێكی ئەم كتێبەی بەردەستتان لە دوو (بەند)دا خراوەتە ڕوو.

شایانی باسیشە كە بەقەناعەتی من ئەم باسە هەرچەندە كورتیشە، بەڵام بایی قەناعەت پێهێنانی هەركەسێك دەكات كە دڵسۆزانە بەدوای هەقدا بگەڕێ‌و بەڵگەو بەرچاو ڕوونیی باشی گرتوونە خۆی لەسەر ڕەوا (مباح) بوونی هاوپەیمانێتی بەستن لە نێوان لایەنێكی ئیسلامیی (یان

1) لەلایەن كاك (موحەممەد جەمال ئەحمەد)ەوە خوا پاداشتی بداتەوە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/Media Ameer Office

زیاتر) لەگەڵ لایەنێك یان زیاتری نائیسلامییدا، خاوەنی هەر جۆرە بیرو ڕایەك بێت، جا ئەو لایەنە ئیسلامییە چ لە قۆناغی بانگەواز (الدعوة)دا بێتو لەچاو بەرانبەرەکانی کەمهێز بێ ، وە چ لە قۆناغی دەوڵەت دابێو لەچاو بەرانبەرەکانی بەهێزتر بێت.

چونکە وەك لە دووتوێی ئەم وتوێژەدا ڕوونکراوەتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ هەم لە مەککە کە لە قۆناغی بانگەوازو حاڵەتی چەوسێنرانەوە (اضطهاد)دا بوو، وە هەم لە مەدینەش کە لە قۆناغی دەوڵەتو حاڵەتی هێزو دەسەڵات دابووە، بەگوێرەی بە پێویست زانینو داخوازیی هەلومەرج، چەندان جۆرە هاوپەیمانێتیو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ چەندان لایەنی نامسوڵماندا ئیمزا کردوە، یان هێناوەتە سەر ئیمزاکردن، وەك: سێ تیرە جوولەکەکانی دەوری مەدینە: (بنو قینقاع، بنو النضیر، بنوقریظة)، وە هۆزی (قریش)، وە تیرەی (خُزاعَة)، وە تیرەی (بنو ضَمرَة)، وە هۆزی (غَطَفان)و... هتد، ئینجا وێرای ئەوەش پێغەمبەری خوا ﷺ پەسندیی خۆی بەرانبەر بە دوو پەیمان (حِلْف)ی دیکە دەربڕیوە، کە سەردەمی پێش پێغەمبەرایەتی تێیاندا بەشدار بووەو ڕایگەیاندوە کە لە ئیسلامیشدا ئامادەی بەستنی پەیمانی لەو جۆرەیە، کە بریتین لە: پەیمانی جوامێران (حلف الفُضول)و، پەیمانی بۆنخۆشکەران (حلف المُطَیِّبین)، ئاشکراشە کە هەرکام لە دوو پەیمانو ڕێککەوتن (إتفاقیة)ش لە ڕۆژگاری نەفامێتی (عصر الجاهلیة)داو لە نێوان چەند هۆزو تیرەیەکی هاوبەش بۆ خوا دانەرو بتپەرستدا بوون.

بەپێویستیشی دەزانم کە لەکۆتایی ئەم ڕێ خۆشکردنەدا ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی گرنگ بکەم:

بابەتی هاوپەیمانێتی بەستن –کەوەك لەم باسەدا ڕوونمان کردۆتەوە، لە بنەڕەتدا شتێکی ڕەوا ڕێ پێدراوە- بابەتێکی یەکجار گرنگو هەستیارەو دەگونجێ دەرهاویشتەو دەرەنجامی جۆراوجۆری لێ بکەونەوە، بە هەردووك باری چاكو خراپداو بەگوێرەی تێدا پێکانو نەپێکان، بۆیە پێویستە سەرکردەو مشوورخۆران زۆر بەوریایی و هۆشیارییەوە هەنگاوی تێدا هەڵێننو، هەتا دەتوانن ڕاوێژی تێدا بکەنو ئەوپەڕی وردبینیی و دووربینیی تێدا بەکاربێنن، ئەوە لەلایەكو لەلایەکی دیکەشەوە لەسۆنگەی ئەوەوە کە ئەو بابەتە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی سیاسی و ئاسۆیەکی فراوانی فیکریی پێویستە، ئەگەر بێتو سەرکردەو مشوورخۆرەکان زەمینە سازییەکی باشی فیکریی و پەروەردەیی لەنێو ئەندامو دۆستو لایەنگراندا بۆ نەکەن، ڕەنگە ڕووبەڕووی گلەیی و گازندەو ڕەخنەی زۆر ببنەوەو بگرە سەریش بکێشێ بۆ لێك ترازانو پەرتەوازەییش!

دیارە هەرکام لە ڕێککەوتن (صلح)ی حودەیبییەی[1] سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ، وە ڕێککەوتنی دوای شەڕی (صفین)ی[2] ڕۆژگاری عەلی کوڕی ئەبوو طالیب خوا لێی ڕازی بێ، کە شۆڕەتی (تحکیم)ی وەرگرتوە، چاکترین بەڵگەو نموونەن لەوبارەوە!

چونکە لەئاکامی هەرکام لەو دوو ڕێککەوتنو پێکهاتنەدا، لە هەیەکەمیاندا زۆربەی خەڵکەکەو لەهی دووەمیاندا ژمارەیەك نارازیی بوونو

1) بڕوانە: (السيرة النبوية لابن هشام)، ج3، ص(162-176).
2) بڕوانە: (سيرة أمير المؤمنين: علي بن أبي طالب)، ص(460-487)، الدكتور علي محمد الصلابي.

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir
F/Media Ameer Office

ڕەخنەیان گرتو، ئەو پێكهاتنو پەیمانبەستنەیان لەگەڵ لایەنی بەرانبەردا پێ قبووڵ نەكرا، بەلاّم لەسولّحی حودەیبییەدا بە حیكمەتو لێزانیی پێغەمبەری خوا ﷺ لەلایەكو، گوێڕایەڵیی و متمانەی خەڵكەكە بەرانبەر بە قیادە، لەلایەكی دیكەوە، كێشەو گرفتی بەرەی ڕەخنەگرو نارازیی (جبهة المعارضة) بەبێ سەرئێشەو دەرهاوێشتەیەكی خراپ، چارەسەر بوو، بەلاّم لە صولّحی تەحكیمدا ئەو كێشەو گرفتە چارەسەر نەكراو سەرەنجامیش دەرهاوێشتەی یەكجار خراپی لێكەوتنەوە، كە خراپترینیان لێك ترازانی ڕیزەكانی سوپای خەلیفەی چوارەمی پێغەمبەر ﷺ عەلی كوڕی ئەبوو طالیبو، پاشان شەهیدكرانی خۆیشی بوو بەدەستی یەكێك لەو ڕەخنەگرو نارازییە كەڵلە ئێشكو ناحاڵییانە كە (عبدالرحمن بن ملجم) بوو!

خوای بەبەزەیيو بەخشەر بەلوتفو كەرەمی بێ سنووری خۆی هیدایەتی زیاتری هەموو لایەكمان بدات، بەجۆرێك كە هەرچییەك خێرو بەرژەوەندیی خەڵكو كۆمەڵگامانی تێدایە، لەهەر قۆناغو هەلو مەرجێكدا بتوانین لێزانانەو بوێرانەو وردبینانەو دووربینانە، بڕیاری لەسەر بدەینو هەنگاوی بۆ بنێینو، هێندەش ڕاوێژ پێكردنی خەڵكەكەمانو بەرچاو ڕوونكرنەوەو ئیقناع كردنیان ڕەچاو بكەین، كە ڕێ نەدەین هیچكەسمان لێ بڕەنجێ، یان بەجێ بمێنێ.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد ألاّ إله إلاّ أنت أستغفرك وأتوب اليك

2 جمادي الثانية 1430
27 مايسی 2009
هەولێر

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

بەندی یەکەم:

**کورتــــــە لێکۆڵــــــینەوەیەك دەربـــــارەی چـەند فەرموودەیـەك کـە لەسـەر نـاڕەوایی هاوپەیمانێتی (تحالف) بەبەڵگە دەهێنرێتەوە**

www.AliiBapir.net
F/AliiBapir
youtube/AliiBapir1
F/MediaAmeerOffice

خوێنەری سەنگین!

خوا پشتیوان بێ لەم بەندی یەکەمەی ئەم بەشی دووەمەدا بەکورتیو پوختی لەچەند فەرمایشتێکی بەپێزی پێغەمبەری بەرزو بەرێزمان محمد ﷺ دوکۆڵینەوە، کە هەندێك کەس بەهەڵە لەسەر ڕەوا (مباح) نەبوونی هاوپەیمانێتی بەستن (التحالف) بە بەڵگەیان دێننەوە، چونکە بۆ بابای سەرکێڵ ڕواڵەتەکەیان ئەوەی لێ دەفامرێتەوەو دیارە سەرکێڵیو ڕواڵەتبینینش گەلێك جار مایەی بەهەڵەداچوونە لە لێتێگەیشتنی ئایەتەکانی خوا عز وجل و فەرموودەکانی پێغەمبەرەکەی ﷺ هەربۆیەش خوای کاربەجێ مەدحی قوڵبووەوان (الراسخون) لە تێگەشتنی قورئانی کردوەو فەرموویەتی: ﴿...وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ...﴾ آل عمران ٧، واتە: وە قووڵبووەوان دەڵێن: بڕوامان پێی هێناوە هەمووی لەلایەن پەروەرد گارمانەوەیە....

بەڵام بەرلەوەی دەست بەتوێژینەوە لەبارەی هەندێك لەو فەرمایشتانەوە بکەم بەپێویستی دەزانم سەرەتا پێناسەیەکی کورتی هاوپەیمانێتی (تحالف) بکەم، چ لە ڕوانگەی زمانەوانییو، چ لە ڕوانگە زاراوەیی (إطلاح)یەوە:

## 1- لەڕووی زمانەوە:

وشەی (حلف) کە لەزمانی کوردیدا بە پەیمانو بەڵێن مانا کراوە، فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی بە:

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir1 F/MediaAmeerOffice

أ- سوێند (حلف) كە چاوگەكەی (حلف و محلوف)ە.

ب- وەبە: پەیمان (عهد).

ج- وە بە: برایەتیی و هاوەڵایەتیی (الأخوة والصداقة) هاتوە.

دیارە مانا بنەڕەتییەكەیشی سوێند خواردنەو بۆیەش برایەتیی و بەڵێن بەیەكدی دان و پەیمان پێكەوە بەستنیش ئەو وشەیەی بۆ بەكارهێنراوە، چونكە زۆرجار بەمەبەستی داكۆكی لەسەركردنیان سوێندیان لەسەر خواردوە[1].

## 2- لە زاراوەی زانایاندا:

مانای زاراوەیی و شەرعیی وشەی (حلف)یش زۆر لەمانا زمانییەكەی نزیكەو جیاوازییەكی وایان نیە، چونكە زانایان بەمجۆرەیان پێناسە كردوە[2]: (المُعاقدة والمعاهدة على التعاضدِ والتساعُد والأنفاق...)، واتە: گرێبەست كردن و پەیماندان لەسەر پشتی یەكدی گرتن و هاوكاری یەكدی كردن و پێكەوە ڕێككەوتن.

شایانی باسیشە كە وشەی (حلف) بە (أحلاف) كۆدەبێتەوەو وشەی (تحالف)یش لەسەر كێشی (تفاعل) بەمانای هاوپەیمانێتی و بەڵێن پێكدان و پێكەوە ڕێككەوتنی دوو لایەن یان زیاترە.

كەواتە: وشەی هاوپەیمانێتی (تحاف) كە لە وشەی (حلف)ەوە هاتوە،

1) (القاموس المحيط)، ج3، ص133، باب الفاء، فصل الحاء، وة لسان العرب، ج9، ص54.
2) النهاية في غريب الحديث والأثر، لابن الأثيـر، ج1، ص(425-426).

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

هەم لە ئەسڵی زمانو هەم لەزاراوەی زاناو شارەزایاندا بەمانای بەڵێنو پەیمان بەیەکدی دانی دوولایەن یان زیاتر لەسەر هاوکاریی‌و دەستبار بۆ یەکدی گرتنو بەرگریی لەیەکدی کردن، دێ، جا ئەو هاوپەیمانێتیە چ بۆ مەبەستێکی ڕەوا بێ شەریعەت بەڕەوا درووستو بەپێچەوانەشەوە بە ناڕەواو نادروستی دەزانێ وەك هەر شێوازو ئامرازێکی بێلایەنو لەئەسڵدا ڕەوای دیکە.

کەوابێ:

ئەوەی کە حوکمی هاوپەیمانێتی (تحالف) دیاری دەکات بریتیە لەو ئامانجو مەبەستەی کە لایەنە هاوپەیمانو بەڵێن پێکدەرەکان پەیمانو بەڵێنەکەیان لەپێناودا بەستوە، وەك دواتر بەدرێژیی قسەی لەسەر دەکەین.

ئێستاش بابچینە سەر توێژینەوەو سەرنج لێدانو تێوەڕامانی چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەری خوا ﷺ کە وەك گوتمان ڕواڵەتەکەیان ئەوە دەگەیەنێ کە هاوپەیمانێتی بەڕەهایی‌و بەگشتی‌و بەبێ هەڵاواردن (إستثناء) قەدەغەو ڕێ پێنەدراوە:

ئەمەش دوو نموونە لەو فەرموودانە:

1- (( **لا حِلْفَ في الإسلام، وأيُّما حِلفٍ كان في الجاهلية لم يَزِدْهُ الإسلام إلاّشِدَّةً** )) رواه مسلم برقم 2530، واتە: پەیمان پێکەوە بەستن لە ئیسلامدا نیە، وە هەر پەیمانێك لە سەردەمی نەفامێتیدا بووبێ، ئیسلام هەر زیاتر پتەوی کردوە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

2- ((أَوفُوا بِحِلف الجاهلية فأنَّه لا يزيدُهُ- يعني الإسلام- الّاشِدَّةً، ولا تَحْدِثوا حِلْفاً في الاسلام)) رواه الترمذي وحَسَّنَهُ الألباني، برقم: 1585، واتە: پەیمانی سەردەمی نەفامێتی بەرنەسەر، چونکە ئیسلام هەر پتەوتری دەکات، بەڵام لە ئیسلامەتیدا هیچ پەیمانێك مەبەستن.

وەك دەبینین ڕواڵەتی ئەم دوو فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنیّ کە هەر جۆرە پەیمان بەستنێكو هەموو جۆرە هاوپەیمانێتی (تحالف)یك لە ئیسلامدا قەدەغە بیّ! بەڵام بێگومان ئەو جۆرە تێگەیشتنە ڕواڵەتییە لەم دوو فەرموودەیەو هاووێنەکانیان، هەڵەیە، چونکە چەندان ئایەتی خوا -سبحانه وتعالى- و فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ، زۆر بە ڕوونو ڕاوشکاوی باسی ڕەوایی پەیمان پێکەوە بەستن (تعاقد)و هاوپەیمانێتی (تحالف)یان کردووەو فەرمانیشیان کردوە بە وەفاداریی بە بەڵێنو پەیمانو جێبەجێ‌کردنیو، هەڕەشەشیان کردوە لە کەسێك یان لایەنێك کە پەیمان دەشکێنیّو نایگەیەنێتە سەر!

دیارە وێڕای ئەوەش پێغەمبەری خوا ﷺ —وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا- چەندان جۆرە هاوپەیمانێتی لەگەڵ چەندان جۆرە لایەندا بەستووەو هەتا سەریش پێیانەوە پابەند بووە، مەگەر بەرانبەرەکانی شکاندبیانو غەدریان کردبیّ.

ئەمەش چەند ئایەتو فەرموودەیەك لەبارەی ڕەوایی پەیمان بەستنو گرنگیيو پێویستیی پێوە پابەند بوونی:

1- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِۚ ...﴾ المائدة ١، واتە: ئەی

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پەیمانەكان جێبەجێ بكەن.

دیارە وشەی (عقود) كۆی (عَقْد)ەو ئەمیش بەمانای (عَهْد)ەو هەردووكیشیان لەزمانی كوردیدا بە مانای (پەیمان) یان (بەڵێن) دێن، (ابن كثیر) لە تەفسیری (أوفوا بالعقود)دا دەڵێ[1]: (قال ابن عباس ومجاهد وغير واحد: يعني بالعقود العهود، وحكى ابن جرير الاجماع على ذلك، قال: والعهود ما كانوا يتعاهدون عليه من الحلف وغيره)، واتە: (ابن عباس)و (مجاهد)و غەیری وانیش گوتوویانە: مەبەست لە (عقود)، (عهود)ە، وە (ابن جرير الطبري) یەكدەنگیی زانایانی لەو بارەوە گێڕاوەتەوە، (عهود)یش بریتین لەو پەیمانانەی كە لەنێو خۆیاندا دەیانبەستن لە هاوپەیمانێتی و غەیری ئەوەش.

2- ﴿وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا ... ﴿٩١﴾ النحل﴾، واتە: ئەو سوێندانەی كە بۆ تەئكید كردنەوەی پەیمان خواردووتانن، هەڵیان مەوەشێننەوە.

3- ﴿وَٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهۡدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقۡطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٢٥﴾ الرعد﴾، واتە: وە ئەوانەی كە پەیمانی خوا پاش پتەوكردنی هەڵدەوەشێننەوە، وە ئەوەی كە خوا فەرمانی پێكردوە بگەیەنرێ دەیپچڕێنن، وە خراپەكاریی لە زەویدا دەكەن، ئەوانە نەفرینی خوایان لێیەو خراپترین مەنزڵگایان هەیە.

---

1) بڕوانە (مصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير)، ص 349.

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir1 F/MediaAmeerOffice

4- هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ لەوبارەوە فەرمایشتی زۆرن، بۆ نموونە: لە یەکێك لە فەرموودەکانی دا بێ بەڵێنیی و پەیمان شکێنیی، بە یەکێك لە نیشانەو خەسڵەتەکانی بابای مونافیق دادەنێ، وەك فەرموویەتی: ((**آية المنافق ثلاثٌ: إذا حدَّث كذب، وإذا وَعَدَ أخْلَفَ، واذا أُتمِنَ خاف، وفي رواية: وإذا عاهَدَ غدَرَ، وإذا خاصم فجر**)) رواه البخاري، واتە: نیشانەکانی مونافیق سێن: ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، وە ئەگەر بەڵێنیدا دەیشکێنێ، وە ئەگەر سپاردەی پێ سپێردرا، ناپاکیی تێدا دەکات.

وە لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتوە: (وە ئەگەر پەیمانی بەست دەیشکێنێ، وە ئەگەر ناکۆکی هەبوو لەگەڵ کەسێکدا تاوان دەکات).

کەواتە:

مادام ئەو هەموو ئایەتو فەرموودانە لەسەر گرنگیی پەیماندانو هاوپەیمانێتیی و خراپیی و دزێویی پەیمانشکێنیی و بێ بەڵێنی هەن، وە پێغەمبەری خواش ﷺ بە کردەوە ئەو هەموو جۆرە هاوپەیمانێتیی و ڕێککەوتنانەی (التحالفات و الأتفاقيات)ی لەگەڵ چەندان جۆرە لایەندا کردوون، بەهیچ ڕەنگێك ناگونجێ ئەو ماناو چەمکە ڕواڵەتییەی لەو دوو فەرموودەیە -کە پێشتر هێنامانن- وەردەگیرێ، مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ بووبێ، چونکە ناگونجێ پێغەمبەری خوا پێچەوانەی قورئانو پێچەوانەی کردەوەی خۆیشی قسە بکات!

کەواتە:

باسەرنجی قسەو هەڵوێستی زانایانی ئیسلام بدەین داخۆ لەبارەی ئەو دوو

فەرموودەیەو هاووێنەکانیانەوە چییان گوتوەو ئەو ناکۆکیی (تناقض)یە ڕواڵەتییەی ئاماژەمان پێکرد -کە لەنێوان ئەو فەرموودانەو ئایەتەکانی خواو هەڵوێستی کردەیی پێغەمبەردا هەیە- چۆنیان چارەسەر کردوە؟

سەرەتا باقسەو هەڵوێستی یەکێك لە هاوەڵان کە (أنس بن مالك)ە خوا لێی ڕازی بێ، لەوبارەوە بخەینە ڕوو:

**((عن عاصم الأحول قال: قلت لأنس بن مالك: أَبَلَغَك أَنَّ النبيَّ ﷺ قال: ((لاحِلْفَ في الأسلام))؟ فقال: قد حالَفَ النبيُّ ﷺ بين قريشٍ والأنصار في داري))** رواه البخاري، برقم: 2172، واتە: (عاصم الأحول) دەڵێ: بەئەنەسی کوڕی مالیکم گوت: پێت گەیشتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((پەیمان بەستن لە ئیسلامدا نیە))؟! گوتی: پێغەمبەر ﷺ لە ماڵەکەی مندا پەیمانی لەنێوان قوڕەیش و پشتیواناندا بەست! ئاشکراشە مەبەستی ئەنەس خوالێی ڕازی بێ، لەو پەیمانە، برایەتیی و پەیمانی نێوان کۆچکەران و پشتیوانان (المهاجرون والأنصار)ە، کە دیارە کۆچکەران زۆربەی هەرەزۆریان لەهۆزی قوڕەیش بوون.

دیارە مەبەستی ئەنەسیش لەو وەڵامە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو جۆرە پەیمان بەستن و هاوپەیمانێتییەکی قەدەغە نەکردوە، بەبەڵگەی ئەوەوە کە خۆی لەنێوان کۆچکەرانی مەککەو پشتیوانانی مەدینەدا پەیمانی بەستوە! جائێمە بەر لەوەی قسەو شیکردنەوەی زانایان لەوبارەوە بەدرێژیی بخەینەڕوو، پوختەکەی دەخەینەڕوو و دەڵێین:

زانایان گوتوویانە:

چۆنیەتی پێکەوە کۆکردنەوەو گونجاندنی ئەو ئایەت و فەرمایشتانە

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapirA
F/MediaAmeerOffice

ئەوەیە ، كە:

مەبەست لە هاوپەیمانێتیی و پەیمان بەستنی قەدەغەكراو، ئەو جۆرەیە كەلەسەر ناهەق بێ و پێچەوانەی شەریعەت بێ، وەمەبەست لەهاوپەیمانێتیی و پەیمان بەستنی ڕەوا، ئەوەیە كە لەبازنەی شەریعەت دەرنەچێت، وەك چەسپاندنی دادگەریی و یارمەتی دانی ستەملێكراو و هێنانەدی بەرژەوەندییەكی ڕاست و ڕەوا.

ئنجا باسەرنجی قسەو شیكردنەوەی سێ لەزاناو پێشەوایانی ناودارمان بدەین لەوبارەوە:

<u>**یەك: (النووي) خوا لێی خۆشبێ لەوبارەوە گوتوویەتی[1]:**</u>

(قال القاضي: قال الطبري: لايجوز الحلف اليوم فأن المذكور في الحديث والموارثة به وبالمؤاخاة كلّه منسوخ، لقوله تعالى: ﴿... وَأُوْلُوا۟ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٍ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ...﴾ الأحزاب ٦، وقال الحسن: كان التوارث بالحلف، فَنُسِخَ بآيةِ المواريث، قلت: أمّا مايتعلّقُ بالأرث فَيُستَحبُّ فيه المخالفة عند جماهير العلماء، وأما المؤاخاة في الأسلام والمُحالَفَةَ على طاعة الله تعالى والتناصر في الدين والتعاون على البرِّ والتَّقوى وإقامة الحق، فهذا باقٍ لم يُنْسَخْ وهذا معنى قوله في هذه الأحاديث: **((وأيـمّا حلفٍ كان في الجاهلية لم يَزِدْهُ الأسلام الاّشدَّةً))**، وأما قوله: **((لاحِلْفَ في الأسلام))** فالمراد به: حِلْفُ التوارثِ، والحِلْفُ على مامنع الشرع منه، والله

1) شرح صحيح مسلم، ج16، ص(82–81).

أعلم)، واتە: قازی گوتوویەتی: (طبري) دەڵێ: ئەم ڕۆژگارە هاوپەیمانێتی دروست نیە، چونكە ئەوەی كە لە فەرموودەكەدا باسكراوە، وە میرات پێگرتنی‌و میرات گرتن بەبرایەتی، هەمووی نەسخ كراوەتەوە، چونكە خوای بەرز فەرموویەتی: ﴿وە خزمان لە كتێبی خوادا بۆ یەكدی لە خەڵكی دیكە لە پێشترن﴾ وە (حەسەن[1]) گوتوویەتی: میرات گرتن كاتی خۆی بەهاوپەیمانێتی بوو، بەڵام بەئایەتی میراتەكان لابرا، منیش دەڵێم: ئەوەی كە پەیوەستە بە میراتەوە لەلای جەماوەری زانایان

واپەسندە سەرپێچی پەیمانە پێشووەكەی تێدا بكرێ، بەڵام برایەتیی ئیسلامیی‌و هاوپەیمانێتی لەسەر فەرمانبەرییكردنی خوای بەرزو، پشتی یەكدی گرتن لە دینداریداو هاوكاریی لەسەر چاكەو پارێزكارییو، بەرپاكردنی هەق، ئەوە بەردەوامەو لانەبراوە، وە ئەمەش مەبەستە بۆ قسەكەی لەم فەرموودانەدا، (وە هەر پەیمانێك لە سەردەمی نەفامێتیدا بووبێ، ئیسلام هەر پتەوتری كردوە)، بەڵام ئەوە كە دەڵێ: (هاوپەیمانێتی لە ئیسلامدا نیە) ئەوە مەبەست پێی پەیمانی میراتگرتن‌و پەیمانە لەسەر هەرشتێك كە شەریعەت ڕێی لێگرتوە، خواش زاناترە)).

**دوو: (إبن حجر العسقلاني)یش خوا لێی خۆشبێ لەوبارەوە گوتوویەتی[2]:**

(وتَضَمَّن جوابُ أنسٍ إنكار صدر الحديث، لأن فيه نفي الحِلْف، وفيما قالَهُ هو إثباتُهُ، ويمكن الجمعُ بأن المنفيَّ ماكانوا يعتبرونه في الجاهلية من نصر الحليفٍ ولوكان ظالِماً، ومن أَخْذِ الثأر من القبيلة بسبب قتل واحِدٍ

---

1) مەبەست حەسەنی بەصراییە، خوا لێی رازی بێ.
2) فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج10، ص520.

www.AliBapir.net FB/AliBapir Youtube/AliBapir FB/Media Ameer Office

منها، ومن التوارث ونحو ذلك، والمثبت هو ماعدا ذلك، من نصر المظلوم والقيام في أمرِ الدِّين ونحو ذلك من المُسَتَحبّات الشرعيَّة كالمصادقةِ والموادة وحفظ العهد)، واتە: وە وەڵامەكەی ئەنەس نكوولّێیكردنی سەرەتای فەرمووەكەی گرتۆتەخۆی[1]، چونكە لەوێدا هاوپەیمانێتی لابراوە، بەڵام ئەوەی ئەو (واتە: ئەنەس) گوتوویەتی: چەسپاندنی هاوپەیمانێتی یە!

دەشگونجێ هەردووكیان كۆبكرێنەوە، بەوە كە بگوترێ: ئەوەی لابراوە ئەوە بووە كەلەڕۆژگاری نەفامێتیدا باوبووە، وەك: سەرخستنی هاوپەیمان ئەگەر ستەمكاریش بێ، وە وەك تۆڵە ستاندنەوە لەتیرەیەك بەهۆی ئەوەوە كە یەكێك لەتیرەكەی بەرانبەر كوژراوە، وە وەك میرات لەیەكدی گرتن‌و وێنەی ئەوانە، بەڵام چەسپێنراو (لە هاوپەیمانێتی) غەیری ئەوانەیە، وەك: یارمەتیدانی ستەمدیدە، وە بەڕێوەبردنی كاروباری ئایین‌و وێنەی ئەوانە، لەوشتانەی كە پەسندیدەی شەریعەتن، وەك برادەرایەتی‌و دۆستایەتی‌و وەفاداریی)).

## سێ: (إبن الأثیر)یش خوا لێی خۆشبێ هەر لەوبارەوە گوتوویەتی[2]:

(أصل الحِلْفِ: المعاقدة والمعاهدة على التعاضُدِ والتساعُدِ والأتِّفاق، فما كان منه في الجاهلية على الفتن والقتال بين القبائل والغاراتِ، فذلك الذي

1) واتە: نكوولّێیكردنی ئەنەس خوالێی ڕازی بێ لەوە كە ئەو قسەیە پێغەمبەر ﷺ كردبێتی، نەك نكوولّیی لە ڕاستیی فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ، كە دیارە ئەوە كوفرە!

2) النِّهاية في غريب الحديث والأثر، ج1، ص(424–425).

وردَ النَّهيُ عنه في الأسلام بقوله: ((لاحِلْف في الأسلام)) وماكان في الجاهلية من نصر المظلوم وصلة الأرحام-كحلف المُطَيِّبين وما جرى مجراه- فذلك الذي قال فيه ((وأيّما حلفٍ كان في الجاهلية لم يَزِدْهُ الأسلام الاّشِدَّةً)) يريدُ من المعاقدة على الخير ونُصْرة الحق، وبذلك يَجتمِعُ الحديثان، وهذا الحلف الذي يقتضيه الأسلامُ، والممنوعُ منه ما خالَفَ حكم الأسلام..)، واته: ﴿وشەی (حلف) لە بنەڕەتدا یانی گرێبەستو پەیماندان لەسەر پشتگیریی‌و هاوکاریی‌و ڕێککەوتن، جا ئەوەی کە لە ڕۆژگاری نەفامیێتیدا لەسەر ئاژاوەو کوشتارو ڕاووڕووتی نێوان تیرەکان بووبێ، ئەوە ئەو جۆرەیە کە لە ئیسلامدا قەدەغەکراوە بە فەرموودەی: (هاوپەیمانێتی لەئیسلامدا نیە)، بەڵام ئەوەی کەلەڕۆژگاری نەفامیێتیدا بۆیارمەتیدانی ستەملێکراوو گەیاندنی پەیوەندیی خزمایەتی بووبێ -وەك پەیمانی بۆنخۆشکەران هاووێنەی وی- ئەوە ئەو جۆرەیە کە لەبارەیەوە فەرموویەتی: (وە هەر هاوپەیمانێتییەك لە نەفامیێتیدا بووبێ، ئیسلام هەر پتەوتری کردوە) کەمەبەستی پەیمان بەستنە لەسەر چاکەو سەرخستنی هەق، وە بەمەش هەردووك فەرمایشتەکە کۆدەبنەوە (واتە: دژی یەك نابن، وەك بە ڕواڵەت وایە[1])، وە ئەم جۆرە هاوپەیمانێتییەشە کە ئیسلام دەیخوازێ‌و ئەوەش کە ڕێی لێگیراوە بریتیە لەوە کە پێچەوانەی حوکمی ئیسلام بێ﴾.

بەڕێزان!

پێم وایە پاش ئەم برە توێژینەوەیەش لەبارەی چەند فەرموودەیەکەوە کە ڕواڵەتەکەیان قەدەغەکردنی هاوپەیمانێتی (تحالف) بەشێوەیەکی ڕەهاو بە

1) ئەوەی نێوان دووکەوانەکە خۆم زیادم کردوە، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی واتا.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media Ameer Office

گشتی دەگەیەنن، باش باش ڕوونبۆوە کە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو فەرموودانە شتێکی دیکەیە، کە بریتیە لە: قەدەغەکردنو ڕێ لێگرتنی ئەو جۆرە هاوپەیمانێتیو ڕێککەوتنانە کەلەسەردەمی نەفامێتیدا لەپێناو ئامانجو مەبەستی خراپو ناشەرعییانەدا دەبەستران، ئەگەرنا پەیماندانو ڕێککەوتن بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجی ڕاستو ڕەواو شەرعیی، نەك هەر هیچ ئیشکالێکی تێدا نیە، بەڵکو وەك هەر بابەتێکی دیکەی بواری عادەتو هەڵسو کەوتەکان (العادات والمعاملات) لە ئەسڵدا ڕەوا (مُباح)یەو، جاری واش هەیە حوکمەکەی دەگۆڕێ بۆ پەسندیی (إستحباب)و بگرە پێویستیی (وجوب)یش، بەپێی بنچینەی شەرعیی: (ما لایتم الواجب الاّ به فهو واجب): هەرشتێك فەرزێك پێی لەسەری کەوت فەرزە، وە بنچینەی: (للوسائل حکم المقاصد): ئامرازەکان حوکمی ئامانجەکانیان هەیە.

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

بەندی دووەم:

## دەقی وتوێژێکە لەبارەی هاوپەیمانێتییەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

بەڕێزان!

ئاڵقەی ئەمجارەی بەرنامەکەمان سەبارەت بە هاوپەیمانێتیە، ئێمە دەمانەوێ بزانین ئایا لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە هاوپەیمانێتی هیچ بەڵگەو پاساوێکی شەرعیی هەیە؟ بە تایبەت هاوپەیمانێتییەك کە لە نێوان دوو بۆچوونی جیاواز، لایەنێکی ئیسلامیی و لایەنێکی عەلمانی، یان نیشتیمانییدا ببەسترێ، ئیسلامییەکان چۆن دەتوانن قەناعەت بەو کەسانە بکەن کە پێیانوایە ناکرێ دوو لایەنی ئیسلامیی و عەلمانیی، یان ئیسلامیی و غەیرە ئیسلامیی پێکەوە کۆببنەوە؟

+ سلاوی خوای گەورەت لێبێ بەڕێز مامۆستا!

ـ وعليكم السلام ورحمة الله، سلاو لە تۆش بێ.

+ بەڕێز مامۆستا! لە دەروازەی بەرنامەکەماندا دەمانەوێ لە پێناسەی هاوپەیمانێتییەوە دەست پێبکەین، هاوپەیمانێتی چییە؟! هاوپەیمانێتیی بۆچی؟ بۆچی پێویستە خەڵکێك یان دوو، یان سێ چوار لایەن پەنا ببەنە بەر هاوپەیمانێتی؟ پاشانیش دەچینە سەر هاوپەیمانێتیی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە.

ـ بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله وصلى الله تعالى وسلم وبارك على رسول الله محمد وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهداه، هاوپەیمانێتیی کە

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

لە زمانی عەرەبییدا وشەی (تحالف)ی بۆ بەکاردێ، یان (إتفاقیة)، وشەی (حلف) لە زمانی عەرەبییدا واتە (پەیمان) کە بەو بەڵێنو پەیمانەیان وتوە کە دوو کەس یان دوو تیرە یان دوو لایەن، یان زیاتر پێکەوە دەیبەستن، دیارە (تحالف) هەر لە وشەی (حِلْف)ەوە هاتوە لەسەر کێشی (تفاعل)، واتە (پەیمان پێکەوە بەستن)، وە لە زمانی کوردییدا ئێمە دەڵێین: هاوپەیمانێتیی یاخود ڕێککەوتن، دیارە لەڕووی شەرعییەوە وە لە ڕووی عورفییەوە، هیچ ئیشکالێك نیە لەسەر ئەوە کە دوو نەفەر یاخود دوو لایەن، یاخود چەند لایەنێك بەیەکەوە پەیمان ببەستنو عەقدێکیان لە بەیندا هەبێت کە هەردوو تەرەف یان هەموو تەرەفەکان لەگەڵ یەکتردا بۆ هێنانەدی ئامانجێکی هاوبەش، یان ئامانجە هاوبەشەکان تێبکۆشن، وە ئەرکو مافیشیان لە بەیندا دابەش بکرێ، هەڵبەتە هەر کەسە بەپێی قەبارەی خۆی، وە ئەو مەسەلەی پەیمان پێکەوە گرێدانە شتێکی مەعهوودە بە درێژایی مێژوو، هەر لەوکاتەوە کە مرۆڤایەتی هاتۆتە نێو شارستانییەوەو، کیانو قەوارە سیاسییو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی بەشەریی بە یەکەوە هەڵسوکەوتیان بووە، ئەو مەسەلەی پەیمان پێکەوەبەستنو ئیتیفاق پێکەوە کردنە، هەر بووە، لە ڕووی شەریعەتی ئیسلامییشەوە لەبناغەدا ڕەوایە، بەڵام دیارە کۆمەڵێك ڕێساو یاسای بۆ دانراو بەڕەهایی بەرهەڵدا نەکراوە، بەڵکو چوارچێوەیەکی بۆ دانراوە کە دەبێ بەو شێوەیە بکرێو خۆ لە فلان شتە بپارێزرێ، وە ئەگەر فلان مەرجەی تێدا نەبێ ڕەوا نیە، وە

ئەگەر فلان شتەی تێدا بێ ئەوە حوکمەکەی بەو شێوەیە دەگۆڕێ، لە کاتی قوەتدا ئاوایەو لەکاتی بێدەسەڵاتییدا یان کەمهێزییدا بەو

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapirA
F/MediaAmeerOffice

شێوەیەو... هتد، شەرعزانان قسەیان زۆر لێوە کردوە.

+ مامۆستا! بێگومان ئێمە باس لە هاوپەیمانێتیی سیاسیی دەکەین، بە دیاریکراوییش باس لە هاوپەیمانێتیی چوار حیزبەکە دەکەین، بێگومان ئێوە وەکو کۆمەڵی ئیسلامیی کە بەڕێزت ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیت، یەکگرتووی ئیسلامییش، بە دیدو تێڕوانینی جیاوازی خۆتان، ئیسلام وەکو مەبدەءو فیکر تەبەنني دەکەن، لەگەڵ دوو حیزبدا هاوپەیمانێتیتان بەستوە کە غەیری ئایینی پیرۆزی ئیسلام تەبەنني دەکەن، جا ئایا ئێوە بەڵگە شەرعییەکانتان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا چین کە دەتوانن دەستکراوە بن لە بەرانبەر ئەم هاوپەیمانێتییەدا؟ یانی ئێوە پشتتان بە چ بەڵگەیەك بەستوە لە ئایینی ئیسلامدا، چونکە ئەوانەی شوێنکەوتەی ئێوەن، بەڕاستیی چاوەڕێی ئەوەن بەڵگەتان هەبێ بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە لەگەڵ دوو لایەنی جیاواز لە خۆتان؟

ـ پێشەکی دەمەوێ دوو مەسەلە ڕوون بکەمەوە: یەکەم: ئەو دوو لایەنەی ئێمە ئەم لیستە هاوبەشەمان لەگەڵ دروست کردوون، بەیەکەوە پێشینەیەکمان هەبووە، هەر لە کاتی پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانو لەوەپێشیش لەسەر گۆڕەپانی کوردستان ئاشنایەتییمان پێکەوە هەبووە، وەکو باقی لایەنەکانی دیکە، بە تایبەت ئەو چوار لایەنە بە یەکەوە هاوهەنگاوییو هاوهەڵوێستییمان هەبووە، هەموو لایەك ئاگادارن ئێمە کاتی خۆی یاداشتنامەیەکماندا بە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەت، دوایی ئەو

یاداشتنامەیەمان كردە پرۆژەیەكی چاكسازیی، دیسان بە شێوەی تایبەت دامان بە شوێنە بڕیاربەدەستەكان، دوایی ئەوە بوو لە قۆناغی سێیەمدا ئێمە ئەو پرۆژە چاكسازییەمان لە دووتوێی ڕاپۆرتێكدا بۆ ڕای گشتیی بڵاو كردەوە، دیارە لەو كاتەوە برادەرانی پارتی‌و یەكێتیی بە تەنگەنەفەسیی‌و گرژییەكەوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە ڕووبەڕوو بوونەوە، كە پێموایە دوایی زیاتر بەسەر خۆیاندا شكایەوە، ئێمە ئاوا پێشینەیەكی بەو جۆرەمان پێكەوە هەبووە، ڕوونكردنەوەی دووەمیش: مەبەستمە ئەوەش بڵێم كە ئەو دوو لایەنە لەڕووی فكرییەوە لەیەك جیان، هەرچی حیزبی سۆشیالیست دیموكراتی كوردستانە، سكرتێرەكەی چەندان جار تەئكیدی كردۆتەوە كە ئەوان خۆیان بە لایەنێكی عەلمانیی نازانن، دەڵێ ئێمە لایەنێكی نەتەوەیین، لایەنێكی نیشتیمانیین، بەڵام كاك قادر عەزیزو ئەو بەشەی زەحمەتكێشان كە لەگەڵی ماوەتەوە، ئەوان خۆیان بە عەلمانیی دەزانن، كەواتە: ئەو دوو لایەنە لەیەك جیان لەڕووی فكرییەوە، واتە هەر كەسە پێویستە وەكو خۆی پێناسەی بكەین، وەكو ئەوەی كە خۆی دەیەوێ پێناسە بكرێ‌و خۆی دەناسێنێ، بەكورتی: ئەو لیستە هاوبەشەمان پێشینەی هەیە.

+ پێشینەیەكی كاركردن؟

- بەڵێ ڕەگ‌و ڕیشەی پێشتری كاركردنمان پێكەوە هەیە، دیارە لەوانەیە پێویست بكات دواتر زیاتر تیشك بخەمە سەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام جارێ لە ڕووی شەعیییەوە جەنابت پرسیار دەكەی.

+ بەڵێ.

www.AliBapir.net
F/AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

ـ ئایا چ بەڵگەیەکی شەرعیی هەیە لەوبارەوە کە لایەنێکی ئیسلامیی یان چەند لایەنێکی ئیسلامیی لەگەڵ لایەنێکی غەیرە ئیسلامییدا هاوپەیمانێتی بکەن، جا هەر ئینتیمایەکی فکریی هەبێ، یاخود کارێکی هاوبەش بکەن؟ لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵگەی شەرعیی لەوبارەوە زۆرن، بۆ نموونە:

**بەڵگەی یەکەم:** وەکو زۆر جاری دیکە گوتوومانە شەرعزانان هەموو لەسەر ئەو بنچینە شەرعییە یەکدەنگن کە پێویستە هەمیشە ئێمە کە دێینە نێو بازنەی هەڵسوکەوتو عادەتەکانەوە، ئەو بنچینە شەرعییەمان لەبەر چاو بێت، ئەگەرنا دوایی هەر بە دەستی خۆمان خۆمان عاسێ دەکەینو زوڵمیش لە شەریعەت دەکەین، بنچینە شەرعییەکەش ئەوەیە کە دەڵێ: بناغە لە هەڵسوکەوتەکاندا دەستکراوەییە، "الأصل في المعاملات الإباحة"، یان (بناغە لەعادەتەکاندا بواردرانە)، " الأصل في العادات العفو"، دیارە مەبەست لە عادەتو موعامەلات، هەڵسوکەوتی ئینسانەکانە لەنێو خۆیاندا، هەڵسوکەوتی ئینسانەکان لەنێو خۆیاندا ئەسڵو بناغە تێیدا دەستکراوەیی و ڕەوایییە، واتە: هەموو جۆرە هەڵسوکەوتو عادەتێك ڕەوایە، مەگەر ئەوە کە بە دەقێکی شەرعیی قەدەغە کرابێ، بە پێچەوانەی عیبادەتەوە، کە بناغە تێیدا ڕێ لێگیرانو قەدەغەبوونە "الأصل في العبادات الحظر الاّ ما شرعه الشرع"، واتە: بناغە لە خواپەرستییەکاندا بریتییە لە قەدەغەکران یاخود ڕێلێگیران، مەگەر ئەوە کە شەرع ڕێگەی دابێ، واتە بە پێچەوانەی

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

حاڵەتی یەکەمەوە، ئەویش لەسۆنگەی ئەوەوە کە عیبادەت بریتییە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خوا (سبحانه وتعالى)داو خواش بەس بۆ خۆی دەزانێ دەبێ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەی؟ چۆن بەندایەتی بۆ بکەی؟ چۆن ئیمانی پێ بێنی؟ چۆن بیپەرستی؟ چۆن یادی بکەی؟ ئەوە هەر خوا دەیزانێ، لەبەر ئەوە هەر ڕێیەك خوا دیاریی نەکردبێت لە بواری پەیوەندیی لەگەڵ خوادا، کە پێی دەوترێ عیبادەت، قەدەغەیە، بۆیە هەر شتێك لە بواری عیبادەتدا زیاد بکرێ، بە داهێنراو (بدعة) لەقەڵەم دەدرێ، بە پێچەوانەی عادەت و هەڵسوکەوتەکانەوە کە ئەسڵ تیایاندا داهێنانە، بۆیە دەتوانین وەك بنچینەیەك بڵێین: "الأصل في المعاملات الإبداع"، ئەسڵ لە هەڵسوکەوتەکاندا بریتییە لە داهێنان، "والأصل في العبادات الإتِّباع"، وە بناغە لە عیبادەتەکاندا بریتییە لە شوێنکەوتن، واتە شوێنکەوتنی شەرع، کەواتە: ئێمە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین هاوپەیمانییکردن لەگەڵ لایەنێکی غەیرە ئیسلامییدا ڕەوایە، ئەوەندە بەسە کە هیچ دەقێکی شەرعیی لەسەر ناڕەوابوونی نەبێ، ئیدی ئەوکاتە مانای وایە لەسەر ئەسڵی خۆی کە ڕەوایی (إِباحة)یە ماوەتەوەو پێویستیمان بە بەڵگە هێنانەوەی دیکە ناکات، ئنجا کە دەڵێین: غەیرە ئیسلامیی، بەڕاستیی دەمەوێ کە هیچ کەس بە هەڵەدا نەچێ و بزانێ مەبەستمان ئەوە نیە کە حوکمی نامسوڵمانەتیی بەسەر تاکەکانی ئەو لایەنانەدا بدەین، چونکە مەرج نیە ئەو کابرایە کە دەڵێ: ئیسلامیی نیم! لە زاتی خۆیدا نامسوڵمان بێ، بەڵێ مەرج نیە، کە تۆ گوتت ئەوە لایەنێکی غەیرە ئیسلامییە،

www.AliBapir.net
FB/AliBapir
Youtube/AliBapir
FB/Media Ameer Office

یەكسەر لە بازنەی ئیسلامەت بردبێتە دەرەوە، بەڵكو ئەو لایەنە خۆی لەژێر لافیتەی ئیسلامییدا نابینێتەوە، بەڵام مەرج نیە هەر كەسێك خۆی وەكو لایەنێكی نەتەوەیی و نیشتیمانیی ناساند، لەگەڵ ئیسلامدا تێك بگیرێ، چونكە لایەنی نەتەوەیی و نیشتیمانیش بەشێكە لە مسوڵمانەتیی و لە دینداریی، منێكی ئیسلامییش لایەنی نەتەوەیی خۆمم هەیەو لایەنی نیشتیمانیی خۆمم هەیە، ئنجا خوای پەروەردگار هەموو شەریعەتەكانی خۆی ناردووە بۆ بەختەوەركردنی خەڵكو ئینسانەكان، وە ئینسانەكان دابەش دەبنەوە بۆ نەتەوەو بۆ تیرەو هۆزەكان، وە لە ڕووی جوگرافییەوە دابەش دەبن بۆ چەند نیشتیمانێك، كەواتە سەرەنجام ئێمە پێویستییمان بە نیشتیمانێك هەیە چالاكیی تێدا ئەنجام بدەین، وە پێویستییمان بە چوارچێوەی نەتەوەیەك یان چەند نەتەوەیەكە كە كارەكەمانی تێدا ئەنجام بدەین، مانای وایە خۆپێناسەكردن بە لایەنێكی نیشتیمانی یان نەتەوەیی، دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ مسوڵمانەتییدا، چونكە ئیسلام لایەنی نیشتمانو نەتەوەشی تێدایە، بەڵام دیارە بە ڕێكوپێككراوی و بە سنووربۆدانانەوە، وەكو زۆر جار گوتوومە ئێمە لەگەڵ نەتەوە دۆستییدا ین، بەڵام لەگەڵ نەتەوەپەرستییدا نین، نیشتیمان دۆستین، بەڵام نیشتیمانپەرست نین، ئێمە نیشتیمانو خەڵكو نەتەوەی خۆمان خۆش دەوێو بە عیبادەتی دەزانین خزمەتیان پێبكەین، بەڵام نیشتیمان دۆستیی جیا دەكەینەوە لە نیشتیمانپەرستیی، ئێمە لەگەڵ وەتەنییەت (وطنية)ین، بەڵام لەگەڵ وەسەنییەت (وثنية) نین، نیشتیمانو وڵاتی خۆمانمان خۆش دەوێت، بۆچی؟ چونكە ئێمە هەر

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

دینو فكرەیەكمان هەبێت، سەرەنجام دەبێت سەرزەمینو خاكێكمان هەبێت ئەو دینو فكرەیەی تێدا پیادە بكەین، پاشان خۆشویستنی خەڵكو خاكیش شتێكی خوارسك (فطري)ەو هەموو مرۆڤێك هەیەتی، بۆیە گرنگە ئەوەش بزانرێ كە ئێمە وەكو دوو لایەنی ئیسلامیی مەرج نیە لە هەموو ڕوویەكەوە لەگەڵ ئەو دوو لایەنە كە هاوپەیمانییمان لەگەڵ كردوون، یان لیستێكی هاوبەشمان لەگەڵ دروست كردوون، یان لەگەڵ هەر لایەنێكی دیكەشدا كە بە یەكەوەش نین لەم لیستە هاوبەشەدا، مەرج نیە لەگەڵ هەموو شتێكیاندا تێكبگیرێین، ئێمە بە تەئكید لەگەڵ ناشەرعییەكانی هەر كەسێكدا تێك دەگیرێین، ئەگەر خۆشمان بێ، بەڵام تەنیا لەگەڵ شتی ناشەرعییدا تێك دەگیرێین، ئەگەرنا ئێمە خاڵی هاوبەشمان خۆ هەر لەگەڵ ئەو دوو لایەنەدا نیە، ئێمە چەند ساڵە لەم وڵاتەدا لەگەڵ پارتیو یەكێتیو باقی لایەنەكانی دیكەدا هاوكار بووین، هاوپەیمانییمان لەگەڵیاندا هەبووە، ئێستاش هاوكارین، لە وڵاتێكدایینو یەك پرۆسەی سیاسیی كۆمان دەكاتەوە، یەك ئەزموونو وڵات هەموومان كۆ دەكاتەوە، بەڵێ مانای وانیە كە تۆ لە چەند ڕوویەكەوە بیرو بۆچوونت جیایە، لە هەموو ڕوویەكەوە جیای، تەنانەت خوا (سبحانه وتعالى) بانگی جوولەكەو نەسرانییەكان دەكاتو دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ ...﴿٧١﴾ آل عمران﴾، واتە: ئەی خاوەن كتێبەكان بۆچی حەقو باتڵ تێكەڵ دەكەن؟ واتە شتی ڕاستتان پێیە، بەڵام لەگەڵ شتی ناڕاست تێكەڵی مەكەن.

www.AliBapir.net
F/AliBapir1
Youtube/AliBapir1
F/Media.Ameer.Office

**بەڵگەی دووەم:** بەڵگەیەکی دی ئەوەیە کە ئێمە کاتێك تەماشای سیرەو ژیانی پێغەمبەر ﷺ دەکەین، دەبینین هاوپەیمانێتیی کردووە لەگەڵ ئەوانە کە غەیری خۆی بوون، غەیری خۆی واتە غەیری پێغەمبەر ﷺ، کە ئەوکاتە پێغەمبەر یەکسان بووە بە ئیسلام‌و هەر کەسێ لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ نەبووبێ مسوڵمان نەبووە، دیارە جاری دیکەش باسم کردووە کە ئێمە ناتوانین ئەو ئیددیعایە بکەین‌و قەتیش نەمانکردووە، کە ئێمەش وەك پێغەمبەر ﷺ یەکسانین بە ئیسلام، هەرچەندە دوژمنان‌و ناحەزانیش ئەو تۆمەتانەمان دەدەنە پاڵ، بەڵام چەندان جار ئەو تۆمەتەمان ڕەت کردۆتەوە، کەچی ئەوان وەکو قەوانێکی سواو هەر دووبارەی دەکەنەوە، کە لە ڕاستییدا ئەوە هەر شەڕ پێ فرۆشتن‌و گێچەڵ پێکردنە، ئەگەرنا ئێمە چەندان جار گووتوومانە ئێمە ئیددیعای ئەوەمان نەکردووەو ناکەین کە ئێمە یەکسانین بە ئیسلام، وە یەکسانیش نین، چونکە ئێمە لایەنێکی ئیسلامیین، ئێمە کۆمەڵێکین لە مسوڵمانان‌و مەرج نیە هەر کەسێك لەگەڵ ئێمە نەبێ، مسوڵمان نەبێ، بەڵێ ئێمە لایەنێکین خزمەتی ئیسلام دەکەین، ئەگەر کەسێك بە ڕێی عەلمانییەتدا دەڕوا، ئەوی دیکە بە ڕێی مارکسیزمدا دەڕوات، ئەوی دیکە بە ڕێی لیبرالیزمدا دەڕوات، ئێمە بە ڕێی ئیسلامدا دەڕۆین، ئیدی ناشڵێین هەر کەسێك لەو خەت‌و ڕێبازەدا بە مانا حزبییەکەی لەگەڵمان نەبێ‌و لە چوارچێوەی حیزبەکەی ئێمەدا نەبێ، ئیسلامیی نیەو مسوڵمان نیە، چونکە وەك زۆر جار گوتوومە: ئیسلامییبوون، واتە: تەبەننی کردنی ئیسلام، کە لە قورئان‌و سوننەتدا بەرجەستەیە،

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

ئیدی هەر کەسێك بڵێ قورئان و سوننەت بەرنامەی ژیان بن و شەریعەتی خوا بەرنامەی ژیان بێ، ئەوە ئیسلامییە ئەگەر لە چوارچێوەی ڕێکخراو و حیزبێکی ئیسلامییشدا نەبێت، بەڵام بە تەئکید هەرکەسێك نکووڵیی بکات لە ئیسلام، جا لە هەموو ئیسلام نکووڵیی بکات، یان لە بەشێکی، تەنانەت لە یەك لە یاسای بە ئاشکرا زانراوی ئیسلام، کە زانایان زاراوەی: (ما علم من الدين بالضرورة) یان بۆ بەکارهێناوە، واتە: ئەوەی کە هەموو کەسێك بە ئاشکرا دەزانێ ئەوە یاسایەکی ئیسلامە، هەر کەسێك نکووڵیی لێ بکا، لە بازنەی ئیسلام دەچێتە دەرێ، ئەوە ئیجماع و یەکدەنگیی هەموو زانایانی لەسەرە کە (الرضا بالكفر، كفر)، ڕازیی بوون بە کوفر، کوفرە، وە ڕەفزی ئیسلامیش هەمووی یان بەشێکی (كلاً أو جزاً)، ئەوەش هەر کوفرە، کەواتە: ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە.

+ نموونەکانی سیرەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوبارەوە چین؟!

- بەڵێ پێغەمبەر ﷺ، هاوپەیمانێتی کردووە لەگەڵ جوولەکەکاندا، کە ئەوە کە ئەوە زەقترین نموونەیە لە مێژووی پێغەمبەردا ﷺ، کاتێك پێغەمبەری خوا دەچێتە مەدینە سێ ئیشی گەورە دەکات، کە ئەوە لە هەموو کتێبەکانی مێژوودا نووسراوە، بەتایبەت سیرەی (ئیبنو هیشام)[1]: یەکەم ئیشی ئەوەبوو کە برایەتیی بەرپا کرد لە نێوانی کۆچکەران و پشتیواناندا، بۆ ئەوەی لە ڕووی هاوسەنگیی گوزەران و ژیانەوە ئەو ناهاوسەنگییەی هەبوو، ڕاستی بکاتەوە، کە بۆ کاتێکی

1) السيرة النبوية لابن هشام، ج1، ص(259-265)، دار ابن الهيثم.

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir1 F/Media.Ameer Office

دیاریکراو لە هەموو شتێکی یەکتردا بەشداربوون، ئیشی دووەمی ئەوەبوو کە مزگەوتی دروست کرد، وە ئیشی سێیەمی ئەوە بوو کە وەسیقەیەکی نووسی، کە سەحیفەشی پێ وتراوەو کیتابیشی پێ گوتراوە، لە نێوانی پێغەمبەر ﷺ مسوڵمانان لەلایەکو، تیرە جوولەکەکان لە لایەکی دیکەوە، ئەو تیرە جوولەکانەی کە لە نێو مەینەدا بوون، دیارە ئەو (صحیفة)یە کە لە جێی دەستووری ئێستابوو، ئەرکو مافەکان تێیدا دابەش کراونو ئامانجە هاوبەشەکانی تێدا دیاریی کراون، وە باسکراوە کە هەر کەسێك هێرش بکاتە سەر مەدینە، ئەهلی ئەم سەحیفەیە هەموویان یەکدەستن لە بەرانبەردا، واتە: بەرگرییکردنی هاوبەشیشی تێدا ڕاگەیەنراوە، شایانی باسە ئەو سەحیفەیە لە (47) مادده پێکهاتوە، کە ئێستا مەجال نیە بە درێژیی باسی بکەین، کەواتە: پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ لایەنێکی نا مسوڵماندا ئەو وەسیقەیەی مۆر کردوە.

**بەڵگەی سێیەم:** لە حودەیبییەدا پێغەمبەر ﷺ پێکهاتنو سوڵحی حودەیبییە دەکات، لەگەڵ کێدا؟ لەگەڵ هۆزی کافری قورەیشدا، کە بۆ ماوەی (10) ساڵ جەنگ ڕادەگرنو پێکەوە دەکەونە حاڵەتی ئاشتیو هێمنییەوە، جا لەوکاتەدا کە ئەو سوڵحو پێکهاتنە ئیمزا دەکرێ، دوو تیرەی پێکەوە ناکۆك دەبن، وەکو لە سەحیحی (بخاری)و (مسلم)و (سیرە ابن هشام)دا هاتوە[1]، کە خوێن لە نێوانیاندا هەبووە، ئەوانیش (بەنو بەکر و خوزاعە) بوون، (بەنو بەکر) دەڵێن:

1) هەمان سەرچاوە، ج3، ص(176162).

ئێمە لەگەڵ قورەیشدا دەبینە هاوپەیمان، (خوزاعە)ش دەڵێن: ئێمە لەگەڵ موحەممەددا ﷺ دەبینە هاوپەیمان، ئیتیفاقییەکەشیان وابووە، واتە: سوڵحی حودەیبییە وابووە کە هەرکەسێك بوو بە هاوپەیمانی یەکێك لەو دوو لایە، حوکمی ئەو لایەی هەیە، واتە پێغەمبەر ﷺ دێنێ هاوپەیمانێتیی دەکات لەگەڵ (خوزاعە)دا کە تیرەیەکی بتپەرستن، وەکو چۆن (بەنوبەکر)ی دوژمن و مونافیسیشیان دەبنە هاوپەیمانی قورەیش، ئنجا دوایی پێغەمبەر ﷺ لەکاتی ئازادکردنی مەککەدا چ شتێك دەبێتە بەڵگەو پاساوی ئەوە کە بچێ مەککە ئازاد بکات؟! بێگومان ئەوە کە (بەنوبەکر)ی هاوپەیمانی قورەیش، دەچن شەبەیخون دەکەنە سەر (خوزاعە)ی هاوپەیمانی پێغەمبەر ﷺ، کە هەردووکیشیان موشریك و بتپەرستن و (20) کەسیان لێ دەکوژن، ئنجا (عمرو بن سالم)ی خوزاعی کە سەرۆکی تیرەی خوزاعەیە دەچێ بۆ مەدینەو سکاڵای خۆی دەکات لای پێغەمبەر ﷺ، لای هاوپەیمانەکەی و دەڵێ: ئەی موحەممەد! بەنوو بەکر تیرەی هاوپەیمانی قورەیش هاتن لە شەبەیخووندا بەسەر ئێمەیانداداو (20) کەسیان لێ کوشتووین، ئێمەش هاوپەیمانی تۆین، دیارە ئەو شیعرێکی درێژ دەخوێنێتەوە کە لە سیرەی (ابن هشام)دا شیعرەکە هاتوە[1]، پێغەمبەریش ﷺ بە یەك دێڕ وەڵامی دەداتەوەو دەفەرموێ: (نُصِرْتَ یا عَمرو بن سالم)، سەرخرای ئەی عەمری کوڕی سالم، پشتیوانیت لێدەکەین، وە سەرەنجام پێغەمبەر ﷺ دوایی دەچێ مەککە ئازاد دەکات، چونکە قورەیش پەیمانیان هەڵوەشاندۆتەوە، بۆ؟

1) هەمان سەرچاوە، ج4، ص221.

www.AliBapir.net
YouTube/AliBapir2
FMediaAmeerOffice

چونکە لە هاوپەیمانی پێغەمبەریان داوە! کەواتە: لێرەدا پێغەمبەر ﷺ هاوپەیمانێتیی کردوە لەگەڵ تیرەیەکی نامسوڵماندا، نەك بۆ پرۆسەیەکی سیاسیی وەك هەڵبژاردن، بەڵکو بۆ شەڕ لەسەر یەکترکردن!!

**بەڵگەی چوارەم و پێنجەم:** پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو پەیماندا بەشداریی کردوە کەلەنێوان چەند تیرەیەکی موشریکدا بەستراون پێش پێغەمبەرایەتی، بەس ئێمە بۆچی باسیان دەکەین؟ چونکە دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ مەدحی ئەو دوو پەیمانەی کردووە فەرمووشیەتی: ئەگەر لە ئیسلامیشدا بانگ بکرێم بۆ پەیمانی ئاوا، تێیدا بەشدار دەبم، یەکێك لەو دووپەیمانە پێی دەوترێ: پەیمانی جوامێران (حلف الفضول)، ئەوی دیش پێی دەوترێ: پەیمانی بۆن خۆشکەران (حِلْف المُطَيِّبين)، جا هەرچی (حلف الفضول)ە، لە ئەنجامی ئەوەدا بووە کە کابرایەك دێ شتێك دەفرۆشێ لە مەککەو یەکێك لە سەرۆك تیرە دەسەڵاتدارەکانی مەککە شتەکەی لێدەستێنێ، کە هەندێك دەڵێن کەلوپەلێك دەبێ و پارەکەی ناداتێ، هەندێك دەڵێن کچێکی لێ زەوت دەکات، کابراش دەچێتە سەر یەکێك لە کێوەکانی مەککەو، هاوار دەکات، دەڵێ: ئەی خەڵکی مەککە! ئەی جوامێرانی مەککە وەرن دیفاعم لێ بکەن، ئەو کابرایە ئەو زوڵمەی لێکردووم، ئیدی پێنج تیرە دەچن دیفاع دەکەن لەو کابرایە، کە وەکو ئیبنوهیشام هێناویەتی[1]: (بنو هاشم، بنو

1) هەمان سەرچاوە، ج1، ص72.

المطلب، أسد بن عبدالعُزّى، بنو زهرة، تيم بن مُرّة)، ئەو پێنج تیرەیە پەیمان پێکەوە دەبەستن کە لەمەودوا هەرکەسێ زوڵمی لێ کرا لە مەککە، دەبێ دیفاعی لێ بکەین، پێغەمبەر ﷺ بەو موناسەبەتەوە فەرموویەتی: ((**لقد شهدتُ في دار عبدالله بن جدعان حِلْفاً ما أَحِبُّ أن لي به حُمُرَ النِّعم، ولو أُدْعى به في الإسلام لأجبت**))، کە (ابن اسحاق) هێناویەتی، واتە: لە ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی جیدعاندا بەشداریی پەیمانێك بووم، حەز ناکەم کە ئەو پەیمانە بشکێنم و حوشتری سپیم هەبێ (دیارە حوشتری سپی ماڵێکی بەقیمەت بووە)، وە ئەگەر لە ئیسلامیشدا بانگ بکرێم بۆ پەیمانێکی ئاوا وەڵام دەدەمەوە، ئەمە (حلف الفضول) کە کۆمەڵە پیاوێکی جوامێر پەیمان دەبەستن کە لەمەودوا نەیەڵن کەس زوڵمی لێ بکرێ، هەروەها (حلف المُطَيِّبين)یش بووە کە ئەویش دیسان پێغەمبەر ﷺ تێیدا بەشدار بووەو لەوبارەیەوە دەفەرموێ: ((**شُهِدتُ حِلْفَ المُطَيِّبين وما أحِبُّ أن أنْكُثَهُ وأن لي به حُمُرَ النِّعم**))، رواه أحمد، واتە: بەشداریی پەیمانی موتەیەبین بووم، حەز ناکەم هەڵی بوەشێنمەوەو حوشتری سپیم بدەنێ لە بەرانبەرییدا، پوختەی چۆنیەتی ئەو پەیمانەش ئەوەبووە کە هەردووك تیرەی: (بنو عبدالمناف)و (بنو عبدالدار) لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی کاروباری ئیداریی نێو شاری مەککە کێشەو مشتومڕیان دەبێ و سەرەنجام هەرچوار تیرەی: (بنو أسد بن عبدالعُزّى)و (بنو زهرة بن كلاب)و (بنو تيم بن مرة بن كعب)و (بنو الحارث بن فهر بن مالك بن النَّضر) دەدەنە پاڵ (بنو عبد مناف)و دەفرێکی پڕ لە میسك دێنن و لەلای کەعبە هەموویان

دەستی تێدەخەنو دەستیان لەدیواری کەعبە هەڵدەسوون، وەك جەختكردنەوە لەسەر پشتی یەكدی گرتن، بۆیە نازناوی: بۆن خۆشكەران (الُمطيِّبين) وەردەگرن.

وە لەبەرانبەریشدا هەرچوار تیرەی: (بنو مخزوم)و (بنو سهم)و (بنو جُمَح)و (بنو عدي) دەدەنە پاڵ (بنو عبدالدار)و ئەمانیش بەهەمان شێوە پەیمانی بەرگریی لەیەكدی كردن پێكەوە دەبەستنو، ئەمانیش نازناوی: هاوپەیمانەكان (الأحلاف) وەردەگرن.

جا دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ بۆن خۆشكراوان (مُطيِّبين)دا بووە، بۆیە فەرمویەتی: (شهِدْتُ حِلْفَ المطيَّبين..).

جا پێغەمبەر ﷺ دیسان مەدحی پەیمانی موتەیيبین دەكاو دەفەرموێ: من شانازیی پێوە دەكەم كە تێیدا بەشدار بووم، ئێستاش ئامادە نیم هەڵی بوەشێنمەوە، مێژوونوسان دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ لەكاتی ئازادكرانی مەككەدا عوسمانی كوڕی تەڵحەی بانگ كرد كە لەو تیرانەیە كاتی خۆی كلیل بەدەستی كەعبە بوون، فەرمووی: (وەك پابەندیی بە پەیمانەكەی كە كاتی خۆی لە نێوان موتەیيبينو ئەحلافدا هەبووە) (هاك مفتاحك يا عثمان، اليوم يوم برّ وَوَفاء)[1]، واتە: ها ئەی عوسمان كلیلەكەت بگرە! ئەمڕۆ ڕۆژی چاكەكارییو وەفادارییە.

مێژوونووسان دەڵێن: ئەو هەڵوێستەی پێغەمبەر ﷺ وەفاداریی بووە بەو پەیمانە كە پەیمانی موتەیيبينە لەگەڵ ئەحلافدا كە

1) السيـرة النبوية لابن هشام، ج4، ص234.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media Ameer Office

نێوەڕۆكەكەی ئەوە بووە، كەس زوڵم لە كەس نەكات و ئەرك و مافەكان دابەش بكرێن لە نێوان پێكهاتەكانی شاری مەككەدا.

+ زۆر سوپاس كە ژمارەیەك بەڵگەت لەوبارەیەوە باسكرد، من پرسیارێكم هەیە و بەراوردێكیشم هەیە لەنێوان ئەو بەڵگانەی بەڕێزت باستكردن لەگەڵ ئەو هاوپەیمانێتییەی كە ئێوە هەتانە بۆ هەڵبژاردنەكان.

- فەرموو:

+ ئەو كەسانەی كە تێبینییان هەیەو پێچەوانەی ڕاوبۆچوونی بەڕێزتانیان هەیە، پێیان وایە هاوپەیمانێتیی بۆ هەڵبژاردن جیاوازە، چونكە هەڵبژاردن وەكو هیچ پرۆسەیەكی تر نیە، بۆ پەرلەمانە، پەرلەمانیش ئەنجوومەنێكی تەشریعییەو یاسا بۆ خەڵكی وڵات دەردەكا، ئنجا دەنگدانیش پرۆسەی شایەتییدانەو ناكرێ ئینسانی مسوڵمان شایەتیی بۆ لیستێك بدات كە كەسێكی تیابێ نامسوڵمان بێ، یان عەلمانیی بێ، یان ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەكو ئایین تەبەننی نەكا، ئەوە سەرنجێكە.

- من پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە یاخود ئەو ئیشكالە ڕوون بكەمەوە، دەمەوێ بەڵگەیەكی دیكەی شەشەم بخەمە پاڵ ئەو بەڵگانەی پێشوو، ئەویش ئەوەیە كە خوا (سبحانه وتعالى) لە سوورەتی (المائدة) لە ئایەتی ژمارە (2)دا كە لە بەرنامەیەكی پێشووتریشدا ئەو ئایەتەم هێنا، خوا خیتاب لەگەڵ مسوڵماناندا دەكا، دەیاندوێنێ و دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَلَا ٱلۡهَدۡيَ وَلَا ٱلۡقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗاۚ وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmerOffice

فَٱصۡطَادُواْۚ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ أَن صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ
أَن تَعۡتَدُواْۘ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ
وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٢﴾ المائدة ﴾، لەم ئایەتە بەپێزەدا خوا (سبحانه وتعالى) فەرمان بە مسوڵمانان دەكات كە دروشمەكانی خوا نەشكێنن، واتە: ئەو دروشمانەی كە قەدەغەی كردوون بۆ خۆیانیان حەڵاڵ نەكەن، خەڵكانێك كە ڕێز لە دروشمەكانی خوا دەگرن، ئەوان لەسۆنگەی ئەوەوە كە بە نامسوڵمانیان دەزانن، نەچن تەجاوز بكەنە سەریان، دوایی لەو سیاقەی ئایەتەكەدا دەفەرموێت: ﴿... وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ ...﴾، وە هاوكاریی یەكدیی بكەن (واتە: لەگەڵ غەیری خۆتان)دا لەسەر چاكەكاریی و پارێزكاریی، بەڵام هاوكاریی یەكدیی مەكەن لەسەر گوناح و دەستدرێژیی، كەواتە: لەم ڕستە قورئانییە وەردەگیرێ كە تۆ بۆ هەر مەبەست و ئامانجێكی شەرعیی، كە لەنێوان تۆو تەرەفی بەرانبەردا هەیە، مادام ئەو ئامانجە لە خودی خۆیدا ئامانجێكی شەرعیی و شتێكی باش و بەكەڵك بێ، تۆ نەك هەر بۆت هەیە، بەڵكو لەسەرت پێویستە هاوكاریی بكەی و دەستبار بگری بۆ ئەو تەرەفەی بەرانبەرت، چونكە خوا فەرمانی بەوە پێ كردووی، (البِرّ)یش واتە: چاكەكاریی، هەر شتێك كە بۆ خەڵك باش بێ و سوودو بەرژەوەندیی خەڵكیی تێدا بێ، (التقوى)ش یانی: پارێزكاریی، واتە: هەرشتێك مایەی پارێزران لەسزاو تووڕەیی خواو مایەی ڕەزامەندیی خوا بێ، بەڵام ئەوەی كە لەسەر

ئینسان قەدەغە كراوە، ئەوەیە كە لەسەر گوناحو دەستدرێژیی دەستبار بۆ خەڵك بگرێو هاوكاریی خەڵك بكا، كەواتە: ئێمە لەگەڵ ئەو دوو لایەنەو هەر لایەنێكی دیكەشدا، چونكە ئێمە كە لەگەڵ ئەو دوو لایەنەدا لیستمان پێكهێناوە، مانای وانیە كە خۆمان لە لایەنەكانی دیكەش دابڕیوە، چونكە ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی دیكەدا پێكەوە لەم وڵاتەداینو هەموومان كار دەكەین بۆ ئەوە كە خەڵكەكەمان بەختەوەر بكەینو وڵاتەكەمان ئاوەدانبیو خێروخۆشیی بۆ خەڵك دابین بكەینو دادگەریی بچەسپێنین، هەموومان ئەگەر بە كردەوەش پراكتیزەی نەكەین، بە لایەنی كەمەوە ئەو دروشمانەمان بەرز كردۆتەوە، كەواتە ئێمە لە ڕووی شەرعییەوە مولزەمین كە بۆ هێنانەدی ئامانجە هاوبەشەكان لەگەڵ هەموو كەسدا هاوكارو دەستبارگربین، با ئیتیفاقیەی ئیمزاكراویشمان نەبێ، بەڵام كە ئیتیفاقیەی ئیمزاكراو هەبوو ئەوە زیاتر مولزەم دەبێ، جارێك بە حوكمی دەقەكانی شەریعەتو جارێكیش بە حوكمی ئەو بەڵێنو پەیمانەی كە داوتە.

سەبارەت بە پرسیارەكەشت یان ئەو ئیشكالە كە هەندێك كەس باسی دەكات كە هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ پەرلەمانە، پەرلەمانییش شوێنی بڕیاردانو یاسادانانە، هەر بەكورتی دەڵێین: بنچینەیەكی شەرعیی هەیە كە خوای پەروەردگار لە چەندان ئایەتداو پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتدا ڕوونی كردۆتەوە كە حیسابو كیتاب لەگەڵ ئینساندا دەكرێ بەپێی نیازو مەبەستی: وەك خوا فەرمووویەتی: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ...۝٥﴾ البينة، واتە: وە تەنیا فەرمانیان بەوە پێكرابوو كە بەندایەتی بۆ خوا بكەنو ملكەچیی

خۆیانی بۆ ساغ بکەنەوە، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: **((إنما الأعمال بالنيات ...))** متفق عليه، واتە: بێگومان کردەوەکان بەس بەپێی نیاز (نية)ەکانن، کەواتە: ئەسڵ لە هەر کارێکدا ئەوەیە کە تۆ مەبەستت پێ لەو کارە چییە؟! کەسێك کە دەنگ دەدات با بەو نییەتە دەنگ بدات کە نوێنەرێکی باشی لەو ئەنجومەنی یاسادانانو پەرلەمانەدا هەبێ، وە با نییەتی وابێ کە ئەو خەڵکانەی ئەو بە باشیان دەزانێ، کە داکۆکیی دەکەن لەو ئامانجانە کە ئەو بە ڕێكو ڕاستو شەرعییان دەزانێ، بچنە پەرلەمانەوە، وە با نییەتی وانەبێ کە کەسێکی نائیسلامیی یان نامسوڵمان بچێتە پەرلەمان، ئەوکاتە بەرهەمو پاداشتی کارەکەی بەپێی نییەتەکەی خۆیەتی، پاشان لێرەدا مەسەلەیەکی دیکەش هەیە: هەندێك کەس وادەزانێ پەرلەمانتاران هەر لەگەڵ زمانیان هەڵهێنا ئەوە حەتمەن یان شتێك حەرام دەکەن، یان شتێك حەڵاڵ دەکەن، کە بێگومان ئەوەش وانییەو ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە هۆیەکەی شارەزا نەبوونە لە ئەرکی پەرلەمان، چونکە پەرلەمان سێ ئەرکی سەرەکیی هەن، یەکەم: یاسادانانە، دووەم: پێکهێنانی حکوومەتو چاودێریی حکوومەتو چاودێرییکردنی وەزیرەکانەو لێپرسینەوەیانەو ئاراستەکردنو تەوجیهکردنیانە، سێیەم: موسادەقەکردنە لەسەر بودجەو ئاگاداربوونە لە دارایی، چەند واریدات دێو چۆن خەرج دەکرێ؟! ئەمانە سێ ئەرکە سەرەکییەکەی پەرلەمانن، کەواتە: تەنیا یەکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمان یاسادانانەو یاسادانانیش هەمووی هەر مەسەلەی حەرامو حەڵاڵ نیە، بەڵکو زۆری شتی ئیدارییەو چەند مەسەلەیەکە کە مەرج نیە لەگەڵ شەرعدا تێك بگیرێن.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

+ دووانیان هەر پەیوەندیی یان بە عەقیدەوە نیە: لێپرسینەوەی حکوومەتو تەسدیقی بودجە.

- بەڵێ ئەرکی پەرلەمان زیاتر پەیوەندیی بە کاروباری ئیدارییەوە هەیە، سوودو بەرژەوەندیی خەڵك چۆن تەحقیق دەبێ؟ چۆن زیانو زەرەریان لێ دوور دەخەیەوە؟ کە ئەوە بۆ خۆی لە ئەسڵدا فەرزێکی شەرعییە، پاشان زۆر جاران خەڵکی ئیسلامییو غەیرە ئیسلامیی هەموومان لەسەر هێندیك بەها یەکدەنگین، هەمووماں لەسەر دادگەریی یەکدەنگین، وە لەسەر نەبوونی گەندڵیی هەمووماں یەکدەنگین، وە لەسەر نەبوونی مەحسوبییەت، دەیناسیو نایناسیو خزمیەتی یان بێگانەیە هەمووماں یەکدەنگین، زۆر بەهای بەرزو باش هەن هەمووماں لەسەریان یەکدەنگین، دەمێنێتەوە ئەو شتانەی کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامییدا دژنو تێکدەگیرێن، ئێمە دیارە وەك لایەنێکی ئیسلامیی خۆمان بە موکەللەف دەبینینو بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە بەرگریی بکەین لەیاساو سنوورەکانی شەریعەتو هەر شتێك کە دژی شەریعەتی ئیسلامیی بێ، بەپێی توانای خۆمان، پێشگیرییان لێ بکەینو نەیانهێڵین، کە دیارە هەندێك لەو شتانەش جاری وا هەیە یەکێکی دیکەش بە پاڵنەرێکی دیکەو هاندەرێکی دیکە هەر ڕەفزی دەکاتو دژیەتیو بە زیانی خۆی دەزانێ، بۆ وێنە: ئایا ڕەواجپێدانی ئیباحییەت (بەرەڵڵایی جنسیی) وەکو چۆن پێچەوانەی دەقەکانی قورئانو سوننەتە، ئایا پێچەوانەی هێمنییو ئاسایشی خەڵکیش نیە؟ وە پێچەوانەی ڕەوشتو ئەخلاقی بەرز نیەو پێچەوانەی بەرژەوەندیی کۆمەڵگاش نیە؟ بێگومان با، چونکە ئەو شتانە کە شەریعەت قەدەغەی کردوون، بە

www.AliBapir.net
YouTube/AliBapir1
F/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

تەئكید لەبەر ئەوەیە كە زەرەرو زیانی زۆریان لێدەكەوێتەوە بۆ تاكو كۆمەڵو خێزان، لە ڕووی سیاسییو كۆمەڵایەتییو ئابوورییو ئەخلاقییو... هتدەوە، كەواتە: نابێ هەر لە ڕێوە پێمان وابێ كە هەر شتێك لەگەڵ شەریعەت تێكدەگیرێ، هەر خۆمان دەبین، لە بەرانبەریدا وەك بەكردەوە دەریش كەوت لە مەسەلەی یاسای (باری كەسێتیی)دا، كە زۆر كەس ویستیان یاساكە بە بارێكدا بخەن، بەلام بۆیان نەچۆسەر، هەرچەندە بێگومان ئێستاش هەڵەو ناشەرعیی هەر تێدان، بەڵێ: خەڵكی دیكەش كەمو زۆر خۆی بە مسوڵمان دەزانێو دیفاع لە ئیسلام دەكا، بۆیە ئێمە نابێ ڕەشبین بین، دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین: بەڕاستیی ئێمە كە لەگەڵ ئەو دوو لایەنە سیاسییەدا هاوپەیمانێتیمان بۆ هەڵبژاردنەكان بڕیارداوە، ئێمە شتی فراوانمان هێناوەتە بەرچاوی خۆمان، بۆ وێنە: لابردنو نەهێشتنی گەندەڵیی، چەسپاندنی دادگەریی، دابینكردنی مافو ئازادییەكان بۆ خەڵك، ئاوەدانكردنەوەی كوردستان، دابینكردنی پێداویستییەكانی ژیانی خەڵك، دروستكردنی ژێرخانی ئابووریی، دەربازكردنی هەرێمی كوردستان لەو قەیرانە نێوخۆییو دەرەكییانەی تێیان كەوتوە، ئێمە ئەوانەمان هێناوەتە بەرچاوی خۆمان، ئنجا پێغەمبەریش ﷺ وەختێ كە لەگەڵ خەڵكی دیكەی غەیری خۆیدا پەیمانی بەستوە، خۆ بە تەئكید لەسەر ئەوە نەبووە كە هەموویان پێكەوە نوێژ بكەن، وە لەسەر ئەوە نەبووە كە هیچیان شەراب نەخۆنەوە، كابرای جوولەكە گۆشتی بەراز دەخواو شەراب دەخواتەوەو قومار دەكات، وە كابرای (خوزاعە)یی بت دەپەرستێو هەموو ئەو شتانەی كە ئیسلام بە حەرامیان دەزانێ ئەو بە حەڵاڵیان دەزانێ ، ئەدی لەسەر چی

بووە؟ دیارە بەرژەوەندییەکی هاوبەش هەبووە، کە بریتی بووە لە: دیفاع لە یەکدیی کردنو شەڕ لەسەر یەکدیی کردن، کە ئەوە بەرژەوەندییەك بووە بۆ هەردووکیان باش بووە، لەو حاڵەتانەدا دەبێ تەماشای چی بکەی؟ دیارە دەبێ سەرنج بدەی چ شتێك بۆ تۆش و ئەویش باشە؟ کە من دەتوانم بڵێم سەدان شت هەیە بۆ ئێمە وەکو ئەو خەڵکێکی ئیسلامیی باشە، وە بۆ ئەو دوو لایەنەو لایەنەکانی دیکەش باشە، کە ئێمە دەتوانین هەموو ئەوانە بکەینە خاڵی هاوبەشو ئامانجی هاوبەشو دەستباری یەکتر بگرینو هاوکاریی یەکدیی بکەین بۆ تەحقیقکردنیان.

+ مامۆستا ! لە کۆتایی بەرنامەکەمان نزیك بووینەتەوە، بەڵام قسەی کۆتاییت چیە بۆ ئەو کەسانەی بە پێچەوانەوە وێڕای ئەوەی کە بەڵگەکانیش ئەبینن، بەڵام ئەوان هەر ئینکاریی و پێداگریی دەکەن لەسەر ئەوەی کە ئەمە مەسەلەی عەقیدەو خواو پێغەمبەری خوا ﷺ و قورئانەو، عەقیدەی ئیسلامیی لەگەڵ هیچ عەقیدەو بیروباوەڕێکی تر یەك ناگرێتەوە، ئەوەش مەسەلەی تەشریعە، واتە: زۆربەی کاتیش بە قووڵیی ناچنە ناو دەقەکانەوە، زۆر بە سادەو ساکار تێیدەگەن یان کوردێکی مسوڵمانە لێرە لە شارەکان بە فەتوای مامۆستایەك یان زانایەکی خەلیج یان وڵاتێکی تر باوەڕ دەکات، بە کورتی قسەت بۆ ئەو جۆرە کەسانە چییە؟

- بە کورتیی قسەم ئەوەیە هەموو ئەوانەی ئاوا بیردەکەنەوە، من پێموایە بەڕاستیی لە ئیسلام تێنەگەیشتوونو کەسانێکی سەرکێڵو سەتحیینو ئەزموونی نێو کاری ئیسلامییو بانگەوازی ئیسلامییو چاکسازییو پاکسازیی کۆمەڵگایان نیە، ئەگەرنا وەرە لە زانایانی هاوچەرخ، هەر

لە (حسن البنّا)و (مودودي)یەوە بگرە، هەتا (شیخ ناصرالدین الألباني)و (شیخ ابن باز)و (شیخ عثیمین)و (شیخ یوسف القرضاوي)و (شیخ محمد أبو زهرة)و...هتد، ئەو زانایانە هەموویان (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێ) ئەوانەی کە ماون و ئەوەی کە وەفاتیان کردوە، هەموویان لەسەر بەشداریی کردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا، پاشان هاوپەیمانیی دروستکردن لەگەڵ غەیردا، واتە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا بە جیاوازیی ئیدۆلۆژییەکانیشەوە، هەموولا یەکدەنگن لەسەر ئەوە، تەنیا چییان بە مەرج گرتوە؟ گوتوویانە: گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندیی مسوڵمانان دابین بکرێ، واتە: سوودو قازانجەکان دەستەبەر بکرێن و زەرەرو زیان دوور بخرێنەوە، ئنجا ئەو کەسەش کە دەڵێ عەقیدەی ئیسلامیی جیایە لە هەموو عەقیدەکان، ئێمە پێش ئەو وا دەڵێین، خۆت ئاگاداری من کتێبی (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)م هەیە شەش بەرگە، دوو سێ هەزار لاپەڕەیە، ئەگەر ئەو بە کورتی وا دەڵێ، ئێمە بە درێژیی وامان گوتوە و ڕوونمان کردۆتەوە، بەڵام ئایا عەقیدەی ئیسلامیی جیابوون لە عەقیدەکانی دیکە، مانای وایە کە مسوڵمان سەلام لە خەڵك نەکاو نەگونجێ لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بژیء و هاوکارو دەستبارگر بێ؟ خۆ ئەمە ئەگەر بۆ سۆشیالیست و زەحمەتکێشان لە ئارادا بێ، دەبووایە بۆ پارتیء و یەکێتیی پێشتر باسی بکەن، چونکە ئێمە لە ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانیشدا ئەندام بووین، کە ئێستا نازانم نە ماوین، نە نەماوین؟ پاشان لەگەڵ یەکێتیء و پارتییدا کاتی خۆی، پێشتر یەکگرتووی ئیسلامیی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان (پارتیء و یەکێتی) بوو، کۆمەڵی ئیسلامیی لیستی

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/Media Ameer Office

سەربەخۆی هەبوو، کە ئەوکاتە من لە زیندان بووم، دوایی لە هەڵبژاردنەکانی دواییدا ئێمە کەوتینە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، چونکە بارودۆخەکە وابوو کە ئێمە نەمانتوانی لیستێکی ئیسلامیی پێکبێنین‌و سەرەنجام ئێمە کەوتینە گەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان، جا خۆ لەبەرئەوە کە سۆشیالیست‌و زەحمەتکێشان کەمن، یان گچکەترن لە پارتی‌و یەکێتیی، نابێ بڵێی: ئەگەر لەگەڵ حیزبی گچکە بیکەی حەڕامە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ هی گەورە بیکەی حەڵاڵە، ئەگەر حەڕام بێ لەگەڵ هەمووان حەڕامەو ئەگەر حەڵاڵ بێ لەگەڵ هەموان حەڵاڵە، ئنجا لە حەقیقەتیشدا ئەو قەزیانە بناغەو ئەسڵ تێیاندا حەڵاڵێتی‌و حەڕامیی نیە، بەڵکو ئەسڵ ئەوەیە چۆن بەرژەوەندیی تەحقیق دەبێ؟! ئەگەرنا ئەسڵ لە هەڵسوکەوتەکاندا دەستکراوەیە، بۆیەش پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ (خذاعة) هاوپەیمانێتی جەنگ‌و ئاشتی کردوە، لەگەڵ (بني ضمرة)دا کە تیرەیەکی موشریك بوون، ڕێککەوتنی موادەعەی کردوە واتە شەڕمان مەکەن‌و شەڕتان ناکەین[1]، وە پێغەمبەر ﷺ ئامادە بووە هۆزی (غطفان) لە شەڕی خەندەقدا یەك لەسەر سێی بەروبوومی مەدینەیان بداتێ[2]، بەس لەکۆڵی ببنەوەو شەڕی لەگەڵدا نەکەن، ئامادەبوو ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ بکات، پێغەمبەر ﷺ سەعدی کوڕی موعازو سەعدی کوڕی عوبادە (کە سەرۆکی ئەوس‌و خەزرەج بوون) بانگکردن‌و ڕاوێژی پێکردن‌و فەرمووی: دەڵێن چی؟ (ڕێککەوتنەکەیان تەواو کردبوو و کەوتبوونە سەر ئیمزاکردن) ئەوە من بە تەمای

1) السيرة النبوية لابن هشام، ج2، ص318.
2) هەمان سەرچاوە، ج3، ص(108-109).

ڕێککەوتنێکی ئاوام، کە سێیەکی بەروبوومی مەدینە (کە شارێکی کشتوکاڵیی بووەو دارخورمای زۆرو کشتوکاڵو میوەجاتی زۆری بووە) بدەم بەو دوو تیرە موشریکانە بۆئەوەی لەکۆڵمان بنەوە کە ئابلۆوقەی مەدینەیان داوە، بەڵام هەردوو سەعد (خوا لێیان ڕازیی بێ) گوتیان: ئەوانە لە سەردەمێکدا کە ئێمە کافرو موشریك بووین پێش ئەوەی خوا هیدایەتمان بدات تەماعیان نەبووە لە ماڵو میوەی ئێمەدا بەبێ پارە، بە کڕین نەبێ، ئێستا کە خوای پەروەردگار ئێمەی بەهۆی تۆوەو بەهۆی ئیسلامەوە عیززەتمەند کردووە "واللە لا نعطیهم الا السیف"(1)، بەخوا جگە لە شمشێر شتێکی دیکەیان نادەینێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((رأیت العرب قد رمتکم عن قوس واحدة))، تەماشام کرد عەرەبی کافر هەموویان لە یەك کەوانەوە تیرتان تێدەگرن، واتە هەموویان لەسەرتان کۆبوونەوە، وتم دوژمنێکتان لێ کەمبکەمەوە، ئەگەر بۆ خۆتان ڕازیی نین لە خۆتان ڕادەبینن، نایکەین، ئیدی ئیتیفاقییەکەیان هەڵوەشاندەوە، کەواتە: مەسەلەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خەڵکدا، لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا دەمێنێتەوە ئەوەی کە چۆن بەرژەوەندیی مسوڵمانان زیاتر تەحقیق دەبێ، واتە: چۆن زیانیان زیاتر لێ دوور دەخرێتەوەو سوودی زیاتریان پێدەگەیەنرێ، ئا ئەوە سەنگی مەحەکە لە بواری سیاسەتی شەرعییدا، ئەگەرنا ئەوەی کە دەڵێ: ئاخر لە پەرلەماندا شتی هەڵەو ناهەق دەگوترێ، دەڵێین: مرۆڤ ئەگەر لە ماڵی خۆشیدابێو ڕازیی بێ بە یاسایەکی پەرلەمان، بە بڕیارێکی پەرلەمان

---

1) هەمان سەرچاوە، ج3، ص109.

كە لەگەڵ دەقێكی قورئان‌و سوننەت تێك دەگیرێ، ئەوە هەر لە ماڵێ كافر دەبێ‌و پێویست ناكات بچێ لە پەرلەمان كافر بێ، بەلاّم با لە نێوجەرگەی پەرلەمانیشدا بێ، ئەگەر ڕازیی نەبێ بە ناشەرعیی، نەك هەر پێی كافر نەبووە، بەڵكو وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر**)) رواه أبو داود، واتە: باشترین جیهاد بریتییە لە قسەیەكی حەق لای دەسەلاّتدارێكی ستەمكار، كە ناشەرعیی دەكا، بەڵێ تۆ لەوێ بڵێی: نەخێر، ئەوە بەڕاستیی گەورەترین جیهادەو هیچ گوناهباریی تێدا نیە، بەڵكو ئەوە گوناهبارییە كە تۆ لێگەڕێی ئەو پەرلەمانە خەڵكی دیكە بچێ‌و ناشەرعیی تێدا بڕیار بداو تۆش بێدەنگ بی، یاخود لە ماڵی خۆت پرتەو بۆڵە بكەی، نەخێر، بچۆ لەوێ قسەی حەقی خۆت بكە، ئیسلام ئاوای گوتوە، بچۆ لەوێ قسەی حەقی خۆت بكەو دیفاع لە حەقەكەی خۆت بكە، چونكە تۆ نوێنەری خەڵكی مسوڵمانی، ئەمما تۆ كە لە ماڵی خۆت پرتەو بۆڵە دەكەی‌و ڕەخنە دەگری، ئەوە بە فلسێك ناچێ، ئنجا لە ڕاستییدا ئەوانە كە ئاوا بە ڕەهایی ڕەخنە لەو جۆرە كارانە دەگرن، هەر ڕەخنە لە ئێمە ناگرن، بەڵكو ڕەخنە لە حەسەن بەنناو ئەبوولئەعلای مەودودیی‌و ئیبن بازو ناصرەددینی ئەلبانیی‌و... هتد (ڕەحمەتی خوایان لێبێ) دەگرن، وە من هیچ زاناو شارەزایەكم پێ شك نایە ڕێی كاری سیاسیی، بە (هاوپەیمانێتی)یشەوە، لە مسوڵمانان گرتبێ، بەڵكو هەموویان گوتوویانە دەبێ تەماشا بكەی: ئەگەر مەسڵەحەتی ئیسلام‌و مسوڵمانان بەوە تەحقیق دەبێ، با بكرێ‌و ئەگەر زیانی تێدایە با نەكرێ، دەجا منیش هەر ئەمە دەڵێم‌و ئەگەر زیانی

تێدابێ نابێ بیکەی، بەڵام ئەگەر بزانی بەرژەوەندیی بەوە نەبێ تەحقیق نابێ، کۆمەڵێك مەفسەدەو خراپە هەیە بەوە نەبێت لە کۆڵت نابێتەوە، ئەوە لەڕاستییدا لەوکاتەدا نەك هەر بۆت ڕەوایە، بەڵکو جاری وایە لەسەریشت پێویست دەبێ، بەپێی بنچینەی شەرعیی: (ما لایتم الواجب الاّ به فهو واجبٌ) واتە: هەرشتێك فەرزێك پەکی لەسەری کەوت، فەرز دەبێ.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بەشی سـێیەم:

# بەشدارییکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا

# هەڵسـەنگاندنێکی شـەرعییانەو ژیرانە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

# ڕێ خۆشكردن

الحمدلله رب العالمين، وصلى الله تعالى وسلم على محمد وآله المهتدين بهديه المبين.

خوێنەری بەڕێز!

ئەم بابەتەی بەردەستت لێكۆڵینەوەیەكە لەبارەی ڕەوایی و ناڕەوایی بەشداریيكردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا (واتە: پەرلەمانێك كە دەگونجێ بڕیارو یاسای ناشەرعیی تێدا دەربكرێن) لە دوو ئاڵقەی بەرنامەی (سەرنج)ی كەناڵی ئاسمانیی (پەیام)دا پێشكەشكراون، لەسەر شێوەی وتووێژو پرسیارو وەڵام لەنێوان بەڕێز كاك (عمر عبدالله گوڵپی)و بەندەداو، پاش هێنرانە سەر كاغەزیان و[1] پێداچوونەوەو چاوپێداگێڕانەوەی خۆم، بەم شێوەیەی ئێستای لێهاتووە.

هیواداریشم خوای بەزەیی بێسنوور -سبحانه وتعالى- بیگێڕێ بەمایەی زیاتر بەرچاو ڕوونبوونەوەی خوشك و برایانی مسوڵمانان و لاچوونی هەرجۆرە تەمومژو ئیشكالێك كە لەوبارەوە هەیانبووبێ.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد ألاّ إله إلاّ أنت أستغفرك وأتوب إليك

15ی ڕەجەبی 1430

8ی تەمووزی 2009 - هەولێر

---

1) لەلایەن چەند برایەكی كەناڵی ئاسمانیی (پەیام)ەوە، خوا پاداشتیان بداتەوەو وێنەیان زۆر بكات.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir7
F/Media Ameer Office

بەندی یەکەم: ئالقـەی یەکەم

بەڵگەکانی ئەوانەی بەشدارییکردن لە

هەڵبژاردنو پەرلەماندا بەناڕەوا دەزانن و

بەرپەرچدانەوەیان

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

# دەستپێك

بەڕێزان!

لەم ئالْقەیەی بەرنامەکەماندا باس لە ڕەوایی‌و ناڕەوایی بەشدارییکردن لە هەڵبژاردن‌و پەرلەماندا دەکەین، بە تایبەت کە لەم کاتانەدا قسەوباس لەسەر ڕەوایەتی‌و ناڕەوایەتی بەشدارییکردنی هەڵبژاردنەکان‌و پەرلەماندا، لەلایەن هەندێك لەو کەسانەوە دروست دەبێ کە لە چوارچێوەی ئیسلامییەکاندا بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە.

+ بەڕێز مامۆستا! وەك دیارە لەم کاتانەدا بیروبۆچوونێك هەیە کە لە چوارچێوەی پرسیار لەسەر ڕەوایەتی هەڵبژاردن‌و بەشدارییکردن لە پەرلەماندا خۆی دەبینێتەوە، لێرەدا دوو بۆچوونی سەرەکیی هەن، بۆچوونێك پێی وایە بەشدارییکردن لە هەڵبژاردن‌و پەرلەماندا ناڕەوایە، خاوەنی ئەم بۆچوونەش هێندێك ئایەت‌و فەرموودەو قسەی زانایانیش بە بەڵگە دەهێنێتەوە، وە لەلایەکی ترەوە بۆچوونێکی دیکەشمان هەیە کە بە پێچەوانەوە، پێی وایە بەشدارییکردن لە هەڵبژاردن‌و پەرلەماندا نەك گرفتێك نیە، بەڵکو هێندێك جار بە واجبیشی دەزانن، بەڵگەشیان لە قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ‌و بۆچوونی زانایانی هاوچەرخ هەیە، ئێمە لەم ئالْقەیەدا پشت بە خوا پرسیارەکانمان لەو چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە، جا بەڕێز مامۆستا! سوپاست دەکەین کە دەرفەتمان ئەدەی‌و ئەمجارە تەشریفت هێنا بۆ ستۆدیۆی دووەمی بەرنامەی سەرنج.

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

ـ بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله وصلى الله تعالى وسلم وبارك على رسول الله محمد وآله وصحبه ومن اهتدى بهداه، منیش خۆشحاڵم بە دیدارتانو لە خزمەتدام.

+ سەرەتا لە پێناسەی هەڵبژاردنو پەرلەمانەوە دەستپێدەکەین، پاشان دێینە سەر تەوەرەکان، بەڕێزت وەك بڕیارو نووسەرو ڕۆشنبیرێکی ئیسلامیی، چۆن پێناسەی ئەم دوو چەمکە دەکەی، مەبەستم هەریەکە لە هەڵبژاردنو پەرلەمانە بەشێوەیەکی گشتی؟

ـ من بە باشی دەزانم بەرلەوەی پێناسەی هەڵبژاردنو پەرلەمان بکەین، دوو سێ ڕوونکردنەوەی کورت عەرز بکەم بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی هەموو لایەك:

1- زانایانی پێشین ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێ کەمو زۆر دەربارەی هەڵبژاردن بەو فۆرمو شێوەیەی کە ئێستا هەیەو دەربارەی پەرلەمان قسەیان نەکردوە، چونکە واقیعێکی وەکو ئەوەی ئەمڕۆ ئەوکاتە لە ئارادا نەبووە، لەبەر ئەوە هەر کەسێك بۆ قسەی زانایانی پێشین بگەڕێ بۆ ڕەوایی یان ناڕەوایی بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنو پەرلەماندا، شتێکی ڕاستی نەکردوە.

2- ڕوونکردنەوەی دووەم ئەوەیە کە بەشدارییکردن لە پەرلەماندا، کە ئایا دروستە یان نا؟! مەبەستیان پێی پەرلەمانێکە کە زۆرینەی خەڵکەکەی نامسوڵمان یان نائیسلامیی بێ، ئەگەرنا ئەنجوومەنێکی ڕاوێژ، یان پەرلەمان، یاخود ئەنجوومەنی نوێنەران، کە ئەمانە هەموویان ناون بۆ یەك نێوەڕۆك، واتە: ئەوانەی کە نوێنەری خەڵکن،

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

هەموو زانایانو شەرعزانانی هاوچەرخو هی پێشینیش لەسەر ئەوە یەكدەنگن كە مسوڵمانانی نێو هەر قەوارەیەكی ئیسلامیی، بەڵكو هەر كۆمەڵێكی ئیسلامیی، پێویستە نێوەندێكی بڕیاریان هەبێو، نێوەندێكی یاسادانانیان هەبێ كە پێكهاتبێ لە كەسانێك كە خەڵك هەڵیان دەبژێرێ، ئەویش وەكو بەرجەستەكردنی ئایەتی خوای پەروەردگار كە دەفەرموێ: ﴿... وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ... ﴿٣٨﴾ الشورى﴾، واتە: كاروباری مسوڵمانان لەنێو خۆیاندا بە ڕاوێژە، جا ئەو ڕاوێژە دەگونجێ ڕاوێژی ڕاستەوخۆ بێو هەموو خەڵك كۆبكرێتەوەو پرسو ڕاوێژیان پێبكرێ، وەكو لە یۆنانی قەدیمدا هەبووە، دەشگونجێ ڕاوێژپێكردنی ناڕاستەوخۆ بێ كە نوێنەرانیان كۆببنەوە لە ئەنجوومەنێكدا، كەواتە: پێویستە ئەوە بزانرێ ئەو مشتومڕەی هەیە لەنێو زانایانی هاوچەرخدا بۆ پەرلەمانێكە كە وەكو گوتم تێكەڵە.

+ عەلمانییو ئیسلامیی؟

- بەڵێ، یان مسوڵمانو نامسوڵمان، وە دەگونجێ یاساو بڕیاری ناشەرعیی تێدا دەربكەین.

3- ڕوونكردنەوەیەكی دیكەشم ئەوەیە كە كاتی خۆی لە گەرمەی هەڵبژاردنەكانی ساڵی (1992)دا كە ئەوكاتە لەژێر ناوونیشانی (بزووتنەوەی ئیسلامیی)دا بووین، ئەوكاتیش ئێمە بەشداربووینو هیچ كام لەو هەلومەرجانەی ئێستاش لە ئارادا نەبوون، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە ئێمە قەناعەتمان بەوە بووە كە بەشداریی ئەو پرۆسەیە بین، جا من ئەو كاتە كتێبێكم نووسی بە ناوی: (چارەسەری كێشەی كورد لە نێوان ئیمانو پەرلەماندا)، وە ئێستا هەندێك كەس

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media/AmeerOffice

هەندێك قسەی ئەو کتێبە بە بەڵگە دێنینەوە لەسەر ئەوەی کە ئێمە هەڵوێستی ئێستامان جیایە لە هی ئەوکاتە، هەڵبەتە ئینسان ئەگەر چاو بە هەندێ هەڵوێستو بیروبۆچوونی خۆیدا بگێڕێتەوە، هیچ خراپەیەکی تێدا نیە، بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە کە ئەگەر ئینسان هەڵەیەکی کردبێ دانی پێدا بنێو ڕاستی بکاتەوە، بەڵام بەڕاستیی ئەوەی کە لەوێدا گوتراوە، دەربارەی بەشداریپێکردنمان لە هەڵبژاردنو پەرلەماندا، لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا دەیڵێین، جیاوازییەکی ڕیشەیی نیە، ڕەنگە لە هێندێك تەعبیرو شێوازی دەربڕیندا جیاوازیی هەبێ، بەڵام جیاوازیی ڕیشەیی نیە، چونکە لەوێشدا گوتراوە: کە پەرلەمانێك یاسا دەربکات، یاسایەك کە پێچەوانەی شەریعەت بێ، واتە حەڵاڵێك حەرام بکات، حەرامێك حەڵاڵ بکات، ئەوە بەتەئکید بە شیركو کوفر لەقەڵەم دەدرێ، وە ئێستاش هەروا دەڵێین، بەڵام ئایا مسوڵمانانێك کە بەشدار دەبن لە پەرلەمانێکی وادا بۆ ئەوەی ڕێگا بگرن لەو شیركو کوفرەو ڕێگا بگرن لەوەی حەڵاڵێکی خوا حەرام بکرێ، یان حەرامێکی خوا حەڵاڵ بکرێ، ئایا دروستە یان دروست نیە؟ دەڵێم: بێگومان نەك هەر دروستە، بەڵکو پێویستیشە، چونکە مەعقووڵ نیە لە نێوەندێکی بڕیاردانـدا بە نـاوی میللەتێکی مسوڵمانەوە، حەڵاڵو حەرامی خوا دەستکاریی بکرێو بگۆڕرێ، تۆش تەماشاچی بیو نەچی بەشداریی بکەیو ڕێی لێبگریو قسەی خۆت لەوێدا نەکەی!! وەکو گوتم لە ڕیشەو بنچینەی فیکرەکەدا، ئەوەی کە ئێستا دەیڵێین ئەوکاتەش هەر وامانگوتوە(1)، بەڵام دیارە شێوازی

(1) لەکۆتایی لێکۆڵینەوەدا لەوبارەوە گوتوومە: {کەواتە: ئەو مسوڵمانەی کە دەچێتە

تەعبیر لەگەڵ هی حەقدە ساڵ پێش ئێستا دەگۆڕێ.

ئنجا بۆ سەلماندنی ڕەوایی هەڵبژاردنو بەشداریی لە پەرلەماندا، سەرەتا پێناسەی هەڵبژاردن دەکەینو هاوكات وەك بەڵگەی یەکەمیش دەڵێین:

1) هەڵبژاردن چ بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بێ لەسەر ئاستی ولاتێك وەکو عێراق، وە چ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێك یاخود ئەنجوومەنی نوێنەران بێ لەسەر ئاستی هەرێمێك، وە چ بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا بێ‌و، چ بۆ ڕێکخراوێکی پیشەیی بێ وەکو قوتابیان، ئەندازیاران، پزیشکان، مامۆستایان، هەموو ئەو هەڵبژاردنانە دەچنەوە نێو ئایەتی خوای پەروەردگارەوە کە دەفەرموێ: ﴿... وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ... ﴿٣٨﴾﴾ الشورى کاروباری مسوڵمانان بە ڕاوێژە، واتە بۆ خۆیان ڕاوێژو مەشوەرەت دەکەنو سەرەنجام دەگەنە ئەوەی کە هەندێك کەس بکەنە نوێنەری خۆیان، کەواتە: لەپێناسەی هەڵبژاردنەوە بۆمان دەدەکەوێ کە نەك هەر شتێکی ڕەوا بگرە پێویستیشە ، کەواتە: بەشداریی لە هەڵبژاردندا بۆ دیاریکردنی نوێنەرو مشوورخۆران ئەرکێکی شەرعییە ، ئەوە بەڵگەی یەکەم.

---

پەرلەمانێکەوە تاکو لەوێدا ئەرکی بانگەوازکردنی خەڵکی بۆلای خوا، یان ئەرکی فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپە ئەنجام بدات، ئومێد وایە نەك هەر گوناهبار نەبێ، بەڵکو بەئەندازەی ئیخلاصو پەریزی چاکیی خێرو پاداشتیشی بۆ بنووسرێ...﴾.

بڕوانە: (چارەسەری کێشەی کورد لەنێوان ئیمانو پەرلەماندا) لاپەڕە: 45، چاپی یەکەم: 1992.

2) پاشان هەموو دواندنەكانی قورئان بۆ كۆمەڵگای مسوڵمانی یەكەم بە: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا...﴾ دەستپێدەكەن لە قۆناغی مەدەنییدا، واتە: لە قۆناغی مەدەنییدا كە قۆناغی دروستبوونی كیانو قەوارەیە، خوا (سبحانه وتعالى) بەگشتیی مسوڵمانانی بانگكردوە، كەواتە: مسوڵمانان بەگشتیی بەرپرسیارن بەرانبەر بە كۆمەڵگای خۆیانو بەرانبەر بە دینو ژیانی كۆمەڵگەكەیانو پێویستە هەموویان لە خەمی ئیدارەكردنو بەڕێوەبردنی وڵاتدا بن، ئنجا دیارە ناشكرێ هەموویان سەرۆك، وە هەموویان وەزیر یان نوێنەر بن، بۆیە بەناچاریی دەبێ پەنا بەرنە بەر هەڵبژاردن.

3) پاشان ئەگەر تەماشای سیرەی پێغەمبەر ﷺ بكەین، دەبینین ئەویش هەر وایكردوە، بۆ وێنە: لە پەیمانی عەقەبەی دووەمدا كە حەفتاو پێنج كەس لە یەسرىبییەكان بەشدار بوون، پەیمانیان بە پێغەمبەر ﷺدا، كە وەكو حوكمڕانو برا گەورەیان بچێ بۆ مەدینە، حەفتاو سێ پیاوو دوو ئافرەت بوون، جا دوای ئەوە كە بەڵێنو پەیمانی پێ دەدەن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:[1] **{أَخرجوا اليَّ منكم اثني عشر نقيباً ليكونوا على قومهم بما فيهم}**، واتە: لەنێو خۆتاندا دوانزە نوێنەر (نەقیب)م بۆ هەڵبژێرن، بۆئەوەی كە ئەوان سەرپەرشتیاری قەومەكەیان بن، واتە ئەو دوانزە كەسە هەر كامێكیان سەرپەرشتیاری تیرەیەك، یان كۆمەڵێك لەو خەڵكە دەكا

1) رواه الطبراني في الكبير، والذهبي في تأريخ الاسلام، وابن سيد الناس في عُيون الأثر، بڕوانە: السيرة النبوية لابن هشام، ج1، ص(228-229).

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media/AmeerOffice

کە مسوڵمانبوون، وە لە ڕووداوێکی دیکەی ژیانی پێغەمبەردا ﷺ فەرموویەتی: با نوێنەرانتان ئەو ڕایەمان بۆ دەربب‌ڕن[1].

4) پاشان ئەگەر لە ڕووی فیقهییەوە تەماشا بکەین، دەنگدان یانی چی؟ واتە خەڵکێک دەچێ دەنگدەدا بۆئەوەی کەسانێک ببنە نوێنەری و، بچنە پەرلەمان و ئەنجوومەنێکەوە، لەوێ بڕیار بدەن و یاسای بۆ دەربکەن، جا ئایا دەنگدان لە ڕووی فیقهییەوە دەبێتەوە بە چی؟ دەڵێین: دەبێ بە شایەدییدان، جا خوا (سبحانه وتعالى) لە ئایەتی (282)ی سووڕەتی ئەلبەقەرەدا لەوبارەوە کە پێویستە کەسێک کە شایەدییەکی لەلایە هەرکات پێویست بوو، بچێ بۆ شایەدیی دان، فەرموویەتی: ﴿...وَلَا يَأْبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُوا۟...﴿٢٨٢﴾﴾ واتە: وە شاهیدەکان کاتێک بانگدەکرێن با مانیع نەبن لەوەی کە بچن، واتە کاتێک یەکێک بانگدەکرێ بۆ شایەدییدانێک، پێویستە بچێ، دەجا ئەوکەسەی کە دەچێ دەنگدەدا، لەڕاستییدا دەنگدانەکەی بەوە کە فلان کەس با نوێنەرم بێ، یان ئەگەر لیستی داخراو بێ، با فلان حیزبە نوێنەرەکانی من دیاریی بکا، ئەوە یانی چی؟ واتە:

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

1) رواه البخاري، بڕوانە: (البداية والنهاية)، ج4، ص410، پوختەی ئەو ڕووداوەش ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ پاش جەنگی حونەین و گرتنی دەستکەوتێکی زۆر و پاشان مسوڵمانبوونی هۆزی (هوازن) سەرپشکی کردن لەنێوان هاوسەر و منداڵەکانیاندا کە بەدیل گیرابوون و ماڵ و سامانەکانیان کە بیانداتەوە، ئەوانیش داوای هاوسەر و منداڵەکانیان کردەوە، جا کاتێک پێغەمبەر ﷺ داوای لەسوپایەکەی کرد کە دیلەکانیان بۆ ئازاد بکەن و زۆربەیان گوتیان ڕازین، فەرمووی: **{إنا لاندري من أذِنَ منكم مِمَّن لم يأذن، فارجعوا حتى يرفع إلينا عُرفائكم أمركم}**، واتە: ئێمە نازانین کێتان ڕازییە و کێتان ناڕازییە، بگەڕێنەوە با عەریفەکانتان هەڵوێستتانمان بۆ بەرز بکەنەوە.

شایەدییدەدا کە ئەو نەفەرانە شایستەی ئەوەن بڕیاربەدەست بن و نوێنەری خەڵك بن و سەرپەرشتیاری خەڵك بن، کەواتە: ئەوە شایەتییدانەو خوای پەروەردگارییش فەرمانی کردووە: ﴿...وَلَا يَأْبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُوا۟ ...﴿٢٨٢﴾﴾ شاهیدەکان کاتێك بانگدەکرێن بۆئەوەی شایەدیبدەن، با سەرپێچی نەکەن، وە لە ئایەتی ژمارە (283)و هەر لە سوورەتی ئەلبەقەرەدا دەفەرموێ: ﴿...وَلَا تَكْتُمُوا۟ ٱلشَّهَٰدَةَ ۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٌ قَلْبُهُۥ ...﴾، واتە: وە شایەدییدان مەشارنەوە، (واتە: تۆ دەزانی کە فلان کەس شایستەیە، ئەوە شایەدییەکە لای تۆ، ئەو شایەدییە مەشارەوە)، هەرکەس بیشارێتەوە دڵی گوناهبارە، واتە لەسەر موسوڵمانان پێویستە بچن شایەدیی بدەن بۆ کەسانەی کە بە شایستەیان دەزانن نوێنەرو بەرپرسیان بن.

+ کەواتە بەشدارییکردنەکەش دەبێتە واجب؟

ـ بەڵێ دەبێتە واجب، بۆچی؟ چونکە بنچینەیەکی شەرعییمان هەیە، دەڵێ: "ما لايتم الواجب إلا به فهو واجب"، هەر شتێك فەرزێك لەسەری پەکی بکەوێ، ئەویش فەرز دەبێ، جا ئایا فەرز نیە کەسانێك هەبن مشوورمان بخۆن؟ بە تەئکید با، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ وَأُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ ...﴿٥٩﴾﴾ النساء، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! فەرمانبەریی خواو فەرمانبەریی پێغەمبەر ﷺو کاربەدەستانێ کە

www.AliBapir.net
FB/AliBapir
Youtube/AliBapir
FB/MediaAmeerOffice

لە خۆتانن بكەن، بەڵێ كاربەدەستانی خۆمان دەبێ خۆمان هەڵیانبژێرین، فەرزە ئێمە كاربەدەستانو مشوورخۆرانێكمان هەبن كە كاروبارمان بەڕێوە بەرن، ئەوەش نایەتەدی مەگەر بە هەڵبژاردن، ئەگەرنا خۆ كەس ئایەتی بۆ نەهاتۆتە خوارەوە كە حوكمڕان بێو ئەوی دیكە فەرمانبەر بێ، پوختەی مەبەست: خوای پەروەردگار خیتاب لەگەڵ مسوڵمانان دەكا، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ...﴾ النساء ﴿٥٩﴾ مانای وایە كۆمەڵگای مسوڵمان لەسەری پێویستە، فەرمانبەریی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بكاو كاربەدەستانێكی هەبن كە بە قسەیان بكا لە سنووری قورئانو سوننەتدا، كەواتە: واجبە ئێمە كاربەدەستانێكمان هەبن، دیارە ئەو كاربەدەستانەش پەیدا نابن بەبێ هەڵبژاردن، كەواتە: ئەو هەڵبژاردنەش دەبێتە فەرز.

5) دوایی دەڵێین: بەدیلی ئەوە كە خەڵك نوێنەرانو كاربەدەستانی خۆی هەڵبژێرێ، چییە؟ بێگومان دوو شتە:

یەكەم: حوكمی خۆسەپاندنو تاكییو دیكتاتۆریی.

دووەم: حوكمی میراتیی، یانی كەسێك دەمرێ كوڕی لەجێی بێو وە هەروەها، وەك ئەوەی ئەو خەڵكە مەڕومالاَت بێ، وەكو چۆن كابرا كە دەمرێ كوڕەكەی مەڕو ماڵەكەی بە میرات دەگرێ، ئەو میللەتو خەڵكەش وەكو مەڕو ماڵ تەماشا دەكرێ، بەڵێ سیستەمی حوكمڕانیی ئەگەر شووڕایی نەبێ یان دەبێ حوكمی میراتیی بێ، وەك ئەو پادشایەتیو مەلیكایەتییەی كە هەیە، یان دەبێ دیكتاتۆرییو خۆسەپاندن بێ، كێ دەسەلاَتی هەبوو خۆی بسەپێنێ، وەكو هەندێك

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

لە شەرعزانان لەژێر کاریگەریی واقعێکیی ناشەرعییدا بنچینەیەکی غەڵەتیان داناوە، دەڵێن: "من اشتدَّتْ وطأته وجَبَتْ طاعته"، کێ دەسەڵاتی زۆر بێ، پێویستە بە قسەی بکرێ، جا ئەگەر بەو پێیە بێ، دەبوو مووساش لە قسەی فیرعەون دەرنەچووباو ئیبراهیمیش لە قسەی نەمروود دەرنەچووباو، موحەممەدیش (سەڵاتو سەلامی خوا لەسەر هەموویان) لە قسەی ئەبووجەهلو ئەبوو سوفیانو ئەوان دەرنەچووبا!! کە دیارە ئەوە قسەیەکی پووچە.

ئنجا ئایا پەرلەمان چییە؟ بەپێی پێناسەی ئێستا پەرلەمان ئەو ئەنجوومەنەیە کە سێ ئەرکی سەرەکیی هەن، یەك: یاسادانان، دوو: موافەقەکردن لەسەر پێکهێنانی حکومەت پاشان چاودێریی ئەو حکومەتەو دوایی لێپرسینەوەی وەزیرەکانو سەرۆکی حکومەت لەسەر ئەو شتانە کە دەیکەنو تێبینی لەسەریان هەیە، سێ: بڕیاردانی بودجەی حکومەتو وەزارەتەکان، پاشان ئاگاداربوون لە واریداتی دەوڵەتو نەفەقاتی دەوڵەت، چی دێو چۆن سەرف دەکرێ؟ ئنجا ئایا ئەگەر کەسێك بچێتە ئەو ئەنجوومەنەوە بۆ ئەوەی یاسایەك دەرنەچێ پێچەوانەی شەریعەت بێ، ئەوە حوکمی چییە؟ بێگومان ئەوە واجبە، ئەدی ئەگەر لێ بگەڕێ ئەو ئەنجوومەنە یاسا دەربکاو پێچەوانەی شەریعەتیش بێو دوایی بە ناوی ئەو خەڵکەشەوە تەواو بێ، ئەوە گوناه نییە؟ بە تەئکید ئەوە گوناهە، پاشان حکوومەت کە چاودێریی هەڵسوکەوتی سەرۆكو وەزیرو کاربەدەستەکانی بکرێو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ، ئایا ئەوە پێویستە یان نا؟! بێگومان پێویستە، چونکە پێغەمبەر ﷺ تێکرای

www.AliBapir.net E/AliBapir Youtube/AliBapir F/Media AmeerOffice

مسوڵمانانی بە بەرپرسیار زانیون بەرانبەر بە کۆمەڵگا: **((كلكم راع وكلكم مسؤل عن رعيته))**، رواه مسلم بەلاّم بە تەئکید پەرلەمان دەسەلاّتی زیاترەو دەستی کراوەترە بۆ لێپرسینەوەی بەرپرسەکان، کەواتە: هەموو ئینسانێك ئەرکیەتی کە چاودێریی حکوومەتو کاربەدەستانی بکا، چ جای ئەنجوومەنێك بێ بە دەستی کراوەترەوە بتوانێ ئەو سەرۆکە یان وەزیرە بێنێتە بەردەم خۆیو لێی بپرسێتەوە، ئنجا ئاگاداربوون لەوە کە ماڵو سامان چی دێ بۆ ئەو وڵاتەو چۆن سەرف دەکرێ؟!

بێگومان ئەوەش ئەرکێکی دیکەی شەرعیی گرنگو گەورەیە، کەواتە: ئەو پەرلەمانە بەو مواسەفاتە پێویستە کە خەڵکی باشی بچێتە نێوو مسوڵمانان لە بەرانبەریدا خۆ بە بەرپرسیار بزانن و مەیدان چۆڵ نەکەن بۆ کەسانی دیکە ببنە نوێنەریان، کە دوایی لە بواری یاساداناندا ڕەچاوی شەریعەتو دینو ژینی خەڵك نەکەنو، ڕەچاوی بەها بەرزە ئەخلاقییەکانی خەڵك نەکەن، هەروەها لەبواری دوو ئەرکە گەورەو گرنگەکەی دیکەی پەرلەماندا، بۆیە: ئەگەر مسوڵمانانی کۆمەڵگایەك کەمتەرخەم بن بەرانبەر بە ئەنجوومەنێکی ئاواو، هەوڵنەدەن بچنە نێوی بۆ ئەوەی ئەو سێ ئەرکە سەرەکییە جێبەجێ بکەن، بێگومان گوناهبار دەبن.

+ بەلاّم مامۆستا ئێمە کاتێك هێندێ کتێب دەخوێنینەوە یان لە ئینتەرنێت تەماشا دەکەین هێندێ بیروڕا هەیە، یان قسەی هێندێ خەڵك دەبیستین پێیان وایە بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنو پەرلەمان ناڕەوایەو لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە حەڕامو داهێنراوەو پەرلەمان لە جێگای خوای گەورە بڕیار دەدا، جا ئێمە دەمانەوێ بپرسین: ئایا

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media Ameer Office

خاوەنی ئەو بیرو ڕایانە بەڵگەیان هەیە؟ یان ئەو ئایەت و فەرموودانەی بە بەڵگە دەیانهێننەوە کامانەن؟ ئایا دەبنە بەڵگە بۆ ئەو بیرورایە یان نا؟

- ئەوەندەی من سەرنجمداوە، ئەوانەی کە بەشدارییکردن لە پەرلەمانێکی بەو شێوەیەدا کە باسمکرد، واتە: پەرلەمانێکی تێکەڵ، یاخود زۆرینەی خەڵکی نائیسلامیی یان نامسوڵمان بێ، بە قەدەغە دەزانن، سێ جۆرە بەڵگەیان هێناونەوە: یەکەم: چەند ئایەتێك، دووەم: چەند دەقێکی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، سێیەم: چەند بەڵگەیەکی عەقڵیی و واقیعیی.

**جۆری یەکەمی بەڵگەکانیان: ئەم چوار ئایەتە بە بەڵگە دێننەوە:-**

1/ ئایەتی (68)ی سوورەتی (الأنعام) کە دەفەرمویَ: ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦ ۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، لێرەدا خوا -عزوجل- بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویَ: وە هەرکات ئەوانەت بینی کە کوفرو گاڵتە بەئایەتەکانی ئێمە دەکەن، پشتیان تێبکە تاکو دەچنە نێو قسەو باسێکی دیکەوە، وە ئەگەر شەیطان لەبیری بردیەوە ئەوە دوای بیرکەوتنەوە لەگەڵ کۆمەڵی ستەمکاراندا دامەنیشە.

2/ ئایەتی (140)ی سوورەتی (النساء) کە دەفەرمویَ: ﴿ وَقَدْ نَزَّلَ

عَلَيْكُمْ فِي ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُواْ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْكَٰفِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴾، کە ئەمیش هەمان نێوەڕۆکی ئایەتی پێشووی هەیەو خوا سبحانە وتعالی بە مسوڵمانان دەفەرموێ: وە لەکتێبدا بۆتان نێرراوەتە خوا -کە ئاماژەیە بە ئایەتی (68)ی (الأنعام)- کە هەرکات بیستتان ئایەتەکانی خوا کوفریان پێدەکراو گاڵتەیان پێدەکرا، ئەوە هەتا دەچنە نێو باسێکی دیکەوە لەگەڵیان دامەنیشن، ئەگەرنا ئێوەش وەك وان دەبن، بێگومان خوا موونافیقانو کافران وێکڕا لەدۆزەخدا کۆ دەکاتەوە.

3/ ئایەتی (113) لە سوورەتی (هود) کە دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمْ النَّارُ وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لاَ تُنصَرُونَ﴾، واتە: وە بەلای ئەوانەدا کە ستەمیان کردوە دامەشکێن، دەنا ئاگرتان تووش دەبێو هیچکەسیش جگە لەخوا دۆستتان نابێو پاشان سەرناخرێن.

4/ ئایەتی (21)ی سوورەتی (الشورى) کە دەفەرموێ: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوْلَا كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢١﴾ ﴾، واتە: یان ئایا چەند هاوبەشێکیان هەن کە بێ ئەوەی خوا مۆڵەت بدا بەرنامەیان بۆ داناون! وە ئەگەر بڕیاری هەڵاواردن (لە دواڕۆژدا) نەبووایە دادوەرییان لەنێواندا دەکرا، وەبێگومان ستەمکاران

www.AliBapir.net
YouTube/AliBapir
F/Media/AmeerOffice

ئازارێکی بە ئێشیان هەیە.

ئەمە جۆری یەکەمی بەڵگەکانیان، دیارە هەندێ ئایەتی دیکەش دەهێننەوە، بەڵام ئەوانیش هەر لە چوارچێوەو سووڕگەیەی ئەم ئایەتانەدا دەسووڕێنەوە، چۆنیەتی بەڵگە هێنانەوەشیان بەم ئایەتانە، بەجۆرەیە:

1و2: بەنسبەت ئایەتی (68)ی (الأنعام)و ئایەتی (140)ی (النساء)ەوە دەڵێن: وەك دەبینری خوای کاربەجێ لە بڕواداراني قەدەغەکردوە کە لەگەڵ کەسانێك لەکۆڕو مەجلیسدا دابنیشن کە کوفرو گاڵتە بەئایەتەکانی خوا دەکەن، وە فەرموویەتی: کە لە سۆنگەی دانیشتنیان لەوجۆرە کۆڕو مەجلیسانەدا دەچنە ڕیزی ئەوانەوە: ﴿... إِنَّكُمۡ إِذٗا مِّثۡلُهُمۡۗ ... ١٤٠﴾ النساء، جا ئەگەر دانیشتنی تەنیاش قەدەغەبێ، چۆن چۆنی بوونە ئەندام لە پەرلەمانێکدا کە یاسای پێچەوانەی شەریعەت دەردەکا، ڕەوایە؟!

3: وە بەنسبەت ئایەتی (113)ی (هود)ەوە دەڵێن: خوای زانا – عزوجل- بەلاداشکانو مەیلکردنی ستەمکارانی قەدەغەکردووەو هەڕەشەی سزادانی لەوکەسانە کردوە کە بەلای ستەمکاراندا دەچن، کەواتە: چۆن ڕەوایە بەشداریی پەرلەمانێك بکرێو تێیدا ببیە ئەندام، کە یاساو بڕیاری ستەمکارانەو پێچەوانەی شەریعەتی تێدا دەدرێن؟!

4: وە بەنسبەت ئایەتی (21)ی (الشوری)وە دەڵێن: خوای بەرزو مەزن

لەم ئایەتەدا ڕایگەیاندوە کە هەرکەسێك ئایینو بەرنامەی ژیانی لەکەسو لایەنێکەوە وەربگرێ، ئەوە ئەو کەسو لایەنەی کردوە بە هاوبەش (شريك)ی خوا -سبحانه وتعالى-، کەواتە: پەرلەمانێکیش کە یاساو بڕیاری دژ بەشەریعەت دەردەکا، کراوەتە هاوبەشی خواو بەهیچ جۆرێك بەشداریی تێداکردنی ڕەوا نیە!

**جۆری دووەمی بەڵگەکانیان چەند دەقێکی سوننەتو سیرەیە، لەوانە:**

1) "مَنْ كثَّر سواد قوم، فهو منهم"، کە (أبو يَعْلى) گێڕاویەتەوە، واتە: هەرکەسێك ئاپۆرایی یاخود ژمارەی کۆمەڵێك زۆر بکا، ئەویش لەوانە.

2) وە هەر لەوشێوەیە دەقێکی دیکەش هەیە کە دەفەرموێ: **((من تشبَّه بقوم فهو منهم))**، رواه أبو داود والطبراني، واتە: هەر کەسێك خۆی وەکو کۆمەڵێك لێبکا، ئەویش لەوانە، بۆیەش دەڵێم دەق، چونکە کێشە لەنێو زانایاندا هەیە کە ئایا ئەم دوو دەقە فەرمایشتی پێغەمبەرن ﷺ یان نا؟

3) دەقێکی دیکە ئەوەیە کە (ابن هشام) لە (السيرة النبوية)دا[1] هێناویەتی کە هاوبەشدانەرەکان وەفدێك کە بریتی دەبێ لە (عتبة بن ربيعة) دەنێرن بۆلای پێغەمبەر ﷺو بۆی پێشنیار دەکەن، دەڵێن: ئەی موحەممەد! ئەم قسەیەی کە هێناوتە، (واتە ئەم دینو قورئانە) ئەگەر مەبەستت پێی ماڵو سامانە، هێندەت ماڵو سامان بۆ کۆدەکەینەوە لە هەموومان ساماندارتر بی، وە ئەگەر مەبەستت پێی

1) السيرة النبوية لابن هشام، ج1، ص146.

www.AliBapir.net
F/AliBapir/Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeenOffice

سەرۆك خێڵایەتییە، دەتكەینە سەرۆكی خۆمان، وە ئەگەر مەبەستت پێ پادشایەتییە، دەتكەینە پادشای خۆمان، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ئەو شتانە ڕەفز دەكا.

4) بەڵگەیەكی دیكەیان ئەوەیە كە دەڵێن: قورەیشییەكان (دار الندوة)یان هەبووەو دەڵێن: (دار الندوة)ی ئەوكاتە لەجێی پەرلەمانی ئێستا بووە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ئامادە نەبووە ببێتە ئەندام تێیدا، بەڵێ ئامادە بووە بچێ قسەیان بۆ بكا، بەڵام ئامادە نەبووە لەوێدا ببێتە ئەندام، ئەم قسەیە موحەممەد قوتب لە كتێبی: (واقعنا المعاصر)دا هێناویەتی[1].

چۆنیەتی بەڵگە هێنانەوەشیان بەم دەقانەی سوننەت و سیرەی پێغەمبەر ﷺ بەم شێوەیە:

1و2: بەنسبەت دەقی: (مَنْ كثَّر سواد قوم، فهو منهم)و دەقی: (من تشبَّه بقوم فهو منهم)ەوە دەڵێن: مادام هەركەسێك ژمارەو ئاپۆرایی كۆمەڵێك زۆر بكا، یان خۆی وەك وان لێبكا حوكمی ئەوانی هەبێ و بچێتە ڕیزی وانەوە، كەواتە: بوونە ئەندام لەپەرلەمانێكدا كە یاساو بڕیاری دژو پێچەوانەی ئیسلام دەردەكا، ڕەوا نیە، چونكە بابای پەرلەمانتار هەرچۆن بێ ژمارەو كۆمەڵی كەسانێكی لادەرو لاڕێ زیاد دەكات.

3: وە بەنسبەت دەقی سێیەمەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ هەرسێك

1) واقعنا المعاصر، ص(463-464).

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

پێشنیارەکانی شاندی هاوبەش دانەرەکانی ڕەفزکردووەو ئامادە نەبووە که سەروەت‌و سامانی خۆیانی پێبدەن، وە ببێتە سەرۆك هۆزیان، وە ببێتە پادشایان، دەڵێن: کەواتە: دروست نیە مرۆڤی مسولمان بە کەمتر لەوە، کە ببونە ئەندامە لە پەرلەمانێکی وادا ڕازی بێ‌و بەشداربێ!

4: وە بەنسبەت ئەوەوە کە پێغەمبەر ﷺ ئامادەنەبوو لە (دار الندوة)دا بەشداربێ‌و تێیدا ببێتە ئەندام، دەڵێن: بەهەمان شێوەش دروست‌و ڕەوا نیە کە خەڵکی مسولمان‌و ئیسلامیی لە پەرلەمانێکی بەو جۆرەدا ببێتە ئەندام‌و بەشداریی بکا.

**جۆری سێیەمی بەڵگەکانیان، ئەوەیە کە چەند بەڵگەیەکی عەقڵی دێننەوە:**

یەکەم: دەڵێن: پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ حەرام حەڵاڵ دەکاو حەڵاڵ حەرام دەکا، ئەوەش شیرك‌و کوفرە، کەواتە بە لای کەمەوە قەدەغەیە لە کۆڕو مەجلیسێکی ئاوادا بەشداربی.

دووەم: دەڵێن: بەشداریی لە پەرلەماندا مایەی شەرعییەتپێدانی ئەو قەوارە سیاسییەو ئەو ئەنجوومەنەیە کە حەڵاڵ‌و حەرام دەستکاریی دەکا، جا چۆن دەبێ شەرعییەت بە شتێکی وا بدەین؟ وە چۆن دەبێ خەڵك چەواشە بکرێ‌و سیمای دزێوی ئەو قەوارەیە جوان بکرێ بە بەشداریی تێداکردنی؟

سێیەم: بەڵگەیەکی دیکەیان ئەوەیە کە بەشدارییکردن لە پەرلەماندا دەبێتە هۆی خلیسکانی کەسانێك کە تیایدا بەشدار

www.AliBapir.net
F/AliBapir
YouTube/AliBapir2
F/MediaAmeerOffice

دەبن‌و دەبێتە مایەی فیتنەو تووشی گوناهبوونیان.

چوارەم: بەڵگەیەکی دیکەیان ئەوەیە کە دەڵێن: لەڕێی دیموکراسییەوە هەرگیز حوکمی ئیسلامیی نایەتەدی، ئەم شتانە بەڵگەکانی ئەوانن.

+ ئایا ئەوانە دەبنە بەڵگە؟!

- ئێمە دەبێ ئەو بەڵگانە یەك بەیەك هەڵسەنگێنین، دیارە ڕەنگە جگە لەمانە هەندێك شتی دیکەش بێننەوە، بەڵام هەر هاوشێوەی ئەمانەن‌و، من هەوڵمداوە بەهێزترین بەڵگەکانیان بێنمەوە، ئێستاش با ئەو سێ جۆرە بەڵگەیە بەریز هەڵسەنگێنین‌و لەمەحەك بدەین:

**جۆری یەکەم:**

1و2 ئایەتی (68)ی (الأنعام)و ئایەتی (140)ی (النساء) وەکو گوتمان یەك نیوەڕۆکیان هەیە، ئایەتی یەکەمیان پێغەمبەری خوا ﷺ دەدوێنێ، وە ئایەتی دووەمیان ڕوو لە مسوڵمانان دەکاو ئاماژەش دەکاتەوە بە ئایەتی یەکەم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو ئەو شتانەی پێغەمبەر ﷺ پێیانەوە مولزەمە، ئۆمەتەکەشی پێیانەوە مولزەمە، کەواتە هەرچی ئەرکە لەسەر پێغەمبەر ﷺ ئەرکە لەسەر ئۆمەتەکەشی، پاشان ئەو ئایەتەی سووڕەتی (النساء) وشەی (يَخُوضُونَ)شمان بۆ تەفسیر دەکا کە لە سووڕەتی (الأنعام)دا هاتوە، ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا ...﴾ الأنعام ﴿يَخُوضُونَ﴾ یانی چی؟ ئایەتەکەی سووڕەتی (النساء) دەفەرموێ: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ

﴿فِي ٱلۡكِتَٰبِ أَنۡ إِذَا سَمِعۡتُمۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكۡفَرُ بِهَا وَيُسۡتَهۡزَأُ بِهَا ...﴿١٤٠﴾ النساء﴾، کەواتە: (يَخُوض) یانی: کوفرکردن بە ئایەتەکانی خواو گاڵتەپێکردنیانو بەدرۆدانانیان، جا ئەم دوو ئایەتە فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکەنو فەرمان بە مسوڵمانانی شوێنکەوتووی پێغەمبەر ﷺ دەکەن، کە لەهەر کۆڕو مەجلیسێکدا کەسانێك هەبوون گاڵتەو کوفریان بە ئایەتەکانی خوا دەکردو بەدرۆیان دادەنان، بەشداریی ئەو کۆڕو مەجلیسە مەکەن، هەتاکو دەچنە نێو باسو بابەتێکی دیکەوە، ئنجا کە چوونە نێو باسو بابەتێکی دیکەوە، بۆتان هەیە بەشداریی بکەن، وە ئەگەر هاتو شەیتان لەبیری بردیەوە لە مەجلیسەکەدا دانیشتی، ئەوە هەر کاتێك بیرت هاتەوە، یەکسەر لەو مەجلیسە هەڵسە، وە لەگەڵ کەسانی ستەمکاردا دامەنیشە، ئەگەرنا ئێوەش وەکو ئەوانن، یانی: ئێوەش ئەگەر لەگەڵیان دابنیشن هەمان حوکمی وانتان هەیە.

جا بابزانین تو‌یژەرەوانی قورئان چۆن تەفسیری ئەم ئایەتانەیان کردووە؟ (القرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: [1] "فكل من جلس في مجلس معصية و لم ينكر عليهم ما يخوضون فيه يكون معهم في الوزر سواء، وينبغي أن ينكر عليهم إذا تكلم بالمعصية و عمل بها فإن لم يقدر على النكير عليهم، فينبغي أن يقوم عنهم حتى لا يكون من أهل هذه الآية"، واتە: هەر کەسێك لە کۆڕێکدا دابنیشێ کە گوناهی تێدا بگوترێو بکرێ (واتە: ئایەتەکانی خوای تێدا بە کەم تەماشا بکرێن،

---

1) الجامع لأحكام القرآن، ج5 ص418.

یاخود ناشەرعیی تێدا بکرێو بگوترێ) ئینکارییشیان لێ نەکاتو ڕەخنەیان لێ نەگرێ، ئەوە وەکو ئەوان لە گوناهەکەدا بەشدارە، بۆیە دەبێ ڕەخنەیان لیبگرێو بێدەنگ نەبێ، وە ئەگەر نەیتوانی پێویستە هەڵسێ، بۆ ئەوەی وەبەر حوکمی ئەم ئایەتە نەکەوێ.

کەواتە: لە پەرلەمانێکدا کە شتێکی ناشەرعیی تێدا دەگوترێتو دەویسترێت بڕیارێکی ناشەرعیی تێدا بدرێت، ئەگەر پەرلەمانتارە ئیسلامییەکان بێدەنگ بن، ئەوە دیارە گوناهبارن، بەڵام ئەدی ئەگەر وەدەنگ هاتن؟ ئەوە بێگومان نەك گوناهبار نین، بەڵکو لە ڕاستییدا گەورەترین جیهادیان کردووەو کارێکی زۆر باشیان کردووە، چونکە هەق گوتن لەلای ستەمکار گەورەترین جیهادە، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطانٍ جائرٍ)) رواه أبو داود وغيره، واتە: چاکترین تێکۆشان گوتنی قسەیەکی هەقە لەلای حوکمڕانێکی ستەمکار.

3- وە ئایەتی سێیەم کە ئایەتی ژمارە (113)ی سووڕەتی (هود)ە، کە وشەی (وَلاَ تَرْكَنُوا) هەندێك لە توێژەرەوان بە (ولاتميلوا) تەفسیریان کردووە، واتە مەیل بە لای ئەوانەدا مەکەن کە ستەم دەکەن، بەڵام لە ڕاستییدا (ولاتميلوا) واتە: پێی ڕازیی مەبنو پشتگیریی مەکەن، بە بەڵگەی ئەوەی کە (طبري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ:[1] "قال أبو العالية الركون هو الرضا"، (رکون) ڕازیی بوونو پەسەندکردنە،

---

1) جامع البيان، ج2، ص127.

هەروەها (ابن كثيـر) لە تەفسیرەکەی خۆی، دەڵێ: [1] "ولا تركنوا إلا الـذين ظلمـوا أي: لا تسـتعينوا بالظلمـة، فتكونـوا كـأنكم رضـيتم بأعمالهم فتمسكم النار"، واتە: یارمەتی وەرمەگرن لە ستەمکارەکان، بۆ ئەوەی وا نەیەنە بەرچاو کە بـە کردەوەکانیـان ڕازیـن، وە سـەرەنجام ئاگرتان تووش نەیەت کەواتە: مسوڵمانێك کە دەچێتە پەرلەمانێکەوە بۆئەوەی ڕەفزی ئەو ستەمە بکا کە تێیدایەو ڕەفزی ئەو ناحەقییە بکا، ئەوە ئەم ئایەتە بەتەئکید نایگرێتەوە، چونکە مەیلی نەکردووە بـە لای سـتەمکارەکاندا، نـەك هـەر مـەیلی نـەکردوە، بـەڵکو ڕەخنـەی لـێ گرتوون و بەرائەتیی لە کردەوە خراپەکانیان کردوە.

4- وە ئایەتی چوارەم کە ئایەتی (21)ی سوورەتی (الشورى) بـوو، کـە دەفـەرموێ: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَـٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ...﴾ ﴿٢١﴾ الشورى، واتە: ئایا چەند هاوبەشێکیان بۆ خوا داناون، کە شتێکیان بۆ بڕیار دەدەن لە دین، کە خوا ئیزنی لەسەر نیە، (واتە: شەرعیان بۆ دادەنێن).

دەڵێین: ڕاستە پەرلەمانێك حەڵاڵ حەرام بکاو حەرام حەڵاڵ بکـا، ئـەوە ئەو ڕەفتارە شیرکە بە دەقی ئایەت، وە لە ڕاستییدا پەرلەمانێك کە ئەوەی تێدا دەکرێ، بەکردەوە دەوری خوای پەروەردگاری پێ دراوە، چونکە حەڵاڵ و حەرام دانان تەنیا مافی خوای پەروەردگارەو هیچ کەس ئەو حەقـەی نیـە، بەڵام بێگومان کاتێك مسوڵمانێك دەچێتە ئـەو پەرلەمانـەوە بـۆ ئـەوەی ڕێگا بگرێ لە دیارییکردنی حەڵاڵ و حەرام لە لایەنی ئینسانەکانەوە، ئەوە

1) تفسير القرآن العظيم، ج2، ص462.

زۆر جیایە لەوەی کە چووە پشتگیریی بکا، بەڵکو بابایەکی وا، وەك پێشتر گوتمان گەورەترین جیهادی کردووەو بەهیچ ڕەنگێکیش بەر حوکمی ئایەتەکە ناکەوێ.

**جۆری دووەم:**

جۆری دووەمی بەڵگەکانیان وەکو وتمان چەند دەقێکی سوننەتو سیرە بوون:

یەکەم/ لە دەقەکان بریتی بوو لە: ((من كثر سواد قوم، فهو منهم))، سەرەتا ئێمە دەڵێین: ئەم دەقە هەرچەندە ئەبوو یەعلا گێڕاویەتەوەو لە هەندێك لە کتێبەکاندا هاتوە، بەڵام زانایان مشتومڕی زۆریان لەسەر سەنەدەکەی هەیەو زۆریان هەر بە فەرموودەی نازانن، پاشان ئەگەر گریمان فەرموودەی پێغەمبەر ﷺیش بوو، ئێمە دەڵێین: کەسێك کە دەچێتە نێو پەرلەمانێکەوە بۆ ئەوەی ڕەخنە بگرێ لە هەر بڕیارێکی ناشەرعیی و ستەمکارانەو هەر یاسایەکی ناحەق کە دەدرێ و پێچەوانەی شەریعەتە، ئەوە نەك ژمارەی خەڵکی بێدین و خراپی زۆر نەکردوە، بەڵکو لێی کەم کردوونەتەوەو بۆتە بەربەست لە بەردەمیاندا! کەوابێ فەرموودەکە بە هیچ جۆرێك ئەو جۆرە کەسە ناگرێتەوە.

دووەم/ ((مَنْ تَشَبَّهَ بقوم فهو منهم))، ئەلمەنناوی لە کتێبی: (فيض القدير)داو[1] زانایانی دیکەش دەڵێن: لێرەدا مەبەست لەو خۆ وێچواندنە، خۆ وێچواندنە لە تایبەتمەندییەکانی دینییاندا، یاخود لە شتێکدا کە پێچەوانەی شەریعەتە، لە عەقیدەو عیبادەتو حەڵاڵو

1) فيض القدير، شرح الجامع الصغير، ج6، ص(135-136).

www.AliBapir.net
FB/AliBapir.net
youtube/AliBapir
FB/MelaAmeerOffice

حەرامێكدا كە هەڵقولاوی بەرنامەكەیانە، بەڵام ئەگەر لە شتی باشدا خۆت بە كەسانی نامسوڵمان بچوێنی، نەك هەر هیچ گرفتێكی نیە، بەڵكو خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿... فَبَشِّرْ عِبَادِ ۝١٧ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمْ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ۝١٨﴾ الزمر، واتە: موژدە بدە بەو بەندانەم كە گوێ بۆ هەموو قسەیەك دەگرن، پاشان بە دوای چاكترینی دەكەون، ئەوانە كەسانێكن كە خوا هیدایەتی داون و ئەوانەن خاوەن عەقڵ.

بەڵێ عاقڵ ئەو كەسەیە عەقڵی خەڵك بێنێتە لای عەقڵی خۆی، با تەماشای پێغەمبەر ﷺ بكەین، كاتێك كە شەڕی خەندەق دەبێ وەكو لە سیرەی ئیبنو هیشامدا هاتوە[1] سەلمانی فارسیی دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە لە وڵاتی فارس ئەگەر دوژمن هێرشی بۆ دەهێناین، ئەگەر شوێنەكەمان دەشت بوایە، خەندەقمان لێدەدا، پێغەمبەر ﷺ یەكسەر پێشنیارەكەی سەلمان وەردەگرێ، كە دیارە فارسەكان ئەو كاتە مەجووس بوون و ئاگرپەرست بوون، بەڵام پێغەمبەری خوا یەكسەر ئەزموونەكەیان دێنێ پراكتیزەی دەكا.

هەروەها كاتێك دەیەوێ نامە بنووسێ بۆ پادشاكان[2]، هاوەڵان دەڵێن: ئەی پێغەمبەری خوا! پادشاكان عادەتیان وایە نامەی بێ مۆر ناخوێننەوە و دەبێ خەتم كرابێ، ئەویش فەرمان دەكا ئەنگوستیلەیەكی

1) السيرة النبوية لابن هشام، ج3، ص109، هەروەها بڕوانە: (البداية والنهاية) لابن كثير.
2) (البداية والنهاية)، ج6، ص5، هەروەها (بخاري)و (مسلم)یش هێناویانە، بڕوانە: (صحيح البخاري)، رقم: 65، وە (صحيح مسلم)، رقم: 2092/57.

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir
F/Media Ameer Office

بۆ دروست بكەن مۆرێكی لەسەر هەڵكەنراوە، كە لەسەری نووسراوە: (محمد رسول الله)، (الله) لەسەری، (رسول) لە خوارتر، (محمد) لە خواری خواری، كە دیارە ئەوە عادەتی دەوڵەتانی كافر بووە، بەڵام خۆ هیچ ناشەرعییەكی تێدا نیە، چونكە وەك پێشتریش گوتوومانە: لە بواری عادەت و هەڵسوكەوتەكاندا، دەستكراوەیی هەیەو دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر قەدەغەیی، كەواتە: كەسێك كە دەچێتە ئەو پەرلەمانەوە یاخود بەشداریی هەڵبژاردن دەكا، یان هەر شتێكی دیكەی ئیداریی دەكا، تۆ دەبێ تەماشا بكەی: ئایا ئەم شتە بەرژەوەندیی تێدایە یاخود زەرەر، ئەگەر بەرژەوەندیی تێدا هەبوو، ئەوە با لەو شتەدا خۆشت وەكو كافران لێكردبێ، هەر شتێكی باشتكردوە، ئایا ئەگەر ئێستا ئێمە بتوانین تەیارەو سارۆخ و پاپۆڕو چەكی نیۆكیی دروست بكەین، چ ناشەرعییەكی تێدایە؟! ئەمریكاو جوولەكە بۆ هەڕەشە لە دونیا دەكەن؟ دیارە لەسۆنگەی ئەوەوە چەكی نیۆكییان هەیە، جا مسوڵمانان ئەگەر بتوانن ئەو شتانە وەدەست بێنن كە ئەهلی كوفر هەیانن، شتێكی خراپیان كردوە؟ بێگومان نەخێر، چونكە چاولێكردنی شتی خراپیان خراپە، ئەمما چاولێكردنیان لە شتێكدا كە باشە، بۆ نموونە: لە تەكنەلۆجیایەكدا كە ئێمە ئێستا پێویستییمان بەوانە، كە خۆمان بەرهەمی بێنین، نەك هەر باشە، بەڵكو فەرزە، ئەبووحامیدی غەزالی لە (إحیاء علوم الدین)دا گوتوویەتی: هەر شتێك مسوڵمانان پێویستییان پێی هەبێ، لە سەریان پێویستە دابینی بكەن، لە دەرزییەكەوە تا هەر پێداویستییەكی دیكەی ژیانیان[1].

1) (إحیاء علوم الدین)، ج1، ص28، كە گوتوویەتی: (أما فرض الكفایة فهو كل علم لا

سێیەم/ وە دەربارەی پێشنیارکرانی پادشایەتیو پارەو سامانو سەرۆك خێلایەتی بۆ پێغەمبەر ﷺ ، کە ئەویش ڕەفزی کردوە، وەلامەکەی زۆر ئاسانە، ئەوە بووە کە ئەوان ئەو شتانەیان بۆ پێشنیار کردوە لە بەرانبەر ئەوەدا کە واز لە دینو پەیامەکەی بێنێ، جا خۆ پەرلەمانتارێکی مسولمان، یان وەزیرێك کە دەچێ بەشدار دەبێ لە حکومەتداو پێی دەڵێن: دەبێ دەستبەرداری دینەکەت بی، ئەوجا بێی؟ ئەوە بە تەئکید حەرامەو پێشی کافر دەبێ ئەگەر وابکا.

+ ئەی بە نسبەت (دار الندوة)وە؟

- لە وەلامی ئەو بەلگەی چوارەمەشیاندا دەڵێین: یەکەم: جاری هیچ سەرچاوەیەك نیە دەری بخا کە داوا لە پێغەمبەرﷺ کرابێ تێیدا ببێتە ئەندامو ئەویش ئامادە نەبووبێ، دووەم: ئەو (دار الندوة)یە خۆ وەکو پەرلەمان نەبووە خەلك هەلیبژێری، بەلکو بەشداربووانی (دار الندوة) کۆمەلێك لە سەر گەورەکانی قورەیش بوون، کە خاوەن دەستەلاتو سەروەتو سامان بوونو بەزۆر خۆیان فەرز کردبوو و خۆیان لە خەلك کردبووە هەمەکارەو بڕیاربەدەست، جا پێغەمبەر ﷺ چۆن دەچێ لە شوێنێکی وادا بەشدار دەبێ؟ کە بێگومان ئەوە زۆر جیایە لە پەرلەمانێك کە خەلك بۆ خۆی هەلیدەبژێریو نوێنەرانی خەلكو کۆمەلگان!

**<u>جۆری سێیەمی</u>** بەلگەکانیان کە بە حیساب هەندێ بەلگەی عەقلییو

---

يُسْتَغْنى عنه في قوام أمور الدنيا) واتە: وە ئەو زانستەی کە وەدەستهێنانی فەرزی کیفایەیە، بریتیە لە هەر زانیارییەك کە کاروباری ژیانی دنیا پەکی لەسەری کەوتوە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

واقیعیی بوون.

1- یەکیان ئەوەیە دەڵێ: پەرلەمان بە زۆرینە حەڵاڵ حەرام دەکاو حەرامیش حەڵاڵ دەکا، بۆیە قەدەغەیە لە پەرلەمانێکی وادا ببیە ئەندامو بەشداریی ئەو کارە ناڕەوایە بکەی! ئێمەش دەڵێین: ڕاستە ئەوە وایەو ئەو جۆرە پەرلەمانانە کە لەبارەیانەوە دەدوێین، وان، بەڵام

یەکەم: خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ ... ﴿١٨﴾﴾ فاطر، واتە: هیچ گوناهبارێك گوناهی یەکێکی دیکە ھەڵناگری، وە دەفەرموێ: ﴿كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾﴾ المدثر، واتە: هەرکەسە بارمتەی کردەوەکانی خۆیەتی، بۆیە ئەگەر کەسێك لەوێ بۆ وێنە: پێشنیار دەکا کە شەراب وەکو بیبسی بخورێتەوە، یان داوێنپیسی ڕێی لێ نەگیرێ، کەسێك کە ئەوە پێشنیار دەکا، وە کەسێك پشتگیریی بڕیارەکە دەکا، بەوە کافر دەبن، چونکە پێچەوانەی دەقی قورئانو فەرمایشتی پێغەمبەرە ﷺ، بەڵام کەسێك کە ڕەخنە لەو بڕیارە دەگرێو لە ڕێیدا دەبێتە بەربەست، ئەوە گوناحی ئەوی دیکەی نایەتە ئەستۆ، وەك گوتراوە: مەڕ بەپێی خۆیو بزن بەپێی خۆی.

دووەم: پاشان پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إنما الأعمال بالنيات))، رواه البخاري ومسلم، واتە: کردەوەکان بە پێی نیەتن، ئەو کەسەی کە بۆیە دەچێتە ئەو پەرلەمانە، بڕیاری باشو ڕێكو ڕاست بداو لە دژی هەر بڕیارو یاسایەك بێ پێچەوانەی شەریعەت بێ، بەپێی نیەتی خۆی پاداشتی هەیە، ئەوەش کە بۆیە دەچێ کۆمەڵگا بەرەو گوناه و تاوان بەرێ، ئەویش بەپێی نیەتی خۆی گوناهبارە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

سێیەم: پاشان دەڵێین: ئەسڵەن پەرلەمانتارێكی ئیسلامیی بۆیە دەچێ ڕێگا بگرێ لەوجۆرە بڕیارو یاسایانەو، لە بنەڕەتدا ئەركی هەر ئەوەیە.

2- بەڵگەیەكی دیكەی عەقڵیی‌و واقیعییان ئەوەیە كە بەشدارییكردنی ئینسانی مسوڵمان لە پەرلەمانێكی وادا، دەكاتە شەرعییەتپێدانی ئەو واقیع‌و ڕژێم‌و سیستەمە، ئێمەش دەڵێین: ئەوە ئەگەر پشتگیریی بڕیارە ناشەرعییەكانیان بكا، وایە، بەڵام ئەگەر بۆیە بەشداربێ لەنێو جەرگەی پەرلەمان‌و حكومەت‌و ئەو سیستەمەدا نارەزایی دەرببڕێ‌و ڕەخنە بگرێ لە ناحەقی‌و ناشەرعییەكان، چۆن ئەوە دەكاتە شەرعییەت پێدان؟ بەڵكو ئەوە شەعییەت لێستاندنەوەیە، باشە خۆ ئەگەر كابرا نەچێتە نێو پەرلەمان‌و حكومەت، لەماڵێش بێ، دەبێ هەر نارەزایی بێ لە شتی ناشەرعیی، ئنجا ئایا نارازیی بوونێك لە ماڵێ، یاخود كە لەبڵاوكراوەیەكدا شتێ دەنووسێ، یاخود وتارێك دەدا لە مزگەوت، ئەوە لەكوێ كە چەند سەد كەسێكی ئاسایی، یان چەند هەزار كەسێك گوێبیستی بن، یان بیخوێننەوەو، وە ئەوە لە كوێ كە لە پەرلەمانێكدا كە نوێنەرانی میللەتی لێن، لەوێ قسەكەی خۆی بكا، بە تەئكید لەوێ زۆر كاریگەرترە.

3- قسەیەكی دیكەیان ئەوەیە كە بەشداریی لەو پەرلەمان‌و ئۆرگانانەدا كە ئیسلامیان وەكو بەرنامەی ژیان تێدا تەبەننی نەكراوە، دەبێتە هۆی خلیسكانی هەندێك كەس، یاخود لەژێر زەخت‌و فشارو تەماعدا تووشی غەڵەت‌و گوناه دەبن‌و، تەنازول دەكەن، دەڵێین: ئەوە ڕاستە، كەسێك كە دەچێتە ئەو شوێنە ئەگەری ئەو

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir2 F/Media Ameer Office

حاڵەتەی هەیە، بۆیە لەسەر ئیسلامییەکان پێویستە کە خەڵکی بەهێزو خۆڕاگر بنێرنو لە جیاتی ئەوەی کارتێکراو بن کارتێکەر بنو، کاریگەریی چاکیان بۆ سەر دەوروبەری خۆیان هەبێ، نەك کاریگەریی خراپی دەوروبەریان لەسەر بێ، بەڵام بێگومان ناگونجێ بەهۆی هەبوونی ئەو ئەگەرانەوە چوونە پەرلەمان قەدەغە بکرێ، چونکە ئەوە وەکو ئەوە وایە کە دەڵێ: لە ترسی ئەوەی بەراز گەنم نەشێلن، گەنم نەکەین، بەراز جاری وایە گەنم دەشێلنو هەڵی دەکەنەوە! بەڵێ ناکرێ ئەوە کە شتێکی ئیحتیمالییە، بیکەینە پاساوی گەنم نەچاندن! ئنجا لە خوا بەزیاد بێ خەڵکی ئیسلامییش دامەزراونو پتەونو بەپێی ئەزموونیش بۆماندەرکەوتوە کە بە ڕاستیی ئیسلامییەکان بەگشتی هەڵبژاردەی نێو کۆمەڵگاکانی خۆیانن، لە سەرڕاستیی و مەبدەئییەتو پاکیی و نەزاهەتو تەنازول نەکردن لە مەبادیئی خۆیان، لەبەرئەوە بە ئیحتیمالێکی وا بێهێز کۆمەڵێك بەرژەوەندیی زۆر چاك کە دوایی باسیاندەکەین، نادیدە ناگیرێن.

4- بەڵگەیەکی دیکەیان هەر لەوبارەوە ئەوەبوو کە لە ڕێی دیموکڕاسییەوە حوکمی ئیسلامیی نایەتە دی، ئێمەش لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێین:

یەکەم: زۆر لە بنەماکانی دیموکڕاسیی لە شەریعەتی خۆماندا هەن، وەکو جاری دیکەش گوتوومانە، بۆ وێنە: گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵك، خوا هەمیشە دەفەرموێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا، يَاأَيُّهَا النَّاسُ، يَابَنِي آدَمَ﴾، خیتاباتی خوا هەمووی لەگەڵ خەڵکەو تەنانەت بۆ

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
FB/Media.AmeerOffice

یەكجاریش خوا نەیفەرمووە: "یا أیها المسؤلون، یا أیها العلماء، یا أیها المشائخ"، وە لە ڕاستییدا كرۆكی دیموكڕاسی، گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵك، ناڵێن: دیموكڕاسی حوكمی گەلە، بۆ گەلو لەپێناو گەلدا[1]؟!

ئنجا لە ڕاستییدا شەریعەتی خوای پەروەردگاریش بەڵێ لە خواوە هاتوە، بەڵام هەر بەدەستی گەل پراكتیزە دەكرێ، وە كاربەدەستانی مسوڵمانانییش دەبێ خۆیان هەڵیانبژێرنو دیارییان بكەن، وە دەسەڵاتیش دەبێ بە ئاشتییانە دەستاودەستی پێ بكرێ، وە پێویستە زۆرینە حوكم بكاو كەمینەش مافەكانی پارێزراو بن، وە پێویستە ئازادیی‌و مافەكانی خەڵك هەموویان پارێزراو بن، هەموو ئەو بنەمایانەی دیموكڕاسیی لە شەریعەتی خۆماندا هەن، ئەوەی كە لە دیموكڕاسییدا هەیەو لەگەڵ شەریعەتدا تێكدەگیرێ، ئەوەیە كە حەڵاڵو حەرام بدرێتە دەست ئەو ئەنجوومەنە، یان بدرێتە دەست هەر لایەنێك، چونكە حەڵاڵی خوا حەڵاڵە تا قیامەت، وە حەرامی خوا حەرامە تا قیامەت، ئێمەی مسوڵمان شووڕامان هەیەو ئەوان دیموكڕاسییان هەیە، شووڕای ئێمە پابەندە بە شەریعەتەوە، بەڵام دیموكڕاسیی ئەوان بەربەرەڵایە، بۆیە بە پێی دیموكڕاسیی بڕیاری وا دەردەكەن پێچەوانەی عەقڵو فیترەتو بەرژەوەندیی مرۆڤە، بەڵام شەریعەت دەستی ئەو ئەنجوومەنانە دەگرێو ناهێڵێ بڕیارێك دەربكەن پێچەوانەی نەگۆڕەكانی شەریعەت بێ، كە بەتەئكید

---

[1] - ئەمە پێناسەی هەرە باوی دیموكراسییە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir2
F/Media Ameer Office

هەرچی لەگەڵ نەگۆڕەکانی شەریعەتدا تێك بگیرێ، لەگەڵ عەقڵی سەلیمو فیطرەتی ساغیشدا دژو ناکۆکە.

دووەم: پاشان دەشڵێین: مەسەلە ئەوە نیە کە تۆ حەتمەن دەبێ لەڕێی ئەو هەڵبژاردنانەوە یەکسەر حکوومەتی ئیسلامییت بۆ دروست بێ، چونکە ئێمە بڕوامان بە پلەپلەیی هەیە، وردە وردە زەمینە خۆش دەکرێو ڕای گشتیی دروستدەکرێ، ئنجا دیسان ئەوەش ڕاست نیە، ئەوە لە تورکیا، حیزبی دادو گەشەپێدان، حەماس لە فەلەستین، ئەگەر ئینقیلابیان بەسەردا نەکردنایە، (جبهة الأنقاذ) لە جەزائیر لەڕێی هەڵبژاردنو پرۆسەی دیموکڕاسییەوە تەوژمی ئیسلامیی سەرکەوت، بەلام خۆ ئەگەر نەشتوانین حکوومەتێکی ئیسلامیی لەڕێی هەڵبژاردنو دیموکڕاسییەوە بینا بکەین، دەتوانین زۆر بەرژەوەندیی بۆ خەڵك دابین بکەینو زۆر زەرەرو زیانیان لێوە دوور بخەین.

سێیەم: پاشان مەشقو ڕاهێنانیش بە خەڵکی خۆمان بکەین لەبواری حوکمڕانییو ئیداریی کۆمەڵگاو ولاتدا، چونکە بێگومان کەس لەپڕ نەبووە بەکوڕا دیارە ئامانجی کاری ئیسلامییش ئەوەیە کە چەند بەرژەوەندیی یەك بۆ خەڵكو کۆمەڵگا دابین بکرێن، ئێمەش لەڕێی ئەم بەشدارییکردنەوە بە تەئکید کۆمەڵێك بەرژەوەندیی دابین دەکەین، کە ئەوە بۆ خۆی بەسە ببێتە پاساوی بەشداریی تێداکردنی پەرلەمانو بەڵکو زۆر جار پەسەندییو هەندێکجار فەرزبوونی بەشداریی تێداکردنیشە.

+ ئایا ناوی دەوڵەتو حکومەتەکە گرنگە، یان ناوەڕۆكو ئامانج؟ وەك حکوومەتێکی ئیسلامیی یان دیموکراسیی یان هەر ناوێکیتر؟

- زانایان بنچینەیەکیان هەیە دەڵێن: "العبرة بالمحتويات والمضامين، وليستْ بالأسماء والعناوين"، یانی دەبێ تەماشای نێوەڕۆك بکرێ نەك تەماشای دیکۆرو ڕواڵەت، جاری وایە شەخسێك ناوێکی ئیسلامیی هەیە، ناوی موحەممەدە، بەڵام هەموو کردەوەکانی پێچەوانەی شەریعەتو ناوەکەینی، کەسێکی دیکەش ناوێکی دیکەی هەیە، بەڵام نێوەڕۆکێکی باشی هەیە، بە حەقیقەت عیبرەت بە نێوەڕۆكو موحتەوایە، چ دەکرێو چۆن دەکرێو تا چ ڕاددەیەك بەرژەوەندیی خەڵك تەحقیق دەکرێ؟! چونکە شەریعەت هەمووی بۆ ئەوە هاتوە بەرژەوەندیی خەڵك دابین بێ، بەرژەوەندیی خەڵکیش بەگشتی دوو شتە: دوورخستنەوەی زیانەکانو هێنانەپێشی سوودەکان، بە تەعبیری شەرعزانان (دفع المضار وجلب المنافع)، هەروەها ئایینو شەریعەتی خوا، لە چەندان ئایەتی قورئان ڕاگەیەنراوە، کە بۆ: چەسپاندنی دادگەرییو لابردنی ستەم هاتوە، ئیدی تۆ لە چ ڕێیەکەوە ئەو بەرژەوەندییەت بۆ تەحقیق بێو ئەو دادگەرییەت بۆ بچەسپێو، پێچەوانەی دادگەریی کە ستەم (ظلم)ە لابرێ، ئەوە تۆ پێویستە لەو ڕێیەوە دەستبەکار بی.

+ لە میانەی ئەم قسانەی بەڕێزتانەوە من هەستدەکەم هێندێك خەڵك ئەو هەستەی بۆ دروست ببێ کە پێی وابێ ئیسلامییەکان وەکو پێویست قەناعەتیان بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا نیە، وەڵامت چیە بۆ ئەوە؟

- لەنێو بازنەی ئیسلامییەکاندا دیارە بۆچوونی جیاجیا هەیە، ئەوە شتێکی

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

سەیر نیەو بگرە شتێکی زۆر سروشتیی و زۆر ئاساییە، وە من پێموایە بەشێکی زۆر لە هەستیاریی و حەساسیەتی هەندێك لە ئیسلامییەکان بەرانبەر بەو پەرلەمان و حکوومەتانەی کە ئیسلامیی نین، ئەوەیە کە لەگەڵ دیموکڕاسییدا ڕاست ناکەن، ئەوەندەی داکۆکییدەکەن و خەریکی ئەوەن پەرە بە ئیباحییەت بدەن، ئیدۆلۆژییەکانی خۆیان بچەسپێنن، هێندە لە خەمی ئەوەدا نین کە بەرژەوەندیی خەڵك دابین بکەن، پاشان زۆر نکوولێیی لە کلتوورو عەقیدەو دین و ئاداب و ئەخلاقی ئەو خەڵکە دەکەن و، دەیانەوێ فیکرەو کلتوورێکی دیکە فەرز بکەن لەسەر ئەو خەڵك و کۆمەڵگایە، من پێموایە هەستیاریی و حەساسیەتی هەندێك لە ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە، دواییش ئێمە بەڕاستی بە هەموو قەناعەتەوە دەڵێین: ئایا بەدیل چییە بۆ ئەوە؟ واتە: بۆ مودارا کردن لەگەڵ واقیع داو هەوڵدان بۆ گۆڕینی پلە پلەیی، یان ئەوەتا دەبێ ڕابکەی بۆ شاخ، وەك هاوەڵانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف) خوا لێیان ڕازی بێ، یان تەسلیمی ئەو واقیعە بی، وەك مسوڵمانانێکی فەقیرۆکە کە سەری خۆیان کزکردووە بوون و نەبوونیان وەك یەك وایە، وە یان دەبێ دژی ئەو واقیعە بوەستیەوە، واتە: بە چەك و هێز، جا ئەگەر تەماشای مێژووی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) بکەین، هیچ کام لەو سێ ئەگەرەیان هەڵنەبژاردوون، کە ئێمەش لە لامان مەرفوزن: نە ڕایان کردوە، بەڵێ هاوەڵانی ئەشکەوت ڕایانکردووە، بەڵام هیچ پێغەمبەرێکم نەبینیوە لە کۆمەڵگای خۆی ڕای کردبێ، هاوەڵانی ئەشکەوتیش چونکە پێغەمبەرێك نەبووە ڕێنماییان بکا، پاشان ئەوان شەش حەوت کەس بوون، ئەوپەڕەکەی حەوت کەس بوون و هەشتەمیان سەگەکەیان بووە،

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

دیاره شەش حەوت كەس واقیعیان پێناگۆڕێ‌و لە ئەشكەوتێكدا دەحەوێنەوە، بەڵام ئەو هەموو خەڵك‌و میللەتە بۆ كوێ بەرین؟ دەمێنێتەوە تەسلیمی ئەو واقیعە بین، دیاره ڕازیبوون بە واقیعێك كە نەفامیی‌و نا شەرعیی تێدایە، یاخود بێدەنگبوون لە بەرانبەریدا، گوناهێكی گەورەیە، نەخێر تۆ دەبێ بەرەنگاریی بكەی، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **((المؤمن الذي يخالط الناس ويصبر على أذاهم أفضل من الذي لا يخالط الناس ولا يصبر على أذاهم))**، رواه الترمذي وغيره، واتە: ئەو مسوڵمانەی تێكەڵ دەبێ لەگەڵ خەڵك‌و سەبریش دەگرێ لەسەر ئازاریان، باشترە لەوەی تێكەڵیش نابێ‌و سەبریش ناگرێ، ئیسلام قەت لەگەڵ گۆشەگیریی‌و سەلبییەت‌و كشانەوە لە كۆمەڵگادا نیە، دەمێنێتەوە بەدیلی سێیەم كە دژی ئەو واقیعە بی بەچەك‌و هێز، واتە: بە چەك لەگەڵی ڕووبەڕوو ببیەوە، بە توندوتیژیی مامەڵەی لەگەڵ بكەی‌و هەوڵی گۆڕینی بدەی، جا من هیچ پێغەمبەرێكم نەبینیوە وایكردبێ، بەڵكو ئەوە هەر نەیارانی پێغەمبەران بوون كە هەڕەشەیان لە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) كردوەو توندوتیژییان بەرانبەر بەكار هێناون، بەڵام هەمیشە پێغەمبەران ئەهلی سەبر بوون، دانیان بە خۆیاندا گرتوەو بەڵگەیان بەكارهێناوەو خەڵكیان بانگ كردوە بۆ دیالۆگ‌و وتووێژ، بۆ بەڵگەو دەلیل، بەڵێ هەر ئەوان بوون (نەیارانی پێغەمبەران) كە هەڕەشەیان كردوە بە سووتاندن: ﴿... حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمْ ... (٦٨)﴾ الأنبياء، بە گرتن: ﴿... لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ (٢٩)﴾ الشعراء، بە دەركردن: ﴿...لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَآ ... (١٣)﴾ إبراهيم،

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media/Ameer.Office

بە بەردباران کردن: ﴿...لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمَرۡجُومِينَ ١١٦﴾ الشعراء، بەڵێ هەر نەیارانی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەڕەشەیان لە پێغەمبەران کردوە، کەواتە: ئێستا ئێمە مەعقووڵ نیە وەکو شوێنکەوتووانی پێغەمبەران، شتێك بکەینە ستراتیژی خۆمان کە نەیارانی پێغەمبەران کردوویانە!! وە بەڕاستیی ئەهلی باتیل پێویستییان بە هێز هەیە باتیڵەکەی خۆیانی پێ بەرقەرار بکەن: ﴿...حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمۡ ... ٦٨﴾ الأنبياء، ئەوە پەرستراوە ساختەکان و بتە و سەنەمەکانن پێویستییان بەوە هەیە خەڵك سووتاندنیان لەپشتەوە بێ بۆ ئەوەی خەڵك بترسێ، بەڵام حەق پێویستی بە زەبرو زەنگ نیە، چونکە حەق بۆ خۆی بەهێزو پێزە، پێویستی بە توندوتیژیی و هێز ناکا بیکەیە سەنەدو پاڵپشتی، لەبەرئەوە دەمێنێتەوە ڕێی چوارەم کە ئێمە بەشداری کاروباری ئەو خەڵکە بین، بە تایبەتییش کۆمەڵگاکانی ئێمە زۆر جیان لەو کۆمەڵگایانەی کە پێغەمبەرانیان بۆ هاتوون، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) کە هاتوون کۆمەڵگاکانیان کافر بوون، موشریك بوون، بەڵام کۆمەڵگای ئێمە خۆی بە مسوڵمان دەزانیی و، زۆرینەشی مسوڵمانەو دروشمەکانی ئیسلامەتیی تێدا هەن، پەرلەمانێکیش کە دروست دەکرێ لە ڕاستییدا ناچارە ڕەچاوی سروشت و حاڵەتی کۆمەڵگایەکەی بکا، تۆ تەماشا دەکەی لە کەم پەرلەمانی وڵاتانی ئیسلامییدا هەیە جورئەتی ئەوە بکەن گاڵتە بە ئایەتەکانی خوا بکەن، یان کوفریان پێبکەن، یاخود بڕیارێك دەربکەن یەکسەر پێچەوانەی دەقێکی شەریعەت بێ، ئەم حاڵەتە زۆر کەمە، جار جار بە

فرتو فێڵ هەندێك مەلای دینفرۆش شتەكەیان بۆ خوار دەكەنو بەولاداو بەم لادا، بەڵام ڕاستەوخۆ كەم كەس هەیە جورئەتی ئەوە بكا كە شتێك بڵێ یەكسەر پێچەوانەی ئایەتێكی خواو فەرمایشتێكی پێغەمبەر ﷺ بێ، كەواتە: ئەو جۆرە ئەنجوومەنو پەرلەمانە دیسان لەو ڕووەشەوە حوكمەكەی زۆر جیایە لەوەی كە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بەشداریی كۆمەڵگاكانی خۆیانیانكردوە، بەڵام پارێزگارییشیان كردوە لە ئیمانو عەقیدەو نەگۆڕەكانی ئایینی خۆیان،

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بەندی دووەم: ئالقەی دووەم

## بەڵگەكانی ڕەوایی بەشداریی كردن

## لە هەڵبژاردنو پەرلەماندا

# دەستپێك

بەڕێزان!

ئالقەی ئەمجارەمان تەواوكەری ئالقەی پێشوومانە، سەبارەت بە بۆچوونی جیاوازی ئیسلامییەكان لە بارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە، لە ئالقەی ڕابردوودا باسمان لە ڕای یەكەم كرد، ئەمجارە دەمانەوێ لەسەر ڕای دووەم بدوێین، واتە بیروڕای ئەو كەسانەی پێیانوایە بەشداریكردن لە هەڵبژاردندا نەك هەر ڕەوایە، بەڵكو جاری وایە فەرزیشە، جا ئێمە لەم ئالقەیەدا ئەم بیروڕایە شیدەكەینەوەو گفتوگۆی لەبارەوە دەكەین.

بەڕێز مامۆستا عەلی باپیر! بفەرموو باسی ئەو بەڵگانەمان بۆ بكە كە دەبنە پشتیوان بۆ ئەم بیروڕایەی ئاماژەمان پێكرد:

- بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله وصلى الله تعالى و سلم وبارك على رسول الله محمد وآله وصحبه ومن اهتدى بهداهُ، سەرەتا بەوە دەستپێدەكەم كە لە بواری هەڵسوكەوتەكان و عادەت و نەریتەكاندا -وەكو زۆر جاری دیكەش گوتوومانە- بنچینەیەكی شەرعیی هەیە زانایان هەموو لەسەری یەكدەنگن و زۆریش گرنگە بۆ ئێمەی ئیسلامیی، بۆ ئەوانەی لە گۆڕەپان و مەیدانی كاری ئیسلامییدا دەوور دەبینین، كە هەمیشە لەبەر چاومان بێ، چونكە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنچینەیە دەبێتە

www.AliBapir.net
F/AliBapir1
youtube/AliBapir1
F/Media.Ameer.Office

هۆکاری ئەوە کە خۆمان بە دەستکراوە ببینین‌و مەیدان لەبەردەم خۆماندا بە تەخت‌و هەموار ببینین بۆ جموجۆڵ، ئەو بنچینەیەش ئەوەیە کە لە بواری هەڵسوکەوت‌و عادەتەکاندا بناغە ئەوەیە کە هەموو شتێك ڕەوایە: (الأصل في المعاملات والعادات الإباحة)، هەروەها زانایان لەسەر ئەوەش ڕیککەوتوون کە (الأصل في الأشياء الإباحة)[1]، ئەسڵ لە شتەکاندا بریتییە لە ڕەوایی، هەروەها بە نسبەت پاك‌و پیسییەوە گوتوویانە: (الأصل في الأشياء الطهارة)، ئەسڵ لە هەموو شتەکاندا ئەوەیە کە بە پاك دادەنرێن، واتە: دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر پیسییان، ئەگەرنا هەر بەپاك دادەنرێن.

جا بینا لەسەر ئەم بناغە شەرعییە، ئێمە دوای ئەوەی پێشتر – لەئاڵقەی ڕابردوودا- ڕوونمانکردەوە کە هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر قەدەغەبوونی بەشدارییکردنی موسوڵمانان لە پەرلەمانێکی تێکەڵدا کە غەیری ئەوانیشی تێدایە، واتە: پەرلەمانێك کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێ یاسای ناشەرعیی تێدا دەربکرێ‌و، شتی حەرامی تێدا حەلاڵ بکرێ‌و، شتی حەلاڵی تێدا حەرام بکرێ، مادام هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر قەدەغەبوونی، ئەوە لەسەر ئەسڵ‌و سروشتی خۆی کە بریتییە لە ڕەوایی ماوەتەوە، کەواتە: ئێمە ئێستا پێویستییمان بە هیچ بەڵگەیەك نیە بۆ ئیسپاتی ڕەوایی بەشدارییکردن لە پەرلەماندا، چونکە دەرکەوت کە هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر قەدەغەبوونی، هەرکاتێکیش هەڵسوکەوتەکان بەڵگە لەسەر قەدەغەبوونیان نەبوو، کەواتە ڕەوان، بەڵام بۆ زیاتر

1) بڕوانە: (القواعد النورانية الفقهية) ابـن تيميـة، ص112، وە: (رسـالة لطيفـة جامعـة في أصول الفقهه المهمة) عبدالرحمن بن ناصر السعدي، ص(105-106).

www.AliBapir.net F/AliBapir youtube/AliBapir1 F/MediaAmeerOffice

بەرچاوڕوونیی و دڵنیایی هەموو لایەك، من (5) جۆرە بەڵگەم لەوبارەوە هێناونەوە، بەڵام سەرەتا دەمەوێ ئەوەش باس بكەم كە مەسەلەی بەشدارییكردنی مسوڵمانان لە هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و حكوومەتدا، لە كاتێكدایە كە مسوڵمانان بۆیان ناگونجێ خۆیان قەوارەیەكی ئیسلامیی‌و دەوڵەت‌و ئەنجوومەنێك دروست بكەن، كە تەنیا لە خۆیان پێك بێ، یاخود زۆرینەی خەڵكی ئیسلامیی‌و مسوڵمان بێ.

دیارە یەكسانیشە ئەو بەشدارییكردنە چ لە كۆمەڵگایەكی مسوڵمانی وەكو هی خۆماندا بێ، جا چ لە كۆمەڵگایەكی نامسوڵمانی وەكو وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕۆژهەڵاتدا، واتە: مەسەلەكە ئەوەیە كە ئایا مسوڵمانان چی بكەن لە كاتێكدا دەستیان ناگاتە ئەنجوومەن‌و حكوومەت‌و كیان‌و قەوارەیەكی ئیسلامیی؟ ئەوە لەو حاڵەتەدا باسی ئەوە دەكەین، ئەگەرنا مادام مسوڵمانان بتوانن دەوڵەت‌و قەوارەیەكی ئیسلامیی بۆ خۆیان دروستبكەن، ئەو كاتە هەر نابێ باسی ئەوە بكرێ ئایا دروستە بچینە نێو پەرلەمانێكەوە كە یاساو بڕیاری ناشەرعیی تێدا دەدرێ یان نا؟ بەڵكو ئەوە بەس لە حاڵەتی ناچارییدایە، چونكە زانایان وەك بنچینەیەكی شەرعیی دەڵێن: (للضرورات أحكامُها)، ناچارییەكان یاسای تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام دیسان وەك بنچینەیەكی دیكەی شەرعیی گوتوویانە: (الضرورات تقدَّر بقَدَرِها)، ناچارییەكان ئەندازەگیریی خۆیان هەیە، ئەویش بەرهەڵدا نیە، كەواتە: دەبێ هەموولایەك بزانن كە ئێمە لێرەدا قسە لە حاڵەتی نائاسایی دەكەین، ئەگەرنا حاڵەتی ئاسایی مسوڵمانان ئەوەیە كە بۆخۆیان ئەنجوومەنی ڕاوێژیان هەبێ‌و بۆ خۆیان حكوومەت‌و

دەسەڵاتی دادوەریی و دامودەزگاكانی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگای خۆیانیان هەبێ، واتە: ئەوان تێیدا باڵادەست بن، بەڵام ئەگەر حاڵەتی نائاسایی بوو و مسوڵمانان ئەوەیان بۆ مەیسەر نەبوو، ئەوە وەك پێشتریش گوتمان، مسوڵمانان یان دەبێ وەكو هاوەڵانی ئەشكەوت سەری خۆیان هەڵبگرن و بڕۆن، یان دەبێ تەسلیمی واقیعی ناشەرعیی بن، یان دەبێ بە گۆشەگیریی و بێهەڵوێستی دابنیشن، یان دەبێ بەچەك و هێز بە گژ واقیعدا بچنەوە، یان دەبێ مودارا لەگەڵ واقیع دابكەن و بەشداریی دامەزراوەكانی بكەن و ئەوەی كە پێیان شەرعییە و بە چاك و ڕاستی دەزانن بڵێن و بیكەن، كە بە تەئكید هەر ئەوەی كۆتاییان شتێكی ڕەوایە.

+ ببوورە مامۆستا عەلی باپیر، ئەگەرچی لە كاتی تردا باستكردوە، بەڵام مەبەستت لە زۆرینەیەكی پەرلەمان و حكوومەت، واتە: بەس خۆیانی تێدا بێ، یان دەرفەتی ئەوە هەیە غەیری خۆشیانی تێدا بێ؟

ـ بەڵێ لە ئەنجوومەنێكدا كە مسوڵمانان بۆ بەڕێوەبردنی كۆمەڵگای ئیسلامیی دیاریی دەكەن، بوار هەیە كە غەیری مسوڵمانانی تێدابن و زۆرێك لە زانایانی هاوچەرخ باسیانكردوە كە هەموو پێكهاتەكانی كۆمەڵگا بۆیان هەیە نوێنەریان هەبێ لەوێدا، كە دەگونجێ لە كاتێكی دیكەدا باسی هەڵوێست و ڕەفتاری قەوارەیەكی ئیسلامیی لەگەڵ كەمایەتییە فیكریی و دینییەكاندا بكەین، هەروەها لە حكوومەتیشدا هەردەگونجێ خەڵكی نامسوڵمان بەشداربێ، كاتی خۆی لەدەوڵەتی ئیسلامییدا خەڵكی نامسوڵمان بەشدار بووە، بە پلەی وەزیر و پلەی جۆراوجۆر بەشدار بووە، بۆیە ئەو حكوومەت و ئەنجوومەن و قەوارەیە، چ هەمووی مسوڵمان بێ، چ زۆرینەی مسوڵمان بێ و نفووز و دەسەڵات بە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
E/MediaAmeerOffice
AliBapir2

دەست مسوڵمانانەوە بێ، هەر بە ئیسلامیی دادەنرێ.

ئنجا با بێینە سەر خستنە ڕووی پێنج جۆرە بەڵگەكان، سەرەتا بەكورتیو بەڕیز ئاماژەیان پێدەكەینو پاشان یەك لەدوای یەك دەیانتوێژینەوە:

1- ئەو بنچینە شەرعییەیە كە دوای تۆزێك تیشكی زیاتری دەخەمە سەرو دەڵێ: ئەسڵ لەبواری عادەتو هەڵسو كەوتەكاندا بریتیە لە ڕەواییو دەستكراوەیی.

2- پاشان چەند ئایەتێكم هێناوەتەوە كە ئاماژە بەو مەسەلەیە دەكەن.

3- دوایی چەند فەرمایشتێكی پێغەمبەر ﷺم هێناون لەوبارەوە.

4- پاشان ئامانجە شەرعییەكان (مقاصد الشريعة)م كردوونە بەڵگە.

5- دواتریش چەند بەڵگەیەكی عەقڵییو واقیعییم هێناوەتەوە.

**جۆری یەكەم:** بریتیە لەو بنچینە شەرعییەی كە دەڵێ: بناغە لە شتەكاندا ڕەواییە، (الأصل في الأشياء الإباحة) یان: بناغە لە هەڵسو كەوتو عاداتەكاندا ڕەواییە (الأصل في المعاملات والعادات الأباحة)، ئەم بنچینەیە وەك باسمكرد، بنچینەیەكی گرنگە بۆ ئێمەی ئیسلامیی كە ئێستا لەم واقیعو هەلومەرجانەدا كار دەكەین، كە بۆ ئێمە حاڵەتێكی نائاساییین، چونكە حاڵەتی ئاسایی كۆمەڵی مسوڵمانانو كۆمەڵگایەكی ئیسلامیی ئەوەیە كە هەموو شتێكیان هەڵقوڵاوی شەریعەتەكەیان بێو، خۆیان دەسەڵاتیان هەبێ بەسەر هەموو كاروبارو ئیشەكانیاندا.

ئنجا ئەم بنچینە شەرعییە زانایان بە چەند شێوەیەك تەعبیریان

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

لێکردوە، بۆ وێنە: دەڵێن: (الأصل في العادات العفو)، واتە: بناغە لەعادەتەکاندا بواردرانە، هەروەها وتووشیانە: (الأصل في العادات الإباحة)، واتە: بناغە لەعادەتەکاندا ڕێپێدرانە، جاری واشە وتوویانە: (الأصل في المعاملات العفو)، دیارە مەبەست لە عاداتو موعامەلات یەك شتە، واتە: ئەوەی کە خەڵك لەنێو خۆیاندا ڕەفتاری پێدەکەن، جا بناغە لە موعامەلەو عاداتەکاندا بریتییە لە بوارەبوون، ئنجا ئەمە لە بەرانبەریدا بنچینەیەکی دی هەیە، کە دەڵێ: (الأصل في العبادات الحظر)، واتە: بناغە لەخوا پەرستییەکاندا لێ قەدەغەکرانە، یان (الأصل في العبادات الأتباع)، واتە: بناغە لەخواپەرستییەکاندا شوێنکەوتنە، یانی: وەك چۆن لە بناغە بواری عادەتو لە هەڵسوکەوتەکاندا دەستکراوەیی و ڕەواییە، واتە هیچ شتێ لە هەڵسوکەوتو عادەتەکان قەدەغە نیە، مەگەر دەقێکی شەرعیی قەدەغەی کردبێ، بە پێچەوانەوە بواری عیبادەتەکان بناغە تێیدا بریتییە لە قەدەغەکران، مەگەر شەرع بڕیاری دابێ، واتە ڕاست بە پێچەوانەی هەڵس و کەوتو عادەتەکانەوە، چونکە هەڵس و کەوتو عادەتەکان بریتین لە ڕەفتار پێکەوەکردنی مرۆڤەکان لە بواری سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا، بەڵام عیبادەت بریتیە لە هەڵسوکەوتی ئینسانەکان لەگەڵ خوادا، بۆیە دەبێ خوا (سبحانه وتعالى) بە بەندەکانی بفەرموێ: ئاوا مامەڵەم لەگەڵ بکەن، ئاوا نوێژ بکەنو سوجدەو ڕکووع بەرن، ئاوا ڕۆژوو بگرن، ئاوا لێم بپاڕێنەوە، ئەوە دەبێ خوا بۆ خۆی بۆ بەندەکانی دیاریی بکا، بەڵام خۆمان وەکو ئینسان عەقڵمان پێ دەشکێ تا ڕاددەیەکی زۆر

www.AliBapir.net
E/AliBapir1
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

چۆن پێکەوە مامەڵە بکەین، بەس پێویستییمان بە چوارچێوەیەکی فراوانی شەرعیی هەیە، تاکو لە حوکمی عەقڵ‌و فیترەت دەرنەچین.

+ ئایا ئەو بنچینەیە لە ئایەتێکەوە وەرگیراوە، یان هەر ڕێککەوتنی عەقلّیی زانایانە؟ سەرچاوەکەی چییە؟!

- ئەو بنچینەیە کە زۆربەی زانایان باسیان کردووە، لەوانە: ئیبنو تەیمییە، نەووەوی، ئیبنو عەبدولسەلام، شاطیبی، ئامودی، ئەبو حامیدی غەززالی، بەڵێ ئەم بنچینەیە لە تێوەڕامانی دەقەکانی شەریعەت (قورئان‌و سوننەت) بەگشتی، هەڵهێنجراوە، دیارە هەموو بنچینە شەرعییەکانی دیکەش هەر وان، جا ئێستا من ئاماژە دەکەم بەقسەی دوو لەزانایان لەبارەی ئەم بنچینە شەرعییەوە، بۆ وێنە: ئیبنو تەیمییە ڕەحمەتی خوای لێبێ لە کتێبی (القواعد النورانية الفقهية) لە لاپەڕە (112)دا، دەربارەی ئەم بنچینە شەرعییە دەڵێ: (الأصل في العبادات التوقيف فهو لا يشرع منها إلا ما شرعه الله، والاّ دخلنا في قوله تعالى: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ...؟!﴾ الشورى -21-، والعادات الأصل فيها العفو فلا يُحْظَر منها إلا ما حرّمه الله تعالى والاّ دخلنا في معنى قوله: ﴿قُلْ أرأيتم مَّا أنزَلَ اللّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلاَلاً...﴾، يونس -59-، واتە: بناغە لە خواپەرستییەکاندا بریتییە لە وەستێنران، (بەندە دەبێ بوەستێ) هیچ عیبادەتێك بە شەرعیی دانانرێ، مەگەر ئەوە کە خوا بە شەرعیی دانابێ‌و بەڵگەی لەسەر ناردبێ، چونکە هەر عیبادەتێك زیاد بکرێ، ئەوە دەچینە نێو مانای ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم...﴾ واتە:

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

ئایا چەند هاوبەشێكیان هەن كە شتێكیان لە دین بۆ داناون كە خوا ئیزنی لەسەر نیە؟!، (كەواتە: هەر عیبادەتێك زیاد بكرێ مانای وایە تۆ شتێكت زیاد كردوە، كە خوا فەرمانی پێ نەداوە، چونكە عیبادەت بریتیە لە چی؟ بریتیە لەوە كە خوا یان فەرزی كردوە یاخود پەسەندی كردوە، چونكە عیبادەت تەنیا دوای فەرمانی خوا دەیزانی كە ئەوە عیبادەتە یان نا؟، جا كەواتە هەر شتێك خوا فەرمانی پێ نەكردبێ بە پێویست كردن، یاخود فەرمانی پێ نەكردبێ بە بە پەسەند دانان، مانای وایە عیبادەت نیە، كەواتە: هەر شتێك زیاد بكرێ لە لایەن ئینسانەكانەوە لە بواری عیبادەتدا، ئەوە قەدەغەیەو بریتیە لەوە كە تۆ شەریكت بۆ خوا بڕیار داوە) ئنجا دەڵێ: وە عادەتەكان بناغە تێیاندا بریتیە لە عەفوو، (واتە: لێگەڕانو وازلێهێنانو مرۆڤەكان دەستیان بەرهەڵدا كراوە لە بواری مامەڵەو هەڵسوكەوتو عادەتەكاندا) وە هیچ كام لە عادەتەكانیان لێ قەدەغە ناكرێ، جگە لەوەی خوای بەرز لێی قەدەغە كردوون، چونكە هەر شتێك لە هەڵسوكەوتو عادەتەكان قەدەغە بكەین، كە شەرع قەدەغەی نەكردبێ، ئەوە مانای وایە ئێمە پێچەوانەی فەرمانی خوا جوولاوینەتەوە، كە دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا أَنزَلَ اللّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلاَلاً قُلْ آللّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللّهِ تَفْتَرُونَ؟!﴾ یونس -59-، واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: ئەو ڕزقە دەبینن كە خوا بۆی ناردوونە خوار، هەندێكیتان لە خۆتانەوە قەدەغەو هەندێكیشتان حەڵاڵ كردوە، جا ئایا خوا مۆڵەتی داونو فەرمانی پێكردوون وابكەن، یاخود بە ناوی خواوە بوختانو درۆ دەكەن؟! كەواتە: هەر شتێك لە بواری هەڵسوكەوتەكاندا قەدەغە بكرێ بە بێ دەقێكی شەرعیی، مانای وایە ئێمە شتێكمان كردوە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapirA
F/Media Ameer Office

پێچەوانەی فەرمانی خوا، چونکە خوا دەفەرمویَ: لەخۆوە شت قەدەغە مەکەن، وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی مائیدەدا دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحَرِّمُواْ طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللّهُ لَكُمْ...﴾ -87-، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەو شتە خۆش و بەتام و سوودبەخش و چاکانەی کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوون، قەدەغەیان مەکەن.

ئنجا با بچین بۆ لای زانایەکی دیکە داخۆ ئەو چۆن تەعبیر لەم بنچینە شەرعییە دەکات؟ (عبدالرحمن بن ناصر السَّعدي) لە کتێبێکیدا بە ناوی (رسالة لطيفة جامعة في أصول الفقه المهمة)، واتە: نامیلکەیەکی بچووکی کۆکەرەوە دەربارەی بنچینە گرنگەکانی فیقه، لە لاپەڕە (106)دا دەڵێ: (الأصل في العبادات الحظر، إلا ما ورد عن الشارع تشريعه، والأصل في العادات الإباحة، إلاّ ما ورد عن الشارع تحريمه)، واتە: بناغە لە عیبادەتەکاندا بریتییە لە قەدەغەکران، جگە لەوەی شەرعدانەر بە ڕەوای دانابێ و بڕیاری لەسەر دابێ، بەڵام بناغە لە عادەتەکاندا بریتییە لە ڕەوایی جگە لەوەی کە شەرعدانەر (کە خوایە سبحانه وتعالى) قەدەغەی کردوە، ئنجا بۆ زیاتر سەلماندنی ڕاستیی ئەم ڕایە، دەڵێین: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد﴾، رواه مسلم، واتە: هەر کەسێك لەم دینەی ئێمەدا شتێك پەیدا بکا کە لەو نەبێ، ئەوە ڕەتکراوەیە، کە لێرەدا مەبەستی بواری عەقیدەو عیبادەتە، بۆچی؟ چونکە هەر پێغەمبەر ﷺ لە بواری هەڵسوکەوت و عادەتەکاندا لە ڕووداوی مووتوربە کردنی دارخورمایاندا کە بە لای کۆمەڵێکدا تێپەڕی دارخورمایان موتوربە دەکردو فەرمووی:

ئەگەر واش نەكەن زەرەری نیە، ئەوانیش وازیان لە مەتوربەكردنیان هێناو سەرەنجام بەریان نەگرت، دوایی چوونە لای پێغەمبەر ﷺ وتیان، ئەی پێغەمبەری خوا! دار خورماكان بەریان نەگرت، فەرمووی: بۆ؟ وتیان تۆ فەرمووت ئەگەر واش نەكەن زەرەری نیە، ئەویش فەرمووی: ئەگەر شتێكم پێ گوتن و گوتم ئەوە خوا فەرموویەتی، لێم وەربگرن، بەڵام ئەگەر شتێكم دەربارەی كاروباری دونیا گوت، بە بۆچوونی خۆم، (أنتم أعْلمُ بأمور دنياكم[1])، ئەوە ئێوە بە كاروباری دونیاتان شارەزاترن، كەواتە: عەقیدەو عیبادەت و ئەوشتانە كە لە وەحییەوە نەبێ نازانرێن، ئەوە (توقيفي)ین و دەبێ تیایاندا لەو شوێنە بوەستین كە دیاریی كراوە، بەڵام لە بواری هەڵسوكەوت و عادەتەكاندا، دەستمان كراوەیە، بۆچی؟! چونكە خوای بەبەزەیی لە چەندین ئایەتدا ڕایگەیاندوە كە هەموو شتێكی بۆ بەندەكانی خوڵقاندوەو دەستی ئاوەڵا كردوون، بۆ وێنە: لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً...﴾، -29-، واتە: خوا ئەو كەسەیە كە هەرچی لەسەر زەوییە بۆ هەمووتانی خوڵقاندوە، یان هەرچی لەسەر زەوییە بۆ ئێوەی خوڵقاندوە، وە لە سوورەتی (الجاثية)دا دەفەرموێ: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ...﴾ -13-، واتە: وە هەرچی لە ئاسمانەكان و زەوییدایە بۆ ئێوەی خوڵقاندوە لە لایەن خۆیەوە، كەواتە: هەموو شتەكان و، هەموو هەڵسوكەوتەكان لەئەسڵدا ڕەوان، چونكە خوا ئەم ژیان و نیعمەت و بوونەی بۆ ئینسان ڕەخساندوە، مەگەر ئەوەی بە دەقێكی ڕۆشن قەدەغەی

[1] - رواه مسلم، بەژمارە: 2361،2362،2363.

www.AliBapir.net
F/AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

کردبێ.

ئنجا دیارە کە: بەشدارییکردن یان نەکردن لە پەرلەماندا لە بواری هەڵسوکەوتەکاندایەو، هیچ دەقێکی لەسەر نیە کە قەدەغەی کردبێ، کەواتە: لە ئەسڵدا ڕەوایە، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە ئایا قازانجی تێدایە بەشداریی تێدا بکرێ، یان زەرەری تێدایە؟ ئەوە دەکەوێتەوە سەر بۆچوونی ئەو کۆمەڵو خەڵکەو دەتوانن بەشداریی بکەن، ئەگەر وا بزانن قازانجی تێدایەو، دەشتوانن نەچن ئەگەر زەرەری تێدا ببینن.

+ مامۆستا لەم بەڵگەو بنچینەیەوە شتێك تێدەگەین، ئەویش ئەوەیە کە خوای گەورە دەرفەتی زۆری بە ئینسان داوە کە عەقڵی خۆی بەکار بێنێ، بەڵام هێندێك لە مامۆستایانو بانگخوازان پێناسەیەك بۆ ئیسلام دەکەن، کە لە قورئاندا هەموو شتێك بڕێنراوەتەوەو خوای کاربەجێ هەموو شتێکی بۆ دیاری کردووین، جا ئایا ئەمە چۆنە؟!

ـ ئەوەی کە وا دەڵێ، دەبێ بزانێ دەڵێ چی؟ ئەگەر بڵێ: خوای پەروردگار هەموو شتێکی لە قورئاندا بۆ بڕاندووینەوە، ئەوە ڕاستە بە مانایەك، هەڵەیە بە مانایەکی دی، ڕاستە بەو مانایەی کە خوا -سبحانه و تعالی- لە قورئاندا هێڵو بنچینە گشتییەکانی هەموو شتێکی بۆ داناوین، وەك فەرموویەتی: ﴿...مَّا فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَيْءٍ﴾ الأنعام - 38-، واتە: هیچ شتێکمان لەکتێبدا فەرامۆش نەکردوە، کە دیارە مەبەست هەرشتێکە کە پێویست دەکاو عەقڵی ئینسان نایبڕێ، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوەبێ کە خوا هەموو وردەکارییەکانی باس کردوە، ئەوە وانیە، چونکە ئەگەر خوا هەمووشتێکی ڕوونکردۆتەوە، ئەدی بۆچی بە

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿...وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ النحل -44-، واتە ئێمە زیکرمان بۆ تۆ ناردوە تاکو ئەوەی کە بۆیان نێردراوەتە خوار بۆیان ڕوون بکەیەوەو بۆ ئەوەی خۆشیان بیر بکەنەوە، کەواتە: تەنیا ڕوونکردنەوەی پێغەمبەریش ﷺ بەس نیە، بەڵکو دەبێ خۆشیان بیر بکەنەوە، ئەوکاتە دەتوانن قورئان جێبەجێ بکەن، کەواتە: دیارە قورئان پێویستی بە ڕوونکردنەوەی پێغەمبەر ﷺو بیرکردنەوەی ئێمەش هەیە، ئەوکاتە دەتوانین لەقەدەر خۆمان لێی تێبگەینو جێبەجێ بکەین.

**جۆری دووەم:** لەبەڵگەکان، چەند ئایەتێکن، کە دیارە دەتوانین زۆر ئایەت بێنینەوە لەسەر ئەوە کە ڕەوایە تۆ بچیە پەرلەمانێکی بەو شێوەیەوە کە باسمان کرد، کە لەوێدا تۆ ئەوەی هەقو ڕاستە بیڵێو ئەوەی کە ناڕاستو ناهەقە بەرپەرچی بدەیەوە و ڕێی لێ بگری، بەپێی توانا هەوڵ بدەی لە ڕێی ئەو مینبەرەوە لەگەڵ هەقو دژی ناهەق بیو شتێك بکەی کە بە قازانجی خەڵكو کۆمەڵگاکەت بێ:

1- جا یەکێك لەو ئایەتانە ئایەتی ژمارە (125)ی سوورەتی (النحل)ە کە خوای پەروەردگار فەرمانمان پێدەکاو دەفەرموێ: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ...﴾، واتە: بانگەواز بکە بۆ لای ڕێبازی پەروەردگارت بە حیکمەتو لێزانییو ئامۆژگاریی چاكو بە چاکترین شێوە وتووێژو موناقەشەیان لەگەڵدا بکە، جا دیارە ئەم بانگەوازکردنە بۆ ڕێی پەروەردگار، چ لە نێو پەرلەمان بێ، چ لە دەرەوەی پەرلەمان بێ هەر واجبە، بەڵام بە تەئکید تۆ لەنێو هەڵبژاردەی کۆمەڵگایەکدا بچی بانگەواز بکەی بۆ لای ڕێبازی خواو

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

یاساكانی شەریعەت، زۆر جیاوازە لەوەی كە تۆ لە كۆڵانو جادەو هۆڵێكو بۆ كەسانێكی دیاریكراو، یان كەسانێكی گشتیی قسە دەكەی، لە كوێ تۆ قسە بكەی بۆ هەڵبژاردەو نوێنەرانی خەڵكو، لە كوێ قسە بكەی بۆ خەڵكێك بە گشتیی!!

2- پاشان لەسەر مسوڵمانان پێویستە كە بانگەواز بكەن بۆ چاكە (ئیسلام)و فەرمان بە چاكە بكەنو ڕێ لەخراپە بگرن، واتە: فەرمان بە هەر شتێكی پەسەند بكەنو ڕێگا لە هەر شتێكی ناپەسەند بگرن، وەكو لە سوورەتی (آل عمران) ئایەتی (104)دا دەفەرموێ: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾، واتە: با لە ئێوەدا كۆمەڵێك هەبن، یاخود ئێوە كۆمەڵێك بن، كە بانگەواز دەكەن بۆ لای چاكە (واتە: ئیسلام) وە فەرمان دەكەن بە شتە باشو پەسەندەكانو، ڕێ دەگرن لە شتە ناپەسەندو خراپەكان، وە هەر ئەوانەش سەرفرازن، ئاشكراشە كە بانگەواز كردن بۆ چاكەو فەرمانكردن بە شتی پەسندو ڕێگریی لەشتی ناپەسند، سەرجەم بوارەكانی دینداریی و دنیاداریی دەگرنەوە: فیكرو عەقیدە، عیبادەتو تەزكیە، خو و ڕەوشت، لایەنی خێزانیی، لایەنی كۆمەڵایەتیی، لایەنی سیاسیی، لایەنی ئابووریی...هتد.

ئنجا بە تەئكید تۆ لە هەموو شوێنێك لە سەرت پێویستە لەگەڵ چاكەدا بیو پشتگیریی بكەیو دژی خراپە بیو پێشگیریی لێ بكەی، بەتایبەت لەشوێنێكدا كە یاسای لێدەردەچێو شوێنی لێپرسینەوەو چاودێرییكردنی حكوومەتە، وە شوێنی زانینی ئەوەیە كە واریدات چی

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

هەیەو خەرجو نەفەقات چۆن دەكرێ؟! دیارە لەوێ پێویستترە ئەو فەرمان بە چاكەیەو نەهی لە خراپەیە ئەنجام بدەی،

3- وە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿...وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ...﴾ المائدة -2-، واتە: هاوكاریی یەكدی بكەن لەسەر چاكەكاریی‌و پارێزكاریی، وە هاوكاریی یەكدیی مەكەن لەسەر گوناهو دەسترێژیی...، كەواتە: هەر شتێك بۆ خەڵك چاك بێ‌و بۆ لای خوا مایەی تەقوا بێ، تۆ لەسەرت پێویستە دەستبارگریی خەڵك بی بۆ وەدیهێنانی، ئنجا ئەگەر كەسانێك ئەنجوومەنی نیشتیمانی یاخود ئەنجوومەنی نوێنەران دەكەنە شوێنی بانگەشە بۆ خراپە، تۆ دەیكەیتە شوێنی بانگەشە بۆ چاكە، وە ئەگەر دەیكەنە شوێنی خۆتێكهەڵبەستن بۆ خراپەو دەستباری یەكدی گرتن بۆ خراپە، تۆ بیكە بە شوێنی دەستبارگرتن لەگەڵ خەڵك بۆ شتی چاكەو پەسندو مایەی خێرو خۆشی خەڵك.

چونكە بەدەقی قورئان هاوكاریی‌و دەسبارگرتن بۆ چاكەكاریی‌و پارێزكاریی فەرزە.

4- هەروەها خوای بەرزو مەزن فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ...﴾ النساء -135-، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! زۆر دادگەریی بەڕێوە بەرنو بیچەسپێنن، بەڵێ تۆ لە سەرت پێویستە، لە هەموو شوێنێك دادگەریی بچەسپێنی‌و ستەمو زوڵم لابەری، بەڵام لەو شوێنەدا كە مەركەزی بڕیاردانە، زیاتر لەسەرت پێویستە كە تێیدا هەوڵ بدەی دادگەریی بچەسپێنی‌و زوڵمو ستەم لابەری.

**جۆری سێیەم:** جۆری سێیەمی بەڵگەكانمان چەند فەرموودەیەكەو

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

فەرموودەی پێغەمبەریش ﷺ لەو بارەوە زۆر زۆرن، بەڵام ئێمە تەنیا دووانمان بە نموونە هێناونەوە:

1-یەکیان ئەو فەرموودەیەیە کە موسلیم گێڕاویەتەوە، کە دەفەرموێ: {من رأى منكم منكراً، فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان} ، واتە: هەر کامێکتان شتێکی ناپەسەندی بینی با بەدەست بیگۆڕێ، ئەگەر توانی، وە ئەگەر نەیتوانی بە زمان، وە ئەگەر نەیتوانی با بە دڵ پێی ناخۆش بێ، لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتوە: {وليس وراء ذلك مثقال حبة خردل من إيمان} واتە: وە لە دوای پێناخۆشبوونی دڵیشەوە هێندەی قورسایی دەنکە خەرتەلەیەك ئیمان نیە، واتە کەسێك نە بە دەست خراپە بگۆڕێو، نە بە زمان خەریکی گۆڕینی بێو، نە بە دڵیش پێی ناخۆش بێ، بە قەد دەنکە خەرتەلەیەك ئیمانی نیە، چونکە هیچ هەڵوێستێکی نەبووە لە بەرانبەر ناپەسەندییو ناشەرعییدا، کەواتە: بەپێی ئەم فەرمایشتە لەسەرمان پێویستە ناپەسەندییو ناشەرعیی بگۆڕین، جا ئایا لە کۆمەڵگای ئێمەدا زوڵمو زۆرو گەندەڵییو خراپەو شتی ناشەرعییو ناپەسەندو ناشیرینی زۆر نیە، کە خەڵکی بێزار کردوە؟! بە تەئکید با، ئاشکراشە کە پەرلەمان گونجاوترین هۆکارو شوێنە بۆ ئەو گۆڕینو چاکسازییە، چونکە لەوێوە دەنگت دەگاتە هەموو خەڵك، لەسۆنگەی ئەوەوە کە هەڵبژاردەو نوێنەرانی خەڵکەکە لەوێن.

2-فەرموودەیەكی دیكەی پێغەمبەر ﷺ كە هەر لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە، دەفەرموێ: {إنه يستعمل عليكم أمراء، فتعرفون و تنكرون، فمن كره فقد بريء، ومن أنكر فقد سَلِمَ، ولكن من رضي وتابَعَ}، واتە: كاربەدەستانێكتان بەسەرەوە دادەنرێن كە هەندێ شتیانتان پێ چاكەو هەندێ شتیانتان ڕەخنەتان لێی هەیە، (ئنجا خەڵكەكە دەكاتە سێ بەش و دەفەرموێ: {فمن كره فقد بريء}، جا هەركەس خراپەی ئەوانی پێ ناخۆش بێ، ئەوە بەرائەتی بۆ خۆی هێناوەتە دی، (واتە: گوناحی نایەتە سەرو مادام خراپەی گوناهكارانی پێ ناخۆش بێ، بەشدار نییە لە گوناهەكەیاندا، كە ئەوە لای كەمیەتی)، {ومن أنكر فقد سَلِمَ}، (بەلاَم لەوە باشتر ئەوەیە كە تۆ ڕەخنەی لێ بگریو، هەوڵ بدەی ئەو خراپەیە نەمێڵێ، واتە: بەگژ خراپەكانیاندا بچیەوە) وە هەر كەسێك بەگژ خراپەكانیاندا بچێتەوە، ئەوە سەلامەت بووە، (ئەوی پێشی هەر بەرییە، بەلاَم ئەمە سەلامەتیشە)، بەلاَم كەسێك ڕازیی بێ و لەگەڵ ئەو ناشەرعییانەشدا بێ!! (وەلاَمەكەی نەداوەتەوە، یانی: لە هەموو گوناهەكانیاندا بەشدارە) كەواتە: كەسێك ستەمو خراپەو ناشەرعیی دەبینێ و بێدەنگو بێهەڵوێستە، ئەوە نیشانەی ڕازیبوونیەتی و لەو خراپەو ناشەرعییانەشدا بەشدارە.

**جۆری چوارەم:** لەو بەڵگانە، ئامانجەكانی شەریعەتە، ئێمە ئەگەر لە ئایەتەكانی قورئانەوە ڕابمێنین، كە زانایان پێی دەڵێن: (إستقراء نصوص الشريعة) واتە: تێوەڕامانو سەرنجدانی دەقەكانی شەریعەت، بەڵێ بە تێوەڕامانی دەقە شەرعییەكان، كۆمەڵێك ئامانجی شەرعییمان دێنە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media/AmeerOffice

دەست کە بەڵگەی ئیسپاتی ڕەوایی بەشداریی تێداکردنی ئەوجۆرە ئەنجوومەنو پەرلەمانەن کە باسمان کرد:

1- یەکێك لەوانە: شەریعەت بۆ ئەوە هاتوە کە بەرژەوەندیی خەڵك بێنێتە دی، وەبەرژەوەندیی خەڵك کە بە عەرەبی پێی دەڵێن: (المصلحة) بریتیە لە دوو شت: هێنانەدی قازانجەکانو دوورخستنەوەی زیانەکان (جلب المنافع و دفع المضار)، تەماشای هەموو دەقەکانی شەریعەت بکە دەگەیە یەك ئەنجام، ئەویش ئەوەیە کە شەریعەت بۆیە هاتوە بەرژەوەندیی خەڵك بێنێتە دی، بەرژەوەندیی دونیاو قیامەتیان، بەرژەوەندیی جەستەو ڕووحیان، بەرژەوەندیی تاكو خێزانو کۆمەڵگاو دەوڵەتیان، کەواتە: تۆ لە هەر ڕێیەکەوە بەرژەوەندیی خەڵکت بۆ بچەسپێ، پێویستە لەو ڕێیەوە بڕۆی، وە لەهەر ڕێیەکەوە پێچەوانەی بەرژەوەندییت –کە خراپ (مفسدة)یە- بۆ دوور بخرێتەوە، دیسان لەسەرت پێویستە، دەجا ئێمە بە بەشدارییکردنمان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا، باشتر دەستمان دەڕوات بۆ ئەوە کە بەرژەوەندیی خەڵكو کۆمەڵگاکەمان بچەسپێنین.

2-وە بە سەرنجدانی دەقەکانی شەریعەت، بۆمان دەردەکەوێ کە بەرزترینو پیرۆزترین بەها کە پێغەمبەران بۆی هاتوون بیچەسپێنن، بریتیە لە داد (عدل) وە خراپترین ڕەفتار کە پێغەمبەران هاتوون لای بەرن، بریتیە لە ستەمو زوڵم، بە بەڵگەی ئەوەی کە خوای بێ وێنە (سبحانه وتعالى) لە ئایەتی (25)ی سوورەتی (الحديد)دا دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ...﴾، واتە: بێگومان هەموو پێغەمبەرانمان

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

بەبەڵگە ئاشکرایەکانەوە ڕەوانەکردوون و کتێب و تەرازووشمان پێدا ناردوون تاکو خەڵك بە دادگەریی بەڕێوە بچن، بەڵێ چەسپاندنی دادگەریی ئامانجی هەموو پێغەمبەران بووە صەڵات و سەلامی خوایان لەسەربێ، ئنجا دیارە عەدل ناچەسپێ تا زوڵم لانەبرێ، دەجا تۆ لە ڕێی ئەو پەرلەمانەوە لە هەموو ڕێیەك باشتر دەستت لەوە گیر دەبێ کە بتوانی دادگەریی بچەسپێنی و یاسای وا دەربکەی دادگەریی و بەرژەوەندیی خەڵکی تێدابێ، وەستەم و خراپەو فەسادی پێ لابچێ، ئنجا بۆ سەلماندنی ئەوە کە شەریعەت بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی و چاکسازیی تێداکرانی کۆمەڵگاو چەسپاندنی دادو، لابردن و نەهێشتنی ستەم و خراپە (فساد) هاتوە، دەتوانین ئاماژە بەم چەند ئایەتە بکەین:

أ- خوا -سبحانه وتعالى- لە سوورەتی (الفجر)دا دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ . فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ﴾، واتە: ئەوانەی کە لە وڵاتاندا (لەخوا)یاخی بوون، وە پڕیان کرد لە فەساد، ئەوەی کە ئێستا پێی دەڵێن: (گەندەڵیی) دیارە گەندەڵیی (فساد) لە قورئاندا واتاو مەفهوومێکی گشتیی هەیەو بوارەکانی: سیاسیی و ئیداریی و ئەخلاقیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و...هتد، هەمووی دەگرێتەوە، کەواتە: لە ئەنجامی سەرکێشیی و یاخیبوون لە خوادا، فەساد بڵاودەبێتەوە!

ب- پێغەمبەر (شعیب) بە هۆزی (مدین) دەفەرموێ: ﴿...إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ...﴾ هود -88-، واتە: من جگە لە چاکسازیی شتێکی دیکەم ناوێ، کەواتە: پێغەمبەران هاتوون

ئیسلاح بكەن، بەڵام طاغووت‌و فیرعەونەكان هاتوون ئیفساد بكەن، مانای وایە شەریعەت هاتوە بۆ ئیسلاح‌و چاكسازیی‌و لابردنی ئەو فەسادو فەوزایەی كە طاغووت‌و فیرعەونەكان بڵاویان كردۆتەوە.

پوختەی قسان:

ئامانجی هەرە گەورەی شەریعەتی خوای كاربەجێ، هێنانەدی بەرژەوەندیی مرۆڤە بەتاك‌و خێزان‌و كۆمەڵگاوە، كەدیارە ئەمەش بەبێ چەسپاندنی دادگەریی‌و چاكەكاریی‌و، لابردن‌و نەهێشتنی ستەم‌و خراپەكاریی دەستەبەرنابێ، ئنجا لەسۆنگەی ئەوەوە كە ئەنجوومەنی ڕاوێژ (پەرلەمان) مەڵبەندی بڕیارو یاساداناني وڵاتەو، ئاویش كە لەسەرچاوەو بنەوان لیّل بوو، لەجۆگا ڕوون نابێتەوە، بۆیە بەشداربوون لەو مەڵبەندی بڕیاردان‌و یاسادانانەدا نەك هەر ڕەوا بگرە پێویستیشە، بۆ ڕێگرتن لەبڕیارو یاسای خراپ‌و سەقەت‌و، هاوكاریی كردن یان دەسپێشخەربوون بۆ دەركردنی بڕیارو یاسای وا كە بەرژەوەندیی خەڵك‌و وڵات دابین بكەن.

**جۆری پێنجەم:** لە بەڵگەكان، چەند بەڵگەیەكی عەقڵیی‌و واقیعیین، كە بە كورتی ئاماژەیەكیان پێ دەكەین:

**یەكەم:** پەرلەمان مینبەرێكە دەتوانی هەقی لەسەربڵێی‌و بانگەوازی چاكەی لەسەر بكەی، هەیە دەڵێ: خۆ یاساكان هەر دەردەچن ئێمە بەشدارین یان نا، لەبەر ئەوەی ئێمە كەمینەین! دەڵێین: نەخێر مەرج نیە، دوێنێ كەمینە بووی، ڕەنگە سبەینێ ببی بە زۆرینە، پاشان خۆ ئەو خەڵكەش نابێ هەموویان گومانی خراپیان پێ بەری، هەیە لە شتی

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir
F/Media:AmeerOffice

حەقدا لەگەڵتدایە، ئنجا خراپترین ئیحتیمال ئەوەیە کە تۆ هەقو چاکەت بۆ نەچەسپێ، بەڵام خۆ لانی کەم بۆ خەڵکت دەرخستوە کە بڕیاری شەرع ئەوەیەو بۆ قیامەت خەڵك بیانووبڕاو کردوە! کە ئەمەش ئامانجێکی گەورەی ڕەوانەکرانی پێغەمبەرانە (صلی الله علیهم وسلم): ﴿رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ...﴾ النساء - 165-، واتە: پێغەمبەرانێکی موژدە دەرو ترسێنەرن، تاکو خەڵکی پاش پێغەمبەران بەڵگەیان لەسەر خوا نەبێ...

**دووەم:** پاشان ئەندامانی پەرلەمان حەسانەیان هەیەو پارێزراون، یانی خاوەنی کەسایەتی خۆیانن‌و قسەیان دەڕواتو لە بەرانبەر حکوومەتو دامودەزاگاکاندا جۆرێك لە پارێزراوییان هەیەو، باشتر مەجالیان هەیە کە فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە بکەن.

**سێیەم:** دوایی بڕیارو یاساکانی پەرلەمان بە ناوی خەڵکەوە دەردەچن، ئێ باشە کە بە ناوی خەڵکەوە دەردەچن، بۆچی نوێنەرانی ئەو خەڵکە مسوڵمانە لەو پەرلەمانەدا نەبن، کە بڵێن: ئێمە لەو یاساو بڕیارە نارازیین، چونکە ئەگەر کەسێك لەوێ نەبێ کە قسەی شەرعیی بکا، مانای وایە ئەو پەرلەمانە بڕیار دەداو بە ناوی ئەو خەڵکە مسوڵمانەشەوەیە! کەواتە: لە ڕاستییدا بۆ دیفاع کردن لە ئیرادەو ڕای ئەو خەڵکە مسوڵمانە کە لە شتی ناشەرعیی نارازییە، دەبێ نوێنەرانێکیان هەبن.

**چوارەم:** پاشان سوودێکی دیکەی ئەو بەشدارییە ئەوەیە کە کەسانێك پراوەیان پێبکرێو ڕابهێنرێن، چۆن کار بکەنو چۆن ئیدارەی وڵات بکەن، چونکە کەس لە زگی دایکی خۆیدا فێر نابێو، ئەگەر لە دامو دەزگاکانی

كۆمەڵگاكەمان دوور بین‌و نەتوانین تەفاعولیان لەگەڵدا بكەین، بەتەئكید دواییش هەر ناشێ‌و نەشارەزاو بێ توانا دەبین.

**پێنجەم:** هەروەها بەرگریی كردن لە ماف‌و ئازادیی‌و بەرژەوەندییەكانی خەڵك كە لەگرنگترین ئامانج‌و مەبەستەكانی شەریعەتە، یەكێ دیكەیە لەبەڵگەو پاساوەكانی ئەو بەشدارییی كردنە.

+ ئەی سەبارەت بە ڕای زانایانی هاوچەرخ، ئەوان چی دەڵێن؟

ـ بەڕاستیی قسەی زانایان، وەك گوتراوە: "أقوال العلماء يُستدلُّ لها ولا يُستدِلُّ بها"، واتە: قسەی زانایان بەڵگەی بۆ دەهێنرێتەوەو بە بەڵگە ناهێنرێتەوە، ئەگەرنا زۆربەی هەرە زۆری زانایانی هاوچەرخ، ئەو ڕایەیان هەیە كە ئێمە بە بەڵگە سەلماندمان ڕاست‌و بەجێیە.

1- جارێ سەرجەم كۆمەڵ‌و جم‌و جۆڵە ئیسلامییەكان بەبێ هەڵاواردن (استثناء) واتە: هەموو ئەوانەی كە لە گۆڕەپانی كاری ئیسلامییدان، كەم‌و زۆر لەگەڵ بەشداریپكردندان لە دامەزراوەكانی نێو كۆمەڵگادا، هەر لە سەردەمی حەسەن بەنناوە خوا لێی خۆشبێ، كە (برایانی مسوڵمان)ی دامەزراند، هەتا ئەبو عەلای مەودودیی خوا لێی خۆشبێ، كە (كۆمەڵی ئیسلامیی پاكستان)ی دامەزراند، هەتا ئیسلامییەكانی توركیاو مالیزیاو فیلیپین‌و بەنگلادیش‌و عالەمی عەرەبی، هەموویان لەگەڵ ئەو ڕایەن.

2- پاشان (شيخ ناصرالدين الألباني) فەرموودەناسی ئەم سەردەمەی ئێمە، ڕەحمەتی خوای لێبێ، كە پرسیاری لێكراوە وەكو خاوەنی كتێبی (فقه النوازل) بەرگی (4) لاپەڕە (400) (محمد بن حسين

WWW.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media Ameer Office

الجيزاني) هێناویەتی، کە مسوڵمانانی جەزائیر (جبهة الإنقاذ) پرسیاریان لێکردوە: ئایا دروستە بەشدار بین لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا؟!، لە درێژەی وەڵام و قسەکانیدا دەڵێ: "ولكن لا أرى ما يمنع الشعب المسلم إذا كان في المُرَشَّحين من يعادي الإسلام، و فيهم مرشحون إسلاميون من أحزاب مختلفة المناهج، فننصح في الحالة هذه كل مسلم أن ينتخب من الإسلاميين فقط"، واتە: بەڵام لەم حاڵەتەدا هیچ بەربەستێك نابینم لەبەردەم میللەتێکی مسوڵماندا، مادام لە کاندیدەکاندا کەسانێك هەبن دژایەتی ئیسلام بکەن، کەسانێکی دیکەش هەبن کە لە لایەنە ئیسلامییەکان بن، کە بەرنامەی جیاجیایان هەن، لەو حاڵەتەدا ئامۆژگاریی هەر مسوڵمانێك دەکەین کە تەنیا دەنگ بدا بە ئیسلامییەکان و بەس ئەوان هەڵبژێرن.

3- (الشيخ عبدالله بن باز) خوا لێی خۆشبێ یەکێکی دیکەیە لەو زانایانەی کە لەو بارەوە پرسیای لێکراوە، وەکو خاوەنی کتێبی (المشاركة في الحياة السياسية)، (د. مشير عمر المصري) لە لاپەڕە (235)دا، هێناویەتی پرسیاری لێکراوە دەربارەی هەڵبژاردن و بەشداریی کردن لە ئەنجوومەنی گەل (مجلس الشعب)دا، ئەویش گوتوویەتی: "إن النبي ﷺ قال: {انّما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امريء ما نوى}، متفق عليه، لذا فلا حرج في الألتحاق بمجلس الشعب إذا كان المقصود من ذلك تأيد الحق و عَدَمَ الموافقة على الباطل"، واتە: پێغەبەر ﷺ دەفەرموێ: {کردەوەکان بە پێی نیەتن، هەر کەسە بەپێی نیەتەکەی کردەوەی بۆ دەنووسرێ}، بۆیە هیچ سەغڵەتییەك نابینم لەوەدا کە ئینسان بچێتە نێو

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir1
E/MediaAmeerOffice

مەجلیسی شەعب (واتە: پەرلەمان) مادام مەبەست لەوەدا پشتگیریی کردنی حەق بێ‌و دژوەستانەوەی باتڵ بێ.

4- یەکێکی دی لەو زانایانە (ابن العثيمين)ە، ڕەحمەتی خوای لێبێ، وەك لە کتێبی: (المشاركة في الحياة السياسية) لاپەڕە (236)دا هاتوە، لەدرێژەی چەند قسەیەکیدا کە وەڵامی پرسیارێکی لەوبارەوە داوەتەوە، گوتوویەتی: "أُدخلوها أتتركونها للعلمانيين والفسقة؟!"، واتە: بچنە نێو پەرلەمان، ئەدی بەجێی دێڵن بۆ عەلمانییەکان‌و فاسقەکان؟!، واتە: قسەی باش لەپەرلەماندا بکەن‌و تەئیدی حەق بکەن‌و هەوڵ بدەن یاسای باش دەربکەن.

5- یەکێکی دیکە لەو زانایانە (الشيخ محمد أبو زهرة)یە، کە هەر لە سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (236)دا گوتوویەتی: "إن ترشيح بعض الإخوان المسلمين الذين يستمسكون بالعروة الوثقى، ولِلدِّين الإعتبار الأول في نفوسهم أمرٌ واجبٍ جدٌ واجبٍ"، دیارە وەڵامەکەی دەربارەی (إخوان المسلمين)ە لە میسر، دەڵێ: خۆ کاندید کردنی هەندێك لە برایانی مسوڵمان، ئەوانەی دەست بە ڕێسمانی خواوە دەگرن‌و پێش هەموو شتێك ئیعتیبار بۆ دین دادەنێن لە دڵ‌و دەروونی خۆیاندا، پێویستەو بەڵکو زۆریش پێویستە (کە خۆیان کاندید بکەن‌و بچنە نێو ئەو پەرلەمانانەوە).

6- هەروەها یەکێکی دی لەوانە (دکتور يوسف القرضاوي)یە کە لەژمارەیەك کتێبەکانیدا باسی ئەم مەسەلەیەی کردوە، بۆ وێنە: کتێبی: (من فقه الدولة في الإسلام) ص161 ط دار الشروق.

7- یەکی دیکە لەوانە: (سلمان بن فهد العودة)یە کە لەسەرچاوەی

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/Media/AmeerOffice

پێشوو لاپەڕە (237)دا دەڵێ: "إن العضوية في المجالس النيابية وغيرها، فالذي أراه إجمالاً أن هذا من باب تقليل المفاسد أو جلب بعض المصالح، أو حصول الإنسان على بعض حقّه، كما دخل رسول الله ﷺ في جوار أبي طالب و المُطعِم بن عدي"، واتە: بوونە ئەندام لە ئەنجوومەنی نوێنەران و غەیری ئەوەشدا (واتە: ئەنجوومەنی پارێزگاو هاو وێنەکانیدا)، ئەوەی کە دەیبینم بە کورتی ئەوەیە کە لە جۆری کەمکردنەوەی زەرەرەکان و بەدەستهێنانی هەندێك لە بەرژەوەندییەکانە، یاخود وەدەستهێنانی ئینسانە بۆ بەشێك لە حەقەکەی، هەروەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ چووە پەنای ئەبوتالیب و موطعیمی کوڕی عەدی...)، (واتە: پێغەمبەر ﷺ کاتێك چۆتە پەنای (ئەبوتالیب) مانای وانیە بە ناشەرعییەکانی (ئەبووتالیب) ڕازییە، وە کە (موطعیم) پەنای داوە، مانای وانیە بە سەرۆکی خۆی دەزانێ، یاخود بە دەسەڵاتدارێکی شەرعیی دەزانێ، بەڵام بەرژەوەندییەك و حەقێکی خۆی لەو ڕێیەوە مسۆگەر کردوە).

ئەوەش قسەی زانایان کە وەکو گوتم لەم پەڕی دونیا تا ئەوپەڕی هەموویان ڕایان وایە کە بەشداریکردن لەو جۆرە پەرلەمانانەدا، مادام مسوڵمانان بەرژەوەندیی تێدا ببیننەوە، نەك هەر پەسندە، بەڵکو هەندێکیان بە پێویستیشی دەزانن.

+ ئەمەوێ ئەوە بپرسم: کە ئایا پێت وانیە هێندێ جیاوازیی هەیە لە نێو پەرلەمانەکانی وڵاتاندا، بۆ نموونە لە کوردستان کە بە هەر هۆیەك بێ پەرلەمان نەیتوانیوە ئەرکی سەر شانی خۆی جێبەجێ بکا، کەمترین جار موناقەشە لەسەر ئەو شتانە کراوە کە خوای پەروەردگار بە ئاشکرا حوکمەکەیانی دیاریکردوە، بۆنموونە لە ماوەی چوار ساڵی پەرلەماندا

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media.Ameer.Office

تاكە یاسایەك لەو شێوەیە كە موناقەشەی لەسەر كرا، مەسەلەی چەندژنیی بوو، ئەو جیاوازییە چۆنە؟

- دیارە ئەو جیاوازییە هەیەو كاریگەریی زۆریشی هەیە لەسەر حوكمی بەشداریی كردنەكە، وەمن پێموایە بە حەقیقەت باروودۆخی كوردستان جیاوازە لە هی شوێنەكانی دیكە، جا ئەوە زانایان بە نسبەت شوێنەكانی دیكەوە وایان وتوە، بەڵام بە نسبەت ئێمەوە لە كوردستاندا دیارە كە دەستكراوەترین و پاساو و بەڵگەی زیاترمان هەیەو هاندەری زیاترمان هەن بۆ بەشدارییكردن، دیارە تۆ مەبەستت ئەوەیە كە لەلای ئێمە ناسەلمێنرێ لە كەسانێك كە دژی شەرع بوەستنەوە، وەكو لە شوێنانی دیكە هەیە، بۆ نموونە: لە شوێنێكی وەكو تونس، هەروەها لە توركیا، كە ئێستاش لە شوێنە ڕەسمییەكاندا ئافرەت بۆی نیە سەرپۆشی لەسەر بێ، وە بۆیان نیە بە ناوی ئیسلامەوە حیزبیان هەبێ، بەڵام ئێمە لە كوردستان بە تەئكید دەستمان كراوەترەو باروودۆخەكە زۆر جیایە، لەبەر ئەوە ئێمە ڕێ لەبەر دەمماندا ئاچوخترە، ئنجا بەڕاستی هەموو جارێ دەبێ بیر بكەینەوە كە تۆ بەدیلت چییە؟ ئایا ئەوەیە كە تۆ بێی بەهێز خۆت بە واقیعێكدا بدەی كە بەگشتی میللەتی خۆتەو خەڵكێكی مسوڵمانە؟ بەڵگەت چییە بۆ ئەوە؟ ئایا پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) وایان كردوە، یاخود سەبریان گرتوەو خەریكی هۆشیاركردنەوەو تێگەیاندنی خەڵك بوون؟، بێگومان سەبریان گرتوە لەسەر ئازارو ناڕەحەتییەكانیان، بە تەئكید ڕێبازی پێغەمبەران صلى الله علیه وسلم هەر ئەوە بووە، وەك فەرموویانە: ﴿...وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَى مَا آذَيْتُمُونَا...﴾ إبراهيم -12-، واتە: وە

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

سەبر دەگرین هەرچەندە ئازارمان بدەن! من لە ژیانی هەموو پێغەمبەراندا سەلاّت و سەلامی خوا لەسەر هەموویان بێ، یەك پێغەمبەرم پێ شك دێ كە لە قۆناغێكی دیاریكراودا ویستبێتی كۆمەڵگاكەی بەجێ بێڵێ، ئەویش (یونس)ە، علیه السلام، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ الأنبياء - 87، واتە: وەخاوەنی نەهەنگ كاتێك كە بەتووڕەیی (لەگەلەكەی تووڕە بوو چونكە ئیمانیان نەدەهێنا) ڕۆیی و پێی وابوو كە سەر زەمینی لێ تەنگ ناكەین (بۆ هەركوێیەك بچێ پەیامی خوا بگەیەنێ، قەیناكات) ئیدی سەرەنجام (كە نەهەنگ قووتیدا) لەتاریكایی یەكاندا (تاریكی شەوگارو دەریاو نێو سكی نەهەنگ) بانگی (خوای) كرد: كە جگە لەتۆ هیچ پەرستراونین، تۆ پاكی، من چوومە ڕیزی ستەمكارانەوە، بەڵێ تەنیا یەك پێغەمبەر لە هەڵوێستێكیدا كەم حەوسەڵەیی پیشانداوەو خەڵكی نەینەوای بەجێ هێشتوە، ئەویش خوای پەروەردگار عقووبەی دەداو لە زگی نەهەنگدا سجنی دەكا، تا لەوێدا دەڵێ: ﴿...لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ بێجگە لە تۆ هیچ پەرستراوێك نیە، پاكیی بۆ تۆ من ستەمم لە خۆم كرد (كە بەبێ ئیزنو مۆڵەتی تۆ گەلەكەم جێهێشت) دیارە دوایی دەگەڕێتەوە بۆ لایانو ئیمان دێنن، كەواتە: بەجێ هێشتنی خەڵك، یان دژوەستانی خەڵكو كۆمەڵگای خۆت ڕێبازو شێوازی كاری پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) نەبووە، هەڵبەتە ئێمە لێرەدا ناڵێین بە هیچ شێوەیەك پەنا بردن بۆ هێزو بەرگریی لەخۆكردن دروست نیە، بەڵام كۆمەڵگا نابێ لەڕێی توندوتیژییەوە

www.AliBapir.net
FM/AliBapir/1
Youtube/AliBapir
FM/Media/AmeerOffice

بگۆڕدرێو، پێغەمبەران لە ڕێی تێگەیاندنەوە خەڵكو كۆمەڵگایان گۆڕیوە، بەڵام كاتێك تۆ زوڵمو ستەمت لێ دەكرێو ڕێت لێ دەگیرێ، ئەوە حسابێكی دیكەیە، مەبەستمان ئەوەیە كیانی ئیسلامیی لە ڕێی توندوتیژییەوە دروست نابێ، بەڵكو لەڕێی تێگەیاندنو قەناعەتپێهێنانی خەڵكو بانگەوازەوە دەبێ، پێغەمبەران هەموو وایان كردووە، پێغەمبەری خاتەمیش (محمد) ﷺ وەك جاری دیكەش باسمان كردوە، كۆمەڵگاو دەوڵەتو قەوارەی ئیسلامیی دروست كرد، بێ ئەوەی خوێن لە لووتی هیچ كەسێك بێ، بەڵكو لەسەر بناغەی بەیعەتو بەڵێن پێدرانی لە لایەن خەڵكی (یثرب)ەوە كە هاتنو بە سەرۆكو براگەورەی خۆیان قبووڵیان كردو ئیسلامیشیان بە بەرنامەی خۆیان قبوول كرد، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو كیانە ئیسلامییە دروست بوو، ئێمەش دیارە دەبێ دوای پێغەمبەری خۆمان ﷺ بكەوین.

+ بەڵام هێشتا هێندێك خەڵك كە عەلمانیینو هەندێكیشیان كە خۆیان بە ئیسلامیی دەزانن، یان ئیسلامیینو بیرو بۆچوونێكی تایبەتییان هەیە، پێیان وایە بەشدارییكردنەكانی ئێوە، یان بەڵگەكانی ئێوە لە پێناو بەرژەوەندیی خۆتاندایە، بۆ نموونە: لە پێناو بەرژەوەندیی كۆمەڵو یەكگرتوودایە؟

ـ (بە پێكەنینەوە) جا ئەگەر بێتو بەو چاوە تەماشای هەڵوێستو جموجۆڵی هەر كەسێك بكەی، ئەوە هیچ كەسێك لەوە سەلامەت نابێ، جا هەیە بە بەڵگەوە سەلامەت نابێ، بۆ وێنە: ئەو كەسەی كە هەرچی ئیمتیازاتی ماددیی ئەم وڵاتەیە قۆرخی كردوە بۆ خۆیو بنەماڵەو حیزبەكەی، ئەوە بە بەڵگەوە سەلامەت نەبووە، بەڵام ئێمە بە تۆمەت

سەلامەت نابین، چونكە دەبێ جارێ لێمان بگەڕێن، داخۆ ئایا دوای ئەوەی كە دەسەڵاتمان دەبێ چی دەكەین؟!

پاشان پێویستە ئەوانە بەویژدانەوە سەرنج بدەن! ئایا بایی ئەوە كە دەستمان ڕۆیشتوە، ئێمە دیفاعمان لەكێو لەچی كردوە؟ ئنجا ئێمە ئەگەر دیفاع لە بەرژەوەندیی خۆشمان بكەین، وەك خەڵكێك كە زوڵممان لێ نەكرێ، خۆ ئەوە هیچ ناهەقییو ناشەرعییەكی تێدانیە! چونكە ئێمەش هەر بەشێكین لە كۆمەڵگاو خەڵكی خۆمان، بەڵام لە ڕاستییدا ئێمە خۆمان بە دڵسۆزی خەڵكی خۆمانو ئەم كۆمەڵگایە دەزانین، بە هەموو پێكهاتەكانییەوە، بە خوا من لە لای خۆمەوە خۆم بە دڵسۆزو بە پەرۆش دەزانم بۆ هەموو ئەوانە كە لەم كۆمەڵگایەدان بە مسوڵمانو نامسوڵمانەوە، چونكە ئەوكەسە هەركەسێك بێ بۆی دڵسۆزمو وەكو ئینسانێك پەرۆشمە، چونكە ئێمە دەبێ خەمخۆرو سوور بین لەسەر ئەوەی كە خەڵك بەختەوەر بكەین، خەڵك سەرفرازی دوارۆژو بەختەوەری دونیا بێ، ئەوە ئەركی شەرعیی ئێمەیە بەرانبەر بە خەڵكو كۆمەڵگامان، ئیدی ئومێدەوارین خەڵكیش گومانی خراپمان پێ نەبەنو لانی كەم دەرفەتمان بدەنو چاوەڕێ بكەن داخۆ ئەگەر دەسەڵاتمان هەبوو چی دەكەین؟! ئەوكاتە بەچاك یان بەخراپ حوكممان بەسەردا بدەن!

www.AliBapir.net
FB/AliBapir
Youtube/AliBapir
E/Media Ameer Office

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

بەشی چوارەم:

# بەشدارییکردن لە حکوومەتێکی نائیسلامیی دا

# لەبەر رۆشنایی عەقڵ و شەرعدا

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## ڕێ خۆشکردن

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله محمد وآله المهتدين بهداه

خوێنەرە بەڕێزەکان!

ئەم بابەتەی بەردەستتان (بەشداریی کردن لە حکوومەتێکی...) بریتیە لەدوو ئاڵقەی وتوێژی نێوان بەندەو کاک عومەر گوڵپی کە لەبەرنامەی (سەرنج)ی کەناڵی ئاسمانیی (پەیام)دا ئەنجام دراونو پاش هێنرانە سەر کاغەزیانو[1] چاوپێداگێرانەوەی خۆم بۆتە بەشێکی ئەم کتێبە.

شایانی باسیشە کە لەئاڵقەی یەکەمیاندا بیروڕاو بەڵگەکانی ئەوانەمان خستۆتەڕوو کەپێیان وایە بەهیچ جۆرێك دروست نیە مسوڵمانان بەشداریی لەحکوومەتو قەوارەیەکی سیاسییدا بکەن کە بەڕەسمییو بەڕاشکاویی پابەندیی خۆی بەشەریعەتی خواوە ڕانەگەیاندبێو ئیسلامی وەك بەرنامەی ژیان تەبەننی نەکردبێ، پاشان سەرجەم بەڵگەکانیانمان هەڵوەشاندەوەو ئیسپاتمان کردووە کە بەڵگەکانیان بایی سەلماندنی دەعواکەیان ناکەن!

وەلەئاڵقەی دووەمیاندا بیروڕاو بەڵگەکانی ئەوانەمان خستۆتەڕوو کەپێیان وایە شتێکی درووستو ڕەوایە هەرکات مسوڵمانان خێرو بەرژەوەندییان تێدابینیو چەند مەرجێکیان ڕەچاوکرد بەشداریی لەو جۆرە حکوومەتانەدا بکەنو لەوبارەوە بەجوانیی نوختەمان خستۆتە سەرپێت.

---

[1] - لەلایەن یەك دووبرای کەناڵی ئاسمانیی (پەیام)ەوە، خوا پاداشتیان بداتەوە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

جا ئێمە هەرکام لەو دوو ئاڵقە وتوێژەمان کردوە بە بەندێکی سەربەخۆی ئەم بەشی چوارەمەی ئەم کتێبەو، هیواداریشم ئەم بابەتە کۆتایی بەزۆر مشتومڕی لابەلا بێنێ کە لەوبارەوە دەکرێنو لەجیاتی ئەوە هەموولایەکمان وزەو توانەیەکانمان یەك بخەین بۆ گۆڕینو پاکسازیی و چاکسازیی تێدا ئەنجامدانی خەڵكو کۆمەڵگایەکەمان.

سبحانك ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين.

21ی جمادي الأولى 1431

5ی مایسی 2010

هەولێر

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

بسم الله الرحمن الرحيم

بەڕێزان!

لەم ئاڵقەیەی بەرنامەکەماندا سەبارەت بە حکوومەت قسەو باس‌و گفتوگۆ دەکەین، لەو ڕووەوە کە ئایا مسوڵمانان پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ حکوومەتدا بکەن؟!

+ مامۆستا بەباشی دەزانم کە بە پێناسەی حکوومەت یان ئەنجوومەنی وەزیران دەست پێبکەین، جا ئایا پێناسەی حکوومەت یان ئەنجوومەنی وەزیران چۆنە؟!

- بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله وصلى الله تعالى وسلم وبارك على رسول الله محمد وآله المهتدين بهداه، دوو وشە هەن کە ئێمە پێویستە لە یەکیان جیا بکەینەوە، واتە: واتاکانیان لەیەك جیا بکەینەوە دەوڵەت هەیەو حکوومەت هەیە، دەوڵەت بەو قەوارە سیاسییە دەگوترێ کە هەرسێ پێکهاتە یان پێکهێنەرەکەی تێدا هاتبنە دی، یەکەم: سەرزەمینێکی دیاریکراو، واتە: هەرێمێك‌و ناوچەیەك، دووەم: کۆمەڵە خەڵکێك کە لەسەر ئەو سەرزەمینە دەژیێن، واتە: کۆمەڵگایەك، سێیەم: دەستەڵاتێکی سیاسیی، کە بە دەست ئەو خەڵکەوەیە لەو سەرزەمینەدا کاروباری خۆیانی پێ بەڕێوە دەبەن، ئەم سێ پێکهێنەرە مەرجن بۆ هاتنەدی ئەو قەوارەیەی کە پێی دەگوترێ دەوڵەت، ئنجا ئەگەر ئێمە تەماشای ئەو قەوارە سیاسییە بکەین کە پێغەمبەر ﷺ لە سەردەمی

www.AliBapir.net
F/AliBapir1
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

خۆیدا بنیاتی نا، تەماشا دەکەین ئیقلیمێك هەیە كە شاری مەدینەو دەوروبەریەتی‌و لەژێر ڕکێفو دەسەڵاتی مسولمانانداڵە، وە کۆمەڵە خەڵکێك هەیە كە بریتین لە مسولمانانو جولەکەکانو ئەو موشریكو بتپەرستانەی كە لەوێ بوونو دوایی زۆربەیان بوونە موونافیق، واتە: پێكهێنەرەکانی ئەو کۆمەڵگایە بوونە سێ پێکهاتە: مسولمان، جوولەکە، موونافیق، وەدەستەڵاتێکی سیاسییش هەبوو كە بە دەستی پێغەمبەرەوە ﷺ بوو، لەسەر بنچینەی سەحیفەیەك (دەستوورێك) كە پێشتر باسمان لێکرد، جاحکوومەت چییە؟ حکوومەت بریتییە لە یەکێك لەو سێ پێکهێنەرانەی كە دەوڵەت پێك دێنن كە دەستەڵاتە سیاسییەکەیە، كە هەم وشەی حکوومەتی بۆ بەکار دێ، هەم بە زاراوەی ئێستا وشەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بۆ بەکاردێ، وەهەم وشەی دەستەڵاتی جێبەجێکردن (السلطة التنفيذية)ی بۆ بەکاردێ، لە مێژووی ئیسلامییشدا (الوزارة)ی پێ گوتراوە، ئێستاش زۆر لە زانایانو سیاسەتمەداران وشەی: پێکهێنانی وەزارەت (تشكيل الوزارة) كە مەبەستیان پێی حکوومەتە، بەکاردێنن، جا هەرکات وشەی حکوومەت بەکاربێ، ئەو کاتە حکوومەتەکە (واتە: دەسەڵاتە سیاسییەکە) چ سیستمی سەرۆکایەتی بێ، چ سیستمی پەرلەمانیی بێ، واتە ئەنجوومەنی وەزیرانو سەرۆك وەزیرانو پاشان سەرۆك کۆماریش هەبێ، یاخود یەکسەر سەرۆك کۆمار هەبێو ئەنجوومەنی وەزیران هەبێ، کاتێك دەگوترێ حکوومەت هەردووکی دەگرێتەوە، بەس كە دەگوترێ ئەنجوومەنی وەزیران سیستمی سەرۆکایەتی مەبەست نیە، بەڵام ئەگەر بگوترێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیسان چەمکەکەی گشتگیرەو بۆ هەموو حاڵەتەکە

بەکاردێ.

شایانی باسیشە کە ئەم مەسەلەیە ئیسلامیی و عەلمانیی تێدانیەو جیاوازی فیکرو ئیدۆلۆژی کاریگەریی لەسەری نیە، بەڵکو ئەوە واقیعێکە کە بە درێژایی مێژووی بەشەر قەوارە سیاسییەکان هەربووون، سەرزەمینێکی دیارییکراو بووە، وەخەڵکێك هەبووە لەو سەرزەمینە ژیاون و ئازاد بوون و دەستەڵاتی خۆیانیان بەدەست بووەو ئیدارەی خۆیانیان کردوە، کە وەکو گوتم کاتی خۆی هەندێك جار بۆ هەموو قەوارە سیاسییەکە لە جیاتی دەوڵەت وشەی حکوومەت بەکار هێنراوە، وەکو ئێستا لە هەندێك شوێندا لە جیاتی حکوومەت وشەی دەوڵەت بەکاردێ، بۆ وێنە فارسەکان، کە مەبەستیان پێی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

+ لە دەقەکانی قورئان و فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەردا ﷺ ئاماژەیەکی سەریح و روون هەیە لە بارەی حکوومەت و دەوڵەت و پێکهێنان و پێناسەیانەوە؟

- ئەم بابەتە پێویستی بە ئاڵقەیەك بەڵکو چەند ئاڵقەیەکی[1] تایبەتە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا بگونجێ بە کورتی ئاماژەی پێ بدەم، ئەوەیە کە خوای پەروەردگار بۆ وێنە: لە سوورەتی (الجاثية)دا دەفەرموێ: ﴿ثم جعلناك على شريعة من الأمر فاتبعها ولا تتبع أهواء الذين يعلمون﴾، دیارە لێرەدا خوا -سبحانه وتعالى- پێغەمبەر ﷺ دەدوێنێ و، لەپێش ئەم ئایەتەدا باسی ئەزموونی ئەهلی کیتاب دەکا، (واتە: جوولەکەو

---

1) کە سوپاس بۆ خوا هەتا ئێستا (2010/5/5) دە (10) ئاڵقەی بەرنامەی (سەرنج)مان لەبارەوە پێشکەش کردووە (ان شاء الله) بەردەوامیش دەبین.

نەسرانییەکان) لە بواری دینداریی و دونیادارییدا، دوایی بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: پاشان تۆمان لەسەر بەرنامەیەك دانا لە ئاینی خۆمان، دەجا شوێنی بکەوەو بە دوای ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن، کەواتە: شەریعەت و بەرنامەیەك بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتوە کە دەبێ شوێنی بکەوێ و پیادەی بکا، هەروەها لە سوورەتی (المائدە)دا دیسان دوای ئەوەی خوا -سبحانە وتعالی- لە درێژەی چەند ئایەتێکدا باسی ناردنە خوارەوەی تەورات دەکا بۆ جولەکەکان، وباسی هاتنە خوارەوەی ئینجیل دەکا بۆ نەسرانییەکان، دوایی دەفەرموێ: ﴿وأنزلنا إليك الكتاب بالحق مصدقاً لما بين يديه من الكتاب ومهيمناً عليه فاحكم بينهم بما أنزل الله ولا تتبع أهوائهم عما جاءك من الحق لكل جعلناكم شرعة ومنهاجاً ولوشاء الله لجعلكم أمة واحدة... ﴾، -48- واتە: وە کتێبێکمان بۆ ناردیە خوار کە بە حەق ناردوومانەو ئەوەی پێش خۆی بە ڕاست دەزانێ (کە لە خواوە هاتوون وەکو ئەسڵەکەیان) وە بە سەریشیانەوە چاودێرە، بۆیە تۆ حوکمیان لەنێواندا بکە بەوەی کە خوا بۆی ناردوویە خوار، وە بەدوای ئارەزووەکانیان مەکەوە، بۆ هەرکامێکتان ڕێبازو بەرنامەیەکمان داناوەو ئەگەر خوا ویستبای هەمووتانی دەکردە یەك کۆمەڵ... (واتە: لە یەك کاتدا هەموو بەشەری دەخولقاندو یەك کتێب و بەرنامەی بۆ هەموویان دەنارد، بەڵام بۆ هەر کامێکتان بەرنامەو ڕێبازێکمان ناردوە، بەرنامەو ڕێبازێکی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا کە تێیدایەو ئەو قۆناغە مێژووییە کە پێیدا تێدەپەڕێ)، هەروەها ئەگەر تەماشای سیرەو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بکەین، ئەوە زۆر ئاشکراو ڕوونە کە وەکو چۆن ئیمامەتی بۆ مسوڵمانان کردوە لە نوێژداو وتاری بۆ داون لە مزگەوتدا، بە هەمان شێوەش

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir2
F/Media.AmeerOffice

دادوەریی لەنێوانداکردوون، لەکاتێکدا کە کێشەو مشتومڕێکیان تێدا هاتبێتەپێش، وە لە کاتی جەنگدا فەرماندەیەتی جەنگی کردوە، هەروەها لەو شوێنانەدا کە خۆی لێیان نەبووە، کەسانێکی داناون کە حوکمڕانی بکەن، کە پێیان گوتراوە (عُمال)، وە کەسانێکی ناردوە کە زەکات کۆبکەنەوە، هەروەها نامەی ناردوە بۆ سەرۆکی دەوڵەتانی ئەو سەردەمە، هەروەها قازییەکانی داناون لە شوێنەکان بۆئەوەی دادوەریی لە نێو خەڵکدا بکەن، وەباقی ئەو تەرتیباتە ئیدارییانەی کە دەوڵەتێك و قەوارەیەکی سیاسیی پێویستی پێیانە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەوسای کە بەشەر بەگشتی تێیدا بووە، هەروەها سادەیی قەوارە سیاسییەکان پێغەمبەر ﷺ هەموو ئەوانەی لەو قەوارە سیاسییەدا کە لە مەدینە بنیاتی ناوە ڕەچاوکردووە، دەمەوێ ئاماژەش بەوە بکەم هەتا ئێستا لەچەند بەرهەمێکمدا کەم و زۆر ئاماژەم بەم بابەتە کردوە، وەك: (کتێبی تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان)، هەروەها (چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم)، وە (سیاسەتی ئیسلامیی و چەند ڕوونکردنەوەیەك) کە یەکێکە لە نامیلکەکانی بابەتە هەنووکەییەکان، وەکتێبی: (ئیسلام و مسوڵمانەتیی و کاری ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا)، لەسەرجەم ئەم بەرهەمانەدا بەڕوونی باسم کردوە کە ئیسلام بە بێ قەوارەو کیانی سیاسیی بەڕێوە ناچێ، بەڵێ لایەنە شەخسییەکەی بەڕێوە دەچێ، بەڵام لایەنە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابوورییەکانی بەڕێوە ناچن[1].

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir
FMediaAmeerOffice

---

1) بەڵام توێژینەوەی تەرخان و فراوان لەبارەی دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی لە ئیسلامدا ئەوەیە کە

+ سەبارەت بە بەشدارییكردن لە ئەنجوومەنی وەزیراندا، حكوومەتێك كە لە بنەماكانیدا لە ئیسلامەوە سەرچاوەی نەگرتبێ، ئاشكرایە كە جێگەی خیلافو گفتوگۆ ڕای جیاییە لە نێوان زانایانو موسوڵماناندا، دیارە من نازانم جەنابت ئەو ڕایانە لە چەند جۆری جیادا كۆدەكەیتەوە، بەڵام پێم خۆشە لە ئێستای بەرنامەكەماندا لە داهاتووشدا گفتوگۆی ئەو ڕا جیاییە بكەین!

ـ بەگشتی سێ ڕا هەن لەو بارەوە، پێش هەموو شتێ دەبێ ئەوە بزانین كە ئێمە لێرەدا قسە لەسەر قەوارەیەكی سیاسیی دەكەین كە شەریعەتی ئیسلامیی بەڕەسمیی تەبەننی نەكردوە، جا یان بەگشتی ئیش بە هیچكام لە بنەماو یاساكانی شەریعەت ناكا، یان لادانو هەڵەو پەڵەی هەیە لە پابەندیی شەریعەتدا، بۆ بەشدارییكردن لەو جۆرە قەوارە سیاسییانەدا زانایانی هاوچەرخ مشتومڕیان هەیە، بەڵام لە حكوومەتێكدا وە لە قەوارەیەكی سیاسییدا كە بڕیاردابێ شەریعەت پیادە بكا، ئەوە دیارە كە هیچ كەس نەك هەر مشتومڕی لەبارەیەوە نییە، بەڵكو یەكدەنگن لەسەر ئەوە كە لەسەر مسوڵمانان فەرزە ئەو قەوارە سیاسییەیان هەبێ كە شەریعەتی خوای پێ پیادە بكەن.

بەڵام لەحاڵێكدا كە مسوڵمانان ناتوانن قەوارەیەكی سیاسیی وایان هەبێ شەریعەتی خوا پیادە بكاو حكوومەتو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێ، ئایا دروستە لەگەڵ ئەو حكوومەتەدا كە شەریعەت پیادە ناكا بەشدار بن یان نا؟! لەو بارەوە سێ ڕا هەن، ڕایەكیان دەڵێ: بەڵێ بە

ئێستاكە لەئاڵقەكانی بەرنامەی (سەرنج)ی كەناڵی ئاسمانیی (پەیام)دا سەرگەرمی پێشكەش كردنینی.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media Ameer Office

موتڵەقی دروستە، واتە ئەسڵ ئەوەیە كە دروستە بەشدار بن، هەڵبەتە بەو واتایە نا كە دان دێنن بەوەدا كە حوكم بە شەریعەت نەكرێ! بەڵكو دەڵێن: بۆیە بەشداریی بكرێ بۆ ئەوەی وردە وردە حوكم بە شەریعەت بكرێو هەڵەو كەمو كورییەكان بە پێی توانا لا ببرێنو ڕاست بكرێنەوە، ڕایەكی دی دەڵێ: بە ڕەهایی ڕەوا نیە، واتە ئەسڵ ئەوەیە كە بەشداریی كردن قەدەغەیەو هەڵاواردنیشی تێدا نیە، ڕایەكی دیكەش دەڵێ: بەڵێ لە ئەسڵدا قەدەغەیە مسوڵمانان لە قەوارەیەكی سیاسیدا بەشدار بنو ببنە ئەندام كە حوكم بە شەریعەت ناكا، بەڵام بە چەند مەرجێكەوە مادام مسوڵمانان بەرژەوەندیی تێدا ببیننەوە، واتە چەند قازانجێكی پێ وەدەست بهێنن، وە چەند زیانێكی پێ لە خۆیان دوور بخەنەوە، ئەوە دروستە، بەكورتی دەتوانین بڵێین دوو ڕان، چونكە ڕای سێهەم ڕای دووەمیش دەخاتەوە نێو خۆی، كە دەڵێ بە ڕەهاییو بە بێ مەرج دروستە، بەڵێ ڕای سێهەم كە دەڵێ بە مەرجەوە دروستە، ڕای دووەمیش دەخاتەوە نێو خۆی، بەو واتایە كە ئەگەر بە ڕەهایی دروست بێ، بەمەرجەوە باشتر دروستە!

+ مامۆستا ئەو بۆچوونە جیاوازانە دیارە زانایانی ئێستاو پێشووش قسەیان لەبارەیانەوە كردووە؟

- بەڵێ زانایانی پێشووش قسەیانكردووە، بەڵام نەك لەبارەی واقیعێكی وەكو ئێستای ئێمەوە، بەڵكو بەگشتی قسەیان لێكردووە، كە ئەگەر دەسەڵاتێكی كافر هەبوو حوكمی لە مسوڵمانان زەوت كردو هەیمەنەی بە سەر وڵاتی مسوڵماناندا كرد، ئایا مسوڵمانان دروستە بەشداریی ئەو حكوومەتە كافرو ستەمكارە بكەن یان نا؟! باسی ئەوەیان كردوە، جا من هەر لەبەراییەوە دەڵێم: ئەو ڕایەم پێ ڕاستە كە دەڵێ: بە مەرجەوە

www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media.AmeerOffice

دروستە بەشداریی بكرێ، واتە: ئەسڵ قەدەغە بوونە، بەڵام وەكو هەڵاواردنێك لەو بناغەو ئەسڵە، مادام مسوڵمانان بەرژەوەندیی تێدا ببینن، ئەگەر چەند مەرجێك ڕەچاو بكەن، دروستە بەشداربن.

+ ئەو بەڵگانە چین كە ئەو سێ ڕا جیاوازە هەیانن و لەمەڕ بەشدارییكردن لە حكوومەتێكدا كە بنەماكانی ئایینی ئیسلام ناكاتە بناغەی كار كردن؟

ـ سەرەتا قسە دەكەین لەبارەی بەڵگەكانی شوێنكەوتووانی ئەو ڕایەوە كە دەڵێ: بە موتڵەقی دروست نیە، مسوڵمانان بەشداربن لە قەوارەیەكی سیاسیی و لە حكوومەتێكدا، كە شەریعەتی نەكردوە بە سەرچاوەی هەموو بڕیارو كارەكانی خۆی، دیارە ئەوانە دەڵێن: ئەسڵ ئەوەیە كە قەدەغەو نارەوایە مسوڵمانان بەشداریی لەحكوومەتێكی وادا بكەن، وە ئەو ئەسڵەش هیچ هەڵاواردنێكی نایەتە سەر، جا ئەوانەی ئەم ڕایەیان هەیە بەڵگەكانیان دوو جۆرن:

جۆری یەكەمیان چەند ئایەتێك دێننەوە: 1- یەكێ لەو ئایەتانە ئەوەیە كە خوا -سبحانە وتعالى- لە سوورەتی مائیدەدا لە ئایەتەكانی ژمارە (44و 45 و 46 و 47)دا، زۆر بە ڕوون و ڕاشكاویی ڕایدەگەیەنێ كە هەركەسێ حوكم نەكا بەوەی كە خوای كاربەجێ ناردوویەتە خوار، ئەوە لە كافرانە، وە لە ستەمكارانە، وە لە لەڕێدەرچووانە، بەڵێ لەسیاق و لەدرێژەی ئەو ئایەتانەدا كە خوا -عز وجل- تەوراتی ناردۆتە خوار بۆ جوولەكەكان، پاشان ئینجیلی ناردۆتە خوار بۆ نەسرانییەكان، لەو سیاقەدا ئەوە دەفەرموێ، سەرەتا لە كۆتایی ئایەتی ژمارە (44)دا دەفەرموێ: ﴿ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم

www.AliBapir.net F/AliBapir Youtube/AliBapir2 E/Media Ameer Office

والكافرون﴾ واتە: وە هەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار، ئا ئەوانەن کافران، پاشان لە کۆتایی ئایەتی دوای ئەودا، واتە ئایەتی ژمارە 45دا دەفەرمویێ: ﴿ومن لم يحكم بماأنزل الله فأولئك هم الظالمون﴾، واتە: وەهەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار، ئا ئەوانەن ستەمکاران، وە لە کۆتایی ئایەتی ژمارە 47دا دوای ئەوەی باسی ناردنە خوارەوەی ئینجیل دەکا بۆ نەسرانییەکان بۆ سەر (عیسا) "عليه السلام"، دەفەرمویێ: ﴿ومن لم يحكم بماأنزل الله فأولئك هم فاسقون﴾، واتە: وە هەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار، ئا ئەوانەن لە ڕێ دەرچووان.

چۆنیەتی بەبەڵگە هێنانەوەی ئەو جۆرە کەسانە کە خاوەنی ڕای ناوبراون بۆ ئەم ئایەتانە، بەمجۆرەیە: کەواتە حوکم نەکردن بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوارەوە، دەبێتە هۆی بەکافردانانو بە ستەمکاردانانو بە لەڕێ دەرچوو دانانی ئەوکەسانەی کە هەڵوێستیان وایە، ئنجا دیارە هەرکەسێکیش بچێتە ئەو شوێنەوە کە حوکمی تێدا ناکرێ بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار، مانای وایە کوفرو زوڵمو فیسقی دێتە سەرا!

2- ئایەتێکی دیکە، ئایەتی ژمارە (40)ی سوورەتی (یوسف)ە کە خوا –سبحانه وتعالى- لەسەر زمانی (یوسف) "عليه السلام"، دەفەرمویێ: (إن الحكم الا للهِ أمرَ ألاّ تعبدوا الاّ ايّاه ذلك الدين القيم ولكن اكثر الناس لايعلمون)، واتە: "حوکم (لێرەدا مەبەست لە حوکم بەرنامەدانانە، نەك حوکمڕانییکردن، چونکە هەر مرۆڤەکان حوکمڕان دەبن، واتە: بەرنامەدانانو دیاریکردنی حەڕامو حەلاڵ) تەنها هی خوایە، فەرمانی کردووە کە جگە لەو کەسی دیکە نەپەرستن، (واتە: تەنیا حوکمی

ئەو و بەرنامەی ئەو پیادە بکەن) ئا ئەوە دینداریی ڕاستە، (بەڵێ دینداریی ڕاست ئەوەیە کە تۆ تەنیا دینی خوا پیادە بکەی، ئەوکاتە مانای ئەوەیە کە تۆ تەنیا خوات پەرستوە) بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

بۆ چۆنیەتی بە بەڵگە هێنانەوەی ئەم ئایەتەش دەڵێین: بەپێی ئەم ئایەتە بەپێزە حوکم تەنیا هی خوای پەروەردگارەو هیچ کەسی دیکە بۆی نیە حەرامو حەلاڵ دیاریی بکا، وەکەسێك حەرامو حەلاڵ دیاریی بکا، یاخود بەشێوەیەك حوکم بکا کە دەستکاریی حەرامو حەلاڵی خوا بکا، ئەوە مانای وایە کارێکی کردوە پێچەوانەیە لەگەڵ خوا بەیەکگرتن (توحید)دا، هەرکەسێکیش بچێتە ژێر ڕکێفی بابایەکی وا وە ئەوە بێگومان نەك هەر گوناهبارە، بگرە تووشی لە دین دەرچوونیش دەبێ، مادام بەوە ڕازی بێ کە دەیکا.

3- ئایەتێکی دیکە ئایەتی (65) سوورەتی (النساء)ە، کە خوای بێ وێنە دەفەرموێ: ﴿فلا وربك لايؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لايجدوا في أنفسهم حرجاً مما قضينا ويسلموا تسليماً﴾، خوای زانا لە درێژەی چەند ئایەتێکدا کە دەربارەی هەندێك لە دڵ نەخۆشەکان هاتوونە خوار، کە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان دەیان ویست بچن بۆلای (کەعبی کوڕی ئەشرەف) یاخود بۆلای کاهینەکان دەفەرموێ: "نەخێر بە پەروەردگارتان ئیمان ناهێنن هەتا تۆ نەکەنە دادوەر لەوەدا کەتێیدا کەتوونەتە مشتومڕەوە، دوایی هەست بە هیچ سەغڵەتییەك نەکەن دەربارەی ئەو بڕیارەی کە بۆت داون، وە بەتەواویی گەردن کەچبن!

چۆنیەتی بەبەڵگە هێنانەوەی ئەم ئایەتەش ئەوەیە کە دەڵێین: مادام خوا -تبارك وتعالى- سوێندی بە پەروەردگاریتی خۆی خواردوە کە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media Ameer Office

هەرکەسێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نەکاتە دادوەرو بە بڕیارەکانی ڕازیو بۆیان ملکەچ نەبێ، ئیماندار نیە، کەواتە: هەرکەسێك حوکمو دادوەریی بەغەیری شەریعەتی خوا بکات یان پەنا بۆ غەیری بەرنامەو شەریعەتی خوا ببات، بڕوادار نیە!

دیارە چەند ئایەتێکی دیکەش بە بەڵگە دێنینەوە، بەڵام ئەم سێیە نموونەی ئەو ئایەتانەن کە ئەوان دەیانهێننەوە، هەڵبەتە ئێمە دوایی دێینە سەر هەڵسەنگاندنی ئەوە کە ئایا ئەم ئایەتانە ئەوەیان لێ وەردەگیرێ کە بە هیچ شێوەیەك مسوڵمان بۆی نەبێ بەشداریی لەو جۆرە حکوومەتانەدا بکات، یان نا؟!

جۆری دووەمی بەڵگەکان چەند بەڵگەیەکی عەقڵی دێننەوە:

1- یەکێ لەو بەڵگانە دەڵێ: بەشدارییکردنی خەڵکێکی ئیسلامیی یاخود خەڵکێکی مسوڵمان لە حکوومەتێکدا کە بە پێی شەریعەت بەڕێوە ناچێ، بریتیە لە شەرعییەت پێدانی ئەو حکوومەتەو سەرەنجام خەڵك چەواشە دەبێو دەڵێن: مادام ئەو ئیسلامییانە یاخود ئەو موسڵمانانە لەو حکوومەتەدان، دیارە حکوومەتێکە پێچەوانەی ئیسلامو شەریعەت نیە!!

2- دووەم دەڵێن: ئەو بەشدارییکردنە دەبێتە هۆی متمانە نەمانی خەڵك بە کەسانی ئیسلامییو مسوڵمانو بەو لایەنە ئیسلامییە کە بەشداریی کردووە.

3- بەڵگەیەکی دیکەیان ئەوەیە دەڵێن: ئەو حکوومەتە فشار دەخاتە سەر ئەو خەڵکە ئیسلامییو کەسە مسوڵمانانەو وایان لێدەکات کە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

لە پرەنسیپو نەگۆڕەكانی خۆیان دابەزنو تەنازول بكەن لە دینو عەقیدەی خۆیان.

4- بەڵگەیەكی دیكەیان ئەوەیە دەڵێن: بەهۆی بەشدارییكردنەوە لەو حكوومەتەدا، كەسانێك كە بەشدار دەبن، دەبنە شەریكو برابەش لە هەموو ئەو كەمو كووڕییو سەلبیاتانەداو لە هەموویەو ناشەرعییو ستەمو خراپانەدا كە ئەو حكوومەتە ئەنجامیان دەدا، ئاشكراشە كە دروست نیە تۆ بەپێی خۆت بچی لە شەڕدا شەریك بی!

بەڵێ ئەمانە كۆی بەڵگەكانی ئەوانەن كە پێیان وایە بەهیچ ڕەنگێك دروست نیە بەشداریی لەوجۆرە حكوومەتەدا بكرێ، بەڵام بێگومان هیچ كام لەوشتانە بەبەڵگەی ئیسپاتی ئەو دەعوایە ناشێن، با بزانین چۆن؟!

یەكەم: بە نسبەت ئایەتەكانەوە، واتە هەموو ئایەتەكان كە هێنایاننەوە، ئێمە دەڵێین: بە تەئكید ئەو ئایەتانە واتاكانیان هەمووی ڕاستەو هەركەسێ حوكم بە شەریعەتی خوا نەكا وە ڕەفزی حوكمو شەریعەتی خوا بكا، بە كافر لە قەڵەم دەدرێ، وە بە ستەمكار لەقەڵەم دەدرێ، وە بە فاسقو لاڕێ لە قەڵەم دەدرێ، ئنجا ئەوەش كە ئایا چ حاڵەتێكو لە چ كاتێكدا بە كافر لە قەڵەم دەدرێ؟ وە لە چ كاتێكدا بە ستەمكار، لە چ كاتێكدا بە فاسق دادەنرێ؟ تەفسیل هەیە لە نێو زانایاندا[1]، بەڵێ ئێمە بەگشتی دەڵێین ئەوە ڕاستە، بەڵام

---

[1] - لەبەرگی چواری (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)و لەباسی ئیمان بەكتێبەكانی خوادا، ئەو بابەتەمان جوان توێژیوەتەوە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

ئەوە بۆ کەسێکە کە ڕازی بێ بەوە، واتە: ڕازی بێ کە بە شەریعەت حوکم نەکرێ، بەڵام ئیسلامییەك کە دەچێ بەشدار دەبێ لەو حکوومەتەدا، ئایا ڕازییە کە بەشەریعەت حوکم نەکرێ؟ نەخێر بەڵکو ناڕازییەو دەچێ بۆ ئەوەی کە ڕێگا بگرێ لە حوکم نەکردن بە شەریعەتی خوا، دەچێ کە دەستی ئەو خەڵکە بگرێ کە حوکم بە شەریعەتی خوا ناکەن، واتە بۆ ئەوە ناچێ بەشدار بێ، ئەگەرنا بێگومان هەرکەسێ بەشدار بێ لە حکوومەتێکدا کە بە پێی شەریعەت بەڕێوە ناچێو ئیدارەی وڵات بەشێوەیەك کە پێچەوانەی شەریعەت بێ دەکاو پێشی ڕازی بێو هاوکاربێو دەست بارگربێ، بە تەئکید حوکمی ئەوانی هەیە، وەکو خوای شارەزا لە ئایەتی ژمارە (51) سوورەتی (المائدة)دا دەفەرمووێ: ﴿يأيها الذين أمنوا لاتتخذوا اليهود والنصارى أولياء بعضهم أولياء بعض ومن يتولهم منكم فأنهم منهم﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! جوولەکەو نەسڕانییەکان مەگرن بە دۆست، هەرکەسێ لە ئێوە بەدۆستو پشتیوانیان بگرێ ئەوە لەوانە، کەواتە: هەرکەسێ بچێتە نێو کیانو قەوارەیەکەوەو قەناعەتی پێبکاو پشتگیریی بکا لەسەر ئەوکارانەی دەیانکا کە پێچەوانەی شەریعەتن، بە تەئکید ئەوە حوکمی ئەوانی هەیە، بەڵام لێرەدا ئێمە قسە لە حاڵەتێك دەکەین کە کەسانێك دەچنە نێو حکوومەتەوە نەك بۆ ئەوە کە شەریعەت پیادە نەکرێ، بەڵکو بۆ ئەوە شەریعەت پیادە بکرێ، کەواتە: دەڵێین: بەڵێ لە ئەسڵدا قەدەغەیە، بەڵام مادام ئەوکەسە یان ئەو چەند کەسە لە خۆیان ڕادەبینن کە

www.AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
FMediaAmeerOffice

دەچن لەوێ ناشەرعییان کەم بکەنەوە وە کەمو زۆر شەریعەت پیادە بکرێ، ئەوە دروستە، پاشان دەڵێین: ئەو بەشدارییکردنە لە حاڵەتی ناچارییدایە، خۆ ئەگەر مسوڵمانان ناچار نەبن، ئەوە دروست نیەو هەرنابێ قسەی لێ بکرێ، واتە: ئەگەر مەجالیان هەبێو دەرفەتیان هەبێ بۆ خۆیان شەریعەتی خوا پیادە بکەن، ئەوکاتە ئەو مەسەلەیە هەرنابێ قسەی لێ بکرێ، بەڵام ئەوە بۆ کاتی ناچارییە کە وەکو دواییش باسی دەکەین، لە کاتی ناچارییدا بەگشتیو بەتایبەت لە بواری هەڵسوکەوتەکاندا حوکمە شەرعییەکان دەگۆڕێن، وەکو دوایی باسی دەکەین، چەندان بنچینەی شەرعیی هەن لەو بارەوە کە دوایی باسیان دەکەین، دیارە ئیمانو عەقیدە گۆڕانی بەسەردا نایەتو مرۆڤ ئەگەر ناچاریش بێ نابێ ئیمانو عەقیدەی خۆی بگۆڕێ، بەڵام بواری هەڵسوکەوتەکان جیایەو لەکاتێکدا کە عەقیدەی چەسپاوە کە خوا حەقو ڕاستە وە هەرشتێ لەگەڵ شەریعەتدا تێك بگیرێ ناڕاستو ناحەقە، بەڵام ئایا هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو قەوارەیەدا چۆن بێو چۆن مامەڵە بکا، ئایا بەشداریی بکا بۆ ئەوەی کە بەلای شەریعەتیدا بهێنێو کەمو کوڕییو ناشەرعییانی تێدا کەم بکاتەوەو زوڵمی تێدا کەم بکاتو عەدلی تێدا زیاد بکا، خراپەی تێدا کەم بکا، چاکەی تێدا زیاد بکا، ئایا ئەوە دروستە یان دروست نیە؟! ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام زۆرکەس لەوانەی کە گوتوویانە بە موتلەقی دروست نیە، لایەنی عەقیدەییو فیکرییان لەگەڵ لایەنی هەڵسوکەوتو مامەڵە کردن، لێ تێکەڵ بووەو پێیان وایە کە هەرکات تۆ چوویە نێو واقیعێکەوە مانای وایە قەناعەتو

عەقیدەشت بەو واقیعە هەیە!! بەڵام بێگومان ئەوە وانیە، چونکە ئەگەر وابێ دەبێ بڵێین: پێغەمبەریش "صلى الله عليه وسلم" کاتێ لە پەنای ئەبوو تالیبی مامیدابووە، دیارە لە بت پەرستییەکەی مامیشی ڕازی بووە!! وەکاتێ کەچۆتە پەنای موتعیمی کوڕی عەدی، کاتێ کە لە تائیف دەگەڕێتەوە، وەك لە (تأريخ الطبري)دا هاتوە[1]، قوڕەیشییەکانی نێو مەکە دەڵێن: نابێ بێیەوە نێوشارو لێت قەدەغەیە، پێغەمبەر ﷺ جواب دەنێرێ بۆ دووان لە سەرانی قوڕەیشو دەڵێ پەنام بدەن بێمەوە نێو شار، ئەوکاتە یاسایەك هەبووە لەنێو عەرەبەکاندا بەناوی (الجوار) واتە: پەنادان، جا دەڵێ: پێغەمبەر لە ئەشکەوتی (حيرا) دەبێو نەفەر دەنێرێ بۆلای دووان لە زلەزلانی قوڕەیش، بەڵام هیچ کامیان بەئیجابیی وەڵامی نادەنەوە، هەریەکە بەبیانوویەك، دوایی وەڵام دەنێرێ بۆ موتعیمی کوڕی عەدی کە موشریکەو یەکێکە لە سەرانی کوفر، دەڵێ: پەنام بدە دێمەوە نێو شار، ئەویش دەڵێ: ئەوە پەنام دای، دوای خۆیو کوڕەکانی چەك هەڵدەگرنو خۆیان دەپێچنەوەو دەچنە دەوری کەعبەو دەڵێن وەرە، ئنجا (مطعم بن عدي) ئیعلان دەکا دەڵێ: "لقد أجرَتَ محمداً" ئەوە من موحەممەدم پەناداوە، ئنجا کاتێك ئەبوو جەهل لێی پرسی: (أمُجيرٌ أنتَ أم تابعٌ؟!)، واتە: ئایا تۆ پەنادەری، یاخود شوێنکەوتووی؟! (واتە: ئایا تەنیا موحەممەدت پەناداوە یان بڕوات پێیهێناوەو شوێنی کەوتووی؟!) ئەویش دەڵێ: (بل مُجيرٌ) من بەس پەنام داوە، ئەبوو

---

1 - تأريخ الطبري، ج1، ص555.

جەهلیش دەڵێ: (قد أجَرْنا مَن أجَرْتَ) واتە: ئێمەش پەنای ئەوكەسە دەدەین كە تۆ پەنای دەدەی.

جا ئایا پێغەمبەر ﷺ وەختێ دەچێتە پەنای موتعیمی كوڕی عەدییەوە، مانای وایە بە شیرك و كوفرەكەی ڕازییە؟! نەخێر، بەڵكو تەنیا ئەوەیە كە سوودی بینیوە لە یاسایەك لە عادەتێك كە لە سیستمی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی ئەو ڕۆژگارەدا هەبووە.

+ مامۆستا پێت وانیە حاڵەتەكە جیاوازە، چونكە كاتێك ئیسلامییەك دەبێتە وەزیر لە حكوومەتێكی لەو جۆرەدا، یاسایەك جێبەجێ ئەكا كە لە پەرلەمانەوە بۆی هاتوە، یەعنی ناتوانێ ئیزافەیەك یان زیادو كەمییەك لەو یاسایەدا بكا؟

ـ بەڵێ ئەوە دوایی باسی دەكەین، كە دێینە سەر بەڵگەكانی ئەو ڕایەی كە دەڵێ هەرچەندە لە بناغەدا قەدەغەیە بچیە نێو حكوومەتێكەوە كە حوكم بە شەریعەت ناكا، بەڵام لەكاتی ناچارییداو بۆ دابینكردنی هەندێ بەرژەوەندیی، مادام هەندێك مەرج لە بەرچاو گیرابن، دروستە، ئەوكاتە ئەم مەسەلەیە دەخەینەڕوو، ئێستا با جارێكی دیكە سەرنجی ئایەتەكان بدەینەوە: ئایەتەكان بە ڕوون و ڕاشكاویی ڕایدەگەیەنن، كە هەركەسێ حوكم نەكا بەو شەریعەتەی كە خوا ناردوویەتە خوار، ئەوە كافرە، ستەمكارە، فاسقە، ئێمەش دەڵێین: ئەوە هیچ گومانی تێدانیە كە وایە، بەڵام ئایا كەسێك كەدەچێ بۆ ئەوەی ڕێ لەو جۆرە حوكمە بگرێ، ئەویش هەمان حوكمی هەیە؟! بە تەئكید نەخێر، ئنجا وەڵامی قسەكەی جەنابیشت بەكورتی دەدەمەوەو دەڵێم: بەڵێ دەسەڵاتی جێبەجێكردن تەنیا بڕیارەكان جێبەجێ دەكا، بەڵام خۆ كاری دەسەڵاتی جێبەجێكردن

WWW.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
E/Media.Ameer.Office
AliBapir1

هەمووی هەر بریتی نیە لە جێبەجێكردنی یاساكانی پەرلەمان، بەڵكو دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەستی زۆر كراوەیەو كۆمەڵێكی زۆر كاری ئیداریی‌و ڕۆژانەو هەنووكەیی هەن، كە مەرج نیە بڕیاریان لەسەر درابێ‌و یاسایان لە پەرلەمانەوە بۆ دەرچووبێ، چونكە دەسەڵاتی جێبەجێكردن بۆخۆی دەستی كراوەیەو ئەگەر دەستی كراوەنەبێ وڵاتی بۆ بەڕێوە ناچێ، ئایا حكوومەت دەگونجێ بۆ هەموو كاروبارەكانی چاوەڕێ بێ پەرلەمان یاساو بڕیاری بۆ دەربكا؟! بێگومان نەخێر، چونكە هەرگیز وڵات وا بەڕێوە ناچێ، بەڵكو پەرلەمان چوارچێوەیەكی گشتی‌و هێندێ یاسای گشتی دادەنێ، بەڵام لە بواری وردەكارییەكاندا دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەستی كراوەیەو ئەوكەسە كە دەچێتە نێو ئەو دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە، بۆیە دەچێ تاكو لەو وردەكارییانەدا دەوری هەبێ‌و جڵەوی ئەو وەزعو حكوومەتە وەربسوڕێنێ بەرەو شەریعەت‌و یاخود بەلای كەمەوە كۆمەڵێك سوودو قازانج بۆ خەڵكی مسوڵمان دابین بكاو كۆمەڵێك زەرەرو زیانیان لێ دوور بخاتەوە، ئیدی مەرج نیە هەمووی بكا بە حكوومەتێكی ئیسلامیی، چونكە ئەگەر بوو بە حكوومەتێكی ئیسلامیی ئەوكاتە كێشەو مشتومڕمان لەسەری نیە، ئنجا ئەوە كە حوكم تەنیا هی خوایە، باسمانكرد كە ئەوە شتێكی سەلمێنراوە، وە ئەوە كە دەبێ پێغەمبەر ﷺ بكرێتە دادوەر، هەروەها شەریعەت بكرێتە دادوەر، ئەگەرنا ئینسان نابێتە مسوڵمان، ئەوە شتێكی سەلمێنراوە، بەڵام ئەوە وەكو شتێكی فیكریی عەقیدەیی، بەڵام وەكو كردەوەو هەڵسوكەوت‌و مامەڵە كردن لەگەڵ واقیعدا كە تۆ هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەك یان زیاتر بدەی بەهۆی ئەو بەشدارییەوە، كاتێ كەتۆ لایەنی فیكرو ئیمان‌و عەقیدەكەت

www.AliBapir.net
FB/AliBapir1
youtube/AliBapir1
FMedia/AmeerOffice

چەسپاوە، ئایا مەجالی تێدا هەیە یان نا؟! دەڵێین: بەڵێ مەجالی تێدا هەیە وەكو دوایی باسی دەكەین.

دووەم: وەڵامی بەڵگە عەقڵییەكان:

ئێستاش بێینە سەر وەڵامی بەڵگە عەقڵییەكانیان، ئەوان چەند بەڵگەیەكی عەقڵییان هێنایەوەو گوتیان لەبەر ئەوشتانە دروست نیە.

1- یەكێ لەوانە بریتی بوو لە شەرعییەت پێدانی ئەو حكوومەت و قەوارە سیاسییە كە حوكم بە شەریعەت ناكا، جا ئێمە دەڵێین: ئەوكەسە كە دەچێ بەشدار دەبێ، كاتێ بۆی هەیە بەشداربێ وەكو لەدواییدا باسی دەكەین، كە بچێ لەوێ كەمو زۆر بڕیاری شەریعەت جێبەجێ بكا، كەسێ كەدەكرێتە وەزیر لە حكوومەتداو وەزارەتێكی پێدەسپێردرێ، دەبێ دەستی كراوەبێ و بەشێوەیك ئەو وەزارەتە ئیدارە بكا كە لەگەڵ پرەنسیپ و بنەماكانی شەریعەتدا دژ نەوەستێ، ئەگەرنا ئەگەر بەدەست بەستراویی بچێ، ئەوە دروست نیە بچێ و، ئەوكاتە بەشدارییكردنەكەی حەرامە، چونكە مانای وایە ئەو چووە تەئیدی ئەو ناشەرعییانەی كردووە، بۆیە كە دەچێ دەبێ دەستی كراوەبێ و لەجیاتی ئەوەی لەناشەرعییدا پشتی بگرێ، بەرەو شەریعەتی بێنێ، لەو بوارەی خۆیداو لەو بازنەیەدا كە پێی دەسپێردرێ و دەستی دەڕوا، ئەگەرنا ئەگەر دەرفەتی ئەوەی نەبێ، ئەوكاتە مەرجی بەشداربوونەكەی نەهاتۆتە دی و كە مەرجەكەش نەهاتە دی، ئەوكاتە بەشداربوونەكەی قەدەغە دەبێ.

2- وەمەسەلەی متمانە پێنەمانی جەماوەر بەو خەڵكە ئیسلامییەی كە لەحكوومەتێكی وادا بەشدار دەبێ، ئێمە دەڵێین: ئەوە لە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
E/Media Ameer Office
A/AliBapir2

حاڵەتێکدایە کە ئەوانە دانەمەزراو بن و تەنازول بکەن و وەکو بازیچەیەك وابن بەدەستی ئەو قەوارە سیاسییەوەو خاوەنی ئیرادەو ڕای خۆیان نەبن و، پێداگیریی نەکەن لە بنەماکانی شەریعەت، جا دیارە کە واش بن ئەوکاتە دروست نیە! بەڵام بێگومان ئەوکاتە خەلەل و کەم و کورڕییەکە بەهۆی ئەوەوە پەیدا بووە، کە ئەوانە ئینسانی دامەزراو و قایم نەبوون، نەك لەبەر ئەوەی ئەسڵی بەشدارییکردنەکە نارەوایە.

3- بەڵگەیەکی دیکە یان ئەوەیە کە: فشار دەهێنرێتە سەر ئەو وەزیرانە یاخود ئەو خەڵکە ئیسلامییە کە بەشدار دەبێ و تەنازولیان پێدەکەن، لەوەڵامی ئەوەشدا دەڵێین: خۆ ئێمە نالێین فەرزە دەبێ خەڵکی ئیسلامیی هەر بەشداربن لەو حکوومەت و قەوارە سیاسییانەدا، بەڵکو دەڵێین: دەبێ تەماشابکەن: ئەگەر بزانن دەستیان ئاوەڵادەبێ و بواریان پێدەدرێ، فەرمان بکەن بەچاکەو نەهی بکەن لە خراپەو، بواریان پێدەدرێ، دادگەریی بچەسپێنن و دژی ستەم و چەوساندنەوەبن و چاکە بکەن و دژی خراپە بن، ئەگەر بزانن بۆ ئەوانە بواریان پێدەدرێ، ئەوە بۆیان هەیە بچن، بەڵام ئەگەر بواریان پێنەدرێ و زەخت و فشارێکیان بێتە سەر تەحەمولی نەکەن و...هتد، ئەوە بێگومان ئەوکاتە دروست نیە.

4- بەڵگەی کۆتاییشیان کە دەڵێ: بەشداربووان دەبنە بەشدارو شەریك لە کەم و کورڕییەکاندا، ئەوە لە لایەکەوەو بە ئیعتیبارێك وایە، چونکە ئەو دەچێتە نێو ئەو قەوارە سیاسیەوە کە کەم یان زۆر حوکم بە شەریعەت ناکاو کەم و کورڕیی هەیە، بەڵام لایەکی دیکەشەوە

مادام ئەو کەسە کە بەشدار دەبێ، جا بەسیفەتی وەزیر بەشداربێ، یان بە سیفەتی بەڕێوەبەری گشتی، یان بە هەر سیفەتێکی دیکە، مادام کە هەر لە سەرەتاوە دیارە کە ئەوە ئیسلامییە و بەو مەرجەش شەرع ڕێپێداوە کە دەبێ دەستی کراوەو ئاوڵا بێ، کەواتە: ئەوکاتە لە کەموکووڕییەکاندا بەشدار نابێت، چونکە ئەوکاتە هەموو ئەو کەموکوڕییانەی کە لە وەزارەتەکانی دیکەدا دەکرێن‌و، لە سەر دەستی کەسانی دیکە ئەنجام دەدرێن، ئەو پێچەوانەکەیان دەکا، ئاشکراشە ئەگەر مەجالی پێچەوانەکەیانی نەبێ، هەر دروست نیە بەشدار بێ، ئنجا کە مەجالی هەبوو پێچەوانەی ئەو کەموکوڕییانە بجوولێتەوە، بۆ وێنە: ئەگەر وەزارەتەکانی دیکە گەندەڵیی دەکەن، دزیی دەکەن، زوڵم دەکەن، خزم خزمێنەو مەحسوبییەت بەکار دێنن، مەنتیقە گەریی‌و حیزبایەتی بەکار دێنن، ئەویش پێچەوانەی ئەوانەی کرد، کەواتە لە جیاتی ئەوەی بەشدار بێ لە کەم و کووڕییەکاندا، بە پێچەوانەوە بازاڕێکی دیکە دێنێتە گۆڕێ، کە خەڵك ئەوکاتە دەڵێ: لەوێ گەندەڵیی هەیە، بەڵام لەوێ پاکیی هەیە، وە لەوێ ناوچەگەریتی هەیە، بەڵام لەوێ هاوڵاتیتی هەیە، وە لەوێ ستەم هەیە، کەچی لەوێ دادگەریی هەیە، وە لەوێ خزم خزمێنە هەیە، بەڵام لەوێ بێ فەرق‌و جیاوازیی هەیە، ئنجا وەك دوایی باسی دەکەین، ئێمە ناڵێین بە ڕەهایی دروستە بەشداریی بکرێ، بەڵکو بۆیە بەشداریی دەکرێ کە بەرژەوەندیی تەحقیق بکرێ‌و بەرژەوەندییش، وەدوورخستنی زیانەکانەو هێنانە پێشی قازانجەکانە، جا ئەگەر ئەوەی تێدانەبێ دروست نیەو کە ئەوەشی تێدا هەبوو،

www.AliBapir.net FB/AliBapir Youtube/AliBapir2 FB/MediaAmeerOffice

ئەوکاتە ناگونجێ بڵێین: ئەو وەزیرە یاخود ئەو چەند وەزیرە بەشدارن لە کەموکووڕییەکانو لە ناشەرعییەکانو ستەمو خراپەکانی ئەو قەوارە سیاسییەدا، هەرچەند بەڕواڵەت کە لە دەرەوە سەرنج دەدەی دەڵێی ئەندامێکە لەوێدا، بەڵام کە دوای لێی ورد دەبییەوەو لەسەر ئەرزی واقیع تەماشای دەکەی، کارو کردەوەی و پەرێزیو شوێنەواری جیایە لە شوێنەوارو کارو پەرێزی ئەوانی دیکە، کە گوێنادەن بەشەریعەتو بنەماکانی شەریعەت پێشێل دەکەن، ئەو کاتە دڵنیا دەبی کە ئەو دوو جۆرە کەسانە هەرچەندە لەیەك قەوارەو حکوومەتدان، بەڵام یەك نینو هەرخوایان یەکەو دوو بازاڕی زۆر جیاوازن.

+ مامۆستا ئەو بەڵگانەی ئەوان دەیان هێننەوە هەرچەندە وەك جەنابت خستتە ڕوو بە بەڵگە ناشێنو ئیسپاتی ئەو دەعوایەی ئەوانیان پێناکرێ، بەڵام بۆچی مەسەلەکە تا ئێستاش هەر بەکراوەیی ماوەتەوە حەسمو یەکلایی نەکراوەتەوە؟!

- هۆکاری ئەوە بەم شێوەیەیە! ئەم بابەتە لە بناغەدا بابەتێکی ئیجتهادییەو ئێمەش دەڵێین: لە ئەسڵدا ڕەوانییە تۆ بەشداربی لە حکوومەتێکدا کە حوکم بەشەریعەت ناکاو پابەند نیە بە شەریعەتەوە، ئێمەش وا دەڵێین، بەڵام ئێمە دەڵێین: هەندێ حاڵەتی هەڵاوێردراو هەیە حوکمەکەشی تایبەتەو جیایە، لەکاتێکدا کە مسوڵمانان لە بەرامبەر واقیعێکدا قەرار دەگرن، کە بەسەریاندا فەرز کراوە، دەبێ چی بکەن؟! واقیعێکە قەوارەیەکی سیاسیی هەیە حوکم بە شەریعەت ناکا، ئایا دەبێ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن؟! وەك جاری دیکەش گوتوومە: بابای

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

مسولمان لەو حاڵەتەدا چوار ئەگەر (إحتمال)ی لەپێشن:

1- لەگەڵی بەشەڕ بێو هەوڵبدات بەهێز هەڵی تەکێنێ.

2- یاخود لەبەری ڕابکاو خۆی بشارێتەوە، وەکو هاوەڵانی ئەشکەوت.

3- یاخود تەسلیمی بێو بە حەقو ناحەقی ڕازیبێو ملی بۆ کەچ بکا، یان گۆشەگیربێو بێدەنگ بێ کە ئەوەش هەر جۆرێکە لە تەسلیم بوونی واقیع.

4- یاخود بچێتە نێوی و مودارای لەگەڵدا بکا، وە پلە پلەو حەکیمانە سەرگەرمی پاکسازیی و چاکسازیی تێداکردنی بێ!! جا ئێمە دەڵێین: ئەوەی چوارەمیان بە مەرجێ ئومێدی ئەوەی هەبێ بیگۆڕێ، لە هەموویان لە شەریعەتەوە نزیکترە، چونکە ئەگەر تۆ تەماشای سیرەو ژیانی پێغەمبەران بکەی (سەڵاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ) دەبینی هەوڵیان نەداوە ئەو واقیعەی کەتێیدا ژیاون، بە زۆرو هێز لەگەڵیدا ڕووبەڕووی ببنەوەو هەڵی تەکێنن، من هیچ پێغەمبەرێکم نەبینیوە کودەتای سەربازیی (انقلاب)ی کردبێ، وە هیچ پێغەمبەرێکم نەبینیوە هێزی کۆ کردبێتەوەو گوتبێتی: با ئەم واقیعە بەهێز بگۆڕین! بەڵکو پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێ) بانگەوازیان کردووە خەڵکیان تێگەیاندووە جەماوەریان لە ناخەوە لە عەقڵو دڵەوە گۆڕیوە، ناشڵێم پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێ) لەکاتێکدا کە پێویست بووبێ، پەنایان نەبردووە بۆ هێز، بەڵام هەرگیز پەنایان نەبردووە بۆ هێز بۆ گۆڕینی واقیع، بەڵکو هەموویان لە میانی بانگەوازو بانگکردنەوە واقیعیان گۆڕیوە، بەڵام دوایی ئەگەر دەست درێژی کرابێتە سەر کیانێك کە ئەوان بەو جۆرو شێوازەی گوتمان دروستیان کردوە، ئەوە دیارە بە هێز لەگەڵیدا ڕووبەڕوو

بوونەتەوە، ئنجا ئاشكرایە كە مەسەلەی ڕاكردن لە واقیع مەسەلەیەكی سەلبیی‌و خراپەو پێغەمبەر ﷺ لە چەندان فەرموودەدا ئاماژەی پێداوە، بۆ نموونە: لە یەكێ لە فەرموودەكاندا كە (ترمذي و أبوداود) دەیگێڕنەوە دەفەرموێ: (المسلم الذى يخالِطُ الناس و يصبر على أذاهم خير من الذي لا يخالطهم ولا يصبر على أذاهم) واتە: ئەو مسوڵمانەی كە لەگەڵ خەڵك تێكەڵ دەبێ‌و سەبر دەگرێ لەسەر ئەزییەتەكانیان، باشترە لەوەی كە تێكەڵ نابێ‌و سەبریش ناگرێ، لەسەر ئازارەكانیان، ئنجا دیارە كە تەسلیم بەواقیع بوونیش یاخود گۆشەگیربوون، كە ئەویش هەرجۆرێكە لەتەسلیم بوون‌و خۆبەدەستەوەدان، سوننەتی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێ) نیە، كەواتە: دەمێنێتەوە موداراكردن، بەڵام بۆ گۆڕین‌و چاكسازیی نەك بۆ ئەوەی ببی بە بەشێك لەو واقیعە خراپە، بەڵكو بۆ گۆڕین‌و دەستكارییكردن، ئەویش بەشێوەیەك كە لە ڕێگای قەناعەت‌و ئیرادەی خەڵكەوە گۆڕانەكە ببێ، نەك لە ڕێی خۆ بەسەر خەڵكدا فەرزكردنەوە، كە ئەوە چ عەلمانییەك بیكا، وەك وەختی خۆی ماركسییەكان بڕوایان بە دیكتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا هەبوو، وە چ ئیسلامییەك بیكا، بڵێ: من خۆم فەرزدەكەم بەسەر خەڵكدا بۆ ئەوەی شەریعەتی خوا جێبەجێ بكەم، هەر هەڵەیەو پێچەوانەی بەرنامەو ڕێبازی پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێ بێ)، وە بە نسبەت ئەوانی دیكەشەوە پێچەوانەی دیموكڕاسییە، بەڵكو دەبێ لە میانی قەناعەت پێكردنی خەڵك‌و جووڵاندنی ئیرادەی خەڵكەوە ئەو گۆڕانكاریی‌و پاكسازیی‌و چاكسازیی یە ئەنجام بدرێ، تاكو سەرەنجام سەروبەر بگرێ‌و

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

مایەی دابینكردنی بەرژەوەندییەكانی خەڵكو بەختەوەركردنیان بێ.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بەندی دووەم: ئاڵقەی دووەم
## بەڵگەکانی ئەوانەی بەشداریی کردن لە حکومەتێکی نا ئیسلامیی دا بەچەند مەرجێکەوە، بەڕەوا دەزانن

www.AliiBapir.net
F/AliiBapir
youtube/AliiBapir1
F/MediaAmeerOffice

بسم الله الرحمن الرحيم

بەڕێز مامۆستا!

+ لە ئاڵقەی پێشووی ئەم بابەتەدا باسمان لەوەکرد کە زانایان سێ ڕایان هەن سەبارەت بە بەشدارییکردن لە حکوومەتێکدا کە کار بە بنەماکانی ئیسلام نەکا، یان بەشێکی فەرامۆش بکا، جا بەڕێزتان ڕوونکردنەوەتان لەسەر بۆچوونی ئەو زانایانەدا کە بە ڕەهایی دژی بەشدارییکردنن لە حکوومەتێکی لەو جۆرەدا، وەڕایەکەیانت هەڵسەنگاندو دەریشت خست کە بەڵگەکانیان بایی ئەوە ناکەن دەعواکەیان ئیسپات بکەن، ئێستاش لە بارەی ڕای دووەم و سێیەمەوە کە نزیکن لە یەکەوە، دەپرسین: ئایا ئەو زانایانەی کە پێیان باشە بەشداریی لە حکوومەتێکدا بکرێ کە کار بە بنەماکانی ئیسلام، یان بە بەشێك لە بنەماکانی ناکا، ئەو بەڵگانە چین کە ئەوان پشتیان پێبەستوون؟!

- بەر لەوەی بچینە سەر ئەسڵی مەبەست بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە مەسەلەیەکی گرنگ بکەم، ئەویش بریتییە لەوە کە ئەوە تێڕوانینی ئیسلامییەکانە بۆچۆنیەتی و شێوازی گۆڕین و چاکسازیی کۆمەڵگا، کە ئەو ڕاجیایی یە بەرهەم دەهێنێ لە مەڕ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو قەوارە سیاسییانەدا کە شەریعەت پیادە ناکەن.

بەڵێ ڕیشەی ئەوە کە ئایا ڕەوایە بەشداریی بکرێ لە دامودەزگاکانی

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

قەوارەیەکی سیاسییدا کە شەریعەت پیادە ناکا، یاخود دەبێ بەشداریی نەکرێ، دژایەتیی بکرێ، یاخود موداراتی لەگەڵ بکرێ؟ وەئایا بناغە لەو بەشداریی کردنەدا ڕەواییە یان نارەواییە؟ واتە: ئایا بناغە ڕەواییەو هەڵاواردنی تێدایە؟ یاخود بناغە نارەواییەو هەڵاواردنی تێدا نیە؟ بەڵێ ئەو ڕاجیاوازانە دەرهاویشتەی جۆری جیهانبینیی و تێڕوانینی لایەنە ئیسلامییەکانو تەوژمی ئیسلامیین، کە ئایا دەبێ گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگادا چۆن بکرێ؟! وە کە ئایا دەبێ چاکسازیی و پاکسازیی لە کۆمەڵگەدا چۆن بکرێ؟ لە حاڵێکدا کە قەوارەیەکی سیاسیی هەیەو شەریعەت پیادە ناکا لە نێو میللەتو کۆمەڵگایەکی مسوڵماندا؟!

پێشتریش ئاماژەم پێدا کە دوو بۆچوونی لەیەك جیاوازی سەرەکیی لەو بارەوە هەن، بۆچوونێکیان دەڵێ: پێویستە وەك چۆن لە ڕابردوودا پێغەمبەران صەڵاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ بەرگەی ئازارو نارەحەتیی میللەتو گەلانی خۆیانیان گرتووە لە نێو کۆمەڵگاکانی خۆیاندا ماونەتەوەو سەر قاڵی بانگەواز بوونو، سەرقاڵی هۆشیارکردنەوەو تێگەیاندنی خەڵك بوون، وە لە میانەی قەناعەت پێهێنانی خەڵكو هۆشیارکردنەوەیاندا ویستوویانە کۆمەڵگا بگۆڕن بەو ئاراستەیەدا کە پەیامو شەریعەتی خوا دەیخوازێ، پێویستە ئێمەش هەر ئەوشێوازو ڕێبازە بگرینو بەکار بێنین.

بۆچوونێکی دیکەش ئەوەیە کە دەڵێ: ئەو کۆمەڵگەو دەورروبەرەی کە حوکمڕانو دەسەڵاتدارەکەی شەریعەتی تێدا پیادە ناکا، پێویستە دژایەتی بکرێو سەنگەری لێ بگیرێ! بەڵام بەڕاستی ئەوەندەی من سەرنجی ژیانی پێغەمبەرانم داوە پێغەمبەران بەگشتیی و پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد

www.AliBapir.net
F/AliBapir
YouTube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

بەتایبەت صلی الله علیه وسلم بۆم دەركەوتوە، كە پێغەمبەران بەرنامەیان بۆ چاكسازیی كۆمەڵگا ئەوە نەبووە كە بە گژ كۆمەڵگاداو بە گژ حەكمڕانانیدا بچنەوەو سەنگەریان لێ بگرن، بەڵكو ڕێبازو شێوازیان ئەوە بووە كە بچنە نێو كۆمەڵگاو وە هەوڵ بدەن قەناعەتیان پێبێننو كاریگەرییان بۆسەر عەقڵو دڵو ڕەوشتو ڕەفتاری خەڵك هەبێو لە نێوەوە گۆڕانیان بەسەردا بێنن، وەك خوای كاربەجێ دەفەرمووێ: (ان الله لا یغیر بقوم حتى یغیّروا ما بأنفسهم) الرعد - -، واتە: خوا واقیعی هیچ كۆمەڵگایەك ناگۆڕێ هەتا ئەوان دەروونی خۆیان نەگۆڕن، بەڵێ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هاتوون واقیعی كۆمەڵگاكان بگۆڕن، بەلام بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆڕینو پاكسازیی و چاكسازییە، سەرەتا ویستوویانە دەروونی خەڵكێك بگۆڕن، دەروونی خەڵكیش دابەش دەبێ بۆ سەر (3) شت: یەكەم: بیروڕاكان، دووەم: هەستو نەستە دەروونییەكان، سێیەم: هەڵوێستو هەڵسوكەوتەكان، (الأفكار، المشاعر، السلوك).

بەڵێ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لەسەرەتاوە ویستوویانە بیروڕای خەڵك بگۆڕن لە: شت پەرستیی و شەخس پەرستییەوە بۆ خوا پەرستیی، چونكە كۆمەڵگاكان بەگشتی، یان لە بازنەی شتەكاندا دەخولێنەوە، یان لە بازنەی شەخسەكاندا، یان لە بازنەی مەبادیئو بیروڕادا، جا پێغەمبەران ویستوویانە خەڵك لە بازنەی شتو شەخس پەرستییەوە بگوازنەوە بۆ بازنەی عەقیدەو فیكرەیەك كە لە وەحی خواوە سەرچاوە دەگرێ.

بەلام بە پێچەوانەوە، نەیارانی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ویستوویانە بە زۆرو فشار لە جیاتی دەروونی خەڵك، ڕواڵەتی خەڵك

بگۆڕن‌و، زیاتر کاریان لەسەر ڕواڵەت‌و دیوی دەرەوەی خەڵك کردووە، بۆ ئەوەش هەرسێ هۆکاری ترساندن‌و برسیکردن‌و چەواشەکردنی خەڵکیان هەڵبژاردووە، هەر بۆیەش خوا (سبحانه وتعالى) لە زۆر شوێنی قورئاندا باسی (فیرعەون‌و قارون‌و هامان)مان بۆ دەکا، چونکە فیرعەون ڕەمزی سەرکوتکردن‌و حوکمی تاکییەو، قارون ڕەمزی ئیستیغلال‌و چەوساندنەوەی ئابوورییەو، هامانیش ڕەمزی چەواشەکردنی ڕاگەیاندنییە، بەڵام پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) نەیانویستوە خەڵك چەواشە بکەن بەهۆی بانگەشەی ناڕاست‌و فریودەرانەوە، وەك هامان دەیکرد، وە نەشیان ویستوە لەڕێی چەوساندنەوەی ئابووریی‌و بەناهەق دەست بەسەر سەروەت‌و سامانی خەڵك داگرتنەوە، برسییان بکەن تا ناچاربن شوێنیان بکەون، وەك قارون دەیکرد، هەروەها نەشیان ویستوە لەڕێی ستەم‌و چەوساندنەوەی سیاسییەوە خەڵك بترسێنن بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن شوێنیان بکەون، وەك فیرعەون دەیکرد، بەڵکو ویستوویانە خەڵك ئازاد بکەن.

ئنجا دیارە ئەم جۆرە بیرو بۆچوونە کە دەڵێ: دەبێ خەڵك لە نێوەوە گۆڕانی بەسەردا بێ‌و، دەبێ کۆمەڵگە لە بنچینەوە گۆڕانی بەسەردابێ، نەك لە هەرەم‌و چڵە پۆپەوە، ئەو بیرو بۆچوونە ئەوە بەرهەم دەهێنێ کە پێویستە تۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو قەوارەو دەوڵەتەو دام‌و دەزگایەکانیدا بکەی، کە لەنێویدا دەژی، دیارە بە ئەندازەی ئەوەی کە قازانجی تێدا بەدی دەکەی.

وە بیروبۆچوونەکەی دیکە کە دەڵێ: نەخێر ئەم واقیعە هەمووی

مەرفوزەو پێویستە لەبەریەکی هەڵوەشێنیو لایبەرێ، ئەمەش ئەوە بەرهەم دەهێنێ کە تۆ دەبێ موقاتەعەی ئەو قەوارەیەو داموو دەزگایەکانی بکەیو دژایەتیی بکەی، لە سەرێ بۆ خوارێ زەربی بەسەردا بێنیو بە هیچ جۆرێك نەچیتە نێوی.

ئنجا بەڕاستیی ئەم مەسەلەی چۆنیەتی گۆڕینو چاککردنی واقیعو دەورووبەر، بەگشتی مەسەلەیەکی ئیجتیهادییەو بواری قسەو مشتومڕی تێدایە، هەر بۆیەش زانایانی ئیسلامیی هاوچەرخ تێیدا یەکڕا نەبوون، ئەویش لەسۆنگەی ئەوەوە کە واقیعەکان جیاجیان، بۆ نموونە: تۆ لە هەندێك شوێن ڕێت دەدرێ کە لە ڕێگای چوونە نێوی ئەو داموو دەزگایانەوە، هەندێك ئامانج بە دەستبێنی، بەڵام لە جێیەکی دیکە مەجال نادرێ، جا دیارە ئەوەی کە بوار دەدرێ بەشدارییکردن تێیدا دروستەو، ئەوەش کە بوار نادرێ تەنانەت ئەوانەش کە دەڵێن: دروستە، دەڵێن: نابێ بەشداریی بکرێ، مادام ئامانجەکان بەدەست نایەنو مەرجەکان نایەنەدی.

+ خاوەنی ئەو ڕایەی کە پێی وایە لە ڕێگای بانگەواز گفتوگۆو بەدەستهێنانی دەنگی خەڵکەوە ناتوانی ئامانجەکانت بە دەستبێنی، هەندێك نموونەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باس دەکەن، کە ئیسلامییەکان لەوڕێیەوە نەیانتوانیوە گۆڕانکاریی بکەن، بەهۆی ڕاست نەکردنی بانگەشەکارانی دیموکراسییەوە لەگەڵ دیموکراسییدا!.

ــ ڕاستە ئەو جۆرە واقیعانە شوبهەیان دروستکردووە لە بەرانبەر ئەو ڕێڕەوەی دیکەدا کە دەڵێ: دروستە مامەڵە بکرێو نزیکییو هەڵسوکەوت بکرێ، بەڵام پێویستە بزانرێ کە ئەو ڕایەش کە دەڵێ: دروستە، دەڵێ: بە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

مەرجەوەو نەك بە ڕەهایی، وە ناڵێ هەرچۆن بێ، دەبێ هەر بەشداربی!
بەڵکو دەڵێ: ئەگەر بزانی سوودی نیە دروست نیە بەشداربی.

ئێستاش با بێینە سەر ئەسڵی مەبەست، کە بریتیە لەقسەکردن لەبارەی ئەوڕایەوە کە دەڵێ: ڕەوایە بەشداریی بکرێ لەحکوومەتێکی پابەندنەبوو بەشەریعەتدا.

دیارە ئەم ڕایە وەك پێشتریش گوتمان تێکهەڵکێشە لە دوو ڕا، کە ڕایەکیان دەڵێ: بناغە لە بەشدارییکردن لەو حکوومەتەدا کە شەریعەت پیادە ناکا، ڕەواییە، ڕایەکەی دیکەش دەڵێ: بناغە ناڕەواییە، بەڵام بە هەڵاواردنو وەك ناچاریی و بۆ بەدەستهێنانی هەندێك ئامانج، دروستە، جا ئێمە هەردوو ڕایەکان بە تێکهەڵکێشی باس دەکەین، چونکە ئەو ڕایەی کە دەڵێ: بناغە لەومەسەلەیەدا ڕەوا (مباح) نەبوونەو وەك هەڵاواردن (إستثناء) دروستە، ئەو ڕایەش دەگەڕێتەوە نێوخۆی کە دەڵێ: بناغە ڕەوابوونەو بەشداریی تێداکردنی ئەوجۆرە قەوارەو حکوومەتە (کە پابەند نابێ بەشەریعەتەوە) هیچ گرێو گۆڵی تێدانیە! بۆیە ئێمە هەرکات ئەوەمان سەلماند کە لەکاتی پێویستیو ناچارییداو وەك هەڵاواردن ڕەوایە مسوڵمانان بەشداریی حکوومەتێك بکەن کە کەم یان زۆر پابەند نابێ بەشەریعەتەوە، ئەوە لەپێش ئەوەشدا ئیسپاتمان کردوە کە بەپێی ئەو ڕایەی کە دەڵێ: بناغە ڕەوایی بەشداربوونە، بەشداریی تێداکردنی ئەو جۆرە قەوارەو حکوومەتە ڕەوایە، چونکە هەرکات ئیسپاتی ڕەوایی بەشداربوونی مەرجدار کرا، ئەوە چاکترو پێشتر ئیسپاتی ڕەوایی بەشداربوونی بێ مەرج کراوە! جا ئێمە لەوبارەوە (3) جۆرە بەڵگە دێنینەوە:

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

**جۆری یەکەم:** چەند بنچینەیەکی شەرعییە، کە ئەو بنچینە شەرعییانە سەرجەم زانایانی ئیسلام، یان زۆربەی زانایان لەسەریان یەکدەنگن، دیارە هەندێکیان هەر واتاو مەفهوومی ئایەتەکانی قورئانو فەرمایشتەکانی پێغەمبەری ئیسلامن (علیه الصلاة والسلام)، وە هەندێکیشیان هەڵهێنجراوی کۆمەڵێك لە ئایەتو فەرمایشتەکانن، هەڵبەتە هەموو بنچینە شەرعییەکانیش هەروان.

1- یەکێك لەو بنچینانە ئەوەیە کە: پلە پلەیی یاسای خوایە لە دروستکراوەکانیو لە فەرمانەکانیدا، (التدرج سنة الله في خَلْقِه و في أمره) یانی: ئەگەر تۆ تەماشای دروستکراوەکانی خوا بکەی دەبینی پلە پلە دروستی کردوونو دروستیان دەکا، بۆ نموونە: تەماشای دەنکە تۆوێك، یان نەمامێك بکە! کە دەڕوێ، هەروەها کۆرپە چ کۆرپەی مرۆڤ چ هی ژیاندارانی دیکە، پلە پلە پێدەگاو هەراش دەبێ، وە خوا -سبحانه وتعالى- کە باسی دروستکرانی ئاسمانەکانو زەوی دەکا، دەفەرموێ: ﴿هو الذي خلق السماوات والأرض في ستة أيامٍ ثم استوى على العرش﴾ الحديد -4-، واتە: (خوا) ئەو کەسەیە کە ئاسمانەکانو زەوی بە (6) ڕۆژ {واتە: بە (6) قۆناغ} دروست کردوە، پاشان چووەتە سەر عەرش "بەو شێوەیەی کە بۆ خوا شایستەیە"، کەواتە: یاسای خوا وایە کە پلە پلەیی (التدرّج) لە دروستکراوەکانیدا هەیە، هەروەها فەرمانەکی خواش بە هامان شێوەن، ئێمە دەبینین قورئان لە ماوەی (23) ساڵدا بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دابەزیوە کە دوو لەسەر سێی لە مەککەو یەك لەسەر سێیشی لە مەدینە هاتوە، وە یاساکانی شەریعەت لە ماوەی (10) ساڵی تەمەنی بەپیزی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم کە لە

مەدینە گوزەراندوویەتی هاتوون، نەك بەڕۆژێك یان مانگێك یان ساڵێك! ئنجا نەك هەر یاساکانی شەریعەت بەگشتی، بەڵكو تاك تاكی یاساكانیش بەهەمان شێوە، بۆ نموونە: ئەگەر تەماشای (نوێژ) بكەی لە پێشدا بەیانیان دوو ڕكات و ئێواران دوو ڕكات بووە، (الغداة والعشي) دوایی لە ساڵی دوازدەیەمین، یان یازدەیەمینی پێغەمبەرایەتییدا، ئەو كاتەی شەوڕۆیی (إسراء)ی كرد بۆ ئاسمان، لەو شەوەدا پێنج نوێژە فەرزەكان پێویست كران، هەروەها (ڕۆژوو): لە پێشدا مانگی (3) ڕۆژ بووە، دوایی كراوە بە مانگی ڕەمەزان، وە (زەكات): لە پێشدا هەر ماڵ بەخشین بووە بە گشتیی، دوایی زەكات دیاریی كراوە، هەر وەها قەدەغە كردنی (شەراب): بە سێ چوار قۆناغ قەدەغە كراوە، دیسان قەدەغەكردنی (سوود) بە هەمانشێوە بە چەند قۆناغێك بووە، لە پێشدا زەمینەسازیی بۆ كراوەو دوایی قەدەغە كراوە، وە تەنانەت لەچۆنیەتیی و شێوازی بانگەوازیشدا پلەپلەیی ڕەچاوكراوە، وەك لە صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا هاتوە كە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم كاتێك (معاذ بن جبل) دەنێرێ بۆ یەمەن پێی دەفەرموێ: با یەكەمین شتێك كە خەڵكیی بۆ بانگ دەكەی بریتیی بێ لە خوا بەیەككگرتن، جا كاتێك وەڵامی خوا بەیەككگرتنەكەیان دایەوە، ئینجا پێیان بڵێ: خوا لە شەو و ڕۆژێكدا پێنج نوێژی لەسەر فەرز كردوون، ئنجا ئەگەر ئەمەشیان بە قسەكردی، ئاگاداریان بكەوە كە خوا زەكاتی لە ماڵەكانیاندا فەرز كردوە[1]، كەواتە:

[1] - (...لما بعث النبي صلى الله عليه وسلم معاذاً نحو اليمن، قال له: أنك تقدَمُ على قومٍ من أهل الكتاب، فليكن أول ماتدعوهم الى أن يوحّدوا الله تعالى، فأذا عرفوا ذلك، فأخبرهم أن الله

پێشان ئیمانو عەقیدە، دوایی عیبادەتو، ئنجا دێتە سەر زەکاتو لایەنی ئابووریی.

+ کەواتە مەبەستتە بڵێی: گۆڕان پێویستی بەم پلە بەندییەیە؟

ـ مەبەستم ئەوەیە کە (پلە پلەیی) یاسای خوایە لە دروستکراوەکانیو لە فەرمانەکانیدا، بۆیە ئێمەش ئەگەر بمانەوێ واقیعو کۆمەڵگا بگۆڕین، یەك تەکان بۆمان ناگۆڕرێو بەسەبرێكو دوو فووان ناگۆڕێو، پێویستیی بە ئارامگریی و قۆناغبەندیی هەیە، ئایا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەوڵەتی ئیسلامیی و کۆمەڵگای ئیسلامیی بە شەوو ڕۆژێك دروستکرد؟ یان بە (23) ساڵ؟ بێگومان خشت خشت دایناوەو قۆناغ قۆناغ دروستی کردووە، دەجا ئێمەش دەبێ چاو لە پێغەمبەری خۆمان بکەین، تۆ بڵێی ئەوەی ئەو بە (23) ساڵ کردی ئێمە بتوانین بە (23) ڕۆژ بیکەین؟! بێگومان دەبێ زەمینەی ئەنجامدانی حوکمەکانی شەریعەت ساز بکەین، ئەوجار حوکمەکان جێبەجێ بکەین، بۆ نموونە: بۆچی سزای زیناو داوێنپیسیی لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم پێویست کراوە؟ چونکە پێشتر کۆمەڵگا زەمینەی بۆ ساز نەکرابوو و پەروەردە نەبوو بوو، دەبێ پێشان خەڵك پەروەردە بکرێ لەسەر ئیمانو ئیسلامو ئەخلاقو پاشان هۆکارەکان بڕەخسێنرێن بۆ پێکەوەنانی خێزانێکی موسڵمانانە، ئینجا ئەگەر خەڵکێك لە بواری جینسییەوە لادانی کرد، بۆت هەیە سزای بدەی، هەروەها سزای دزیی کە (دەستبڕین)ە بۆچی لە سەرەتاوە پێویست نەکراوە؟ چونکە دەبێ پێشان

فرض علیهم خمس صلوات في یومهم ولیلتهم، فأذا صلّوا، فأخبرهم أن الله افترض علیهم زکاةً في أموالهم...)، صحیح البخاري، رقم: 1458، وة صحیح مسلم رقم: 31.

پێداویستییەکانی خەڵك داین بکرێنو کۆمەڵگایەك هەبێو دامەزراوەکان هەبن، تاکو خەڵك لە ناچارییدا دزیی نەکا، ئنجا بۆت هەیە سزای دەستبڕین جێبەجێ بکەی، هەروەها سزای ڕێگرییو سەرجەم سزا شەرعییەکانی دیکەش بەهەمان شێوە.

کەواتە: ئێمە ناتوانین بە بێ ڕەچاوکردنی پلە پلەیی کۆمەڵگاو قەوارەیەکی ئیسلامیی دروست بکەین، ئەویش بەوجۆرە کە تەعامولو تەفاعولێ لەگەڵ دەورووبەرت بکەیو وردە وردە بەرەو شەریعەتی بهێنیو بەرەو ئەو ئاڕاستەیەی کە خوای پەروەردگار دەیەوێ وەری بچەرخێنی، بەڵام ئەوەی کە دەڵێ: یان هەموو، یان هیچ، یان دەبێ ئێستا دەوڵەتیکی ئیسلامیی تەواو عەیار دابمەزرێنین، یاخود بڕوامان بە نیوە چارەسەرو نیوە هەنگاونان نیە، ئەوە لە ڕاستییدا خەیاڵ پلاوو تەنانەت پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم بۆی نەکراوە بەیەك ڕۆژ دەوڵەتی ئیسلامیی دابمەزرێنێو لەماوەی (23) ساڵدا بنیاتی ناوە، بۆیە ئەوەی کە دەڵێ: دەبێ دەبێ هەر ئێستا دەوڵەتی ئیسلامیی دابمەزرێنین، ئەوە لەو یاسایەی خوا حاڵی نەبووە، کە پلەپلەیی هەم بۆ دروستکراوەکانی خواو هەم بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەیو بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگاکان پێویستەو دەبێ ڕەچاو بکرێ.

2- بنچینەیەکی دیکەی شەرعیی بۆ ئیسپاتی ئەوە کە ڕەوایەو دروستە ئێمە بەشداریی ئەو حکوومەتو قەوارە سیاسییانە بکەین کە شەریعەت پیادە ناکەن، بە مەرجێك تەماعمان هەبێ لەچاککردنیاندا، (چونکە دەبێ هەمیشە ئەو مەرجەمان لە پێش چاوبێ) ئەوەیە کە: تەکلیفی شەرعیی بە ئەندازەی توانایە، (التكليف الشرعي على قدر

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

الوسع) کە زانایانی شەرعزان بە زۆر شێوە تەعبیریان لێداوەتەوە، دیارە ئەم بنچینە شەرعییەش زانایان لەچەندان دەقی شەریعەتیان وەرگرتوە، بۆ وێنە: خوای بێ هاوتا دەفەرموێ: ﴿فاتقوا الله مااستطعتم﴾ التغابن ـ 16ـ، واتە: ئەوەندەی لە تواناتاندایە پارێز لە خوا بکەن، هەروەها لە سوورەتی البقرة ـ 286ـ دەفەرموێ: (لایکلف الله نفساً الاّ وسعها) واتە: خوا لەسەر هیچ نەفسێك شتێك پێویست ناکا مەگەر ئەوەی لە توانایدا هەبێ، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم لە فەرمایشتێکدا کە (بخاري) بە ژمارە (6858) لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی دەفەرموێ: (اذا أمرتکم بأمرٍ فأتوا منه مااستطعتم) واتە: ئەگەر فەرمانم بە شتێك پێکردن، چەندتان لە توانادایە لێی ئەنجام بدەن.

کەواتە: کە ناتوانی یەکسەر شەریعەت پیادە بکەی، یەکسەر دەوڵەت بنیات بنێی، ئەوەندەی لە تواناتدایە بیکە.

3- بنچینەیەکی دیکە ئەوەیە کە: کەمکردنەوەی خراپەو ستەم پێویستە، واتە: ئەگەر نەتوانی ستەمو خراپە ڕیشەکێش بکەیو بە یەکجاریی لایبەری، لەسەرت پێویستە کەمی بکەیتەوە، چونکە: زانایانی ئیسلام بۆ نموونە: (الغزالي، العز بن عبدالسلام، ابن تیمیة، ابن القیم، الشاطبي)، دەڵێن: شەریعەت بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانو لابردنی زیانەکان هاتوە، بۆ وێنە: (ابن تیمیة)[1] دەڵێ: (الشریعة جائت لتحصیل المصالح وتکمیلها وتعطیل المفاسد وتقلیلها)، واتە: شەریعەت هاتوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکان پەیدا بکاو تەواویان بکا، خراپەکانیش

---

1 - بڕوانە: (تلخیص کتاب الأستغاثة)، ج1، ص167.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

نەهێڵێ‌و کەمیان بکاتەوە، یانی تۆ ئەگەر نەتوانی ناشەرعییەك ڕیشەکێش بکەی، بەڵام بتوانی نیوەی لابەری، مولزەمی بەوەی نیوەکەی لابەی، نەك بڵێی: یان هەمووی لادەبەم، یان هیچ!!

4- بنچینەیەکی دیکەی شەرعیی بریتیە لە: تەحەمولکردنی زیانی سووکترو هێنانەدی بەرژەوەندیی گەورەتر، (احتمال أخف الضررين وجلب أعظم المصلحتين) مەبەست ئەوەیە کاتێك دوو زیان ڕووت تێدەکەن، خراپ‌و خراپتر، خراپەکە تەحەمول بکە بۆ ئەوەی خراپترەکەت لە کۆڵ ببێتەوە، یان کاتێك دوو قازانج‌و بەرژەوەندییت لە پێشن‌و هەردووکیانت بۆ بەدەست نایەن، وەك دەڵێن: (دوو کاڵەك بە دەستێك هەڵناگیرێن) دەبێ یەکیان هەڵبژێری، پێویستە ئەوەیان کە قازانجی زیاترە هەڵی بژێری، ئەوە لە کاتی پێکەوە کۆبوونەوە (تزاحم)ی دوو قازانج‌و یان دوو زەرەردا، وەجاری وا هەیە قازانجێك‌و زەرەرێك پێکەوە کۆ دەبنەوە، ئەوکاتە دەبێ تەماشا بکەی ئایا خراپیی خراپەکە زیاترە؟ یان چاکیی چاکەکە؟ بۆیە لێرەدا ئیجتیهاد دێتە پێشەوە، یەکێك دەڵێ: خراپیی خراپەکە زێترەو یەکێکی دی دەڵێ: نەخێر چاکیی چاکەکە زیاترە، بۆیە لە پێناویدا تەحەمولی خراپەکە دەکەم، ئەوی دی دەڵێ: خراپیی خراپەکە زۆر زیاترە لە چاکیی چاکەکە، بۆیە خوا دەکا خراپەکەم لە کۆڵ دەبێتەوە قیرو سیا لەو چاکەو بەرژەوەندییە.

بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین دوو وێنە لە قورئان‌و سوننەتدا بێنینەوە:

<u>یەکەم</u>: لە قورئاندا خوا باسی مووساو ئەو بەندە ساڵحە دەکا، لە باسی کەشتییەکەدا کە لەگەڵ مووسادا (عليه السلام) سوار دەبن، جا

کاتێك ئەو پیاوە صاڵحە کەشتییەکە خراپ دەکا، مووسا دەفەرموێ: ﴿أخرقتها لتغرق أهلها لقد جئت شيئا إمراً﴾ الكهف ـ71ـ، واتە: بۆچی کەشتییەکەت خراپکرد! تاکو خەڵکەکەی بخنکێنی؟! بەڕاستی کارێکی خراپت کرد! ئەو بەندە ساڵحەش پاساوی خراپکردنی کەشتییەکە بەوە دێنێتەوە دەڵێ: ﴿اما السفينة فكانت لمساكين يعملون في البحر فأردت ان أعيبها وكان ورآءهم ملك يأخذ كل سفينة غصباً﴾ الكهف ـ 79ـ، واتە: هەرچی کەشتییەکەیە هی چەند هەژارێك بوو لە دەریادا کاریان دەکرد، جاویستم عەیبداری بکەم، چونکە لە پشتیانەوە پادشایەك هەبوو هەموو کەشتییەکی نوێو چاکی داگیر دەکرد، واتە: لێرەدا دوو زەرەر هەبوون، یەکەم: کەشتییەکە دەستکاریی نەکرێو زەوت بکرێ، دووەم: عەیبدار بکرێ، بەڵام داگیر نەکرێ، بۆیە بەندە چاکەکە زیانێکی کەمی لێدا، بۆ ئەوەی لە زیانێکی گەورەتری بپارێزێ.

<u>دووەم</u>: بۆ ئەوەش کە دەبێ بەرژەوەندیی گەورەتر داین بکرێو چاوپۆشیی لە بەرژەوەندیی بچووکتر بکرێ، لە فەرمایشتێکدا کە (مسلم) بە ژمارە (1333) هێناویەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم قسە لەگەڵ عائیشەی خێزانیدا دەکاو لە درێژەی فەرمایشتەکەدا دەفەرموێ: (لولا أن قومك حديث عهد بشرك لَهَدَمْتُ الكعبة فَألْزَقْتها بالأرض) واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە کە گەلەکەت (قورەیش) تازە لە شیرکەوە دەرباز بوون، کەعبەم دەڕووخاندو دەرگاکەیم بە زەوییەو دەنووساند، واتە: لێرەدا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چاوپۆشیی دەکا لە ڕاستکردنەوەی کەعبە بە پێی نەخشەی ئیبراهیم، لە پێناوی ئەوەدا کە دڵی خەڵك نەڕەنجێ، چونکە لە کوفرو شیرکەوە نزیك بوون، نەوەك گرفتێکیان بۆ

دروست ببێ.

5- بنچینەیەکی دی ئەوەیە کە (ناچاریی حەرامەکان ڕەوا دەکا) (الضرورات تبيح المحظورات) واتە: شتێك کە حەرامە بە هۆی ناچارییەوە بۆت ڕەوا دەبێ، ئەمیش ئەم ئایەتەی سوورەتی (البقرة) دەبێتە بەڵگە بۆی: ﴿يا أيها الذين حرمت عليكم الميتة و الدم ولحم الخنزير وما اهل به لغير الله، فمن اضطر غير با غ ولا عاد فلا اثم عليه ان الله غفور رحيم﴾ واتە: ئەی ئەوانە بڕواتان هێناوە! مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەرازو سەربڕاو بۆ غەیری خوا (واتە ناوی غەیری خوای لەسەر هاتبێ)، لێتان قەدەغە کراون، بەڵام ئەگەر کەسێك ناچاربوو بەمەرجێك لە ئەندازەی پێویست تێنەپەڕێنێ و بۆ بە ئارەزوو خواردن نەبێ، ئەوە بە گوناە لەسەری نانووسرێ، کەواتە: کاتێك مرۆڤ ناچار دەبێ شتی قەدەغەی بۆ ڕەوا دەبێ، بە ئەندازەی ئەوەی لەو ناچارییە خۆی قوتار دەکا.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کەسێك کە بەشداریی دەکا لە حکوومەتێکدا کە ناچارەو هەندێك بەرژەوەندیی وا نەبێ بۆی نایەنە دی و، هەندێك زیان وا نەبێ لێی دوور ناکەونەوە، ئەوە بۆی هەیە بە مەبەستی بە دەستخستنی قازانجەکان و دوورخستنەوەی زیانەکان بەشداریی بکا لەو حکوومەتەدا ئەگەر بزانێ ئەوەی بۆ دەکرێ، ئەگەرنا دروست نیە.

6- بنچینەیەکی دیکە دەڵێ: (لایسقوط المیسور بالمعسور) واتە: ئەوەی کە بە ئاسانی بۆت دەکرێ، بەهۆی ئەوەوە کە بە زەحمەت نەبێ بۆت ناکرێ، یان هەر بۆت ناکرێ، لەسەرت لاناچێ، واتە: ئەگەر ئێمە بتوانین قەوارەیەکی سیاسیی ئیسلامیی دروست بکەین، ئەوە ئەوەمان لەسەر پێویستە، بەڵام ئەگەر ئەوەمان پێنەکرا، بەس توانیمان زۆر ناشەرعیی و خراپەو ستەم لەو قەوارە سیاسییەدا لابەرین و چاکەی لە شوێندا دابنێین، نابێ بڵێین: مادام دەوڵەتمان پێ دانامەزرێ واز لەو بەرژەوەندییانەش دێنین کە پێمان دێنەدی!

**جۆری دووەم:** لەبەڵگەکانی بەشدارییکردن لەحکوومەتێکی پابەند نەبوو بەشەریعەتدا، بریتیە لە: بەشداریی کردنی (یوسف) پێغەمبەر (علیه السلام) لە حکوومەتی میسردا لەسەردەمی ئەو پادشایەدا کە دیارە پادشایەکی کافر بووە، هەروەها کۆمەڵگاکەش کۆمەڵگایەکی کافر بووە، وەك لە بەسەرهاتی (یوسف)دا بە ڕوونی هاتوە، تەماشا دەکەین (یوسف) (علیه السلام) دوای ئەوەی پادشا بانگی دەکا، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وقال الملك ائتوني به استخلص لنفسي، فلما جائه قال انك اليوم لدينا مكين امين﴾ يوسف -54-، واتە: پادشا گوتی: بۆم بێنن بۆخۆم هەڵی دەبژێرم، (دەیکەم بە ڕاوێژکاری خۆم و پشتی پێدەبەستم بۆ حوکمڕانیی)، جا کە هاتە لای پێی گوت: تۆ ئەمڕۆ لای ئێمە بەڕێزو متمانە پێکراوی، (یوسف)یش (علیه السلام) ئاوا وەڵام دەداتەوە: ﴿قال اجعلني على خزائن الأرض إني حفيظ عليم﴾ يوسف ر-55-، واتە: وتی: من لەسەر خەزێنەکانی وڵات دابنێ، چونکە من پارێزەرو زانام، واتە

دەتوانم ئەو کارە بکەم چونکە هەم توانام هەیەو هەم زاناشم، لێرەدا (یوسف) (علیه السلام) داوای کارێك دەکا لە پادشایەکی کافرو لە نێو کۆمەڵگایەکی کافردا، بەڵام خوا -سبحانه وتعالى- دەفەرموێ: ﴿وكذالك مكنا ليوسف في الأرض يتبوء منها حيث يشاء نصيب برحمتنا من نشاء ولا نضيع اجر المحسنين، ولاجر الآخرة اكبر للذين آمنوا وكانوا يتقون﴾ یوسف -57,56-، دەفەرموێ: وەبەوشێوەیە یوسفمان لەسەر زەویدا بالآدەست کردو توانامان پێدا، کەلەهەرجێیەکی بوێ نیشتەجێ ببێ، بەو شێوەیە ڕەحمەت‌و سۆزی خۆمان دەدەین بە هەرکەسێك بمانەوێ، بێگومان خوا پاداشتی چاکەکاران زایە ناکا، وە بە دڵنیاییەوە پاداشتی دواڕۆژیش باشترە بۆ کەسانێ بڕوایان هەیەو پارێز لە خوا دەکەن، لێرەدا خوا وەك نیعمەتێك ئەم کار پێ سپاردنەی (یوسف) باس دەکا، کە لە جێی وەزیر ئابووریی ئێستایە، (یوسف)یش لە کۆتایی بەسەرهاتەکەی خۆیدا دەفەرموێ: ﴿رب قد آتيتني من الملك وعلمتني من تأويل الأحاديث فاطر السماوات والارض انت ولِيّ في الدنيا والآخرة توفّني مسلماً وألحقني بالصالحين﴾ یوسف -101-، وەك دەبینین لە مەقامی باسکردنی نیعمەتدا دەڵێ: پەروەردگارا تۆ دەسەڵاتت بە من داوە، وەفێری لێکدانەوەی خەونانت کردم، ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و زەوی! هەرتۆ دۆست‌و پشتیوانمی لەدنیاو دواڕۆژدا، دەجا بەمسوڵمانیی بمرێنەو بەچاکانم بگەیەنە.

وەك دەبینین (یوسف) علیه السلام ئەو ئەندازە حوکم‌و دەستەڵاتە کە لەژێر سایەی پادشایەکی کافرو سیستەمێکی کوفردا، وەچنگی کەوتوە بەچاکەو نیعمەتێکی گەورەی خوای دادەنێ! کەواتە: وەکو چۆن بۆ

WWW.AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
F/MeelaAmeerOffice

پێغەمبەرێکی پایەبەرز دروستبووە کە لە ژێر دەسەڵاتی پادشایەکی کافرو لە نێو کۆمەڵگایەکی کافرو لە داموو دەزگایەکدا کە حوکم بە شەریعەت ناکا، کارێك وەئەستۆ بگرێ، بەمەبەستی هێنانەدی چەند بەرژەوەندییەك کە پەیوەندییان بەخەڵکی میسر بەگشتی یەوە هەبووە، هەرچەندە تاکە مسوڵمانێکیشیان تێدانەبووە، وەبەشێکیشیان پەیوەندییان بەخۆیو بنەماڵەکەیەوە هەبووە، کە بریتیی بووە لەنیشتەجێبوونیان لەمیسردا، بەهەمان شێوە بۆ غەیری ویش ئەو مەسەلەیە ڕەواو دروستە، وەك (القرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا (الجامع لأحكام القرآن) ج9، ص215دا دەڵێ: (قال بعض أهل العلم في هذه الآية ما يُبيح الرجل الفاضل أن يعمل لرجلٍ فاجرٍ وسلطانٍ كافرٍ بشرط أن يعلم أنه يُفَوّض اليه في فعلٍ لا يعارضه فيه، فيصلح منه ماشاء)، واتە: هەندێك لە زانایان گوتوویانە لەم ئایەتەدا ڕەوایەتیی هەیە بۆ پیاوی باش کە کار بکا لای پیاوێکی گوناهبار، یاخود دەسەڵاتدارێکی کافر، بە مەرجێ بزانێ کە کارێکی پێ دەسپێرێ کە دوایی ڕەخنەی لێ ناگرێو دەتوانێ کارێکی چاکە بکا.

هەروەها (الآلوسي) لە تەفسیرەکەی خۆی (روح المعاني) لە بەرگی (13) لاپەڕە (5)داو، (النسفي) لە بەرگی (2) لاپەڕە (194) تەفسیرەکەی خۆیداو، (سعيد حوّى) لە (الأساس في التفسير) بەرگی (5) لاپەڕە (2671)دا، هێناویانەو سەیدقوتبو زانایانی دیکەش ئاماژەیان پێداوە، (کە ئەمە واتە: بەسەرهاتی (یوسف) علیه السلام) بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە مرۆڤی مسوڵمان بە مەرجێ بزانێ دەتوانێ هەندێك چاکە بکاو هەندێك خراپەش لابەرێ، بۆی هەیەو بەڵکو جاری وایە لەسەری

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/Media.Ameer.Office

پێویستیشە کە بەشداریی بکا لە حکوومەت‌و قەوارەیەکی نا ئیسلامییدا.

لێرەدا بەدوو شێوە ڕەخنە لەم بەڵگەیە، ڕەخنە لێگیرانی ئەم بەڵگەیەو وەڵامدانەوەی گیراوە، یەکەم: دەڵێن: (یوسف) بە شەرعێك حوکمی کردوە کە غەیری شەرعی ئێمەیەو بچینەیەکی شەرعیش هەیە دەڵێ: (شرع من قبلنا ليس شرعاً لنا)، واتە: بەرنامەی ئەوانەی پێش ئێمە بەرنامەی ئێمە نیە! ئێمەش لەوەڵامی ئەم قسەو ڕەخنەیەدا دەڵێین:

1- زانایان لەسەر ئەم بنچینەیە مشتومڕی زۆریان هەیەو زۆرێکیان دەڵێن: (شرع من قبلنا شرعٌ لنا)، واتە: شەریعەتی ئەوانەی پێش ئێمە هی ئێمەشە، مەگەر بەڵگەیەك هەبێ لەسەری کە پێچەوانەی ئایەت، یان فەرموودەیەك بێ، ئەگەرنا بۆیە خوا بەسەرهاتی پێغەمبەرانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی سوود لە بەرنامەو هەڵوێستەکانیا وەربگرین.

2- پاشان ئەگەر واشبێ، دەڵێین: مەسەلەی حاکمبوونی خوای پەروەردگارو ئەوە کە خوا حەڵاڵ‌و حەرام دادەنێ بەشێکە لەئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی‌و شتێك نیە لە لق‌و پۆپەکان (فرع) بێ، تاکو جیاوازیی تێدا هەبێ، دیارە پێغەمبەرانیش (عليهم الصلاة والسلام) لە عەقیدەدا یەکسان بوون‌و هەر لە سوورەتی (یوسف)دا (یوسف) دەفەرموێ: ﴿ان الحكم الى لله امر ألاّ تعبدوا الاّ اياه ذلك الدين القيم ولكن أكثر الناس لايعلمون﴾ -40-، واتە: حوکم (بەرنامە دانان) بەس هی خوایە، فەرمانی کردوە کە جگە لەوی نەپەرستن، ئائەوەیە بەرنامەی ڕاست بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

www.AliBapir.net
E/AliBapir
youtube/AliBapir1
E/MediaAmeerOffice

کەواتە: (یوسف) لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیویەتی حوکم تەنها هی خوایە، بەشداریی کردوە لە حوکمێکی کوفردا، لەبەر ئەوەی هەندێك بەرژەوەندیی پەکیان لەسەر ئەوە کەوتوە!

دووەم: هەندێکی دی بە جۆرێکی دیکە ڕەخنەیان لەم بەڵگەیە گرتووە، گوتوویانە: (یوسف) بووەتە پادشای میسر، نەك لە ژێر هەیمەنەی پادشایەکی کافردا بووبێ! ئێمەش لەوەڵامی ئەو ڕەخنەیەدا دەڵێین: ئەو قسەیە ڕاست نیە، بەم بەڵگانە:

1- (یوسف) گوتوویەتی: ﴿اجعلني على خزائن الأرض﴾ یوسف -55-، واتە: لەسەر گەنجینەکانی زەویم دابنێ! واتە: بمکە بەوەزیری دارایی یان ئابووریی، کەواتە: پادشا ئەوی لەسەر ئەوکارە داناوەو ئەو بەردەست بووە!

2- پادشاکە دەڵێ: ﴿أستخلصه لنفسي﴾ یوسف -54-، واتە: بۆ خۆمی دادەنێم، واتە سوود لە حیکمەت و لێزانینەکەی وەردەگرم.

3- ئەو شەریعەتەی حوکمی پێکراوە، غەیری شەریعەتی (یوسف) بووە، بە بەڵگەی ئەوە کە کاتێك براکەی (یوسف) بە تۆمەتی ئەوەی کە دزیی کردووەو ئەو دەفرەی لە بارەکەی خۆیدا شاردۆتەوە، کە هی پادشا بووە، کە بێگومان ئەوەش فێڵێك بوو (یوسف) (علیه السلام) کردوویەتی بۆ ئەوەی براکەی لای خۆی گلبداتەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿ما كان ليأخذ أخاه في دين الملك﴾ یوسف -76-، واتە: (یوسف) بۆی نەبووە بە پێی دینی پادشا براکەی گل بداتەوە، بۆیە بۆ چۆنیەتی سزادانی لەکاتی ساغبوونەوەی تۆمەتەکەدا کە ئاڕاستەی

www.AlliBapir.net
F/AlliBapir
YouTube/AlliBapir1
F/MediaAmeerOffice

برایەکەی (بنیامین) کرابوو، ئەوانی سەرپشك کرد، ﴿قال فما جزاؤه﴾ یوسف -74-، واتە: گوتی سزای چییە ئەگەر لە بارەکەی ئەودا بوو؟ ﴿قالوا جزاؤه من وجد في رحله فهو جزاؤه كذلك نجزي الظالمين﴾ یوسف -75-، واتە: گوتیان: سزاکەی ئەوەیە هەرکەسێك ئەوشتە لە بارەکەیدا دۆزرایەوە دەبێ خۆی ببێتە بارمتەی، کەواتە ئایینی مەلیك جیاواز بووە لەهی یەعقووب و کوڕەکانی، کە دیارە (یوسف)یش کاری پێکردووە، (واتە: بەئایین و بەرنامەی مەلیك).

**جۆری سێیەم:** لەو بەڵگانەی ئیسپاتی ڕەوایی بەشدارییکردن لەوجۆرە حکوومەتەدا دەکەن، هەڵوێستی نەجاشیی (أصحمة) پادشای حەبەشە بووە، کە لەقۆناغی مەککەدا ژمارەیەك لەهاوەڵانی بەڕێز بە فەرمانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کۆچیان بۆ لا کردووە پێغەمبەر لەبارەیەوە فەرموویەتی: لە حەبەشە پادشایەکی لێیە کەس لای ئەو ستەمی لێ ناکرێ، بچن بۆلای،[1] دیارە ئەم نەجاشییە[2] ئیمان بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دێنێ و مسوڵمان دەبێ، بەلام ئەو نەجاشییە کار بە شەریعەتی پێغەمبەر ناکا، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هەر بەمسوڵمان و بەبرای ئیمانیی دایدەنێ، دیارە هۆکاری ئەوەش ئەوەبووە کە نەجاشیی بۆی نەکراوە حوکم بە شەریعەت بکا و کۆمەڵگایەکەی خۆی پێوە پابەند بکا، بەڵگەش لەسەر

---

1 - بڕوانە: (السيره النبويه لابن هشام) ج1، ص321.

2 - نَجاشي، نِجاشي، نجّاشي، کە بەمانای (مَلِك) دێ، نازناوی پادشاکانی حەبەشە بووە، بڕوانە: (المنجد في اللغة والأعلام)، ص791، ط21.

مسوڵمانبوونی نەجاشیی کە ناوی (ئەصحەمە) بووە، ئەوەیە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە فەرمایشتێکدا کە (بخاري) بە ژمارە (3877) ڕیوایەتی کردوە، دەڵێ: (مات اليوم رجل صالح فقوموا فصلوا على أخيكم أصحمة)، واتە: ئەمڕۆ پیاوێکی چاك وەفاتی کردوە، دەجا هەستن نوێژ لەسەر (ئەصحەمە)ی براتان بکەن. (ئیبنو تەیمییە) ڕەحمەتی خوای لێبێ، دەڵێ: (ونحن نعلم قطعاً انه لم يمكنه ان يحكم بينهم بحكم بالقرآن، فأن قومه لايُقِرُّونه على ذلك، والنجاشي وأمثاله مع ذلك سُعداء في الجنة، وان كانوا لم يلتزموا من شرائع الأسلام ما لا يقدرون على التزامه بل كانوا يحكمون بالأحكام التي يمكنهم الحكم بها) مجموع الفتاوى: ج19، ص218,219، واتە: بە دڵنیاییەوە ئێمە دەزانین، کە (نەجاشیی) بە حوکمی قورئان حوکمی نەکردوە لەسەر گەلەکەی خۆی، چونکە گەلەکەی ئامادەنەبوون دانی بۆ پێدا بێنن، بەڵام نەجاشییو هاوێنەکانی بەختەوەرنو لە بەهەشتدان، هەرچەندە ئەو یاسایانەی ئیسلام کە نەیانتوانیوە پێیەوە پابەند نەبوون، بەڵکو بەس ئەوەی کە لە توانایاندا بووبێ پێیەوە پابەند بوون.

کەواتە: ئەوکەسەی کە دەچێتە نێو حکوومەتێکەوەو ناتوانێ هەموو یاساکانی بگۆڕێو هەموو بڕیارەکان وا لێبکا کە بە پێی شەریعەت بن، گوناهبار نابێو گرنگ ئەوەیە توانای خۆی وەگەڕ بخا، چونکە ئەوکاتە نەجاشی پادشای وڵاتەکەش بووە کەچی نەیتوانیوە، دیارە کەسێك کە وەزیرە لەوەش کەمتر تەکلیفی لەسەرە.

(العز بن عبدالسلام) لە کتێبی (قواعد الأحكام في مصالح الأنام)

www.AliBapir.net
FB/AliBapir1
Youtube/AliBapir1
FB/MediaAmeerOffice

بەرگی (1) لاپەڕە (73 ـ 74)دا دەڵێ: (ولو استولى الكفار على إقليم عظيمٍ فولُّوا القضاء لمن يقدم مصالع المسلمين العامة فالذي يظهر: إنفاذ ذلك كله جلباً للمصالح العامة ودفعاً للمفاسد الشاملة، اذ يبعد من رحمة الشرع ورعايتهِ لمصالح العباد تعطيل المصالح العامة وتحمّل المفاسد الشاملة لفوات الكمال فيمن يتعاطى توليتها لمن هو أهل لها) واتە: ئەگەر كافرەكان دەسەڵاتیان ڕانواند بەسەر وڵاتێكی گەورەی مسوڵمانانداا، لەكاتێكی وادا ئەگەر داوا لە كەسێك بكەن بیكەن بە قازیی، یان هەر كارێكی دیكەی پێ بسپێرن، مادام بزانێ دەتوانێ هەندێك بەرژەوەندیی بۆ خەڵك بهێنێتە دیو هەندێك خراپەیان لێ دوور بخاتەوە، ئەوە بۆی هەیە، چونكە ئەوە زۆر لە ڕەحمەتی شەریعەتەوە دوورە كە بڵێ: لەبەر ئەوەی كەسێك كەشایستەیی بەرپرسیارێتی هەیە چونكە ناتوانێ هەموو بەرژەوەندییەكان بهێنێتەدیو ناتوانێ هەموو زیانەكان دوور بخاتەوە، دروست نیە ئەوكارە بەئەستۆوە بگرێ.

ئێستاش بێینەسەر قسەی كۆتایی لەم مەسەلەیەدا: زانایان وێڕای ئەو شتانەی باسمانكردن، ئەمانەشیان بە مەرج گرتوە:

یەكەم: دەبێ ئەو بەشداریكردنە بەرژەوەندیی تێدا هەبێ. یان یەقینی هەبێ كە بەرژەوەندیی تێدایە، یان گومانی زاڵی وابێ كە بەرژەوەندیی تێدایە، بەڵام ئەگەر گومانی وابوو كە هیچ بەرژەوەندییەكی تێدا نیە، ئەوە دروست نیە، چونكە ئەو بۆیە دەچێ كە بەرژەوەندیی بەدەست بێنێ، بەرژەوەندییش دووشتە:

1- بەدەستخستنی سوودەكان.

2- لابردنی زیانەكان.

دووەم: ئەوەیە كە نابێ ئەو ڕژێمە ڕژێمێكی دیكتاتۆریی قێزەونی وابێ كە ئەو خەڵكە مسوڵمانەی تێیدا بەشدار دەبێ پێی ناشیرین ببێ، وەك ڕژێمی سەددام‌و هەر ڕژێمێكی دیكەی لەو جۆرە.

سێیەم: كە ناچار بكرێ تەنازول لە پرانسیپ‌و مەبدەئەكانی ئیسلام بكا.

چوارەم: دەبێ بابای وەزیر یاخود بەڕێوەبەری گشتیی، یاخود هەر پلەیەك كە بەشدار دەبێ، بواری ڕەخنەگرتنی هەبێ لەو شتانەی كە ناشەرعیین‌و مەجالی هەڵوەستەكردنی هەبێ، هەروەها دەستی كراوەبێ بۆ ئەو شتانەی كەبە شەرعیی‌و چاكیان دەزانێ‌و بتوانێ بە پێی دەسەڵاتی خۆی شتەكە بەرەو ئاراستەی شەریعەت بەرێ، بەڵام ئەگەر هیچی لەدەست نەیەت‌و نەبتوانێ ڕەخنەیەك لە ناشەرعییەك بگرێ‌و نە چاكەیەك ئەنجام بدا، كەوایە چوونەكەی بە بەلاشە.

پێنجەم: دەبێ ئەو كەسەی بەشداریی دەكا لە زاتی خۆیدا كەسێكی قایم‌و دامەزراو بێ‌و، بەڕاستیی مرۆڤی شل‌و پل‌و لاواز كە بە ئاسانی بخلیسكێ‌و بكەوێتە ژێر زەخت‌و فشارو تەنازول لە نەگۆڕەكانی شەریعەت‌و هەڵوێستەكانی خۆی بكاو ببێتە پەڵەیەكی ڕەش بە نێوچاوانی مسوڵمانانەوە، ئەوە بۆی نیە بەشداریی بكاو نابێ كەسی وا بنێررێتە ئەوێ.

شەشەم: هەركاتێك دوای ئەوەش كە بەشداریی كرد بۆی دەركەوت زیانی لە قازانجی زیاترە، واتە: لەسەرەتاوە بە ئومێدی قازانج چووە بەڵام دوایی دەزانێ لەسەر قەرزدار دەبێتەوە، ئەوە دەبێ بكشێتەوە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir1
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

WWW.AliBapir.net
YouTube/AliBapir1
FB/MediaAmeerOffice

ئنجا لێرەدا پێویستە ئاماژە بەمەسەلەیەك بکەم، ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەی بەشداریی لە پەرلەماندا، لەگەڵ مەسەلەی بەشداریی لە حکوومەتو وەزارەتەکاندا جیایە، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە هەمیشە بەرژەوەندیی بەشداریی لە پەرلەماندا دیارە: ئەو کەسە نوێنەری خەڵکە، خەڵك هەڵی دەبژێرێو بە ناوی خەڵکەوە قسەدەکاو هەر نەبێ بانگەوازکردن بۆ ئیسلامو فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپەو دەرخستنی دەنگو ڕای ئیسلام هەمیشە مسۆگەرە. بەڵام بەشداریکردن لە حکوومەتدا وانیە، بۆیەش زانایان زۆر تێیدا کەوتوونەتە کێشەوە، لەکاتێکدا کە بۆ بەشداریی کردن لە ئەنجوومەنی ڕاوێژ (پەرلەمان)دا زۆربەی زانایانی هاوچەرخ ڕایان بووە، بەڵکو زۆرجار بە پێویستیشیان زانیوە، بۆ حکوومەت ڕایان نەبووە، چونکە گوتوویانە بۆ هەر شوێنە حوکمی تایبەتی خۆی هەیە، لە وڵاتێکدا وەزیر دەستی کراوەیەو دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێو، لە وڵاتێکی دیکەدا هەر دیکۆرە.

+ مامۆستا تۆ باست لە پلەبەندیی کرد لە ئایینی ئیسلامدا، بەڵام هەندێك پێیان وایە پاش هاتنە خوارەوەی ئایەتی ﴿اليوم اكملت لكم دينكم واتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الاسلام دينًا﴾ المائدة -3-، ئیتر پلەبەندیی نامێنێ.

ـ هەرکەس وا دەڵێ: لە دین تێنەگەیشتوە، چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەرمەشقی ئێمەیە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿لقد كان في رسول الله اسوة حسنة﴾ الأحزاب -21-، جا ئایا ئەو پێغەمبەرە مەزنە ئەم ئایینە کامڵەی پلەپلە نەهێناوە؟ بێگومان با، ئێمەش بە هەمانشێوە

دەبێ چاو لە پێغەمبەری خۆمان بکەین، ئنجا بەڵێ ئایینەکەمان کاملە، بەڵام خۆمان کاملٚ نین، وە هەلومەرجەکان گونجاو و یارمەتیدەر نین! دیارە پێشتریش باسمان کرد کە پلەپلەیی (تدرّج) یاسایەکی گشتی خوایە لەدروستکراوەکانیو، لەئایینو بەرنامەکەیو یاساکانیشیدا، ئنجا با نموونەیەکی سادەش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەست بێنینەوە: کەسێك کە بینایەك دروست دەکا، ئایا هەر یەکسەر بەتەواویی دروستی دەکا، یان لە بناغەوەو قۆناغ قۆناغ دروستی دەکا؟ بۆیە ئەم پلەبەندییە پێویستەو هەر دەبێ هەبێو هەرکەس بلێ پێویست ناکا! هیچ لە کاری ئیسلامیی حالی نیەو لە خەیاڵدا دەژی.

+ مامۆستا تۆ زۆر باست لە بەرژەوەندیی (مصلحة)کرد، جا ئایا ئەم بەرژەوەندییە چۆن دیاری دەکرێ؟

زانایان ئاوا پێناسەی بەرژەوەندییان کردوە: پارێزگارییکردنی ئامانجی شەرعدانەر لە نێو شەرعەکەیدا، (حفظ مقصود الشارع في شرعه)، جا ئامانجی شەرعدانەر {خوا (سبحانه وتعالى)} بریتیە لە: پاراستنی ئەم حەوت شتەی خەڵك: دین، ژین، عەقڵ، نەسلو وەچە، ماڵ، کەرامەت، هێمنییو ئاسایشی خەڵك. کەواتە: بەرژەوەندیی (مصلحة) بریتییە لە پاراستنی هەرکام لەم (7) شتە ئەگەر هەبن، وەئەگەر نەبن پەیداکردنیان. بۆ وێنە: هێمنییو ئاسایشی خەڵك ئەگەر هەیە بیپارێزیو ئەگەر نیە پەیدای بکەی، ماڵو سامان ئگەر کەسێك نیەتی بۆی دابین بکەی، ئەگەر هەشیەتی بۆی بپارێزی.

+ کامیان لە پێشتربێ دەگۆڕێ؟

ـ لەوەدا زانایان ڕاجیاییان هەیە، هەندێك دەڵێن: بەرژەوەندیی دین لە

پێشەوەیە، هەندێك دەڵێن: ژین لە پێش هەموویانەوەیە، یانی لە چۆنییەتی ڕیزبەندییەکەیاندا جیاوازیی لە نێوان زانایاندا هەیە، دیارە ئەوەی دەڵێ: ژین لە پێشەوەیە دەڵێ: ئەگەر ژین نەبوو دینیش نابێ، بەڵام دەگونجێ ژین هەبێو دین نەبێ، بەبۆچوونی بەندەش ڕیزبەندییەکە ئاوایە: ژین لە پێشەوەیە ئنجا دین، پاشان نەسڵو وەچە، دوایی هێمنیی و ئاسایش و ئنجا کەرامەتو دوایی عەقڵو پاشان ماڵو سامان.

شایانی باسیشە بۆ هەرکام لەم حەوتە -کە دەگونجێ زیاتریش بن- بەڵگەی قورئانو سوننەت هەیە کە من لەبەرهەمەکانمدا ئاماژەم پێیان داوە، بۆ وێنە: نامیلکەی (سیاسەتی ئیسلامیی و چەند ڕوونکردنەوەیەك).

+ مامۆستا زۆربەی جار جەنابت ئاماژەت بە پاشگری ئیسلامیی بە حکوومەتەوە دەدا، ئەگەر چی ئەوە باسێکی فراوانەو زۆر هەڵدەگرێ، من ئەگەر وەڵامم لە بەرێزت بووێ: ئایا مەرجە حکوومەتەکەمان پاشگری ئیسلامیی لەگەڵ بێ؟!

- نەخێر مەرج نیە وشەی ئیسلامیی پێوە بێ، گرنگ ئەوەیە نێوەڕۆکەکەی ئیسلامیی بێو بنەماکانی ئیسلام بەرجەستە بکا، واتە: لەسەر بناغەی عەقیدەی ئیسلامیی بنیات نرابێو لە رووی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو هتدەوە، شەریعەت پیادە بکاو لە چوارچێوەی شەریعەت دەرنەچێ، با ناویشی ئیسلامیی نەبێ، چونکە لە سیرەدا نەنووسراوە: (الحكومة النبوية)، یان (الحكومة الأسلامية)، حکوومەتی ئیسلامیی حکوومەتێکی مەدەنییەو بەو واتایەی ئێستا لە ڕۆژئاوا باوەو باسی دەکەن (ثيوكراسي) حکوومەتی ئایینی، کە قەشەو پاپا خۆیان بە

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/Media/AmeerOffice

وەكیلی خوا زانیوە، لە ئیسلامدا شتی وامان نیەو نەبووە، بەڵكو ئەو كەسەی دەبێتە حوكمڕان وەكیلی خەڵكە، خەڵك دای دەنێ هەر خەڵكیش چاودێریی دەكاو لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكاو دەشتوانێ لای بەرێ، كەواتە: لە ئیسلامدا حكوومەت مەدەنییە بەو واتایە كە خەڵك دای دەنێ‌و لای دەبا، بەڵام بەو ئیعتیبارەی كە بناغەكەی لەسەر وەحی‌و شەریعەتی خوایی دانراوە، دەتوانرێ بوترێ: حكوومەتێكی ئایینییە، هەڵبەتە نەك بە تێگەیشتنە ڕۆژئاواییەكەی، بەڵكو بەو تێگەیشتنەی كە حكوومەتێكی بێ دین نیە، دینی هەیەو چوارچێوەكەی شەریعەتە، وە بەو ئیعتیبارەش كە خەڵك كاربەدەستەكانی هەڵدەبژێرێ‌و لایان دەبا، بە دڵنیاییەوە حكوومەتێكی مەدەنییە.

+ ئەم بیرورا جیاوازانەی كە لە نێو ئاییندا هەن، ئەگەر كەسێك توانای دیراسەو هەڵسەنگاندنی نەبێ، چۆن بتوانێ باشترینیان جیا بكاتەوە؟!

- لەو مەسەلانەدا كە جێگەی مشتومڕن ناتوانێ بڵێی لایەكیان جێگەی یەقینەو لایەكیشیان پێچەوانەی یەقینە، تەنیا ئەوەیە كە ئێمە دەڵێین: ڕای خۆمانمان پێ ڕاستەو دەشگونجێ هەڵەبێ‌و ڕای بەرانبەرمان پێ هەڵەیەو دەشگونجێ ڕاست بێ، لەو شتانەدا كە بواری قسە لێكردن‌و ئیجتیهاد هەیە، بەڵام سەبارەت بەوبابەتەی كە ئێمە خەریكی توێژینەوەینی، دەڵێم: بە خوێندنەوەی واقیع، كەسێك بەم واقیعەی كوردەواریی خۆمان ئاشنابێ‌و لەشەریعەت شارەزابێ، دڵنیا دەبێ كە ئەم ڕایە نیشانە دەپێكێ‌و بەرژەوەندیی وەدەست دێنێ‌و پێچەوانەی ئەوە هەڵەیە، چونكە واقیعی كوردستان جیایە لە واقیعی شوێنەكانی دیكەو ئەم واقیعەی ئێمە تازە خەریكە شكڵ دەگرێ، بۆیە دەبێ هەوڵبدەین

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
E/Media Ameer Office

كاریگەرییمان لەسەری هەبێ، چ پەرلەمانەكەی، چ حكوومەتەكەی‌و دامودەزگاكانی، بەڵێ هەركەسێك لەم واقیعی ئێستای كوردستاندا ڕۆچووبێ‌و چاوكراوە بێ، دەزانێ ئەم ڕایە پەسەندەو پێچەوانەی ئەم ڕایە هەڵەیە، چونكە بەدیلی ئەو ڕایە چییە؟

1- وەك پێشتریش چەند جارێك گوتمان: یان سەری خۆكزكردن‌و خۆدزینەوەیە لە واقیع، وەك هەندێك بە ناوی تەسەووف‌و سەلەفییەت‌و هەرناوێكی دیكەوە دەیكەن، كابرا دینی خۆی لە واقیعی كۆمەڵگە دەدزێتەوەو خۆی گۆشەگیر دەكا، بەڵام هەرگیز پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) خۆیان لە واقیعی كۆمەڵگاكانیان نەدزیوەتەوەو گۆشەگیر نەبوون.

2- یان بەگژ واقیعدا چوونەوەیە بەزەبری هێزو چەك، كە پاش چەندان ئەزموونی تاڵ دەركەوت‌و سەلمێنرا كە ئەو جۆرە بیركردنەوەیە هەڵەیەو پێچەوانەی شێوازو ڕێبازی پێغەمبەرانیشە (علیهم الصلاة والسلام) كە فەرموویانە: ﴿ولنصبرن على ما آذيتمونا....﴾ إبراهيم.

3- یان ڕاكردن‌و هەڵاتنە، كە هیچ پێغەمبەرێكیش ئەوەی نەكردوە، جگە لە (یونس) علیه السلام كە ئەویش خوا سزای داو هەڵوێستەكەیشی ڕاست كردەوەو گەڕایەوە نێو خەڵك‌و كۆمەڵگاكەی!

كەواتە: ئەو ڕاوبۆچوونەی ئێمە هەڵمان بژاردوە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ واقیعی خەڵك‌و كۆمەڵگاكەماندا ڕای ڕاست‌و دروستەو هیچ بەدیلێكی شەرعیی ڕاست‌و بەڵگەداری نیە.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

# نێــوەڕۆك


| لاپەڕە | بابـــەت |
| --- | --- |
| 7 | پێشکەش بێ . |
| 8 | پێشــەکی . |
| 11 | **بەشی یەکەم: تەبایی و پێـکەوە ژیان لە تەرازووی قورئان و سوننەتدا** |
| 13 | رێ خۆشکردن. |
| 32 | بنەمای یەکەم: خوا ـ سبحانە وتعالی ـ بەدیهێنەرو پەروەردگارو پەرستراوو خاوەنی هەموو جیهانییانە: |
| 34 | بنەمـــای دووەم: بەشەرییەت هەمووی یـەك خێزانە: |
| 37 | بنەمای سێیەم: هەمووەمان بۆ یەك حیکمەتو ئامانج دروستکراوین: |
| 38 | بنەمای چوارەم: ژیانی دنیـــا جێگای تێدا تاقیکردنەوەیە: |
| 42 | بنەمای پێنجەم: خوا عزوجل بەویســتی خـۆی خـەڵکی دابـەش کـردوە بـۆ کـافرو مســـوڵمان: |
| 46 | بنەمای شەشەم: خوا-سبحانە وتعالی- سزاو پاداشتی کوفرو ئیمانو خراپـەکارییو چاکەکاریی، هەڵگرتوە بۆ دوارۆژ: |
| 48 | بنەمای حەوتەم: مرۆڤـــ لەلای خواوە رێز لێگیــراوە: |
| 50 | بنەمای هەشتەم: پێغەمبەران هەموویان بۆ چەسپاندنی دادگەریی هاتوون |
| 53 | بنەمای نۆیەم: تۆبزیی کردنو زۆرلێکردن لەدینداریيدا نیە: |
| 55 | بنەمای دەیەم: بناغە لە هەڵسوکەوتی مسوڵمانان لەگەڵ غەیری خۆیاندا بریتییە لە ئاشتی: |
| 57 | بنەمای یازدەیەم: بنچینەی هەڵسوکەوتی مســوڵمانان لـە چوارچـێوەی کۆمـەڵگای ئیسلامیی لەگەڵ نامسوڵماناندا بریتیە لە چاکەکاریی: |
| 61 | بنەمای دوازدەیەم: هاوکاریی کردن لەگەڵ هەر لایەنێکدا بۆ هەر شتێکی چـاك کـە لە قازانجو بەرژەوەندیی هەموو لایەك دایــە، واتــە دەســتبار بــۆ یەکـدی گـرتن بـۆ جێبەجێکردنی ئامانجە هاوبەشــەکان: |


www.AliBapir.net
E/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

63 بنەمای سێزدەیەم: مادام ئیسلام تاكە بەرنامەی پەسندی خوایە دەبێ سێبەرەكەی جێی هەموو خەڵكی لەبن بێتەوە:
65 بنەمای چواردەیەم: خوا -سبحانه وتعالى- پێغەمبەری خۆی بە بەزەیی بۆ تێكڕای جیهانیان بە (رحمة للعالمين) پێناسە دەكات:
66 بنەمای پازدەیەم: دابینكردنی حەوت شتە پێویستەكان بۆ سەرجەم هاووڵاتیان:
72 بنەمای شازدەیەم: شەرعزانان بنچینەیەكیان داناوە بۆ هەڵسوكەوت كردنی مسوڵمانان لەگەڵ غەیری خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامییدا، كە دەڵێ: (لهم ما لنا وعليهم ما علينا):
83 **بەشی دووەم: هاوپەیمانێتی لە تەرازووی شەریعەتدا.**
84 ڕێ خۆشكردن.
88 **بەندی یەكەم: كورتە لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی چەند فەرموودەیەك كە لەسەر ناڕەوایی هاوپەیمانێتی (تحالف) بەبەڵگە دەهێنرێتەوە.**
101 **بەندی دووەم: دەقی وتوێژێكە لەبارەی هاوپەیمانێتییەوە.**
129 **بەشی سێیەم: بەشداریكردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا هەڵسەنگاندنێكی شەرعییانەو ژیرانە.**
101 ڕێ خۆشكردن
101 **بەندی یەكەم: ئاڵقەی یەكەم: بەڵگەكانی ئەوانەی بەشدارییكردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا بەناڕەوا دەزانن و بەرپەرچدانەوەیان.**
101 دەستپێك
101 **بەندی دووەم: ئاڵقەی دووەم: بەڵگەكانی ڕەوایی بەشداریی كردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا.**
101 دەستپێك
101 **بەشی چوارەم: بەشدارییكردن لە حكوومەتێكی نائیسلامیی دا لەبەر ڕۆشنایی عەقڵ و شەرعدا.**
101 ڕێ خۆشكردن
226 **بەندی دووەم: ئاڵقەی دووەم: بەڵگەكانی ئەوانەی بەشداریی كردن لە**

www.AliBapir.net
F/AliBapir.net
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

حكومەتێكی نا ئیسلامیی دا بەچەند مەرجێكەوە، بەڕەوا دەزانن.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

## بەرهــەمــەكانی دانــەر

1- پوختەیەك دەربارەی ئیسلام. چاپی 2/ 2006.
2- دەبەرێك ڕاچوونی ئیسلام‌و ڕێچكان. چاپی 3/ 2006
3- یادی خوا، گرنگی یادی خوا لە ژیانی مرۆڤـ دا. چاپی 1 /1987
4- كۆمەڵـی خوا. چاپی 1 / 1988
5- پێشمەرگەی ئیسلام، یان مسوڵمانی موجاهید كیَیەو چۆنە؟چاپی 3 /2001
6- دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی. چاپی 1 /1989
7- ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ كامەیە؟! چاپی 1/ 1989
تێبینی: ((دواتر خرایە نێو كتێبی (مسوڵمانی كـامڵ : بەشـی یەكـەم: بیروبـڕوای مســوڵمان) وە دواتــر ئــەمیش خرایــە نێــو كتێبــی (ئیمــان‌و عەقیــدەی ئیسلامیی))یەوە .
8- ڕێگای صالح بوون‌و بەرەو خوا چوون. چاپی 3 /2005
9- كوردستان بۆ وێران بوو و چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟! چاپی 1 / 1989
10- حوكمی گەڕانەوە ژێر نیری طاغووت. چاپ 2 /2005
11- سۆزی نەتەوایەتی‌و بیری ناسیۆنالیزم لـە تـەرازووی ئیسـلامدا. چـاپی 3 /2005 .
12- مسوڵمانی كامڵ/ بەشی یەكەم: بیروبڕوای مسوڵمان چاپی 1 /1997
تێبینی: ((دواتر خرایە نێو كتێبی (ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی)یەوە)).
13- چارەسەری كێشەی كورد لە نێوان ئیمان‌و پەرلەمان دا. چاپی 1 /1992
14- بزووتنەوەی ئیسلامیی لە دووڕیانی مان‌و نەمان دا. چاپی 1 /1993

www.AliBapir.net
Youtube AliBapir1
F/Media Ameer Office

15- بزووتنەوەی ئیسلامیی و ئایندەیەکی گەش و ڕوون. چاپی 1/ 1995
16- پرۆژەی بەرنامەی فیکریی کاری ئیسلامیی. چاپی 1 / 1996
17- چەند ڕێڕوونییەك بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان. چاپی 1 /1996
18- ئیسلام و کێشە هەنووکەییەکان چاپی 1 /1995
19- با وریا بین! داڕووخانی ڕەوشت کۆمەڵگاکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات. چاپی 2 /2006.
20- مسوڵمانی کامڵ: بەشی دووەم/ خواپەرستی مسوڵمان – بەرگی یەکەم . چاپی 1 / 2000 .
21- مسوڵمانی کامڵ: بەشی دووەم/ خواپەرستی مسوڵمان – بەرگی دووەم . چاپی 1 / 2000 .

تێبینی: ئەم کتێبە بە هەردووك بەرگەکەیەوە ئێستاکە لەژێر چاپە بۆ جاری دووەم لە چوار بەرگدا بەناوونیشانی: خواپەرستیی ئیسلامیی .

22- گەڕانەوە لای خوا (عزّ وجلّ) . چاپی 4 /2005
23- زانایانی ئیسلام کێن و چۆنن ؟! چاپی 2 / 2002

تێبینی : بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوە.

24- بنچینە گرنگەکانی هەڵس و کەوتی شەرعییانەو ژیرانە لەگەڵ وردە بابەتە خیلافییەکان دا چاپی 1 / 1999 .

تێبینی: ئەم نامیلکەیە باسێکی بەرگی یەکەمی کتێبی: (خواپەرستی ئیسلامیی)یە، وە بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوە، بەڵام جارێ چاپ نەکراوە.

25- مزگەوتەکانی کوردستان لە نێوان ئاوەدان کردنەوەو وێران کردن دا. چاپی 1 /2000
26- تاقیکردنەوەی خوا بۆ بەندەکانی چی یەو چۆنە؟ چاپی 1 /2000
27- بنەما شەرعییەکان و هێڵە گشتیەکانی کۆمەڵێکی ئیسلامیی ڕەسەن .

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice

تێبینی: (ئەم نامیلكەیە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی)
28- كۆمەڵی ئیسلامیی: ئامانجو هەڵوێستەكانی. چاپی 1 /2001
29- پاساوو بەڵگە شەرعییەكانی بنیاتنانی كۆمەڵی ئیسلامیی، ئاڵقەكانی: 1و 2و 3و 4 . چاپی 1 / 2001
30- ئافرەتی مسولمانی كورد مافە شەرعییەكانیو ئەركە گرنگەكانی. چاپی 1 /2000.
31- ئافرەتو خێزان لە سایەی شەریعەت دا . چاپی 2 / 2005
32- چەند مەسەلەیەكی باوی سەردەم . چاپی 5 / 2005
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
33- چەند ڕێڕوونییەك بۆ خوشكو برایانمان لە هەندەران. چاپی 1 / 2002
34- سنوورە قەدەغەكان مەشكێنن! (چاوپێكەوتنی دكتۆر حسین محمد عزیز) . چاپی 2 / 2003
35- چۆن هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵكی دا بكەین؟! چاپی 1 / 2002
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
36- شەهید كێیەو چ پلەوپایەیەكی هەیە؟! چاپی 1 / 2002
37- جیهاد لە ڕێی خواداو چەند سەرنجو ئاگادارییەك. چاپی 1 / 2002
38- بۆئەوەی لەسەر جیهادكردنمان قەرزدار نەبینەوە! چاپی 1 / 2002
39- جیهاد لەڕێی خوادا چی‌یەو بۆچی دەكرێو چۆن دەكرێ؟ چاپی1 /2002
40- ئەشكەنجەو زیندان (چاوپێكەوتنی هاوژین عومەر) چاپی 2 / 2006 .
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
41- كارو پرۆژەی ئیسلامیمان (وتاری كۆنگرەی یەكەمی كۆمەڵی ئیسلامیی) چاپی 2 / 2006 .

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir2
F/MediaAmeerOffice

42- ئیسلام‌و مسولْمانەتی‌و كاری ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان‌و سوننەتدا. چاپی 1 / 2006 .

43- ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/1، ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامی چی یەو چۆنە؟! 1 تا 12 . چاپی 1 / 2006

44- ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ 2، خوا بە یەكگرتن (التوحید) لە بەدیهێنەرایەتیی‌و پەروەردگاریێتی دا. 13 تا 26 . چاپی 1 / 2006

45- ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ 3، خوا بەیەكگرتن لە ناوو سیفەت‌و لە پەرستراوێتی دا، 27 تا 36 . چاپی 1 / 2007

46- ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ 4، ئیمان بە فریشتەكانی خوا (عزّوجل)، كتێبەكانی خوا (عزّوجل)، پێغەمبەرانی خوا (علیهم الصلاة والسلام). 37 تا 40 . چاپی 1 / 2007

47- ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ 5، ئیمان بە ڕۆژی دوایی قەزاو قەدەر 41 تا 45 . چاپی 1 / 2008

48- ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/6، تایبەتمەندیی‌و دیدو بۆچوونەكانی پەیڕەوانی ڕێبازی ڕاست. 46 تا 50 . چاپی 1 / 2008

49- تەوژمی ئیسلامیی‌و عەلمانیی‌و خاڵە هاوبەش‌و جیاوازەكانیان. چاپی 1/ 2007

تێبینی: زۆربەی بە (24) ئاڵقە لە هەفتەنامەی (هاووڵاتی)و ئەوەی دیكەش بە (9) ئاڵقە لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوكراوەتەوە.

50- گەنجەكانمان لە نێوان ڕەسەنایەتیی‌و لاسایی كردنەوەدا.

51- بە دوورخستنەوەی ئافرەت لە ئیسلام چ زیانێك دەكەین؟

52- سیاسەتی ئیسلامیی‌و چەند ڕوونكردنەوەیەك.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

53- چۆنیەتی بوونە پێشەنگو بنیاتنانی بنکەی جەماوەریی.
54- چەند بنەمایەکی گرنگی وتاربێژیی.
55- قوتابیانی زانیاری شەرعی چەند سەرنجو ڕێنمایی یەك.
56- خوو ڕەوشتی بەرزو پەسند سەنگی مەحەکی مسوڵمانەتی یە.
57- بانگەواز بۆ لای خوا .
58- قوتابیان لەم هەلو مەرجەدا پێویستە چۆن بن و چی بکەن؟!
59- ضيف و قضية (مقابلة مع قناة العربية).
60- حوار خاص (مقابلة مع قناة العالم).
61- خواناسیی، ئاین ، ئیمان. چاپی 2 / 2009 .
62- واقیعی هەرێمی کوردستان ...دیدێکی ئیسلامییانە. چاپی 1/ 2008 .
63- ئەم کتێبە (چەند بابەتێکی هونەریی لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەت دا.
چاپی 1 / 2008 .
64- چۆن باشتر لە کتێبی بەڕێزی خوا بەهرەمەند دەبین؟! چاپی 1/ 2008 .

## ئەو بەرهەمانەی لەژێر چاپن

1- پوختەی ژياننامەی پێغەمبەری خوا ﷺ .
2- الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد الأول.

## ئەو بەرهەمانەی چاوەڕێی چاپن.

1- الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد 2- 7 .
2- خوو و ڕەوشتی ئیسلامیی.
3- ئافرەتو خێزان لە سایەی شەریعەت دا. بەرگی دووەم.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
Youtube/AliBapir
F/MediaAmeerOffice

4- گرنگیو پێویستی پابەندیی بە قورئانو سوننەتەوە.

5- چەند دەرسێك لە: (تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز)، كە ئەگەر خوا تەمەن بدات هەموو قورئان تەواو دەكەین.

www.AliBapir.net
F/AliBapir
youtube/AliBapir1
F/MediaAmeerOffice